حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی

# گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

ژمارە(٢) ڕەشەمێ ٢٧٢١ شوبات ٢٠٢٣

# JKSS

## Journal of Kurdistani for Strategic Studies

No. 2 February 2023



https://doi.org/10.54809/jkss.vi2
E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتییجی و توێژیینەوەی زانستی

# گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵیینەوەی ستراتییجیی (JKSS)
# (گۆڤاری زانستە کۆمەڵایەتییەکان)

Journal of Kurdistani Strategic for Strategic Studies
(Social Science Journal)

# گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی (JKSS)

## (گۆڤاری زانستە کۆمەڵایەتییەکان)

## دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی

## ژمارە: ٢ شوبات ساڵی: ٢٠٢٣



**سەرنووسەر**

**پرۆفیسۆر پۆلا ئازاد خانەقا**

**سکرتێری نووسین**

**پرۆفیسۆری یاریدەدەر**

**دکتۆر رزگار ئاغا**

| دەستەی نووسەران | دەستگای کارکردن | دەستەی راوێژکاری | دەستگای کارکردن |
|---|---|---|---|
| پ طه صالح امين ئاغا | زانکۆی سلێمانی | پ سلمان جودة الشمري | زانکۆی تکریت |
| پ عزالدين جمعة دەرویش | زانکۆی گەرمیان | پ اياد علي فارس بيک | زانکۆی موستەنسرية |
| پ هۆشەنگ فاروق جەواد | زانکۆی سلێمانی | پ نعمان حسين الجبوری | زانکۆی موستەنسرية |
| پ هێرش رسوڵ موراد | پۆلیتەکنیکی سلێمانی | پ ی د موفق خالد ابراهيم | زانکۆی راپەرین |
| پ ی د نەوزاد جمال حمه فرج | دەستەی کوردستانیی | پ ی د شیروان عمر رشيد | زانکۆی سلێمانی |
| پ ی د بریار حسن احمد | دەستەی کوردستانیی | پ ی د پاڤێ جميل احمد | زانکۆی سلێمانی |
| پ ی م محمد کريم بابۆڵی | دەستەی کوردستانیی | پ ی د خدیجه قادر سمایڵ | زانکۆی سەلاحەدین |
| پ ی د هێمن عبدالله محمد | زانکۆی هەڵەبجە | پ ی د علي سعد طه | زانکۆی موستەنسرية |
| پ ی د سازان ظاهر سعید | زانکۆی سلێمانی | پ ی د هیوا کریم حسین | زانکۆی سلێمانی |
| پ ی د ماردین محسوم فرج | زانکۆی سلێمانی | پ ی د عدنان سەجادیی | زانکۆی سلێمانی |
| پ ی د هەرێم حسن بابان | زانکۆی راپەرین | پ ی د حسین شفیق شوانی | زانکۆی سلێمانی |
| پ ی د ئومێد رفیق فتاح | زانکۆی جیهان | پ ی د بەختیار سەجادیی | زانکۆی کوردستان-سنە |
| پ ی د رزگار عبدالله جاف | زانکۆی سەلاحەدین | پ ی د هیوا عزیز سعيد | زانکۆی سلێمانیی |

دەستەی بەڕێوەبردن لە دەستەی کوردستانیی

| | | |
|---|---|---|
| پ ی د بریار حسن احمد | م ی تریفه محمد احمد | م ی شۆخان عبدالله |
| تەحسین توفیق | زانست حمه علي عمر | هەڵکەوت حمید |



ناونیشان: دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی - سلێمانی - قرگە - شەقامی گوڵان - نزیک نەخۆشخانەی شۆڕش

ئیمەیل: journals@kissr.edu.iq

وێبسایت: https://kissr.edu.iq/english/academic-journals/

## لەم ژمارەیەدا:

- وتەی ئەم ژمارەیە............ پ ی د رزگار ئاغا سکرتێری نووسین..................................(١١)
١ -خەملاندنی هایدرۆلۆجی ئاوی سەرزەویی لە ئاوزێڵی قەڵاچوالاندا بە بەکارهێنانی مۆدێلی(SCS CN –) نێوان ساڵانی(٢٠٠٠ – ٢٠٢٠) م. ئارام داود عباس - پ.ی.د. خليل كريم محمد......... (١٣)
٢- رەخنە لە پەروەردەی سەرمایەداریی هاوچەرخ و دیدی پەروەردەیی ئادۆرنۆ وەک ئەڵتەرناتیڤی بەهێز
توانا عەبدولڕەحمان عەبدوڵڵا - پ ی د ئازاد حەمە عەبدوڵڵا.................................................... (٣٥)
٣- ئاستەنگە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی پرۆسەی نەتەوەسازیی لە هەرێمی کوردستان
سميع صابر صديق - پ ی د ئەمین فەرەج شەریف ........................................................ (٥٩)
٤- بەربەستەکانی بەردەم گەشەکردنی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و تورکیا لە نێوان ساڵانی (٢٠١٤ - ٢٠٢٠)
خێلان ابوبكر قادر - پ.د.صالح عمر عيسى ............................................................................ (٨٩)
٥- دور الإمكانيات السياحية في الاستثمار السياحي في إقليم كوردستان العراق للمدة (٢٠٠٧-٢٠٢١)
دنيا محمد علي - أ.م.د. أسود قادر أحمد .............................................................(١١٧)
٦ - البنية السكنية في مدينة السليمانية ..... أ.م.د. بيان علي حسين ..................................(١٣٥)

7- Measuring and Analyzing Selected Determinants of Public Debt in Iraq (2004 -2019)

L. Sazan Tahir Saeed - Asst.Prof. Dr. Nyaz Najmalddin Noori ..........................................(155)

8- Analyzing and measuring the impact of exchange rate fluctuations on economic growth in

Iraq for the period (2004--2022).....Asst. Lect.Hawre Latif Majeed ...................................(179)

9- A Contribution to the Historical Geography of Erbil Province in the Second Millennium BC

Lect.Dr.Kozad M. Ahmed ..........................................................................................(193)

10- Iraqi Neighbors' Stance on Kurdish Independence Referendum of 2017: Iran and Turkey

Lect. Hoshang Dara Hama Ameen ..............................................................................(205)

## وتەی ئەم ژمارەیە:

# بە کام گەز و مەقەست

ژمارە (٢) کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٢٣، بەردەوامییدانە بۆ گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی بە مانای متمانە و کۆشش و پەرۆشیی بەردەوام بۆ بەشداریی مەعریفیی ئەکادیمیایی، چ لەلایەن دەستەی نووسەران و راوێژکارانی گۆڤارەکە و، چ لە لایەن توێژەرانەوە.

گۆڤاری کوردستانیی خۆی بە بەشێک لە هەر پرۆژەیەکی زانستیی و مەعریفیی و فەرهەنگیی ئەزانێت کە وەزارەت بیگرێتە بەر، ئەگەرچیی بەشداریی فەرمیی تیادا هەبێت یان نا، ئەمە بۆ هەموو دەستاگایەکی تری وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی راستە و درووست و ئەرکە. بۆیە، دەستەی کوردستانیی بۆ دیراساتی ستراتیجیی و توێژینەوەی زانستیی لە رێی چەندین پرۆژەوە بەشداریی گرنگی زانست و توێژینەوە و برەودان بە مەعریفەی کردووە، یەکێک لە پایە سەرەکییەکانی بونیادی (ستراکچەر) ی دەستەی کوردستانیی بریتییە لە بەڕێوەبەرێتیی گۆڤاری زانستیی، بە تایبەت گۆڤاری کوردستانیی (JKSS) لە ماوەی نێوان مایس-٢٠٢١ هەتا ئێستا، ١٤ ژمارەی بەردەوامی دەرکردووە و لەسەروو هەموو بایەخەکانیەوە، فەرهەنگ و زمان و رێنووسی کوردییە. بەو مانایەی پێداچوونەوەی زمان و نووسین و رێنووسی هەموو توێژینەوەیەکی کردووە بە هەر سێ زمانی کوردیی و عەرەبیی و ئینگلیزیی. ئەوەی پێوەستە بە زمانی کوردییەوە، رەشنووسی رێنووسێکی ئامادەکراوی لەبەردەستە، کە تایبەتە بە گۆڤاری کوردستانیی و بەو پێیە راستکردنەوە و یەکخستنی توێژینەوەکانی پێ ئەکرێت و، لە هەمان کاتدا، توێژەرانیش ئەخرێنە سەر ئاشناکردن بەو رێنووسە. لە پرۆسەی هەڵسەنگاندن دا، یەکەمجار، دوای تەواوبوونی هەڵسەنگاندنی زانستیی، توێژینەوە چاککراوە زانستییە پەسەندکراوەکە ئەنێررێتەوە بۆ توێژەر/توێژەران بۆ چاککردنی رێنووس و زمانی نووسین بە پێی ئەو رێنووسەی گۆڤاری کوردستانیی و، پاش گەڕانەوەی جارێکی تر، گۆڤاری کوردستان پێداچوونەوەی بۆ ئەکات و ئەو هەڵانەی کە چاک نەکراون ئەیانخاتە سەر رێنووسەکەی گۆڤار.

ئەم روونکردنەوە و زانیارییانە لە سۆنگەی ئەو پرۆژەیەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی هاتۆتە بەر باس، کە لە ٢ی شوبات ٢٠٢٣ دا بڵاوکراوەتەوە:

لە ٢ شوبات ٢٠٢٣، هەواڵێک لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی بڵاوکراوەتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە، وەک دەق بە ناوەڕۆک وەکو خۆیەتی، بەڵام رێنووسی نووسینی ئەو ئاگادارییە لەلایەن سکرتێری نووسینەوە بە پێی رێنووسی گۆڤاری کوردستانیی دارێژراوەتەوە، چونکە راگەیاندنەکە بە پێی رێنووسەکەی گۆڤار کەم و کووڕیی رێنووسی تیایە:

«وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە رێگەی ئامادەکاریی بۆ تاقیکردنەوەی ستانداردی توانستی زمانی کوردیی، سیاسەتی گرنگییدان بە زمانی کوردیی دائەڕێژێت. بۆ ئەم مەبەستە لە رێگەی لیژنەیەکەوە ئامادەکارییەکان بۆ دارشتنی چوارچێوەی تاقیکردنەوەی ستانداردی توانستی زمانی کوردیی بەڕێوەچوو.

رۆژی چوارشەممە، رێکەوتی ١ی شوباتی ٢٠٢٣، بە سەرپەرشتیی د. ئارام محەمەد قادر، وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی، کۆبوونەوەی لیژنەی باڵای دانانی تاقیکردنەوەی ستانداردی توانستی زمانی کوردیی لە زانکۆکانی کوردستان بەڕێوەچوو.

وەزیری خوێندنی باڵا رایگەیاند: «پەرەپێدانی زمانی دایک ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانیی و مۆڕاڵیی و زانستییە و

فاکتەری بنچینەیی پاراستنی ناسنامەی نەتەوەییمانە. وەک وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی تێڕوانین و پلانی درێژخایەنمان بۆ پەرەپێدانی زیاتری زمانی کوردیی هەیە، جێگەی خۆشحاڵییە کە ئێستا بەشەکانی زمان و ئەدەبی کوردیی لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لە رووی مەعریفیی و توانای مرۆییەوە لە ئاستێکی بەرزدان، هەوڵ ئەدەین هەموو ئەم توانایانە یەک بخەین بۆ خزمەتکردنی زیاتری زمانی کوردیی و، بونیادنانی زمانی فەرمیی و هاوبەش لە هەرێمی کوردستان.»

لەبارەی دانانی مەرجەکان و چوارچێوەی بەجێهێنانی تاقیکردنەوەی ستانداردی توانستی زمانی کوردیی، دووپاتی کردەوە «گرنگە بۆ نەتەوەکەمان کار بۆ ئەوە بکەین بتوانین ببین بە خاوەنی تاقیکردنەوەی ستانداردی توانستی زمانی کوردیی، چونکە بەم رێگەیە ئەتوانین سیاسەتی گرنگییدان بە زمانی کوردیی دابڕێژین، بەتایبەت بۆ خوێندکاران و قوتابیانی بیانیی لە زانکۆ و دام و دەستگاکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا، بە مەبەستی درێژەدان بە خوێندن لەو بەشانەی کە زمانی خوێندن تیایاندا بە زمانی کوردییە.»

ئەم هەنگاوەی وەزارەت، مایەی دڵخۆشکەرە بەوەی هەنگاوێکی راستیینەیە بەرەو ستاندەرکردنی رێنووسی زمانی کوردیی. بێگومان کەس نکووڵی ئەوە ناکات کە سەرگەردانییەکی نووسین لە ئارادایە، نەک لە دامەزراوەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا بە تەنیا، بەڵکو لە هەموو کایەکانی تری دەوڵەت و میدیا و دەستگاکانی چاپەمەنیی و کەرتی تایبەت هەتا ئەگاتە سەر ئەوەی تابلۆی دوکان و بازاڕ و نۆرینگە و نووسینگە و شەقام و باخچە و ناونووسین لە فەرمانگەی باری کەسێتیی و پەساپۆرت و هاتووچۆ و هەموو شوێنێکی ئەم هەرێمە. ئەمە بە جۆرێکە، تەنانەت لە بەشە پسپۆڕەکانی زمانی کوردیی، رەنگە زیاتر لە دوو دەستە پسپۆڕ هەبن کە جیاواز بن لە رێنووس و نووسین دا. کورت و پوخت ئەوەیە؛ نە ستاندەردێک هەیە، نە پابەندبوون و نە چاودێریی و بەتەنگەوەهاتن. بۆیە ئەم هەنگاوە جوانترین دەستپێشخەرییە هەتا ئێستا هاتبێتە ئاراوە.

بەڵام، ئەوەی مایەی سەرنجە قەبارە و کارکردن و تەمەنی ئەم پرۆژەیەیە، کە بە بچووک و سنووردار و مەودا کورت یەتە بەرچاو! وەکو لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، قەبارەی ئەم کێشەیە لە هەموو شوێنێکی ئەم هەرێمەدایە، لە هەموو چاپکراوێکدایە. راستە ئەشێت مشتومڕێک لەسەر ئەم سەرنجەمان بڵێت: با لێرەوە دەستپێبکەین! بەڵێ درووستە، بەڵام ئەی باشتر وا نییە کە سەرەتایەکی بەهێز هەبێت بۆ ئەم پرۆژەیە و، ئەو سەرەتایەش ئەبێت لەم دییدەی وەزارەتی خوێندنی باڵاوە بێت. بەڵام، بیرخستنەوە و روونکردنەوە بۆ ئەو مشتومڕە ئەوەیە، پرۆژەکە بەستراوەتەوە بە بارێکی تایبەت (کەیسێکی تایبەت) کە سنووردارە بە تاقییکردنەوەی زمانی کوردیی بۆ خوێندکارانی باڵا و خوێندکاری بیانیی، نەک ئەستۆگیرییکردنی پۆرژەیەکی گەورە کە هەموو رەهەندەکان، هەموو بوارەکان چارەسەر بکات. ئەوە لەولاوە بوەستێت، کە ئایا ستاندەردێکی زمان و نووسین و رێنووس لەبەردەستا هەیە بۆ بەجێهێنان و بەرکار بوونی ئەم پرۆژەیە؟ ئایا هەنگاوەکە ئەوە ئەگرێتەوە؛ کە زمانێکی ستاندەردی نووسین و رێنووس بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا و دام و دەستگاکانی لە منالانی ئەم پرۆژەیەدا لە دایک ببێت؟

بۆیە، ئەگەر وەڵامەکان نەرێنیی بن، هۆکاری یەکەم: گرفت بۆ پرۆژە سنووردارە بچووکەکەی وەزارەت ئەوەیە بە کام ستاندەرد تاقییکردنەوە بکرێت؟ دووەم: ئەگەری دەرچوون بۆ پێشکەشکاران چەندە و لێکەوتەکان چیین لە باری دەرنەچوون دا؟ بە نموونە ئەگەر ئەو تاقیکردنەوەیە بە ستاندەردی گۆڤاری دەستە بکرێت، زۆر ئەگەرە کە تەنها لە سەدا ١٠ تاقییکراو دەربچێت و پەسەند وەربگرێت. ئەمەش لەسەر دەرئەنجامی ئەو توێژینەوانەی پێشکەشی گۆڤارەکەمان کراون و هەموویان چاکردنی سەرەکیی و بنەڕەتییان بۆ کراون! بۆیە، ئەنجامی ئەمجۆرە لە تاقیکردنەوە و بە ستاندەردی کۆلیجێک یان زانکۆیەکی دیارییکراو، مایەی قبووڵ نییە، چونکە ئەگەرچیی ئەم رێنووسە متمانەی لەسەر فەرهەنگ و کەلەپوور و ئەدەبیاتی کوردیی هەیە، بەڵام هێشتا ساغکردنەوەی تەواو بۆ وردەکارییەکان نەکراوە

و، هێشتا کۆدەنگییەک پێویستە هەبێت لەسەر وردەکارییەکانی.
ئەم پرۆژەیە ماوەی دوو ساڵێک لە ئیشی سەرومڕی وردی ئەوێت، بە راسپاردنی کەسانی زمانزان و فەرهەنگناس، نەک کەسانی حیزبیی لە هەر بەرێک بێت، یان بێت و بە شێوەیەک قۆرخبکرێت لەسەر پسپۆڕە ئەکادیمایيەکانی زانکۆ، کە بە بۆچوونی ئێمە هێشتا ئەوان کێشەی نووسین و بەخۆزانییان هەیە لەسەر ئەو بۆچوونانەی کە کۆنکریتیین لایان و، هێشتا ستاندەردێکیان بۆ بەشەکانی خۆیان سازنەکردووە. ئەمە رووپامایی یان لەڕوودامانی هیچ کەسایەتییەکی ئەکادیمیی هەڵناگرێت، چونکە دواجار بۆ خزمەتی زمانی کوردیی و پرۆژەیەکی وەها نەتەوەیی زانستیی و فەرهەنگییە. دیارە زمانزانیی بە بڕوانامەی ئەکادیمیی نایەتە دیی، ئەوەندەی شارەزایی و بەکارهێنان و مێژووی کەسێک هەبێت لە کاری زمانەوانیی دا.
لە کۆتایی  راگەیاندنەکەی  وەزارەت دا هاتووە:
«وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە ڕێگەی ئیمەیڵی (K.ezmun@mhe-krg.org) سەرجەم ئەو لایەن و کەسانە ئاگەدار دەکاتەوە کە هەر پێشنیاز و بۆچوونێکیان بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەم پرۆژە نیشتمانییە هەیە، دەتوانن پێشنیازەکانیان بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی پرۆژەکە بنێرن.»
لەم سۆنگەیەوە؛ ئێمە وەک دەستەی کوردستانیی بۆ دیراساتی ستراتیجیی و توێژینەوەی زانستیی، ئامادەین بە هەم ئاهەنگیی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی و سەنتەری کوردۆلۆجیی لە زانکۆی سلێمانیی و ناوەندی بێشکچیی لە زانکۆی دهۆک لەگەڵ ئەکادیمیای کوردیی و هەر لایەنێکی تری پێوەندییدار لە پرۆژەیەکی نیشتمانیی دا، پرۆژەیەکی بەرفراون بگرینە ئەستۆ و، لە ماوەیەکی پێوانەییدا سەرەتایەکی تۆکمە بهێنینە دیی. ئەکرێت ساڵانە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، بەڵام ناکرێت بە لاوازیی و شپرزەیی دەستپێبکات و بۆچوونی کەسانێکی دیاریکراوی لەسەر کاریگەر بێت.
ئەوەی سەرەوە، پێشنیازی گۆڤاری کوردستانییە لە بەشدارییکردنی ئەم پرۆژە نەتەوایەتییەدا، بە هیوای ئەوەی بەهەند وەربگیرێن و، ئەم پرۆژەیەش نەکرێت بە پرۆژەیەکی تر کە بێ پرس و رای ئەکادیمییان و شارەزایان سەپێنراوە، وەک دڵنیایی جۆریی و بۆڵۆنیا.

ماوەتەوە، سوپاسی بێ پایان ئاراستەی هەموو بەشداربووانی ئەم گۆڤارە بکەین لە توێژەر و هەڵسەنگێنەران کە بەردەوام بە هاوکاریی دەستەکانی گۆڤار، توانراوە ئەم بەشدارییە زانستییە ئامانجمان بێت.

بە هیوای بەردەوامیی  و کارکردن  و بەدیهێنانی ئامانجەکانی پرۆژەی گەورەی نیشتمانیی.

**رزگار ئاغا**

**سکرتیری نووسین**

**ککانوونی دووەم ٢٠٢٣**

https://doi.org/10.54809/jkss.vi2.218

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# خەمڵاندنی هایدرۆلۆجی ئاوی سەرزەویی لە ئاوزێڵی قەڵاچوالان دا بە بەکارهێنانی مۆدێلی(SCS – CN) نێوان ساڵانی(٢٠٠٠ – ٢٠٢٠)

م. ئارام داود عباس

کۆلێجی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان/

سید صادق زانکۆی سلێمانی

aram.abbas@univsul.edu.iq

پ.ی.د. خلیل کریم محمد

زانکۆی سلێمانی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان

**lelahk**muhammed@univsul.edu.iq

## پوختە:

ئاوی سەرزەویی ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ئاووهەوا و تۆپۆگرافیای ئاوزێڵی قەڵاچوالانە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، کار دەکاتە سەر خەمڵاندنی بڕی ئاوی ڕێکردووی ئاوزێڵەکە، لێرەشەوە ئەتوانرێت پێوانەی بڕی خەمڵێنراوی ئاوی ڕێکردووی سەرزەویی و زانینی کات و وەرزە زیادە و کەم ئاوییەکان بکرێت و، دواجار بزانرێت تا چەند سوودی لێ وەربگیرێت بۆ هەموو بوارەکان و پێداویستییەکان. ئاوزێڵی قەڵاچوالان یەکێکە لەو ئاوزێلانەی دەکەوێتە باکووری شاری سلێمانیەوە بە ڕووبەری(٨٧٦,١کم٢)، و سەرچاوەی ئاوی ڕێکردووی هەمووی لە ناو خاکی هەرێمی کوردستانی عێراقە. بە هۆی ڕاڕای باران بارین لەم ساڵانەی دواییدا و زۆر جار باران بارینەکە بە چڕیی لە کاتێکی کەمدا ئەبارێت، ئەمە وائەخوازێت توێژینەوە ئەنجام بدرێت بۆ زانینی قەبارە و بڕی ئاوی ڕێکردووی سەرزەویی و ئایا ئەتوانرێت ئەو بڕە ئاوە سوودی لێ وەبگیرێت، بە شێوەیەك کە خزمەت بە ناوچەی لێکۆڵینەوە بکات. لێرەوە پشتبەسترا بە مۆدێلی (Curve Number-Soil Conservation Service (SCS- CN کە تایبەتە بە خەمڵاندنی قووڵیی و بڕی ئاوی ڕێکردووی سەرزەویی ساڵانە، دەرکەوت کە ناوچەکە حەوت جۆر بەکارهێنانی هەیە(پانتایی ئاویی، دارستانی چڕ، زەویی کشتوکاڵیی، زەویی گژوگیا، زەویی نیشتەجێبوون، زەویی ڕووتەن، ڕێگاوبان)، دەرکەوت کە زۆرترین بڕی ئاوی ڕێکردووی سەرزەویی ئەکەوێتە ناوچەی گژوگیاوە بە بڕی(٥٨٨٥٢٣٣٢٠م٣) و کەمترین بڕ ئەکەوێتە ناوچەی دارستانەوە بە بڕی(٤٤٤٢٤٨٠م٣)، هەروەها کۆی بڕی هەمووی ئاوزێڵەکە گەشتووەتە(٧٠٠١٤١١٤٠م٣). لە کۆتاییدا، ئەم داتایانە زۆر بەسوود و بنچینەیین بۆ کاربەدەستانی خۆجێی ناوچەکە و خاوەن وەبەرهێنەرەکان لە داهاتوودا، بۆ هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ئاوی ئاوزێڵەکە.

**کلییلە وشە: هایدرۆلۆجی، خەملاندن، ئاوی سەرزەویی، مۆدێلی(SCS – CN)، ئاوزێڵی قەڵاچوالان.**

Recieved: 8/11/2022
Accepted: 26/12/2022



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی:

گومانی تیادانیە کە لەم ساڵانەی دواییدا دەرامەتی ئاو گرنگی ستراتیجی زۆری هەیە، لە هەموو جیهان بە شێوەیەکی گشتی و ناوچەی لێکۆڵینەوە بە شێوەیەکی تایبەت، هەروەها ئاو بنچینەی سەرەکی هەموو پرۆژەکانی پەرەپێدانە، هەر بۆیە بوەتە خولیای زۆرێك لە وڵاتان، کۆڕانی ئاووهەوا و ڕاڕای باران بارین و خولیا گەورەکە کە زیادبوونی دانیشتوانە و بە بەردەوامی پێویستی بە دابین کردنی ئاوە بۆ هەموو بوارەکان(خواردنەوە و ناوماڵ، کشتوکاڵی، پیشەسازی و هەتا کۆتایی)، کێشەکە زیاتر دەبێت لەگەڵ کەمبوونی سەرچاوەکانی ئاو و گەورەتریش دەبێت ئەگەر هاتوو توشی پیسبوون ببێتەوە.

ئەم توێژینەوەیە(خەمڵاندنی هایدرۆلۆجی ئاوی سەرزەویی لە ئاوزێڵی قەڵاچوالاندا بە بەکارهێنانی مۆدێلی (SCS – CN) نێوان ساڵانی(٢٠٠٠ – ٢٠٢٠)) ئەنجامدرا بۆ دۆزینەوەی چارەسەر و زیاتر سوود وەرگرتن لە ئاوی بەردەست، ئامانج لە لێکۆڵینەوەی ئاودرکردنی رووبار، زانینی سەرچاوەی خۆراکدەری ئاوییە و جیاوازییە لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکتر، ئەمە هەتا چەند کاریگەریی دەبێت لە سەر پێداویستی و داواکاریی بۆ ئاو و پێویستی گەنجینەکردن و ڕێکخستنی ئاورێکردن بە شێوەیەك، کە لەگەڵ سروشتی وەبەرهێنانە ئاوییەکاندا بگونجێت لە هەموو بوارەکاندا. کەواتە سیستەمی هایدرۆلۆجی وێنە و ڕەنگدانەوەی ڕەگەز و دیاردە ئاووهەواییەکانە، کە کاریگەری تەواوی لە سەر ناوچەکە هەیە.

ڕێگای(SCS – CN) یەکێکە لە گرنگترین و وردترین ڕێگاکانی خەمڵاندنی دروێنەی ئاو، بۆ خەمڵاندنی بڕی ئاوی ڕێکردووی سەرزەویی، پشتی پێبەستراوە و دانراوە لە لایەن خزمەتگوزاری پاراستنی خاکی ئەمەریکییەوە(Soil Conservation Service)، کورتکراوەتەوە بۆ(SCS) کە سەر بە دامەزراوەی بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵە لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا، و(CN) کورتکراوەی(Curve Number) کە مەبەست لێ ژمارەی بەهاکانە، سوودی لێوەردەگیرێت بۆ دیاری کردنی تایبەتمەندی باران بۆ جۆرێکی دیاریکراو لە خاك یان رووپۆشی زەوی.

ئەتوانرێت کێشەی توێژینەوەکە کورت بکرێتەوە بۆ ئەوەی، ئایا ئاوی ڕێکردوو لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا هەیە و چۆن تایبەتمەندییە هایدرۆلۆجییەکان ڕۆڵیان لە سەر بڕی ئاوی ڕێکردوو هەیە و چۆن سوودی لێ وەربگیرێت بۆ وەبەرهێنانی لە ئاوزێڵەکەدا؟ لە هەمان کاتدا بەم گریمانەیە وەڵامێکی پێش وەختی بدەینەوە بەم شێوەیە، لە ئاوزێڵی قەڵاچوالاندا بڕێکی زۆری ئاوی ڕێکردووی هەیە و گۆڕاوە هایدرۆلۆجییەکانی ئاوزێڵەکە بە ڕوونی ڕەنگدانەوەیان دیارە لە سەر بڕی ئاوی ڕێکردوو، کە ئەتوانرێت سوودی لێ وەربگیرێت بۆ وەبەرهێنان. ئامانج لەم توێژینەوەیە بریتیە لە خەمڵاندنی بڕی ئاوی ڕێکردووی ساڵانەی چاوەڕوانکراوی ئاوزێڵی قەڵاچوالان پشتبەست بە مۆدێلی(SCS – CN)، بۆ دانانی پلانی دروێنەوی ئاو و گەشەپێدان و وەبەرهێنانی ئاوی لە ئاوزێڵی قەڵاچوالان.

ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ڕووی شوێن و پێگەی جوگرافییەوە دەکەوێتە باکووری خورهەڵاتی هەرێمی کوردستانی عێراقەوە، واتا باکوور و باکووری خۆرهەڵاتی پارێزگای سلێمانی، بە دیاری کراوی دەکەوێتە قەزای چوارتا و پێنجوێن و بەشێکی کەمی دەکەوێتە قەزای سەید صادق(ناحیەی بەرزنجە)وە، لەهەمان کاتدا لە ڕووی ئەسترۆنۆمییەوە دەکەوێتە نێوان بازنەی پانی(«٣٥°٤٦،٠٠ -»٣٥°٢٧،٢٣) باکور و نێوان

هـەردوو هێڵـی درێـژی(«٤٥°٢٣،٠٥ -»٤٦°٠١،٠٦) خۆرهـەڵات، ناوچـەی لێکۆڵینـەوە کـە بریتیـە لـە ئاوزێڵـی رووبـاری قەڵاچـوالان، پێکدێـت لـە سێ ئاوزێڵـی لاوەکی(جۆگەسـور، مـاوەکان، رووبـاری سـەرەکی(ئاوڕێژگە)) و رووبـەری گشـتی ئاوزێڵەکـە(٨٧٦,١ کـم٢)١٥*، نەخشـەی(١).

توێژینەوەکـە پێکدێـت لـە پێشـەکییەك و ئەژمارکردنـی بـڕی ئـاوی ڕێکـردووی سـەرزەویی لـە ڕێـگای دەرهاوێشـتەکانی(CN) بـە ڕێـگای ڕووپۆشـی ڕووەکـی و گروپـە هایدرۆلۆجییەکانـی خاکـی ئاوزێڵەکـە، هەروەهـا هەژمارکردنـی توانـای ئەوپـەڕی هەڵگرتنـی ئـاو پـاش دەسـت پێکردنـی ئـاوی ڕێکـردووی سـەرزەویی(S) و هەژمارکردنـی ئەنجامەکانـی هاوکێشـەی دەرهێنانـی یەکەم(یەکـەم ئـاو ڕێکـردن) بـۆ ئاوزێڵـی قەڵاچـوالان(Ia)، لـە دواییـدا خەمڵاندنـی قوڵـی ئـاو ڕێکردنـی سـاڵانە(Q) پاشـان بـڕی ئـاوی ڕێکـردووی سـەرزەویی(QV) دەرهێـنراوە و لـە کۆتاییـدا دەرئەنجـام و راسـپاردە و لیسـتی سـەرچاوەکان هاتـوون.




نەخشەی(١) ئاوزێڵی قەڵاچوالان بە گوێرەی هەرێمی کوردستان و پارێزگای سلێمانی

سەرچاوە: کاری توێژەران پشتبەست بە بەرنامەی(Arc GIS ١٠,٨).

بەکارهێنانی مۆدێلی(SCS – CN):

ئـەم ڕێگایـە یەکێکـە لـەو ڕێگایانـەی خەمڵاندنـی ئـاوی ڕێکـردوو، کـە لـە سـەرەتادا ئـەم ڕێگایـە بەگـڕ

خـرا لـە لایـەن دەزگای بەڕێوەبردنـی پاراسـتن و چاكسـازی خـاك، كـە سـەر بـە دەزگای بەڕێوەبردنـی كشـتوكاڵی ولایەتـە یەكگرتووەكانـی ئەمەریكایـە(Soil Conservation Service)، بێگومـان ئـەم ڕێگایـە زۆرتریـن و باوتریـن ڕێگایـە بـۆ خەمڵاندنـی قووڵـی ئـاوی ڕێكـردوو، پشتەبەسـتێت بـە چەنـد گۆڕاوێـك وەك بەكارهێنانی زەویـی و جـۆری خـاك و ڕووپۆشـی ڕووەكـی و بـڕی بـاران(Ashish Bansode, K. A. Patil, ٢٠١٤, ١٢٨٣.P).

بۆ خەمڵاندنـی بـڕ و قەبـارەی ئـاوی ڕێكـردوو بـە پێـی ئـەم مۆدێلـە پشتبەسـترا بـە(Arc GIS ١٠,٨) و چـڕی ڕووپۆشـی ڕووەكـی(NDVI) و تەكنیكـی هەسـتكردن لـە دوورەوە و جۆرەكانـی خـاك بـۆ بەدەسـتهێنانی باشـترین شـوێن بـۆ دروسـتكردنی بەنـداو و گلدنـەوەی ئـاو و دروێنەكردنـی. مۆدێلـی ناوبـراو بـە شـێوەیەكی ورد لـە سـەر یەكەكانی(پێكسـڵ) كار دەكات،٢* بـۆ بەدەسـتهێنانی ئەنجامـی زۆر ڕاسـت و دروسـت لـە سـەر ناوچەكـە بەكاردێـت، هەروەهـا ئـەم ڕێگایـە پێویسـتی بـە زۆر قۆنـاغ و هاوكێشـەی ماتماتیكـی هەیـە هەتـا لـە كۆتاییـدا توێـژەر بتوانـێ خەمڵاندنـی ئـاوی ڕێكـردووی سـەرزەویی بـكات.

- داواكراوەكانی ڕێگای دەرهێنانی(CN):

بەهـای(CN) لـە نێوانـی(٠ – ١٠٠)ە، ئـەم ژمارانـە بـە واتـای ئـەوە دێـن تاوەكـو چەنـد سـەر ڕووی زەویـی توانـای پێداڕۆشـتنی(النفاذیة) هەیـە، هەرچەنـدە بەهـاكان بەرەو(سـفر) بـڕۆن، ئامـاژەن بـۆ ئـەوەی، كـە توانـای ئاوزێڵەكـە بـۆ ئاوپێداڕۆشـتن بـەرزە، بـە پێچەوانـەوە كـە بەهـاكان نزیـك دەبنـەوە لـە(١٠٠) بەڵگەیـە بـۆ ئـەوەی سـەرڕووەكان توانـای ئاوپێداڕۆشـتنیان نزمە(النفیعي، هیفـاء محمـد،٢٠١٠،ص٩٢). هەروەهـا بـۆ بـە دەسـتهێنانی بەهـای(CN) پشتبەسـترا بـە بەرنامـەی(Arc GIS ١٠,٨) بـە ڕێـگای كـرداری تێكەڵبوونـی نێـوان هـەردوو چینـی كۆمەڵـە هایدرۆلۆجییەكانـی خـاك و نێـوان چینـی بەكارهاتـووی خـاك، لێـرەدا هـەر چینێـك بەهـای تایبەتـی خـۆی هەیـە، بـۆ ئـەوەی بەرنامەكـە جـۆرەكان تێكـەڵ نـەكات و یـەك بەهـا وەرگـرن، لـە ڕێـگای بەرنامـەی(Arc GIS ١٠,٨) و جێبەجێكردنـی فەرمانـی(Combine) دەسـت دەكرێـت بـە تێكـەڵ بوونـی هـەردوو چینی(هایدرۆلۆجـی خـاك و بەكارهێنانـی زەویـی)، دواتـر بەهـای ئاوزێڵـەكان بـەدەر ئەكەوێـت، بـۆ بـە دەسـتهێنانی بەهـای(CN) ئـەم هەنگاوانـەی خـوارەوە بەكاردێـت:

گروپە هایدرۆلۆجییەكانی خاكی ئاوزێڵ: HSG

ڕێـگای(SCS – CN) چـوار جـۆری خاكـی هایدرۆلۆجـی دیـاری دەكـەن، كـە بریتیـن لـە(A,B,C,D) هـەر گروپێـك لـەو خاكانـە ژمـارەی تایبەتـی خـۆی هەیـە، كـە دەگەڕێتـەوە بـۆ جـۆری خاكەكـەی و تێكـرای توانـای ئاوپێداڕۆشـتن(داچۆڕان)، ئەمـەش ناونـراوە(Hydrologic Soil Groups)، خشـتەی(١)، هـەر جـۆرە خاكێـك تایبەتمەنـدی خـۆی هەیـە و دەردەكەوێـت، كـە پلـە خاكـی(A,D) دوو بارودۆخـی تونـدن لـە جیاوازیـی بـۆ ئـاو ڕێكردنـی سـەرزەویی، بـە جۆرێـك(A) ئـاو ڕێكردنێكـی كەمـی سـەرزەوی دەگەێنێـت، و(D) ئـاو ڕێكردنێكـی بـەرز، لـە هەمـان كاتـدا(B,C) بـە واتـای ئـاو ڕێكردنێكـی مامناوەنددێت(النفیعي، خلـدون محمـد، ٢٠١٧، ص٩٨).

خشتەی(١) گروپە هایدرۆلۆجییەکان خاك بە گوێرەی پۆلێنی(SCS – CN)

| پلەی خاك | قووڵی ڕێکردن | جۆری خاك |
|---|---|---|
| A | کەم | چینێکی لمی قووڵ لەگەڵ برێکی زۆر کەم لە قوڕ و لیتە |
| B | ناوەند | چینێکی لمی ئەستوری کەمتر لە A بە تێکرای داچۆڕاندنی ناوەندە دوای تەڕبوون |
| C | سەروو ناوەند | چینێکی قوڕینی قووڵی دیارکراو بە تێکرای داچۆڕانی خوار ناوەندە پێش تێربونی خاك |
| D | زۆر | چینێکی قوڕین کە بە ڕێژەیەك ئاوسانی بەرزە لەگەڵ بوونی چینێکی تەنك لە خاکی نەرم نزیك لە سەرروو |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشتبەست بە:

١ – Soil Conservation Service, Urban Hydrology for Small Watershed, Technical Releases ٥٥, 2nd, U.S Dept. of Agriculture, Washington D.C. ١٩٨٦,p.٢- ٨.

پاڵپشت بە ئەنجامی شیکردنەوەی تاقیگەیی بۆ خاکی ناوچەی لێکۆڵینەوە، و پشتبەست بە تەندراوی خاك و پێکهاتەکی، دەرکەوت کە چەند جۆرە خاکێك لە ناوچەکەدا هەیە، هەر جۆرە خاکێکیش رووبەر و ڕێژەی تایبەتی خۆی هەیە، وەك لای خوارەوە ڕونکراوەتەوە:

١ – گروپی هایدرۆلۆجیی(B):

بە پێی جۆری خاکەکە بێت ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە ئاوڕێکردنی سەرزەویی کەمە، بە هۆی ئەوەی کە خاکی لمینە و توانای پێداڕۆشتنی ئاوی بەرزە(نفاذیة عالیة)( Ashish Bansode, K. A. Patil ,٢٠١٤, P.١٢٨٥).ئەم گروپە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە کەوتووەتە ناوچەی لێواری چەم و رووبارەکان، رووپۆشی رووەکی تا رادەیەك زۆرە و دەبێتە کۆسپ لە بەردەم ئاوڕێکردنی سەرزەوییدا، لە ئەنجامدا خێرایی ئاو کەم دەبێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی بەرز بوونەوەی بەهەڵمبوون و داچۆڕانی برێکی زۆر لە ئاو، رووبەری ئەم جۆرە زۆر کەمە و نزیکەی(١٥,٧ کم٢)ە، بە ڕێژەی(١,٨ ٪)ی رووبەری گشتیی ناوچەی لێکۆڵینەوە. نەخشەی(٢) و خشتەی(٢).

٢ – گروپی هایدرۆلۆجیی(C):

ئەم جۆرە توانای پێداڕۆشتنی نێوان لاواز بۆ باشەیە، بە شێوەیەکی باش بڵاوبوتەوە، بە تایبەتی لە ئاوزێڵی ماوەکان و رووباری سەرەکیی و لە هەندێ بەش لە دوای سەرچاوەی ئاوزێڵی جۆگەسوور، هەر وەك چۆن لە نەخشەکانی(٦ و١٣) دەرکەوتووە، رووبەری ئەم گرووپە(٣٣٩ کم٢)ە، واتە بە ڕێژەی(٣٨,٨ ٪)ی رووبەری گشتیی ناوچەکە، خشتەی(٢).

٣ – گروپی هایدرۆلۆجیی(D):

ئەم جۆرە گرووپە لە خاك لە هەموو گروپەکانیتر لاوازترە لە توانای داچۆڕانی ئاو، بە گشتیی داچۆڕان تیایدا زۆر نزمە بە تایبەت ئەو کاتانەی، کە خاك تەڕە(Abdulwahab Mohammad Younis Ihsan Faisal Hasan, Younis Najib Saeed,٢٠١٤,p.٢٢٢) . تایبەتمەندی ئەم گرووپە ئەوەیە، کە ئاوڕێکردنی سەرزەویی بەراورد بە گرووپە هایدرۆلۆجیەکانی تر بەرز و خێرایە، زیاتر ئەم گرووپە لە بەشەکانی باکوور و خۆرهەڵاتی ئاوزێڵی قەڵاچوالان بوونی هەیە، رووبەرەکەی(٥٢٠,٩ کم٢)، واتا ڕێژەی(٥٩,٤ ٪)ی رووبەری گشتیی ناوچەی لێکۆڵینەوە.

خشتەی(٢) رووبەر و رێژەی سەدیی گروپە هایدرۆلۆجییەکانی ئاوزێڵی قەڵاچوالان

| پلەی خاك | جۆری خاك | رووبەر/کم٢ | رێژەی سەدیی ٪ |
|---|---|---|---|
| B | کەنار رووبار | ١٥,٧ | ١,٨ |
| C | خاکی جیری، خاکی قاوایی مەیلەو سور، خاکی کەستانەیی سور | ٣٣٩,٥ | ٣٨,٨ |
| D | خاکی چێرنۆزیۆم، خاکی بەرزە چیا، خاکی کەستانەیی | ٥٢٠,٩ | ٥٩,٤ |
| کۆ | | ٨٧٦,١ | ٪ ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشتبەست بە بەرنامەی(GIS Arc ١٠,٨).

پۆلێنی بەکارهێنانی زەوی:

ئەم بەشە لە مۆدێلی(SCS CN)، پێویستی بە دیاری کردنی جۆرەکانی رووپۆشی زەویی هەیە، سروشتی بێت(جۆرەکانی تاوێر)، یان مرۆیی(ناوچە نیشتەنییەکان، کشتوکاڵ، رێگاوبان، ناوچەی پیشەسازی و هی تر)، هەروەها جۆری رووپۆشی رووەکی، کە کاریگەریی ئەبێت لە سەر بڕی لە دەستدان و بڕی ئاوی رێکردوو بە پشتبەستن بە وێنەی ئاسمانی مانگی دەستکردی ئەمەریکی(Oli Landsat L٨) بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوە، هەروەها راستکردنەوەی لە رێگای هاوکێشەی(NDVI)، و بەرنامەی(Arc GIS ١٠,٨)، لە رێکەوتەکانی(٢٠١٤/٥/١٣ و ٢٠١٥/٥/٢٢ و ٢٠١٦/٥/٧ و ٢٠١٧/٧/١٠ و ٢٠١٨/٧/٤ و ٢٠١٩/٤/١٤ و ٢٠٢٠/٥/٢ و ٢٠٢١/٧/٢٢) لە بەرزی(١٢,٥م). بە پێی جۆری رووپۆشەکەی، ناوچەی لێکۆڵینەوە پۆلێنکرا بۆ:

١ - زەوی کشتوکاڵیی: ئەم جۆرە بریتییە لەو ناوچانەی، کە کشتوکاڵیی لێ ئەکرێت(زستانە و هاوینە) پشتبەست بە ئاوی ژێرزەویی و باران، کە کاریگەریی دیاری لە سەر رێگریکردن لە ئاوی رێکردووی سەرزەویی هەیە، بە شێوەیەکی گشتی ئاوی ریکردوو لەگەڵ زیادبوونی رووبەری زەوییە کشتوکاڵییەکاندا کەم دەکات، رووبەرەکەی(٧٣,٣کم٢)ە، بە رێژەی(٨,٣٧ ٪)ی رووبەری گشتیی، خشتەی(٣) و نەخشەی(٣).

٢ - زەویی رووتەن: بریتیە لەو ناوچانەی، کە سروشتی تاوێرەیی هەیە، واتا پێکهاتەکانی بە دەرەوەیە و کەوتوەتە ژێر کاریگەریی راماڵینی بارانی راستەوخۆ، هەروەها راماڵینی ئاوی رێکردوو، کە لە ئەنجامدا کرداری لابردن و گواستنەوەی چینی سەرەوەی دەست پێدەکات. بەشێوەیەکی گشتیی تاوێری بەردینی ناوچەکە لە پلەی رەقی و بەهێزیان جیاوازن، لە هەمان کاتدا کەم کونیلەن و رێگە بە داچۆڕانی ئاو نادەن، تەنها لەو جێگایانە نەبێت، کە قڵیش و درز و شکان و ترازانی تیادایە، زیاتریش لە ناوچە سەختە بەرزەکان و زۆر لێژەکاندا هەیە، رووبەری(٩,٩ کم٢)ە، بە رێژەی(١,١٣ ٪)ی رووبەری گشتی ناوچەکە، نەخشەی(٣) و خشتەی(٣).

نەخشەی(٢) پۆلێنکردنی هایدرۆلۆجیی خاکی ئاوزێڵی قەڵاچوالان

سەرچاوە: کاری توێژەران پشتبەست بە: ١- مانگی دەستکردی ئەمەریکی(OLI/TIRS C١ Landsat٨ Level- ٢) و بەکارهێنانی بەرنامەی(Arc GIS ١٠,٨,١).

٢ - Land Cover ٢٠٢١ Esri.

٣ - Google Earth Pro.

٣ - دارستانی چڕ: ئەم جۆرە هەرچەندە رووبەرەکەی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە کەمە(٥,٦ کم٢)ە، بە رێژەی(٠,٦٣ ٪)، بەڵام بۆ ئەو شوێنانەی دارستانی چڕە کاریگەریی خۆی هەیە، کاریگەرییەکانی بریتین لە کەم کردنەوەی خێرایی ئاو و پاراستنی خاك لە ڕاماڵین، ئەمەش کاریگەریی ئەبێت لە سەر باڵانسی ئاوی رووبارەکان و شێوەی کەناڵەکانی(سلوم، غزوان، وصیام، نعمان، ٢٠١٨، ص٢٤٢ - ٢٤٣).

٤ - گژوگیا(درێژ و کورت): ئەم جۆرە لە زەوی لە ناوچەی ئاوزێڵی قەڵاچوالان رووبەرێکی زۆری هەیە




و دەگاتە نزیکەی(٧٠٧,٧ کم٢)ە، بە رێژەی(٨٠,٧٨ ٪)ی رووبەری گشتی، ئەم جۆرە ڕووەکی سروشتی دەگرێتەوە لە گژوگیای کورت و درێژ و جۆرەکانی دار و دەون و ڕووەکانی کەنار چەم و رووبارەکان، جگە لە ناوچەکانی دارستانی چڕ، بێگومان هەندێکی وەرزییە و هەندێکی بەدرێژای ساڵ هەیە و ڕێگر دەبن بۆ جوڵەی ئاوی ڕێکردوو، نەخشەی(٣) و خشتەی(٣).

خشتەی(٣) پۆلێنی جۆری بەکارهێنانی زەویی بە رووبەر و ڕێژەی سەدیی لە ئاوزێڵی قەڵاچوالان

| ژ | جۆری بەکارهێنانی زەویی | رووبەر/کم٢ | ڕێژەی سەدیی/٪ |
|---|---|---|---|
| ١ | پانتایی ئاویی | ٠,٧ | ٠,٠٨ |
| ٢ | دارستانی چڕ | ٥,٦ | ٠,٦٤ |
| ٣ | زەویی کشتوکاڵیی | ٧٣,٣ | ٨,٣٧ |
| ٤ | زەویی گژوگیا | ٧٠٧,٧ | ٨٠,٧٨ |
| ٥ | زەویی نیشتەجێبوون | ٥٨,١ | ٦,٦٣ |
| ٦ | زەویی رووتەن | ٩,٩ | ١,١٣ |
| ٧ | ڕێگاوبان | ٢٠,٨ | ٢,٣٧ |
| کۆ | | ٨٧٦,١ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشتبەست بە نەخشەی(٢).

٥ - ناوچەی نیشتەجێ: رووبەری ئەم جۆرە لە ناوچەکەدا لە بەرزبوونەوەدایە بە تایبەتی لە ناوچەی ئاوڕێژگەی ئاوزێڵە لاوەکییەکاندا، رووبەری(٥٨,١ کم٢)ە، بە رێژەی(٦,٦٣ ٪)ی رووبەری گشتی ئاوزێڵی قەڵاچوالان، ئەمە کاریگەریی زۆری ئەبێت لە سەر ئاوی رێکردووی سەرزەوی بە تایبەت لە هەندێ لە شوێنەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە، کە نیشتەجێبوون و پرۆژە کشتوکاڵییەکان چوەتە ناو رێڕەو و کەناڵە ئاوییەکان و دۆڵەکانەوە، وێنەی(١). بۆ زانیاری زیاتر لە زۆربەی ناوچەی لێکۆڵینەوەدا بە شێوەی هەڕەمەکی پرۆژەی نیشتەجێبوون و بازرگانی دروست ئەکرێن، زۆر جار لەبەر بوونی پرۆژەکە رێڕەوی کەناڵە ئاوییەکان دەگوازنەوە بۆ لایەکیتر، بێگومان ئەمە دەبێتە بەربەست بۆ پەنگخواردنەوەی ئاوی رۆیشتووی سەرزەویی و خێرایی ئاو زیاد دەکات، لەبەر کەمیی داچۆڕان بە هۆی تەخت کردن و کوتان و داپۆشینی زەوییەکان و زیاد بوونی لێژییەوە(الدليمي،٢٠١٧، ص٣٨٩-٣٩٩).

٦ - رێگاوبانی قیرتاو: بەهۆی هەڵکەوتەی ناوچەی لێکۆڵینەوەوە، کە ناوچەیەکی شاخاوییە و رێگای بازرگانی نییە و هیچ پارێزگایەك بە یەکەوە نابەستێت، وای کردووە رووبەری رێگاوبانی قیرتاوکراو کەم بێت(٢٠,٨ کم٢) بە رێژەی(٢,٣٧ ٪)ی رووبەری گشتی ناوچەکە، زۆربەی رێگەوبانەکان کەوتونەتە کەناری کەناڵ و جۆگە سەرەکییەکاندا، نەخشەی(٣) و خشتەی(٣).

٧ - پانتایی ئاویی: رووبەری ئەم جۆرە زۆر کەمە لە ناوچەکە و دەگاتە نزیکەی(٠,٧ کم٢) بەرێژەی(٠,٠٨ ٪)ی رووبەری ناوچەکە، زیاتر لە ناوچەکانی سەرچاوە و ئاوڕێژگەی ئاوزێڵی لاوەکی(جۆگەسور) و لە ناوەڕاستی ئاوزێڵی لاوەکیی(رووباری سەرەکیی)دا دەرئەکەوێت، لە بەر کەمی رووبەری ئەم جۆرە کاریگەریی کەمە لە سەر ئاوی رێکردووی سەرزەویی.

بارودۆخی پێشووی شێی خاك: ASMC

یەکێك لە داواکارییە سەرەکییەکان بۆ بەدەستهێنانی بەهای(CN) بریتیە لە دیاریکردنی بارودۆخی پێشووی خاك(Antecedent Soil Moisture Condition)، کە ئاماژەیە بۆ شێی خاك پێش دەسپێکی باران(Ishtiyaq Ahmad, Vivek Verma, Mukesh Kumar, Application of Curve Number method for estimation of Runoff potential in GIS Environment, ٢٠١٥,P.١٧). بۆ خەمڵاندنی بەهای(CN) شارەزایانی بوارەکە هەستان بە بەرەو پێشبردنی رێگای(SCS) و لەوێوە سێ بارودۆخی جیاوازی پێش وەختی شێی خاك دەرهێنراون(پێنج رۆژ پێش ئەژمارکردنی ئاوی رێکردووی سەرزەوی)، بارودۆخی یەکەم(ASMCl): تایبەتە بە خاکی وشك، بارودۆخی دووەم(ASMCll): تایبەتە بەو ناوچانەی کە خاکەکە وشك و نیمچە وشکە، بارودۆخی سێیەم(ASMClll): تایبەتە بەو ناوچانەی، کە خاکی شێدارە و بارانی مامناوەند و زۆرە و پلەکانی گەرمی نزمە(A.C. Lalitha Muthu, M. Helen Santhi, Estimation of Surface Runoff Potential Using SCS-CN Method Integrated with GIS, ٢٠١٥,P.٣).٣* هەر بارودۆخێك لە بارودۆخەکانی پێش وەختی شێی خاك بەهای(CN)ی تایبەتی هەیە لە نێوان(٠ - ١٠٠)، بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوە توێژەر بارودۆخی سێیەمی(ASMClll) دەستنیشانکرد وەکو بارودۆخێکی ئاسایی بۆ ئەژمارکردنی تایبەتمەندیی

---

٣* - لە رێگای داتای رۆژانەی باران بارینەوە ئەدۆزرێتەوە، ئەوەش لە رێگای دۆزینەوەی داتای رۆژانەی باران بارین لە ناو ساڵەکاندا، واتا کام رۆژ زۆرترین باران باریوە پێنج رۆژ پێشتر وەرئەگیرێت، ئەگەر هاتوو لە (١٣ملم) کەمتر بوو کەواتە بارودۆخی خاك وشکە، ئەگەر هاتوو لە (١٣ملم) زیاتر بوو ئاوا مامناوەندە، و ئەگەر لە (٣٥ملم) بە سەرەوە بوو ئاوا بارودۆخی خاك شێدارە.

ئـاوی رێکـردووی سـەرزەویی ئاوزێڵـی قەڵاچـوالان.

وێنەی(١) نموونەیەك لە رێڕەوە ئاوییەکانی ئاوزێڵی قەڵاچوالان




سەرچاوە: وێنەکان لە لایەن توێژەرانەوە لە رێکەوتی(٢٠٢١/٧/١٤ و ٢٠٢١/١٢/١٨) گیراون.

دەرهێنانی بەهای(CN)ی ئاوزێڵی قەڵاچوالان:

دوای تەواوبونـی داواکارییـە سـەرەکییەکان بـۆ دەرهێنانـی رێـگای(CN)، ئەنجامـی بەهـاکان دەرئەکرێـت لـە رێـگای تێکەڵبوونـی هـەردوو چینـی ڕووپۆشـی رووەکـی و گرووپـە هایدرۆلۆجییەکانـی خـاك لـە رێـگای(Combine) لـە بەرنامـەی(GIS Arc١٠,٨)، خشـتەی(٤) دارێـژراوە لـە لایـەن(SCS) بـۆ بەدەسـتهێنانی بەهـاکان بـەم شـێوەیەی لای خـوارەوە:

Spatial Analyst Tools ⟶ Local ⟶ Combine

بەهاکانـی(CN)ی ناوچـەی لێکۆڵینـەوە لـە نێـوان(٧٠ – ٩٨)ە، ئەمـەش دوای پۆلێنکردنـی ئـەو بەهایانـە بـۆ شـەش جـۆر بـە مەبەسـتی بەدەسـتهێنانی ئەنجامـی ورد پاڵپشـت بـە(GIS Arc١٠,٨) و دەرئەنجامەکانـی نەخشـەی(٣)، دەرکـەوت، کـە جـۆرەکان جیـاوازی روونیـان هەیـە لـە رووبـەری بەکارهاتـوو، بـە شـێوەیەك جـۆری یەکـەم نێـوان(٧١ - ٧٨) لـە پلـەی یەکـەم بـە رووبـەری(٧٠٧,٧ کـم٢)، بـە رێـژەی(٨٠,٧٨ ٪)، ئەمـەش زۆرتریـن وەڵام دانـەوەی هەیـە بـۆ بەرهەمهێنانـی ئـاوی رێکـردوو، کـە دەگەڕێتـەوە بـۆ کەمـی ئەسـتووری خـاك، لـە هەمـان کاتـدا جـۆری شەشـەم بـە پلـەی کۆتـا هـات بـە رووبـەری(٥,٦ کـم٢)، بـە رێـژەی(٠,٦٤ ٪)، کـە کەمتریـن وەڵام دانـەوەی بـۆ ئـاوی رێکـردوو هەیـە، بەبـەراورد لەگـەڵ هەمـوو ئاوزێڵەکـە بـە هـۆی چڕیـی بەربەسـتی دارسـتانەکان. خشـتەی(٥) و نەخشـەی(٤).

بـە هـۆی کەمیـی توانـای پێداڕۆشـتنی خـاك و لێژیـی زۆرەوە، ئـەم جـۆرە زیاتـر لـە ناوچەکانـی باکـوور و باشـوور و خۆرهەڵاتـدا دەردەکەوێـت و زیاتـر لـە بەرزاییـەکان و دۆڵەکاندایـە، بـەڵام جۆرەکانـی تـر لـە ئاوزێڵـی قەڵاچـوالان رووبەریـان کەمـە، لەمـەوە دەرئەکەوێـت زۆری رووبـەری ئاوزێڵەکـە ئەکەوێتـە بەهـای(CN) ی بـەرزەوە، ئەمـەش ئاماژەیـە بـۆ ئـەوەی، کـە رێژەیەکـی زۆری رووبـەری ئاوزێڵەکـە توانـای ئـاوی رێکـردوو زیـاد دەکات، لەبـەر ئـەوەی زۆربـەی بەهـاکان لـە سـەروو(٥٠)وە بـوون، ئەمـەش بەڵگەیـە بـۆ زۆربوونـی

ئـاوی ڕێکـردووی سـەرزەوی و کەمـی داچـۆڕان لـە ئاوزێڵـی قەڵاچـوالان، هەروەهـا بەڵگەشـە بـۆ ئـەوەی کـە ناوچـەی ئاوزێـڵ گونجـاوە بـۆ دانانـی بەنـداو و پرۆژەکانـی دروێنـەی ئـاو بـە پێـی ڕێـگا گونجـاوەکان.

خشتەی(٥) جۆری بەهاکانی(CN)ی ئاوزێڵی قەڵاچوالان

| ژ | جۆر | رووبەر کم$^{2}$ | ڕێژەی سەدیی/ ٪ |
|---|---|---|---|
| ١ | ٧١ – ٧٨ | ٧٠٧,٧ | ٨٠,٧٨ |
| ٢ | ٨١ – ٩١ | ٧٤,٠ | ٨,٤٥ |
| ٣ | ٨٥ - ٩٢ | ٥٨,١ | ٦,٦٣ |
| ٤ | ٩٨ | ٢٠,٨ | ٢,٣٧ |
| ٥ | ٧٩ – ٨٩ | ٩,٩ | ١,١٣ |
| ٦ | ٧٠ – ٧٧ | ٥,٦ | ٠,٦٤ |
| کۆ | | ٨٧٦,١ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشتبەست بە بەرنامەی(Arc GIS ١٠,٨) و نەخشەی(٤).

خشتەی(٤) بەها ئامادەکراوەکان بەگوێرەی ڕێگای(SCS) بۆ بەدەستهێنانی ژمارە بەهاکانی(CN)

| **شیکاری(وصف) بەکارهێنانی زەوی** | گروپە هایدرۆلۆجییەکانی خاک | | | |
|---|---|---|---|---|
| | A | B | C | D |
| **زەوییە کشتوکاڵییەکان** | | | | |
| بەبێ چارەسەری پاراستنی خاک | ٧٢ | ٨١ | ٨٨ | ٩١ |
| چارەسەری پاراستنی خاک | ٦٢ | ٧١ | ٧٨ | ٨١ |
| **زەوی لەوەڕگای سروشتی و دەستکرد** | | | | |
| بارودۆخی هەژار | ٦٨ | ٧٩ | ٨٦ | ٨٩ |
| بارودۆخی زۆر دەوڵەمەند | ٣٩ | ٦١ | ٨٠<br>٧٤ | |
| **زەوی گژوگیا** | | | | |
| بارودۆخی باش | ٣٠ | ٥٨ | ٧١ | ٧٨ |
| **زەوی دارستان** | | | | |
| ناوچەی چین تەنک – چینی ڕووپۆشی تەنك – بەبێ نەخۆشی | ٤٥ | ٦٦ | ٧٧ | ٨٣ |
| چینی ڕووپۆشی ئەستور و دەوڵەمەند | ٢٥ | ٥٥ | ٧٠ | ٧٧ |
| **زەویی کراوە - زەویی گژوگیا – قەبرستان – یاریگای چیمەنکراو** | | | | |
| بارودۆخی باش: ڕووپۆشی گژوگیا ٧٥٪ زیاتر | ٣٩ | ٦١ | ٧٤ | ٨٠ |
| بارودۆخی مامناوەند: ڕووپۆشی گژوگیا ٥٠ – ٧٥٪ | ٤٩ | ٦٩ | ٧٩ | ٨٤ |
| ناوچەی بازرگانی و پیشەگەری ٨٥٪ داچۆڕانی نیە | ٨٩ | ٩٢ | ٩٤ | ٩٥ |
| ناوچەی پیشەسازی ٧٢٪ داچۆڕانی نیە | ٨١ | ٨٨ | ٩١ | ٩٣ |

| **زەوی نیشتەجێبوون** | | **ناوەندی قەبارەی پارچە**<br>**ناوەندی نەبوونی داچۆڕان** | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |
| ١ – ٨ زیاتر | ٦٥ | ٧٧ | ٨٥ | ٩٠ | ٩٢ |
| ١ – ٤ زیاتر | ٣٨ | ٦١ | ٧٥ | ٨٣ | ٨٧ |
| ١ – ٣ زیاتر | ٣٠ | ٥٧ | ٧٢ | ٨١ | ٨٦ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٨٥ | ٨٠ | ٧٠ | ٥٤ | ٢٥ | ١ – ٢ زیاتر |
| ٨٤ | ٧٩ | ٦٨ | ٥١ | ٢٠ | ١ زیاتر |
| ٩٨ | ٩٨ | ٩٨ | ٩٨ | زەوی وەستانی ئۆتۆمبێل(کۆنکرێت) – سەربان – ڕاڕەو - هیتر | |
| | | | | **ڕێگاوبان و شەقام** | |
| ٩٨ | ٩٨ | ٩٨ | ٩٨ | شۆستە و زێراب و ڕێگای قیر و کۆنکرێت | |
| ٩١ | ٨٩ | ٨٥ | ٧٦ | ڕێگای گڵ | |
| ٨٩ | ٨٧ | ٨٢ | ٧٢ | ڕێگای بەکار نەهاتوو | |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشتبەست بە:

١ - Vijay P. Singh , Donald K. Frevert , Watershed Models , CRC Press is an imprint of Taylor & Francis Group, ٢٠٠٦, P. ٣٦٤.




نەخشەی(٣) جۆرەکانی بەکارهێنانی زەوی لە ئاوزێڵی قەڵاچوالان

سەرچاوە: کاری توێژەران پشتبەست بە: ١- مانگی دەستکردی ئەمەریکی(Landsat٨ OLI/TIRS C١ Level- ٢) و بەکارهێنانی بەرنامەی(Arc GIS ١٠,٨,١).

٢ - Esri ٢٠٢١ Land Cover.

٣ - Google Earth Pro.




نەخشەی(٤) دابەشبوونی جۆرەکانی بەهای(CN) بۆ ئاوزێڵی قەڵاچوالان

سەرچاوە: کاری توێژەران پشتبەست بە: ١- مانگی دەستکردی ئەمەریکی(OLI/TIRS C١ Landsat٨ -Level ٢) و بەکارهێنانی بەرنامەی(Arc GIS ١٠,٨,١).

٢ - Land Cover ٢٠٢١ Esri.

٣ - Google Earth Pro.

توانای ئەوپەڕی هەڵگرتنی(پەنگخوادوو) ئاو پاش دەستپێکردنی ئاورێکردنی سەرزەویی(S):

هاوکێشەی(S)(Potential Maximum Retention After Runoff) ئاماژەیە بۆ ئەوپەڕی توانای هەڵگرتنی ئاو لە خاکدا، یان قەتیسکردنی ئاو لە خاکدا دوای ڕێکردنی، لە هەمان کاتدا ئەستوری چینی خاکی تێربوو لە ئاو جیاوازە، بە پێی جیاوازی جۆری خاکەکە و توانای بۆ هەڵمژینی بڕی زۆر لە ئاو لە کاتی باراندا(حميد، دلي خلف، ٢٠١٦، ص٢٠٧). هەر کاتێك بەهای(S) نزیك بوو لە(٠) سفرەوە بەڵگەیە بۆ ئەوەی، کە توانای خاکەکە بۆ هەڵگرتنی ئاو دوای دەست پێکردنی ئاوی ڕێکردووی سەرزەویی لاوازە، ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی بڕی ئاوی ڕێکردووی سەرزەوی، لە هەمان کاتدا ئەگەر هاتوو بەهای(S) بەرز بوو، ئەوە بەڵگەیە بۆ ئەوەی، کە توانای خاك بۆ هەڵگرتنی ئاو بەرزە، کەواتە بەهای(S)ی بەرز یارمەتیدەر نییە بۆ بەرهەمهێنانی ئاوی ڕێکردووی زۆر لە سەر زەوی بەڵکو دەبێتە هۆی کەمی بڕی ئاوی ڕێکردووی سەرزەوی(حميد، دلي خلف، حوض وادي كندبناوه، ٢٠١٦، ص٣٦٩). بەهای(S) بریتیە لە کۆکراوەی ئاوی سەرڕووی زەوی دوای دەستپێکردنی ئاورێکردن، ئەمەش لە ڕێگای ئەم هاوکێشەیەوە ئەژمار ئەکرێت(USDA-SCS, urban hydrology for small watershed,١٩٨٦,p.٢-١):

بە هۆی ئەوەی پێوەری یاساکە بە ئینجە، لێرەدا دەگۆڕدرێت بۆ ملیمەتر بۆ ئەوەی بگونجێت لەگەڵ پێوەری مەتریی ئەویش لە ڕێگای لەیەکدانی ژمارە(٢٥٤)(الربيعي، سجى علي بركات كندي، ٢٠١٢،ص١٣٣)، لە ئەنجامدا ئەم هاوکێشەیەمان بۆ دەردێت(Sameer Shadeed, Mohammad Almasri, ٢٠١٠, p.٧).

بەهـای(S) لـە رێـگای بەکارهێنانـی هاوکێشـەکەوە و دەرهێنانـی ئەنجامەکانـی لـە رێـگای بەرنامـەی(Arc GIS ١٠,٨)، و بەکارهێنانـی(Raster Calculator)، بـۆ بەدەسـتهێنانی بەهـا و ئەنجـام ئەژمـار ئەکرێـت، لـە کۆتاییـدا بەدەسـتهینانی نەخشـەیەك بـۆ دیاریکردنـی ئـەو بەهایانـە و رووبـەر و رێژەکانیـان، خشـتەی(٦) و نەخشـەی(٥). بەهـاکان لـە نێـوان(٥,٢ ملم)بـوون، کـە کەمتریـن بـڕە بـۆ هەڵگرتنـی ئـاو، و(١٠٨,٩ ملـم) بـۆ ئـەو ناوچانـەی، کـە بەرزتریـن توانـای هەڵگرتنـی بـڕە ئاویـان هەیـە، لـە لایەکـی تـرەوە زۆربـەی بەشـەکانی ئاوزێڵەکـە بەهـای(S)ی دەکەوێتـە نێـوان(١٠٣,٧ - ٧١,٦ ملـم) بـە رووبـەری(٧٠٧,٧ کـم٢) و بـە رێـژەی(٨٠,٧٨ ٪)ی رووبـەری گشـتی ناوچـەی لێکۆڵینـەوە، ئەمـەش بەڵگەیـە بـۆ ڕودانـی ئـاوی رێکـردووی زۆر، لـە هەمـان کاتـدا بەڵگەیـە بـۆ راسـت و درووسـتی بەهـای ئەنجامەکانـی(CN).

خشتەی(٦) دابەشبوونی بەهای(S) لە دۆڵی ئاوزێڵی قەڵاچوالان

| ژ | بەهای(S) ئەوپەڕی توانای گلدانەوە/ ملم | رووبەر / کم$^{٢}$ | رێژەی سەدیی / ٪ |
|---|---|---|---|
| ١ | ٧١,٦ – ١٠٣,٧ | ٧٠٧,٧ | ٨٠,٧٨ |
| ٢ | ٢٥,١ – ٥٩,٦ | ٧٤,٠ | ٨,٤٥ |
| ٣ | ٢٢,١ – ٤٤,٨ | ٥٨,١ | ٦,٦٣ |
| ٤ | ٥,٢ | ٢٠,٨ | ٢,٣٧ |
| ٥ | ٣١,٤ – ٦٧,٥ | ٩,٩ | ١,١٣ |
| ٦ | ٧٥,٩ – ١٠٨,٩ | ٥,٦ | ٠,٦٤ |
| کۆ | | ٨٧٦,١ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشتبەست بە نەخشەی(٢ و ٥).




نەخشەی(٥) دابەشبوونی بەهای(S) بە/ملم بۆ ئاوزێڵی قەڵاچوالان

سـەرچاوە: کاری توێـژەران پشتبەسـت بـە:١- مانگـی دەسـتکردی ئەمەریکـی(Landsat٨ C١ OLI/TIRS Level- ٢) و بەکارهێنانـی بەرنامـەی(Arc GIS ١٠,٨,١).

٢ - Land Cover ٢٠٢١ Esri.

٣ - Google Earth Pro.

هاوکێشەی دەرهێنانی یەکەم(Ia):

بریتیە لەو بڕەی، کە لە پێش کرداری ئاو ڕێکردنی سەرزەویی لە ڕێگای بەهەڵمبوون یان لە ڕێگای کرداری ڕێگرتن لە ڕۆشتنی ئاو بە هۆی ڕووەکەوە یان ئاوی کۆبوەوە لە نزماییەکان یان بە هۆی کرداری داچۆڕانەوە ئاوی باران لە دەستدەدات، ئەم هاوکێشەیە بۆ خەمڵاندنی بڕی ئاوی ڕێکردووی سەرزەوی گرنگە و پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە خاك و ڕووپۆشی ڕووەکییەوە هەیە. بەهاکە بریتیە لە یەك لە سەر پێنجی(S)، بە جۆرێك بەها نزمەکان بە تایبەت، کە نزیك ببێتەوە لە(٠) سفر بەڵگەن بۆ کەمی لە دەستدانی ئاوی پێش دەستپێکردنی ئاوی ڕێکردوو، کە دەبێتە یارمەتی دەرێك بۆ خێرایی ئاوڕێکردنی سەرزەوی، لە کاتێکدا ئەگەر هاتوو تێکرای Initial Abstraction دەرهێنانی یەکەم(Ia) یەکسان بوو لەگەڵ ئاوی ڕێکردووی سەرزەوی بەهای ناوەندی هاوکێشەی(Ia) دەکاتە(٥٠,٨ ملم)(الجوذري، علي حمزة عبدالحسين، ٢٠١٩،ص١٥٧)، لە هەمان کاتدا ئەگەر بەهای(Ia) بەرزبوەوە زیاتر لە بەهای ناوەند، بەڵگەیە بۆ لە دەستدانی بڕی زۆر لە باران، کە لە کۆتاییدا دەبێتە کەمبوونەوەی ئاوی ڕێکردووی سەرزەوی(الشريفي، علي محسن كامل، والعبادي، مهدي عبدالرضا، ٢٠١٨، ص٣٧١). هاوکێشەکەی بەم شێوەی خوارەوەیە(Johns, St,١٩٨٥, p.١-٢):

به شێوەیەك كە:

Ia = لە دەستدانی یەکەم(ملم).

S = بەهای توانای ئەوپەڕی پەنگخواردنەوە(ملم).

لە ڕێگای بەهای(Ia) و دەرهێنای دەرئەنجامی هاوکێشەکە لە ناو بەرنامەی(Arc GIS ١٠,٨)، و لە ڕێگای کاری(Raster Calculator) لە ناو ئامڕازەکانی شیکردنەوەی شوێنی(Spatial Analyst Tools) لە ئەنجامدا نەخشەی(Raster) دەست ئەکەوێت، لێرەوە ئەبینرێت کە بەهای هاوکێشەی(Ia) دەکەوێتە نێوان(١,٠٤ ملم) کە کەمترین لە دەسدانی یەکەمی(اولي) ئاوی ڕێکردووە و نێوان(٢١,٧٨ ملم) وەك بەرزترین لە دەستدان. نەخشەی(٦) و خشتەی(٧)، تیایدا زۆر بە ڕوونی دەرکەوتووە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە توانایەتی ئاوی ڕێکردوو بەرهەم بهێنێت بە بڕی زۆر. ئەگەر دەرکەوێت زۆربەی بەهاکان لە سەروی ناوەندی دیاریکراوی سەرەوە(٥٠,٨ ملم)بێت، بەڵگەیە بۆ بەرزی پلەکانی گەرمی کە لە ئەنجامدا بەهەڵمبوون زیاد دەکات.

خشتەی(٧) دابەشبوونی بەهای(Ia) لە دۆڵی قەڵاچوالان

| ژ | جۆرەکانی بەهای دەرهێنانی یەکەم(Ia)/ملم | ڕووبەر/کم٢ | ڕێژەی سەدیی/٪ |
|---|---|---|---|
| ١ | ١٤,٣٢ – ٢٠,٧٤ | ٧٠٧,٧ | ٨٠,٧٨ |
| ٢ | ٥,٠٢ – ١١,٩٢ | ٧٤,٠ | ٨,٤٥ |
| ٣ | ٤,٤٢ – ٨,٩٦ | ٥٨,١ | ٦,٦٣ |
| ٤ | ١,٠٤ | ٢٠,٨ | ٢,٣٧ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٥ | ٦,٢٨ – ١٣,٥ | ٩,٩ | ١,١٣ |
| ٦ | ١٥,١٨ – ٢١,٧٨ | ٥,٦ | ٠,٦٤ |
| کۆ | | ٨٧٦,١ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشتبەست بە ئەنجامی هاوکیشەی(Ia) و نەخشەی(٦).

هاوکێشەی قووڵی ئاو ڕێکردنی ساڵانە(Q):

ئەنجامی ئەم هاوکێشەیە دەریدەخات قووڵی ئاو دەرکردن لە ناوچەکە چەندە، واتە بڕی ئاوی ڕێکردوو لە سەرزەویی لە کاتی باراندا، بێ گوێدانە رووبەری کۆکراوی ئاوزێڵ. بۆ پێوانەکردنی قووڵی ئاو ڕێکردنی سەرزەوی(Q) ئەم هاوکێشەیە بەکاردێت(Tomasz Kowalik, Andrzej Walega, ٢٠١٥,p.٩٤٤; Johns, St,١٩٨٥, p.٥) :

پێویستە گۆڕانکاریی بە سەر یاساکە بهێنرێت، بۆ ئەوەی ئەنجامەکان نزیك بن لە ڕاستییەوە وەك ئەمەی خوارەوە(USDA-SCS,١٩٨٦,p.١-٢):

کە بریتیە لە:

Q = قووڵی ئاوی ڕێکردووی ساڵانە(ملم).

P = بڕی باران(ملم).

Ia = بەرهەڵستی یەکەم پێش دەستپێکردنی ئاوی ڕێکردووی سەرزەوی کە بریتییە لە(بەهەڵمبوون و داچۆڕان و رووەك)، کە دوو بەهای جێگری بۆ دانراوە، یەکەمیان(٠,٢) و دووەمیان(٠,٨). ئەوەی روونە ژینگە ئاووهەواییەکان لە تایبەتمەندیی سروشتییدا جیاوازن، بە گشتی شێی رووەك زیاد ئەکات و باران زیاد ئەبێت، بەڵام لە ژینگە و شکەکاندا باران کەم ئەبێت و پلەکانی گەرمی و بەهەڵمبوون بەرز ئەبنەوە، بۆیە ئەم هاوکێشەیە بۆ ئەوەی ئەنجامی ورد و نزیك لە راستیی نیشانبدات، باشترە لە ئاووهەوای شێدار بەکار بێت، چونکە ئەگەر لە ئاووهەوای وشك بە کارهات، ئەبێت کرداری بەهەڵمبوونی راستەقینە لە بەرچاو بگیرێت.

S = توانای ئەوپەڕی هەڵگرتنی ئاو(پەنگخوادنەوە) پاش دەست پێکردنی ئاو ڕێکردنی سەرزەویی/ملم.

لە ڕێگای بەهاکانی(CN,S,Ia) و پشتبەست بە ناوەندی بڕی بارانی ساڵانەی ئاوزێڵەکانی ناوچەکە نەخشەی(٧) درووست کرا، کە لە ڕێگایەوە ئاوی ڕێکردووی ئاوزێڵی قەڵاچوالان ئەژمارکراوە بە بەکارهێنانی(Calculator Raster) لە ئامرازەکانی شیکردنەوەی شوێنی(Spatial Analyst Tools) لە ناو بەرنامەی(Arc GIS ١٠,٨)دا، هەروەها بە بەکارهێنانی داتاکانی باران نێوان ساڵانی(٢٠٠٠ – ٢٠٢٠) دەرکەوت، لە ئاوزێڵی قەڵاچوالان قووڵی ئاوی ڕێکردوو زۆر بەرزە، ئەمەش هۆکارێکی گرنگە و یارمەتیدەرێکی باشە بۆ دروێنەی ئاو. بەمەش زۆرترین بەهای هاوکێشەکە لە پلە(٤)دایە بە(٩٠٥ ملم)، کە رووبەرەکەی دەکاتە(٢٠,٨ کم٢)، بە ڕێژەی(٢,٣٧٪)ی رووبەری گشتی ناوچەکە، بەتایبەت لە باشووری ناوچەی ئاوڕێژگە، کەمترین قووڵی ئاو ڕێکردن لە پلەی(٦)دا بوو لە نێوان(٧٩٣,٣ – ٨٢٧,١

ملم) لـە ناوچـەی سـەرچاوە و ناوچەکانـی ناوەڕاسـتی ئاوزێـڵ بەتایبەتـی ناوچـە دارسـتانە چـڕەکان بـە ڕووبـەری(٥,٦ کـم٢) بـە ڕێـژەی(٠,٦٤ ٪)، ئەمـەش ئاماژەیـە بـۆ جیـاوازی بەهـای قووڵـی ئـاو ڕێکـردن نێـوان ناوچـەی سـەرچاوە و ناوچـەی ئاوڕێژگـە لـە لایـەك و نێـوان ناوچـەی ڕووپـۆش چـڕ و ناوچـەی نیشـتەجێبوون، کـە ئەبێتـە هـۆی ڕوودانـی ئـاوی ڕێکـردووی کۆکـراوە لـە ناوچـەی ئاوڕێژگـە. خشـتەی(٨).

خشتەی(٨) قووڵی ئاوی ڕێکردووی ساڵانە/ملم(Q) لە ئاوزێڵی قەڵاچوالان

| ژ | قووڵی ئاوی ڕێکردووی ساڵانە/ملم(Q) | ڕووبەر/کم٢ | ڕێژەی سەدیی/٪ |
|---|---|---|---|
| ١ | ٨٣١,٦ – ٧٩٨,٥ | ٧٠٧,٧ | ٨٠,٧٨ |
| ٢ | ٨٨٢,٨ – ٨٤٤,٣ | ٧٤,٠ | ٨,٤٥ |
| ٣ | ٨٨٦,٢ – ٨٦٠,٦ | ٥٨,١ | ٦,٦٣ |
| ٤ | ٩٠٥ | ٢٠,٨ | ٢,٣٧ |
| ٥ | ٨٧٥,٦ – ٨٣٥,٩ | ٩,٩ | ١,١٣ |
| ٦ | ٨٢٧,١ – ٧٩٣,٣ | ٥,٦ | ٠,٦٤ |
| تێکڕا ٨٥٣,٩ | | ٨٧٦,١ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشتبەست بە ئەنجامەکانی هاوکێشەی قووڵی ئاوی ڕێکردووی ساڵانە/ملم(Q).




نەخشەی(٦) دابەشبوونی بەهای(Ia) لە ناوچەی لێکۆڵینەوە

سـەرچاوە: کاری توێـژەران پشتبەسـت بـە: ١- مانگـی دەسـتکردی ئەمەریکـی(Landsat٨ C١ OLI/TIRS Level -٢) و بەکارهێنانـی بەرنامـەی(Arc Gis ١٠,٨,١).

٢ - Land Cover ٢٠٢١ Esri.

٣ - Google Earth Pro.




نەخشەی(٧) دابوشبوونی بەهای(Q) لە ناوچەی لێکۆڵینەوە

سەرچاوە: کاری توێژەران پشتبەست بە: ١- مانگی دەستکردی ئەمەریکی(Landsat٨ C١ OLI/TIRS Level- ٢) و بەکارهێنانی بەرنامەی(Arc Gis ١٠,٨,١).

٢ - Esri ٢٠٢١ Land Cover.

٣ - Google Earth Pro.

خەملاندنی بڕی ئاوی ڕێکردووی سەرزەوی(QV):

خەملاندنی بڕ ئاوی ڕێکردووی سەرزەویی ساڵانە Quantity Volume(QV) بۆ زۆربەی لێکۆڵینەوە هایدرۆلۆجییەکان گرنگە، بۆ دروست کردنی چینەکانی(Q – Ia – S) دەستکرا بە دانانی هاوکێشەکان و داخلکردنی بۆ ناو بەرنامەی(Arc GIS ١٠,٨) و لە ڕێگای بەکارهێنانی(Raster Calculator)، لە ناو ئامرازەکانی شیکردنەوەی شوێنی(Spatial Analyst Tools)(خلف، حميد دلي، حوض وادي كندناوه، ٢٠١٦، ص٣٧٥ – ٣٧٦). پاڵپشت بە قووڵی ئاوی ڕێکردوو لە ڕێگای ئەم هاوکێشەیەوە(خلف، حميد دلي، وادي المر الجنوبي، ٢٠١٦، ص١١٨ – ١١٩):

کە بریتیە لە:

QV = بڕی ئاوی ڕێکردووی ساڵانەی سەرزەویی(م٣).

Q = قووڵی ئاوی ڕێکردووی ساڵانەی(ملم)، کە لە ڕێگای هاوکێشەکەی سەرەوە دەردێت.

A = رووبەری ئاوزێڵ(م٢).

١٠٠٠ = گۆڕین لە(ملم) بۆ(م).

بڕی ئاوی ڕێکردووی ساڵانەی سەرزەوی ناوچەی لێکۆڵینەوە(٧٠٠١٤١١٤٠ م٣)ە، هەروەها دەرکەوت کە ڕێژەی(٨٠,٧٨ ٪) لە بڕی ئاوی ڕێکردووی ساڵانە لە ئاوزێڵەکە توانای بەرهەمهێنانی ئاوی ڕێکردووی

هەیـە، نێـوان(٥٦٥٠٩٨٤٥٠ – ٥٨٨٥٢٣٣٢٠ م٣) کـە زۆرتریـن بـڕە، و دەکەوێتـە ناوچەکانـی گژوگیـاوە بـە گشـتی بەپێـی شـیکردنەوکانی خشـتەی(CN). دەرئەنجامـەکان ئـەوە ڕوونەدەکەنـەوە کـە ئاوزێڵـی قەڵاچـوالان بـە دڵنیاییـەوە بڕێکـی زۆری ئـاوی ڕێکـردووی سـەرزەوی لـە کاتـی زۆربوونـی بـاران بـە تایبـەت لـە وەرزی بارانـدا تیادایـە، لـە هەمـان کاتـدا ناوچەکـە بەهایەکـی هایدرۆلۆجـی گرنگـی هەیـە و بـڕە ئاوەکانـی دەڕژێتـە زێـی بچوکـەوە، و کەمتریـن بـڕی ئـاوی ڕێکـردووی ساڵانە دەکەوێتـە پلـە(٦)وە و دەکاتـە(٤٤٤٢٤٨٠ – ٤٦٣١٧٦٠ م٣) ناوچەکانـی دارسـتانی چـڕ دەگرێتـەوە، شـیکردنەوەی خشـتەی(CN) و خشـتەی(٩) و نەخشـەی(٨).

خشتەی(٩) بەهای بڕی ئاوی ڕێکردووی ساڵانە(QV)/م٣ لە ئاوزێڵی قەڵاچوالان

| ژ | بڕی ئاوی پلەکان/م٣ | ڕووبەر/کم٢ | ڕێژەی سەدیی/٪ |
|---|---|---|---|
| ١ | ٥٦٥٠٩٨٤٥٠ – ٥٨٨٥٢٣٣٢٠ | ٧٠٧,٧ | ٨٠,٧٨ |
| ٢ | ٦٢٤٧٨٢٠٠ – ٦٥٣٢٧٢٠٠ | ٧٤,٠ | ٨,٤٥ |
| ٣ | ٥٠٠٠٠٨٦٠ – ٥١٤٨٨٢٢٠ | ٥٨,١ | ٦,٦٣ |
| ٤ | ١٨٨٢٤٠٠٠ | ٢٠,٨ | ٢,٣٧ |
| ٥ | ٨٢٧٥٤١٠ – ٨٦٦٨٤٤٠ | ٩,٩ | ١,١٣ |
| ٦ | ٤٤٤٢٤٨٠ – ٤٦٣١٧٦٠ | ٥,٦ | ٠,٦٤ |
| **کۆی تێکرا** | **٧٠٠١٤١١٤٠** | **٨٧٦,١** | **١٠٠** |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشتبەست بە ئەنجامەکانی هاوکێشەی بڕی ئاوی ڕێکردووی ساڵانە/م٣(QV).




نەخشەی(٨) دابەشبوونی بەهای(QV) لە ناوچەی لێکۆڵینەوە

سـەرچاوە: کاری توێـژەران پشتبەسـت بـە: ١- مانگـی دەسـتکردی ئەمەریکـی(Landsat٨ C١ OLI/TIRS Level- ٢) و بەکارهێنانـی بەرنامـەی(Arc Gis ١٠,٨,١).

٢ - Land Cover ٢٠٢١ Esri.

٣ - Google Earth Pro.

## دەرئەنجامەکان:

١ - دەرکەوت کە ئاووهەوا یەکێکە لە کردارە سەرەکییەکان، کە کاریگەری ڕاستەوخۆیی لە سەر بڕی ئاو ڕێکردووی سەرزەوی هەیە.

٢ - دوای لێکۆڵینەی تەواو و ورد لە سەر ناوچەی لێکۆڵینەوە بە ڕێگای تەکنیکییە زانستیە نوێکان، دەرکەوت کە سێ جۆر لە خاکی هایدرۆلۆجی(B,C,D) لە ئاوزێڵی قەڵاچوالان هەیە.

٣ - ئەنجامەکانی بەهای دەرهێنانی یەکەم(Initial Abstraction) لە ئاوزێڵی قەڵاچوالان دەریئەخات، کە لە خوار(٥٠,٨ملم)ەوەیە، ئەمەش بەڵگەیە بۆ دابەزینی پلەکانی گەرمی و کەمبوونی بەهەڵمبوون و زیادبوونی ئاوی ڕێکردووی سەرزەویی.

٤ - لە ڕووی بەکارهێنانی زەوییەوە دەرکەوت کە نزیکەی(٨٠٪)ی ڕووبەری گشتی ناوچەی لێکۆڵینەوە گژوگیای درێژ و کورتە، و(٢٠٪)کەیتر دابەش ئەبێت بە سەر بەکاهێنانی کشتوکاڵی و دارستان و نیشتەجێبوون و ڕێگاوبان و زەویی ڕووتەن و پانتای ئاویی.

٥ - لە دوای جێبەجێکردنی بەهاکانی(CN) دەرکەوت کە ناوچەکە توانای داچۆڕانی مامناوەند بەرەو کەمە بە تایبەت لە ناوچە شاخاوی زۆر لێژەکاندا، ئەمەش خێرای ئاو زیاتر دەکات لە سەرزەویی، و دەبێتە یارمەتیدەرێکی زۆر باش بۆ دروێنەی ئاو بە شێوەی بەنداو.

٦ - پشتبەست بە ڕێگای(SCS- CN) بۆ خەمڵاندنی بڕی ئاوی ڕێکردووی ساڵانەی ئاوزێڵی قەڵاچوالان، دەرکەوت کە لە نێوان(٥٨٨٥٢٣٣٢٠ م٣) بۆ ناچە گژوگیاکان و(٤٤٤٢٤٨٠م٣) بۆ ناوچە دارستانی چڕ وەك کەمترین بڕی ئاوی ڕێکردووی سەرزەویی، بۆ بەدەستهێنانی داتای ورد.

٧ -ناوچەی لێکۆڵینەوە ئاوی ڕێکردووی تیادایە بە بڕێکی زۆر و دەگاتە(٧٠٠١٤١١٤٠م٣)، ئەکرێت دروێنە و گەنجینەبکرێت و بەکاربهێنرێت بۆ وەبەرهێنانی هەموو بوارەکانی گەشەپێدانی ئاوزێڵەکە.

پێشنیارەکان:

١ - بڕی باشی ئاوی ڕێکردوو لە ناوچەی لێکۆڵینەوە وای کردووە، کە بەهای هایدرۆلۆجی گرنگی هەبێت و دەکرێت سودی لێوەربگیرێت بۆ گەشەپێدانی ناوچەکە لە جیاتی بەفیرۆوودانی بۆ دەرەوەی سنوری ئاوزێڵەکە بە تایبەت کە خودی ناوچەکە پێویستی بە ئاوە.

٢ - توێژەر پێشنیاری جێبەجێکردنی کۆمەڵێك لە ڕێگاکانی دروێنەی ئاو دەکات، لە ڕێگایەوە کۆنترۆڵی ئاوی ڕێکردوو بکرێت لە کاتی باراندا، و دواجار بەکارهێنانی بە شێوەیەکی دروست.

٣ - لە بەر ئەوەی ناوچەی لێکۆڵینەوە بریتیە لە چەند ئاوزێڵێکی لاوەکی، بۆیە توێژەر پشنیاری دروست کردنیی بەنداو لە سەر ڕێڕەوە ئاوییە سەرەکییەکان دەکات، و ئاڕاستەکردنی بۆ ئەو ناوچانەی کە زیاتر پێویستیان بە ئاو هەیە، یان ئاڕاستەکردنی بۆ ئەو ناوچانەی کە یارمەتی خۆراکدەری ئاوی ژێرزەوی ئەدەن.

٤ - دامەزراندنی سیستەمی ئاگادارکردنەوەی پێش وەخت بۆ پێشینیکردنی لافاو پێش ڕوودانی، بۆ کەمکردنەوەی زیانەکان، بە ڕێگای نموونەوکان هەستکردن لە دوورەوە کە وێنەیەکی ڕاستەقینە و ڕوون دەدات، بۆ جۆرەکانی هەور و تایبەتمەییەکانی، باران و برەکەی و کۆبونەوەی لە سەرڕووی زەویی، هەروەها دیاریکردنی شوێنی جۆگە بچوکە سەرەتاییەکان، کە سوودیان هەیە بۆ پێشبینیکردنی ڕوودانی ئاوی ڕێکردوو و دواجار پاراستن و خۆلادان لە ڕوودانی لافاو.

٥ - پێویستە بە دانانی وێستگەی هایدرۆلۆجی بۆ پێوانە کردنی بڕی ئاوی ڕێکردووی سەرزەویی بە تایبەت لە سەر کەناڵە سەرەکییەکانی ئاوزێڵی قەڵاچوالان و ئاوزێڵە لاوەکییەکانی، تاوەکو زیاتر سوود بە گەشەپێدانی وەبەرهێنانی ئاوزێڵەکە بدات لە ڕێگای دروێنەی ئاو یان هەر بەکارهێنانێکی مرۆی.

## سەرچاوەکان:


١ - النفيعي، خلدون محمد، تقدير الجريان السطحي لحوض وادي دال كوز، رسالة ماجستير، مقدمه الى مجلس كلية التربية للعلوم الانسانية، جامعة ديالى، غير منشورة، ٢٠١٧.

٢ - النفيعي، هيفاء محمد، تقدير الجريان السطحي ومخاطره السيلية فى حوض الاعلى لوادي عرنه شرق مكة المكرمة بوسائل الاستشعار عن بعد و نظم المعلومات الجغرافية، رسالة ماجستير(غير منشورة)، مقدمة الى مجلس كلية العلوم الاجتماعية، جامعة ام القرى، ٢٠١٠.

٣ - الدليمي، خلف حسين، الانهار دراسة جيوهيدرومورفومترية تطبيقية، الطبعة الاولى ، دار صفاء للنشروالتوزيع، عمان، ٢٠١٧ .

٤ - حميد، دلي خلف، التحليل المكاني لتقدير الجريان السطحي باستخدام(SCS) لحوض وادي المر الجنوبي شمال العراق، مجلة التكريت للعلوم الصرفة، مجلد(٢١)، عدد(٥)، ٢٠١٦ .

٥ - حميد، دلي خلف، التحليل المكاني لتقدير حجم الجريان السطحي لحوض وادي الفضا فى شمال العراق باستخدام نظم المعلومات الجغرافية GIS، مجلة اداب الفراهيدي، العدد(٢٥)، ٢٠١٦ .

٦ - حميد، دلي خلف، النمذجة الهيدرولوجية لتقدير الايراد المائي السنوي والانتاج الرسوبي لحوض وادي كند بناوه فى شمال العراق باستخدام التقنيات الحديثة، مجلة جامعة تكريت للعلوم الانسانية، المجلد(٢٣)، العدد(٩)، ٢٠١٦ .

٧ - الربيعي، سجى علي بركات كندي، تقييم هيدروجيومورفولوجي لحوض وادي ابو دلاية فى اقليم الجزيرة للاغراض الحصاد المائي، رسالة ماجستير، مقدمة الى كلية التربية للعلوم الانسانية - جامعة الانبار، غير منشورة، ٢٠٢١ .

٨ - الجوذري، علي حمزة عبدالحسين، هيدروجيمورفولوجية حوض وادي ناشريان شمال شرق محافظة ميسان، اطروحة دكتوراه مقدمة الى مجلس كلية التربية للعلوم الانسانية، جامعة واسط، غير منشورة، ٢٠١٩.

٩ - الشريفى، علي محسن كامل ، ومهدي عبدالرضا العبادي، بناء نموذج الجريان السطحي لحوض وادي مزعل بطريقة ((SCS-CN، مجلة القادسية للعلوم الانسانية، المجلد(٢١)، العدد(٤)، ٢٠١٨.

١٠ - سلوم، غزوان، ونعمان صيام، علم اشكال سطح الارض التطبيقي(الجيومورفولوجيا التطبيقية)، منشورات جامعة دمشق كليه الاداب والعلوم اللانسانية، مطبعة جامعة دمشق، ٢٠١٨ .

11 - Ashish Bansode, K. A. Patil, Estimation of Runoff by using SCS Curve Number Method and Arc GIS, International

Journal of Scientific & Engineering Research, Volume (5), Issue (7), 2014 ,P.1283.

12 - Abdulwahab Mohammad Younis Ihsan Faisal Hasan, Younis Najib Saeed, Comparison Study of Two Methods Used to Estimate Surface Runoff Hydrograph for Small Basins, Journal of Engineering and Development, Vol. 18, No.6, 2014,P.222.

13 - USDA-SCS, urban hydrology for small watershed, department of agriculture, USA, 1986, P.2

14 - Sameer Shadeed, Mohammad Almasri, Application of GIS-based SCS-CN method in West

Bank catchments Palestine, Water Science and Engineering, Vol (13)2010,P.7.

15 - Johns, St,1985 :Technical publication a guide to SCS runoff procedures, department of water river, water management district No. 855-, P.12-.

16 - Tomasz Kowalik, Andrzej Walega, Estimation of CN Parameter for Small Agricultural Watersheds Using Asymptotic Functions, Water Science and Soil, Volume (7), Issue (2),2015,P.944.; Johns, St,1985: Technical publication a guide to SCS runoff procedures, Op.Cit , P. 5.

17 - Soil Conservation Service, Urban Hydrology for Small Watershed, Technical Releases 55, 2nd, U.S Dept. of Agriculture, Washington D.C. 1986.

18 - Vijay P. Singh , Donald K. Frevert , Watershed Models , CRC Press is an imprint of Taylor & Francis Group, 2006, P. 364.

19 - Ishtiyaq Ahmad, Vivek Verma, Mukesh Kumar Verma, Application of Curve Number Method for Estimation of Runoff Potential in GIS Environment, International Conference on Geological and Civil Engineering,, Volume (80), Issue (10),2015,P.17.

20 - A. C. Lalitha Muthu, M. Helen Santhi, Estimation of Surface Runoff Potential using SCS-CN Method Integrated with GIS, Indian Journal of Science and Technology, Vol (8) Issue (28), 2015, P.3.

٢١ – بە کارهێنانی بەرنامەکانی:

A- مانگی دەستکردی ئەمەریکی (Landsat ٨ Level OLI/TIRS C١- ٢).

- B(١٠,٨,١ Arc GIS) .

C - Esri ٢٠٢١ Land Cover.

D - Google Earth Pro.

التقدير الهايدرولوجي للجريان السطحي فى حوض قەڵاچوالان باستخدام نموذج (SCS – CN)
للفترة(٢٠٠٠ – ٢٠٢٠)

## الملخص:

تعتبر المياه السطحية انعكاسا للظروف المناخية والطوبوغرافية للحوض في منطقة الدراسة، ويؤثر على تقدير كمية المياه الجارية على السطح داخل الحوض، كذلك يمكن قياس كمية المياه الجارية في الحوض ومعرفة فترات الزيادة او الشحة المائية فى هذا الكمية، وفي النهاية الاستفادة منها لجميع المجالات والاستخدامات، حوض قەڵاچوالان احدى الاحواض المائية الواقعة شمال مدينة السليمانية بمساحة(٨٧٦,١كم٢) وجميع مصادر مياهها داخل حدود اقليم كوردستان العراق. بسبب تذبذب الامطار فى السنوات الاخيرة، وتساقطها بكثافة فى مواسم واوقات معينة او قصيرة، يتوجب القيام بالدراسات والابحاث لمعرفة حجم وكمية المياه الجارية على السطح، ومعرفة ما اذا كان بالامكان الاستفادة منها لتنمية واستثمار منطقة الدراسة.

من هنا ومعتمدا على طريقة (Curve Number-Soil Conservation Service (SCS – CN الخاصة بتقدير عمق وكمية المياه الجارية على سطح الارض سنويا، تبين ان المنطقة لها سبعة استخدامات(مسطحات مائية، غابات كثيفة، اراضي زراعية، اراضي عشبية، اراضي سكنية، اراضي جرداء، طرق معبدة)، وتبين ايضا ان اكثر كمية للمياه الجارية على السطح تقع فى منطقة نباتات الاعشاب بقدر حوالي(٥٨٨٥٢٣٣٢٠م٣) واقل كمية فى مناطق الغابات والاشجار الكثيفة بقدر حوالي(٤٤٤٢٤٨٠م٣)، وان كمية الاجمالية للمياه المتدفقة فى الحوض وصلت الى حوالي(٧٠٠١٤١١٤٠م٣). أخيرًا ، تعد بياناتنا حيوية جدًا للحكومة المحلية وأصحاب الاستثمارات في المستقبل لكيفية التعامل مع مياه هذا الحوض.
الكلمات المفتاحية: هايدرولوجي، تقدير، الجريان السطحي، نموذج(SCS –CN)، حوض قەڵاچوالان.

# Hydrological Estimation for the Runoff of Qalachwalan Basin using (SCS – CN) Method(2000 – 2020)

## Summary:

The surface water is a reflection of the climatic and topographical conditions of the basin in the study area, and affects the estimation of the amount of runoff water on the surface inside the basin. It is also possible to measure the amount of running water in the basin and know the periods of increase, and water scarcity in this quantity, on the other hand, take advantage from water for all fields and uses. Qalachwalan basin is one of the water basins located at north of the city of Sulaymaniyah with an area of (876.1) km2, and all of its water sources are within the borders of the Kurdistan Region of Iraq.

Due to unsteady rain and heavy precipitation in the recent years, therefore, it was necessary to conduct some researches to know the size and amount of runoff, besides, to see if it is possible to benefit from it for the development and investment of the study areas.

Accordingly, Soil Conservation Service- Curve Number (SCS – CN) Method has been used used to estimate the depth and amount of the annual runoff. From this study it became clear to us that the area has seven uses (Bodies of water, dense forests, agricultural lands, grasslands, residential lands, barren lands, paved roads. Besides, it appeared that the greatest amount of runoff, which lies in the grassland equals to (588523320) m3, and the smallest amount with (4442480) m3 lies in the forest area. So, we discover that the total amount of the basin water reached about (700141140) m3. Finally, our data are very vital for the local government and stakeholders in the future to how to deal with this water basin especially with unsteady precipitations.

**Keywords: Haydrology, Estimation, Runoff, (SCS – CN) Model, Qalachwalan basin.**

https://doi.org/10.54809/jkss.vi2.219

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# ڕەخنە لە پەروەردەی سەرمایەداریی هاوچەرخ و دیدی پەروەردەیی ئادۆرنۆ وەك ئەڵتەرناتیڤی بەهێز

توانا عەبدولڕەحمان عەبدوڵڵا
Azad.hama@univsul.edu.iq

پ ی د ئازاد حەمە عەبدوڵڵا
twana.abdullah@univsul.edu.iq

کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستانی، عیراق

**پوختە:**

هەرچەندە ڕەخنە لە کەلتوور و کۆمەڵگەی سەرمایەداریی، بەشێکی سەرەکیی ئیشەکانی ئادۆرنۆ پێکدەهێنێت، بەڵام دیدی پەروەردەیی و پێداگۆگی ڕەخنەیی بەشدارییەکی گرنگ لە فەلسەفەی پەروەردەی هاوچەرخدا ئەکەن، هەروەک سەرەتای پێداگۆگی ڕەخنەیی بۆ فێرگەی فرنکفۆرت، بە تایبەت ئادۆرنۆ ئەگەڕێتەوە، لە توێژینەوەکەدا ڕەخنەی ئادۆرنۆ لە پەروەردەی سەرمایەداریی هاوچەرخ و ئەڵتەرناتیڤی بەهێز لە دیدی ئادۆرنۆوە شرۆڤەکراوە، لە کۆنتێکستە جیاوازەکانیدا، کە لە دوو پرسیاردا چڕبووە، لە لایەک چۆن ئەقڵی ئامرازیی و زانستیی لە سەرەتای ڕۆشنگەییەوەو ڕۆڵیان هەبووە لەسەر زاڵبوونی مرۆڤ بە سەر سروشتدا، راڤەکراوە. دواتر ڕەخنە لەو پەروەردەیە گیراوە، کە چۆن ڕۆڵی لە هێنانەئارایی ڕژێمە تۆتالیتار و ناسیۆنالیستە رادیکاڵەکان هەبووە، کە پێشەنگی قڕکردنی مرۆڤن، بە نمونەی «گوتاری ئاوشڤیتز» روونکراوەتەوە، لەم نێوەندەدا هەردوو جۆرەکەی ڕەخنە گرنگن بۆ پەروەردەی ئەمڕۆی مرۆڤایەتیی و هەرێمی کوردستان، چونکە پەروەردە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریی هاوچەرخ مانا کرۆکییەکەی خۆی لەدەستداوە و بووە بە پەروەردەیەکی ساختە، )نیوە پەروەردە( (Halbbildung) ][Halbbildung) (نیوە پەروەردە): یەکێکە لەو زاراوانەی ئادۆرنۆ تیۆری لەبارەیەوە نوسیووە، بە دیدی ئادۆرنۆ، «نیوە پەروەردە» پەروەردەیەکی ناتەواوە و رووکەشە لە گەڕان و «بەدواداچوون بۆ زانین نامۆیە»، بەڵکو بە پلەی یەکەم هەوڵدانە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ دەوروبەر، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا، بۆرژوازە خوێندەوارەکان وەک سوکایەتی پێکردن بۆ چینەکانی خوار خۆیان بەکاریان ئەهێنا، بڕوانە:

Theodor W. Adorno: Theorie der Halbbildung .(١٩٥٩) [ ، کە پرسیاری سەرەکیی لە توێژینەوەکەدا ئەڵتەرناتیڤی بەهێز بۆ تێپەڕاندنی ئەم پەروەردەیە چییە؟ بە وردیی راڤە کراوە، هەتاوەکوو تاکێکی ئۆتۆنۆم و ڕەخنەگر پەروەردە بکرێت.

**کلیلە وشەکان: ئەقڵی ئامرازیی، پەروەردە، ڕەخنەی پەروەردەیی، پەروەردەی ئۆتۆنۆم.**

Recieved: 3/12/2022
Accepted: 3/1/2022



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

# پێشەکیی:

سـەردەمی رۆشـنگەرییی گۆڕانـکاری بناغەیـی لـە زۆربـەی بـوارەکانی فەلسـەفە و زانسـتدا بـەدوای خۆیـدا هینـاوە، ئـەم گۆڕانکارییانـە هەڵگـری ئارگۆمێنتـی جیـاوازن، بـە تایبـەت ئەندامـانی فێرگـەی فرانکفـۆرت، شرۆڤـەی وردیـان بـۆ دۆخەکـە هەبـووە، هـزری رەخنەیـی ئادۆرنـۆ لـەم بـوارەدا بەشـدارییەکی چڕ ئـەکات و ئەبێت بـە هەگبەیەکی گرنـگ بـۆ رەخنـەی پەروەردەیـی و بـوارەکانی تـر، ئادۆرنـۆ وەک یەکێـک لـە دامەزرێنـەرانی تیـۆری رەخنەیـی و فەلسـەفەی رەخنـە، رۆڵـی کارای لـە فەلسـەفەی پـەروەردەی هاوچەرخـدا هەیـە، هەرچەنـدە پێداگۆگـی رەخنەیـی بـە بـەراورد بـە بـوارەکانی تـر مێژووییەکـی دێرینـی نییـە، بـەڵام فراوانبـوونی بـوارە جیـاوازەکانی زانسـت و پـەروەردە، بـە تایبـەت دوای هـەردوو جەنگـی جیهانیـی، کێشـەکانی دوای جەنـگ لـە نادادگـەری سیاسـیی، ئابووریـی و کۆمەڵایەتیـی، رەخنـەی پەروەردەیـی وەک پێویسـتییەکی پەروەردەیـی جێگـەی بایەخـی بیرمەنـدان بـووە، ئادۆرنـۆش وەک یەکێـک لـە فیگـەرە سـەرەکییەکانی فرانکفـۆرت لـە رەخنـەی پەروەردەییدا بەشـدارییەکی چـالاک و گرنـگ ئـەکات، بـە تایبـەت دیـدی ئـەو لەبـارەی پـەروەردە و زاڵبوونی ئەقڵـی ئامرازیـی لە نـاو کۆمەڵگەی سـەرمایەدارییدا، توێژینەوەکـە هەوڵدانێکـە بـۆ شرۆڤەکـردنی پـەروەردە و رەخنـەی پـەروەردە لـە دیـدی ئادۆرنۆوە، کـە ئـەم جـۆرە رەخنەیـە بـۆ پـەروەردەی ئەمـڕۆی مرۆڤایەتیـی پێویسـتە و ئەتوانێـت بەشـدارییەکی بنـەڕەتی لـە بەئـاگا هێنانـەوەی تـاک و ئاگایـی گشـتیدا بـکات، بـە تایبـەت لـە ناوەنـدی رۆشـنبیری و ئەکادیمییـدا، چونکـە هێشـتا جەنـگ و بەربەریـەت و وێرانکردنی سرووشـت و کۆمەڵگـەی مرۆڤایەتیـی بەردەوامـە، بۆیە تیـۆری رەخنەی پەروەردەیـی ئادۆرنـۆ گرنگـە تاوەکـوو نەوەیەکـی ئۆتۆنـۆم و بـە ئـاگا پـەروەردە بکرێـت، وەک هەندێـک لـە وڵاتـان لـە پرۆگرامـەکانی خوێندنـدا پراکتیـزەی ئەکـەن، ئـەم جـۆرە پەروەردەیـە بـۆ کۆمەڵگـەی کوردیـش پێویسـتە و ئەتوانرێـت سـودی لێوەربگیرێـت هەتاوەکـوو تاکێکـی ئۆتۆنۆمـی رەخنەگـر پـەروەردە بکرێـت.

ئامانجـی توێژینـەوە، کـە جگـە لـە راڤەکـردنی بابـەتی پـەروەردە لای ئادۆرنـۆ، خسـتنەڕووی ئەڵتەرناتیڤێکـی بەهێـزە بـۆ پەروەردەیـی سـەرمایەداریی هاوچـەرخ، گرنگـی توێژینەوەکـە لەوەدایـە شرۆڤـەی ئـەو ئەقڵیەتـە ئـەکات، کە لە پشـت دەسـەڵاتی سـتەمکار و تاکڕەوەوەیـە، کـە کۆمەڵکوژی، جینۆسـاید، ئەنفـال ..هتـد. بەجێئەهێنـن، شرۆڤـەی بابەتـێ، کـە مرۆڤـی ئەمـڕۆ لـە نێـو پـەروەردەی سـەرمایەداریی هاوچەرخـدا ئـازادی لـێ زەوتکـراوە و هێـزە باڵاکان بـە ویسـتی خۆیـان ئاراسـتەی ئەکـەن.

توێژینـەوە، کـە بـە میتـۆدی شرۆڤـەی رەخنەیـی، شرۆڤەیەکـی رەخنەییانـەی بـۆ هـزری پەروەردەیـی و رەخنـە لـە پـەروەردەی سـەرمایەداریی هاوچـەرخ، بەجێهێـنراوە، کـە لـە دووبـەش پێکهاتـووە، هەربەشـێک بەسـەر دوو باسـدا دابەشـکراوە، لـە بـەشی یەکـەم رەخنـە لـە ئەقـڵی ئامرازیـی روونکراوەتـەوە کـە چـۆن لـە رێگـەی زانسـت و تەکنەلۆجیـاوە بووەتـە هێـزی بـاڵا و پـەروەردەی گۆڕیـوە بـۆ (نیـوە پـەروەردە)، لـە بـەشی دووەمـدا (Bildung) پـەروەردە، کـە فۆرمـی پەروەردەیەکـی کامڵـە شرۆڤـە کـراوە، لەگـەڵ رەخنـەی ئادۆرنـۆ لـە پـەروەردەی سـەرمایەداریی هاوچـەرخ.

بەشی یەکەم: رەخنە لە ئەقڵی ئامرازیی و پەروەردەی سەرمایەداریی هاوچەرخ لە دیدی ئادۆرنۆوە

باسی یەکەم: رەخنە لە ئەقڵی ئامرازیی

تێگەیشتن لە هزر و فەلسەفەی ئادۆرنۆ پێویستی بە گەڕانەوەیە بۆ پاشخانە هزرییەکەی، کە تیۆری رەخنەییە، رەخنەی ئەقڵی لە فەلسەفە و تێڕوانینی فێرگەی فرانکفۆرتدا پێگەیەکی گرنگی هەیە، ئەمە بەو واتایە نییە، کە تیۆرەکانیان لایەنگری نائەقڵانیی ( Irrational) ن، بەڵکو ئەوان رەخنەیان لە ئەقڵی ئامرازیی (Instrumental Reason) و ئەقڵانیی هەیە، ئەمەش بە مەبەستی دووبارە داڕشتنەوەی پرۆژەی رۆشنگەریی و متمانە دانەوە بە ئەقڵ.

ئادۆرنۆ بە هاوبەشی هۆرکهایمەر لە کتێبی (دیالێکتیکی رۆشنگەریی) (Dialectic of Enlightenment) (١٩٤٧) دا، بە وردیی لێکۆڵینەوەیان دەربارەی ئەقڵ و ئەقڵی ئامرازیی و چۆنیەتی پەرەسەندنی کردووە، بە تایبەت لە قۆناغی رۆشنگەرییدا، بە واتایەکی تر؛ دیدی تیۆرستەکانی فرانکفۆرت لە تیۆری رەخنەییاندا و لە ئەقڵی ئامرازیی، شرۆڤەی ئەوانە بۆ ئەو دەرئەنجامەی، ئەقڵانیەتی رۆشنگەریی نوێنەرایەتی کردووە. ئەمەش خۆی لە سەر ئەو بنەمایە ئەبینێتەوە، زۆر باوەڕبوون بە ئەقڵی مرۆڤ و تواناکانی، بە ئەندازەیەک ئەقڵ ببووە سیمایەکی دیاری سەردەمی رۆشنگەریی و بناغەی زانینی مرۆڤ (Adorno and Horkheimer ٢٠٠٨).

لە بناغەدا تێگەی ئەقڵی ئامرازیی ئەکرێت بگوترێت بەکارهێنان و خستنەکاری کارامەترین ئامرازەکانە بۆ گەیشتن بە کۆتایی شتەکان، کە مرۆڤ بە ئاسانیی و خێرایی بگات بە ئامانجاکانی و شتەکان بە ویست و بەرژەوەندیی خۆی بەکاربهێنێت، لە ئەنجامدا بە فۆرمێک خۆی مانیفێست ئەکات، کە ئەقڵی ئامرازیی بەشێکی گرنگە لە ئەقڵ (Huhtala ٢٠١٨) واتە ئەم پرۆسەیە؛ وەک پرۆسەیەکی ئەقڵانیی دەرئەکەوێت.

لە لایەکی ترەوە بەڵێنی ئەقڵانیی رۆشنگەریی بۆ ئازادبوونی جیهان لە ترس و نەزانیی و ئازار، ئەمەش وایکردبوو لە دیالێکتیکی روشنگەرییدا زۆر جەختی لێبکەنەوە، بەو واتایەیی هزری پێشکەوتوو خوازە، ئامانجی سەرەکیی ئازادکردنی مرۆڤایەتیی و بڕوابوونە بە سەروەریی خودی مرۆڤ، چونکە ئادۆرنۆ و هۆرکهایمەر پێیان وابوو «هێشتا زەوی تەواو رۆشن (رۆشنگەر) بە کارەسات سەرکەوتووانە ئەدرەوشێتەوە» (Adorno and Horkheimer ٢٠٠٨, ٣) مەبەستیان ئەو وێرانکارییانەیە، کە رۆشنگەریی بەدوای خۆیدا هێناوییەتی و بەردەوامە.

باوەڕبوون بە ئەقڵیەتی زانستیی و پرانسیپی کرداریی، مێژوویەکی دێرینی هەیە، کە تەنیا بۆ سەردەمی رۆشنگەریی ناگەڕێتەوە، هەروەها ویستی یەکگرتنی ئەقڵانیی و بنیاتنان و زاڵبوونی بەسەر دنیادا، بەڵکو تیۆرستەکانی تیۆری رەخنەیی ئاماژەیانپێداوە کە ئەقڵیەتی زانستیی فیگۆرێکی سەرەکییە لە مێژووی هزری خۆرئاوادا، لە پلاتۆنەوە سەرەتای گرتووە هەتا ئەمڕۆ (Horkheimer ١٩٧٤, ٦-٧).

بۆیە ئەندامانی فێرگەکە جەخت ئەکەنەوە، زۆربوونی ستەم و زۆرداریی و نادادگەریی لە کۆمەڵگەی مرۆیدا تەنیا بابەتێکی دەرەکی نییە، بەڵکو کرۆکییە، لە لایەن خودی مرۆڤەوەیە و رۆڵی کارای هەبووە، هەربۆیە ئەوان زاڵبوونی بوونی مرۆڤ بەسەر سرووشتدا بە تێگەی ئەقڵی ئامرازییەوە ئەبەستنەوە. لێرەوە ئیشی بنەڕەتی تیۆریی رەخنەیی؛ ئازادکردنی مرۆڤ ئەبێت لە ئاشکراکردن و روونکردنەوە و رەتکردنەوەی ئایدۆلۆژیا و پێکهاتەکانی لە ناو کۆمەڵگەدا. لەبەرئەمە تیۆرستەکان زۆربەی بەرهەمەکانیان لەم بوارەدا چڕکردووەتەوە،

چونکە پێیانوابوو ئەقڵ بووە بە بەشێک لە ئامرازەکانی خۆپاراستنی مرۆڤ هەربۆیە لای ئادۆرنۆ، قەیرانی ئەقڵ کاتێک دێتە ئاراوە کە کۆمەڵگە بەرەو ئەقڵانیی بڕوات، چونکە بە هۆی بارودۆخی مێژووییەوە کۆمەڵگەی مرۆیی هێزی رەخنەی نامێنێت، واتە گۆمەڵگا لە دۆخی چەقبەستوودا ئەبێت. هەرچەند مەبەست لە هێنانە ئارای دادگەری کۆمەڵایەتیی بێت، بەڵام ئەقڵ ئەبێت بە ئامرازێکی کۆمەڵگە ، کە لەم بارودۆخەدا رۆڵە بنەڕەتییەکەی ئەگۆڕێت، لە جیاتی ئەوەی ببێتە بەشێک لە تێگەیشتن و رەخنە بە پێچەوانەوە ئەبێت بە جۆرێک لە نائەقڵانیی و رۆڵە بناغەییەکەی نامێنێت (Giroux ١٩٨٣).

ئامانجێکی تری تیۆری رەخنەیی ئازادکردن و رزگارکردنی مرۆڤە لەو بارودۆخە نائارام و تۆقێنەرە کۆمەڵایەتییانەی، کە بە بۆچوونی تیۆرستەکان هۆکارەکەی هەر زاڵبوونی ئەقڵی ئامرازییە، بۆ ئادۆرنۆ و تیۆرستەکانی تر، زاڵبوونی ئەقڵی ئامرازیی تەنیا ئەو دەرفەتە نییە، کە بە رێگای پراکتیک و دامەزراوە و دیاردەی کەلتوورییەوە هاتێتە ئاراوە، بەڵکو خودی کۆمەڵگە چاوگی بیری توندڕەویی و ئایدۆلۆژییە هەروەها ناڕوونیی لە پێکهاتەکانی نێو کۆمەڵگەدا.

لە لایەکی ترەوە، ئەندامانی فێرگەکە هاوڕابوون لە بەرپەرچدانەوەی پۆزەتیڤیزمی لۆجیکیی١ و راڤە و تێگەیشتنی پۆزەتیڤیزم٢ بۆ زانست. ناوەندی ئەو تیۆر و ئافراندنانەی، ئەندامانی فێرگەی فرانکفۆرت ئافراندوویانە و پێی ئەناسرێتەوە، زیاتر پەیوەستە بە لێکۆڵینەوەیان لە سەر ئەقڵ و تەکنیک و چۆنیەتی زاڵبوونی ئەقڵ لە رۆشنگەرییدا، ئەمەش بە گەڕانەوە بۆ مێژووی هەردوو تێگەکە لە قۆناغی ئەفسانەوە هەتا ئەمڕۆ و چۆنیەتی زاڵبوونی ئەقڵ بەسەر سرووشتدا.

لێرەدا پنتی جیاوازیی لە نێوان ناسراوترین توێژینەوە ئەزموونییەکان، کە پەیوەندیان بە زاڵبوون و دەسەڵاتخوازی تاکەوە هەیە چڕەبێتەوە، لە کارەکانیاندا، وەک نوێنەرایەتی فێرگەکەن بە تایبەت: ئادۆرنۆ لە کتێبەکانی: (دیالێکتیکی رۆشنگەریی) (١٩٤٧)، (مینیما مۆراڵیا) (Minima Moralia) (١٩٥١)، کەسایەتیی دەسەڵاتخواز (The Authoritarian Personality) (١٩٥٠)، مارکوزەش بە کتێبەکانی: ئەقڵگیران (Eclipse of Reason) (١٩٤٧)، (مرۆڤی تاک رەهەند) (One-Dimensional Man) (١٩٦٤)، کە لە ماوەی جیاجیادا بڵاوکراوەنەتەوە و بۆچوونی جیاواز و هاوبەشیان لەبەرامبەر بابەتە جیاوازەکاندا هەبووە، زۆر جار وەک رەخنەی رادیکاڵ لێیان روانراوە. ئەم بەرهەمانە لە ماوەی رابردوو هەتا ئێستاش کاریگەریی زۆریان هەبوو، بەڵام رەخنەی زۆریشیان ئاڕاستە کراوە، بە تایبەت هەندێک توێژەر پێیانوابوو، تێڕوانینەکانیان کەلتووری رەشبینانەیە، بە رۆچوونە ناو رەهەندی کۆمەڵایەتیی و سایکۆلۆژییەوە (Jay ١٩٩٦).

بە بۆچوونی دەیڤد هێلد؛ هیچ لەو راستیە ناگۆڕێت، کە تێڕوانینەکانیان تا ئەندازەیەک رەخنەیەکی

---

١- پۆزەتیڤیزمی لۆجیکی: بزافێکی فەلسەفی بوو لە (١٩٢٠) لە ڤیەننا سەریهەڵدا، بە ئەمپیریزمی لۆجیکیش ناوئەبرێت، پێیان وابوو؛ زانینی زانستیی تاکە جۆری زانینی فاکتییە و هەموو بۆچوونە میتافیزیکییە ترادیسیۆنەکان ئەبێ ڕەتبکرێنەوە و بێمانان.

٢- پۆزەتیڤیزم: تیۆرییەکی فەلسەفی ئەمپیرییە، هەرچەند مێژووییەکی دێرینی هەیە، بەڵام لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا ئۆگەست کۆنت خستیەڕوو، دواتر بە فێرگەی پۆزەڤیتیزم ناسراو راڤەیان بۆ بوارە جیاوازەکان (زانست، ئابووریی، مێژوو، هتد..) هەبوو، بەدیدی ئەوان زانینی راستی تەنیا لە ڕێگەی سێنسەکانەوە شیاوە، واتە زانینی راستی تەنیا پەیوەستە بە ئەزموونەوە، جگە لە میتۆدی زانستیی بۆگەیشتن بەزانین، میتۆدەکانی تر رەتئەکەنەوە؛ مێتافیزیک، تیۆلۆژیی. بڕوانە:
«.Auguste Comte”. Sociology Guide. Archived from the original on 7 September 2008»

سیستەماتیکییانەیە لە گەشەسەندنی سیستەمی سەرمایەداریی و ئابووریی سیاسیی مارکسی، بە تایبەت وەک بنەڕەتی تیۆری کۆمەڵایەتیی (Held ٢٠٠٤). کێشەی رەخنەگرانی فێرگەی فرانکفۆرت لە بەرامبەر ئەقڵی ئامرازیی پێیانوایە لە زانست و تەکنەلۆژیاوە سەرەتای گرتووە، کە ئەمەش وایکردووە هەنگاو بە هەنگاو رۆبچنە سەرجەم کایەکانی ژیان، بە تایبەت فۆرمی هزری مرۆڤ و پاشان ئاراستەکردنی ئەمەش وەک ئەوەی، مرۆڤ هێزێکی تر ئاراستەی بکات، نەک خودی خۆی بێت.

تێگەی ئەقڵانییکردن کە ماکس ڤیبەر پێشنیازیکردووە، هەڵگری ئارگۆمێنتێکی ئاڵۆزە، پەرەسەندنی ئەقڵی زانستیی بۆ هەڵسوکەوتی ژیان، ئاماژەیە بۆ سەرهەڵدانی ماتماتیککردنی «ئەزموون و زانیین»، کە لە ئەنجامدا «پراکتیکی زانستیی وەک مۆدێلی زانستە سروشتییەکان»، ئەمەش ئەبێت بە بەشێکی تایبەت لە سێکۆلاریزەکردنی کۆمەڵگەی مۆدێرن، کە ڤیبەر زۆرجار بە رۆشنبیرکردن، یان بە پێچەوانەوە بێ هیواکردنی جیهان ئاماژەی پێ ئەدات، لە لایەکی ترەوە کاریگەریی سێکۆلاریزم لە دواجاردا پەرەپێدانی ئەقڵانیەتی کۆتایی ئامرازەکانە، کە بەم شێوەیە پێناسە ئەکرێت «گەیشتنی میتۆدۆلۆژی کۆتاییەکی دیاریکراو و پراکتیکی بە بەکارهێنانی حسابکردنێکی ورتر» (Held ٢٠٠٤, ٦٥)، هەربۆیە گەشەسەندنی سەرمایەداریی بەرپرسیارە لە گۆڕینی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئەو فۆڕمەی ئێستا، کە هەیە. لەلایەکی ترەوە زاڵبوونی ئەقڵانیەت بە بۆچوونی (مارکوزە) ئاکارێ، کە بە فۆرمێکی سیستەماتیک و جەخت ئاڕاستەی ئامانجە دیاریکراوەکان کراوە. هەر بۆیە شرۆڤەی ئەوان بۆ پەرەسەندنی ئەقڵانیەت، پەیوەست بوو بە هەندێک لە بنەما سەرەکییەکانی ڤیبەرەوە سەرنجیان لە سەر گەشەی ئەقڵانیی کۆتایی ئامرازەکانە، یان وەک زۆرجار ئاماژەیان پێئەدا ئەقڵی ئامرازیی یان ئەقڵی بابەتیی (Held ٢٠٠٤).

بە بۆچوونی ئادۆرنۆ و هۆرکهایمەر هەرچەندە هەوڵەکانی رۆشنگەریی بۆ دەرباز‌بوون لە ئەفسانە و هزرینی نائەقڵانیی بوو، بەڵام لە دەرئەنجامدا هەر نا ئەقڵانیی بەرهەمهێناوە.» کۆمەڵگەی بۆرژوازیی بە هاوتابوو حوکوم ئەکات. ناڵێکچووەکان بە کەمکردنەوەی بۆ چەندایەتیی ئەبستراکت بەراورد ئەکات. بۆ رۆشنگەریی ئەوەی کەم نەبێتەوە بۆ ژمارە، لە کۆتاییدا بۆ یەک، ئەبێت بە وەهم (illusion)؛ پۆزەتیڤیزمی مۆدێرن هەروەکو ئەدەب ئەینوسێتەوە [...] لە دەرئەنجامدا هەموو دەربڕینی مرۆڤ، تەنانەت سەرجەم کەلتوور، لە هزرین ئەکشێتەوە؛ بەوەش هەرچۆنێک بێت ئەگۆڕدرێت بۆ توخمێکی بێلایەنکراوی رێژەیی گشتگیری سیستەمی ئابووریی – خۆی، کە زۆر لەمەوبەر نائەقڵانیی کراوە» (Adorno and Horkheimer ٢٠٠٨, ٧-٩١).

یەکێکی تر لە نیگەرانییەکانی ئەندامانی فێرگەکە کاریگەریی و هەژموونی رۆشنگەریی بوو لە سەر سرووشت، بۆیە ئادۆرنۆ و هۆرکهایمەر ئەم ئەرگومێنتە پەرەپێئەدەن، بە تایبەت رۆچوونە ناو هزرینی ورد، مارکوزە لە گوتارەکەیدا (خەبات دژی لیبرالیزم لە روانگەی تۆتالیتاریی دەوڵەت) ەوە روونیکردۆتەوە؛ (Marcuse ١٩٦٨)، کە تۆتالیتاریزم ئیشی لە سەر وەرچەرخان و داینامیکی سروشتی لیبراڵیزم و بەهاکانی رۆشنگەریی نەئەکرد و هەوڵی رەتکردنەوەی بە شێوەیەکی لاواز بوو، هەربۆیە پرۆسەی یەکسانکردنی سەرکوتگەری تۆتالیتاریزم گەیشتە ئاستێکی باڵا، لێرەوە قۆناغێکی نوێ هاتە ئاراوە، کە گۆڕینی ئامرازیی سروشت بە ویستی مرۆڤ و پەیوەندی لە نێوان مرۆڤایەتییدا، هەتا بە بابەتییکردنی جیهان بە هەمان شێوە کاریگەریی لە سەر پەیوەندی مرۆڤ هەبوو. وەک کارڵ مارکس پێی وابوو: رابردووی مردوو هاتبووە سەر حوکم بە سەر

ئێستای زیندوودا، هەرچەندە ئەم کاریگەرییە لە سەر سەرمایەداریی لای کارڵ مارکس سنووردارە. ئەم گۆڕانکارییانە لە بناغەی کەلتوور و زماندا رەنگیان داوەتەوە، یەکێک لەوانە واڵتەر بنیامین، کە هەمیشە جەختی لەسەر بابەتی تیۆلۆژیی زمان ئەکردەوە (Jay ١٩٩٦).

ئادۆرنۆ و هۆرکهایمەر ئەم «جۆرە هێزە ئەقڵییە لە ئیشدا» بە کێشە ئەزانن بە تایبەت ئەو پێشکەوتنە خێرایەیی ئەقڵی تەکنۆلۆژیی (ئامێریی) و چوونە ناو بوارەکانی زانست و کەلتوور، لەبەرئەوەی سروشتی کۆمەڵگەی کورتکردۆتەوە بۆ فۆرمێکی ماتماتیکیی، کە دەرئەنجامەکەی کۆمەڵگەیەکی ئامادەکراوە. یاخود بە سیستەمکراوی بەڕێوەبراو هاتۆتە ئاراوە (D. Cook ٢٠٠٦). بۆ روونکردنەوەی زیاتری ئەم تێڕوانینە، روانین لە ئێستای کۆمەڵگەی سەرمایەداریی و چۆنێتی بەڕێوەبردن و زاڵبوونی سەرمایەداریی، لە زۆربەی بوارە جیاوازەکانی ژیان سەلمێنەری ئەو راستییەن. بۆ تیۆرستەکانی فێرگەی فرانکفۆرت پرۆسەی بە ئەقڵانیکردنی جیهان، دەرکەوتنی ئەقڵی ئامرازیی و وێرانبوونی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی و خراپبوونی بە هۆی شارستانێتیی تەکنەلۆژیاوە، کێشە نییە بەو ئەندازەی، کە ئەقڵانییکردنە بە فۆرمێکی سیستەماتیک، کە ئاماژە بۆ «نائەقڵانیی ئەم ئەقڵانییەتە» ئەکات.

کێشە بنەڕەتییەکە وەک تیۆرستەکان لە ساڵی (١٩٥٦) ئاماژەی پێ ئەدەن «هەڕەشە لەسەر رۆح و ئەمڕۆ و تەنانەت مانەوەی ماتریاڵی مرۆڤایەتیی ئەکات، نەک پێشکەوتنی خودی تەکنەلۆژیا» (Adorno ٢٠٠٢). هەرچەندە ئەقڵی ئامرازیی لە رۆشنگەرییدا زیاتر بەرەو زاڵبوون هاتووە، بەڵام کاریگەریی ترادسیۆنی رۆشنگەریی بە تایبەت فەلسەفەی کانت و هیگڵ لەسەر لایەنی پەروەردە و مۆڕاڵ سەرچاوەی سەرەکیین بۆ هزر ئادۆرنۆ، کەلە ئایدیالیزمەوە سەرچاوە ئەگرێت و دواتر تیۆرییەکی مۆڕاڵی مانیفێست ئەکات، کە جەخت لە ماتریالیزم ئەکاتەوە. ئەمە نەک هەر بۆ ئادۆرنۆ بەڵکو بۆ هەندێک لە ئەندامانی تری فێرگەکە بەهەمان شێوەیە. ئەم کاریگەرییەش بە وەرگرتنی ئەو هزرانەیە، کە ئەوان بەکاریان هێناون، هەرچەند زۆربەی لایەنە فەلسەفییەکانیان روونکردۆتەوە، بە تایبەت میتۆدی زاڵبووی کانت و بانگەشەی هیگڵ کە مێژوو پڕۆژەی ئەقڵە و لە خوود ئاگاییەوە دێتە هەبوون، کە لە دەرئەنجامدا ئەقڵ پڕاکتیزەی ئەکات و هزرین و ئۆبژێکت یەکانگیر ئەکات، کەواتە هەموو ئەندامان فەلسەفەی ئایدیالیستیان رەتکردۆتەوە کە یەکێتی و توانا لەنێوان سەبژێکت و ئۆبژێکتدا ئەگەیەنێت، ئەوان پێیانوابوو؛ پرۆسەی مێژوو کورت ناکرێتەوە بە دەرکەوتنی سەبژێکتی رەها، هۆشێکی جیهانیی، کە لەڕێگەی کرداری مرۆڤەوە گەشە بکات، بەرەو یەکانگیریی یان هێزی هزر و جیهان، ئەو دۆخەی کە سەبژێکت لەگەڵ ئەوی تردا خۆی ئەگونجێنێت، کە هیگڵ لە تیۆری ئایدێنتتی و ئایدیالیستی جەختی لێ ئەکردەوە (Held ٢٠٠٤). هەروەها رەخنەیان لە تیۆری ئایدێنتی(Identity) مارکس ئەگرت کە مارکسییە ئارسۆدۆکسەکان بانگەشەیان بۆ ئەکرد، مێژوو ناکرێت وەک دەرکەوتەی یاسا ئابوورییەکان راڤە بکرێت. لەباسی دواتردا زیاتر درێژە بە بابەتی رەخنە ئەدەین بە تایبەت لە رەخنەی پەروەردەییدا چڕ ئەبینەوە.

باسی دووەم: رەخنە لە پەروەردەی سەرمایەداریی هاوچەرخ لەدیدی ئادۆرنۆوە

زۆرێک لە توێژەران جەخت لەسەر رەخنەکانی ئادۆرنۆ دەربارەی کۆمەڵگە و کەلتوور ئەکەن، بە تایبەت

نیگەرانی لە سەرمایەداریی مۆدێرن. پیشەسازی کەلتووری (Culture Industry) یەکێکە لەو بابەتانەی لە مەغزای فراواندا توێژینەوەی زۆری لە بارەوە کراوە، بەڵام بەدەر لەمە تێڕوانینەکانی ئادۆرنۆ دەربارەی پەروەردە و پەیوەندی نێوان تاک و کۆمەڵگە، چۆنێتی برەودانی بە پەروەردە هەوڵیکن بۆ دۆزینەوەی ئەڵتەرناتیڤی بەهێز، بە رۆشنایی خستنەسەر قەیران و کێشە پەروەردەییەکانی دنیایی هاوچەرخ. واتا جۆرە تێگەیشتنێکی نوێن دەربارەی پەروەردە، ئەمەش ئەکرێ وەک رێگای رزگاری لە قەیرانە پەروەردەییەکانی هەنووکە لێبڕوانرێن.

دەرککردنی کێشەکان پنتی کاریگەرە بۆ چارەسەرکردن، هەرچەندە رەنگە ئادۆرنۆ فەیلەسوفێکی دیاری بواری پەروەردە نەبێت بە تایبەت لە خۆرهەڵاتدا، یان تیۆرەکانی زۆر بڵاو نەبن بە تایبەت لەناوەندی ئەکادیمی کوردیدا، چونکە دەقەکانی دەربارەی پەروەردە هەتا هەنووکە وەرنەگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی، بەڵام گرنگی هزری ئادۆرنۆ لەوەدایە، کە تێڕوانین و تێگەیشتنەکانی دەربارەی پەروەردە هەر ئەوە نییە پەی بە قەیران و کێشەکان بردووە، بەڵکو ئەو زەقکردن و دیاریکردنە لەخۆیدا هەوڵی جدییە بۆ رزگاری پەروەردە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پاشخانی هزری پێداگۆگی رەخنەیی وەک بوارێکی دیاری توێژینەوە و گرنگ لە پەروەردە و فەلسەفەی پەروەردەی هاوچەرخدا بە تایبەت ئەوانەی لە ژێر کاریگەریی فەلسەفەی کارڵ مارکسدان و خوێندنەوە و تێگەیشتنیان بۆ کێشە پەروەردەییەکان هەبووە، بەر لە فەرمیکردنی پێداگۆگی رەخنەگرانە «ئادۆرنۆ یەکێک بووە لەو بیرمەندانەی کە پێش فرێیری و جیرۆ پێداگۆگی رەخنەیی کردووە» (Abengana ٢٠١٧).

لە کاتێکدا چەندین پێناسەو بۆچوونی جیاواز لە سەر پێداگۆگی رەخنەیی هەن، زۆربەی ئەدەبیاتی بابەتەکە بە باسکردنی پێداگۆگی رەخنەیی لە رووی مێژووییەوە پەیوەستە بە باگراوند و باسکردنی رەگەزەکانی تیۆری رەخنەییەوە، کە بناغەکەی لە تیۆری رەخنەیی فێرگەی فرانکفۆرتەوە ساڵی (١٩٣٧) وەرگیراوە، واتە لە تیۆری رەخنەییەوە سەرەتا دەستی پێکردووە (McLaren ٢٠١٦)، و لە ژێر کاریگەریی هزری مارکسدا، کە پێیوابوو کرۆکی کێشەکە ئەو نایەکسانییەیە، کە لە ئەنجامی جیاوازییە کۆمەڵایەتیی و ئابوورییەکانەوە لە نێو چینەکانی کۆمەڵگەدا چێبووە، لە بناغەدا مارکس روونیکردۆتەوە کە دادگەری کۆمەڵایەتیی لە نێو کۆمەڵدا پەیوەستە بە بارودۆخی ئابوورییەوە (Breuing ٢٠١١).

لە کاتی دامەزراندنی فێرگەی فرانکفۆرتدا، ئەندامانی لە سەر رەخنەیی کۆمەڵایەتیی یەکگرتوو رێکەوتبوون، لەو کاتەدا هێشتا هزری مارکسی لەنێو کۆنتێکستی ئەواندا لە ئاستێکی باڵا دابوو. بە تایبەت پەیوەست بە لایەنی پەروەردەییەوە. ئادۆرنۆ و هۆرکهایمەر، بە تایبەت مارکوزە لەسەرەتای کارەکانیاندا پێیانوابوو، «پرۆسەی خوێندنی فێرگە، دەرفەتەکانی فێرخوازان رائەگرێت بۆ دارشتنی ئامانجەکانی خۆیان و ئامانجەکان، لە بنەڕەتدا خزمەت بە کەمکردنەوەی کارامەی فێرخوازان ئەکات» (Apple ٢٠١٢).

لە دوای ئەندامانی فێرگەکە ئەکرێ بڵێین پێداگۆگی رەخنەیی ئەگەڕێتەوە بۆ فەیلەسوف پاوڵۆ فرێیری (١٩٦٨)، کە لە کتێبی (پێداگۆگی بۆ ستەم لێکراوان)، بەرگری لە ماف و خەباتی هەژاران ئەکرد، لە بواری ئابووریی و کۆمەلایەتیی لە ئەمریکای لاتین و بەرازیل. پاوڵۆ هەوڵیدا بە تایبەت کێشە پەروەردەییەکان، بە تایبەتتر کێشەی چینی هەژاران بخاتەڕوو، لەگەڵ هەوڵدان بۆ ئەوەی ئیدێ بە شێوەی پراکتیک خزمەتی

باشترکردنی ژیانی خەڵکی هەژارو پەراوێز خراوی وڵاتەکەی بکات. هەوڵیدا ستراتیژێک بدۆزێتەوە، کە خوێندەوار داوای مافی خۆی بکات (Kincheloe ٢٠٠٤).

ئەم ئارگۆمێنتەی بە فۆرمێکی پراکتیکی ئاماژە پێکردووە، بە تایبەت جەختی لەوە ئەکردەوە، پێویستە خەڵک بەشداری لە پراکتیک بکەن نەک تیۆر، لێرەوە مەبەست و ئامانجی سەرەکیی بۆ کارکردن و گۆڕانکاری دادگەری کۆمەڵایەتیی بێگومان هەموو ئەمانە بە شێوەیەک، کە دەرفەتی یەکسان بۆ هەموان بهێنرێتە ئاراوە (Breuing ٢٠١١) هەرچەند فرێیر ئیشی زۆر لەسەر پێداگۆگی ڕەخنەیی کردووە، بەڵام سەرەتاکەی بۆ ئەندامانی فێرگەی فرانکفۆرت ئەگەڕێتەوە، بە تایبەت ئادۆرنۆ، کە گوتارو چاوپێکەوتنەکانی لەم بوارەدا سەرچاوەی سەرەکین، هزری پێداگۆگی ڕەخنەی ئادۆرنۆ زیاتر لە راڤەی تێڕوانینەکانی خراوەتەڕوو بە تایبەت گوتارو چاوپێکەوتنە رادیۆییەکانی لەگەڵ هێلمۆت بێکەر و گوتارە بەناوبانگەکەی (پەروەردە دوای ئاوشڤیتز) کە لە (١٩٦٦) بڵاوکرایەوە، ئادۆرنۆ لە سەرەتای گوتارەکەیدا ئەڵێت: «داواکاریی سەرەکی لە سەر هەموو پەروەردەکان ئەوەیە کە ئاوشڤیتز دووبارە نەبێتەوە. ئەولەویەتی ئەوە پێش هەر مەرجێکی تر بە جۆرێکە، کە من پێموایە پێویست ناکات و نابێت پاساوی بۆ بهێنمەوە. من ناتوانم لەوە تێبگەم، بۆچی تا ئێستا ئەوەندە کەم گرنگی پێدراوە. پاساو هێنانەوە بۆی لە بەرامبەر ئەو ئەهریمەنییەی، روویدا» (Theodor ١٩٦٦, ١).

بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە دیدی ئادۆرنۆ لە بارەی ڕەخنە و هزری پەروەردەیی لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریی درەنگدا، پێویستە زۆرێک لە نوسینەکانی شرۆڤە بکەین، چونکە لە تەنیا نوسینێکدا ئاماژەی پێنەدراوە، بەڵکو لە چەند کتێب و چاوپێکەوتن و گوتار و وانە و وتاری جیاواز لەماوە و قۆناغی جیاجیادا. سەرەکیترینیان (کەسایەتیی دەسەڵاتخواز) (١٩٥٠)، (پەروەردەی دوای ئاوشڤیتز) (١٩٦٦)، (تیۆری نیوە پەروەردە) (Theorie der Halbbildung) (١٩٥٩)، پاشان کتێبی (دیالێکتیکی رۆشنگەریی) (١٩٤٧) بە هاوبەشی لەگەڵ هۆرکهایمەر، کە زۆرجار وەک گرنگترین و کاریگەرترین دەقی ڕەخنەیی فێرگەی فرانکفۆرت لێی ئەڕوانرێت. لەگەڵ چەند بەرهەمێکی تر (تابووەکان لەسەر پیشەی وانەوتنەوە) لە ٢١ی ئایاری (١٩٦٥)، کە وەک راپۆرتێک لە پەیمانگای بەرلین بۆ توێژینەوەی پەروەردەیی (بەرلینی رۆژئاوا) خوێندرایەوە. (فەلسەفە و مامۆستیان) بۆ یەکەم جار لە تشرینی دووەمی (١٩٦١) لە ماڵی فێرخوازانی فێرگەی فرانکفۆرت خوێندرایەوە. دواتر کۆمەڵێک چاوپێکەوتنی رادیۆیی لەگەڵ هێلمۆت بێکەر (پەروەردە بۆ پێگەیشتن و بەرپرسیارێتی) لە ساڵانی (١٩٥٩-١٩٦٩)، هتد...، کە لە (١٩٧١) دوای مردنی ئادۆرنۆ بڵاوکراوتەوە.

هەرچەند ئادۆرنۆ نوسینی زۆرە بەڵام بناغەی هزری پەروەردەیی ئەتوانرێت، لە توێژینەوە بەراییەکانی، دەربارەی (کەسایەتیی دەسەڵاتخواز) لە ساڵی (١٩٥٠) لە کاتی جەنگ و کەمێک دوای جەنگی دووەمی جیهانیی، لە تەک چەند نوسەرێکی تر لە زانکۆی کالیفۆرنیا بیرکلی نوسیویانە، کە گەڕانە بەدوای کۆمەڵێک پرسیار، بە تایبەت مۆراڵ و ئاکاری مرۆڤی دەسەڵاتخواز، لە نێو رژێمە تۆتالیتارەکان، بە زۆری رژێمی نەتەوەی سۆسیالستی ئەڵمانی، کە کۆمەڵێک روانگە و راڤەی وردی کردووە، وەک پێوەرێک بۆ ناسینەوەی تایبەتمەندی کەسیی پاوانخواز، ناویان نابوو فاشیست (Fascist)، بە دیاریکردنی کۆمەڵێک تایبەتمەندی بۆ ناسینەوەی ئەم جۆرە کەسایەتییە، لەگەڵ پەروەردەیەکی دەسەڵاتخوازیدا ژیاون، لە منداڵییەوە ئەزموونیان

کردووە، لەوانە ملکەچی دەسەڵات، شەڕانگێزی، ڕێگریکردن، خورافات، چەقبەستووی، دەسەڵات و توندڕەوی، وێرانکاری، ڕق و زیادەڕۆیی لە سێکسدا (Adorno ١٩٥٠). هەر لەم توێژینەوەیەدا زیاتر گەڕان و راڤەی بوونی سیستەمی تۆتالیتاریزم و ئەگەری هاتنە دەسەڵاتی کەسایەتیی تۆتالیتار و چۆنیەتی ڕێگریکردنی، ئەمەش لێکۆڵینەوەیەکی وردی پەروەردەییە، بە ڕۆچوونە ناو ئاکار و سایکۆلۆژی مۆڕاڵی ئەم جۆرە کەسایەتییە و چۆنیەتی مامەڵەکردنی لە رابردوودا.

یەکێکی تر لەو ئیشانەی زۆر هزری پەروەردەیی ئادۆرنۆی تیادا چێبووە گوتاری رادیۆیی (پەروەردەی دوای ئاوشڤیتز (Erziehung nach Auschwitz)[٣] لە (١٩٦٦) دا، ئەم گوتارە تەنیا بۆ ماوەیەکی مێژوویی نییە، بەڵکو هەتا ئەمڕۆ جێگەی بایەخە، چونکە دووبارەبوونەوەی ئاوشڤیتز ئەگەرێکی بەردەوامە کە هێزە ستەمکارەکانی دونیا لە هەر کاتێکدا بێت هەر ئەنجامی ئەدەن وەک ئاگامبێن ئەڵێت: «[ئاوشڤیتز] هەرگیز لە ڕوودان نەوەستاوە؛ هەمیشە لە ئێستاوە خۆی دووبارە ئەکاتەوە» (Agamben ٢٠٠٢, ١٠١).

گوتارەکەی ئادۆرنۆ ڕەهەندی جیاواز لە خۆ ئەگرێت، بە تایبەت لە وەڵامی ئەو دڕەندەیی و کوشتارییەیی لە ماوەی هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانیدا رویدا، بە تایبەتتر لە وەڵامی هۆلۆکۆست. بەبۆچوونی ئادۆرنۆ، بەربەرییەت شتێک نییە کە تەنها مەترسی دووبارەبوونەوەی هەیە، کە ئەو پێداگری ئەکات، وەک چۆن ئاوشڤیتز دووبارەبوونەوەی نەخۆشییەکە بوو، کە چارەسەرەکەی بەرەنگاربوونەوەی هزری تاکڕەوییە، بێگومان ئەم جۆرە هزرە پێویستی بە پەروەردەیەکی ڕەخنەگرانەیە، نەک تەنها جۆرێک لە پەروەردەکردن بۆ ڕێگریکردن لە هزری تاکڕەوانە، بەڵکو گەرەکە چالاکانە بەرەنگاری ببینەوە، بە تایبەت ئەو هزرانەی، ئەم جۆرە کردارانە بەرهەمدێنن (Katz ٢٠٢٢). ئادۆرنۆ ئەڵێت: «مرۆڤ باس لە مەترسی دووبارەبوونەوەی بەربەریزم ئەکات [...]، ئاوشڤیتز ئەم دووبارە بوونەوەیە بوو، و بەربەریەت بەردەوامە تا ئەو کاتەی ئەو بارودۆخە بنەڕەتیانەی، لە بەرژەوەندی ئەو دووبارەبوونەوەیەدان، تاڕادەیەکی زۆر بە بێ گۆڕانکاری بەردەوام ئەبن ئەوە تەواوی ترسناکییە [...] هەرچەندە مەترسییەکە لەم سەردەمەدا بە نەبینراوی ئەمێنێتەوە» (Theodor ١٩٦٦, ١)

هەربۆیە دیدی ئادۆرنۆ جۆرە ئاگادارکردنەوەیەکی پێشوەختە، لە ئەگەری دووبارەبوونەوە و بەردەوامی بەربەریزم، کەواتە ئەبێت جۆرە پەروەردەیەک هەبێت، ئەوە بکاتە پێش مەرج، کە بەربەریزم لە ناو مرۆڤدا ئەژی و بەردەوام مەترسییە بۆ دووبارەبوونەوە، لێرەدا گەرەکە ئەو دۆخە بەراورد بە چەند ساڵ دوای گوتارەکەی ئادۆرنۆ بکەین، چەندین حاڵەتی هاوشێوەی ئاوشڤیتز دووبارە بوونەتەوە، لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا، یان لە هەندێک ناوچەی خۆرهەڵاتی ناڤین، کە ویستی تاکڕەوی بەردەوام ئامادەیە، بەردەوام ویستی ئیدیۆلۆژی توندڕەو، سڕینەوە و قڕکردنی هێزەکانی لە خۆی بچووکتر هەیە، هێزە کەمینەکان ئەو هێزانەی، لەگەڵ مەیلەکانی ئەودا نین.

---

٣- (پەروەردە دوای ئاوشڤیتز) یەکێکە لەو گوتارانەی کە هزری پەروەردە و پێداگۆگی ڕەخنەیی ئادۆرنۆ تێیدا چێبووە، شرۆڤەی زۆری لەبارەوە کراوە، مەبەست لە ئاوشفیتز (Auschwitz) ناوێکی ئەڵمانییە بۆ شاری ئۆشویچیمی (Oświęcim) پۆڵەندای داگیرکراو لەلایەن ئەڵمانیای نازییەوە، ئەکەوێتە نزیک رۆژئاوای کراکۆڤەوە. نازییەکان لە (١٩٣٩) ناوچەکەیان گرت و کردیانە ئۆردوگا و کوشتارگەی کۆکردنەوەی جوەکان و دژەنازییەکان، کە نزیکەی یانزە ملیۆن کەس بوونە قوربانی، کە لەچەند کەمپێک پێکهتبوو لە ناوچە جیاوازەکانی ئاوشڤیتز، بڕوانە:
Paul R. Bartrop. (2016). Resisting the Holocaust: Upstanders, Partisans, and Survivors. United States of America: Santa Barba-.ra, California and Cremona Drive

ئـەم تێڕوانینـەی ئادۆرنـۆ چەنـد بـۆ قۆناغـی دوای هـەردوو جەنگـی جیهانیـی گرنـگ بـوو، ئەکـرێ بڵێیـن بـۆ ئێسـتای کۆمەڵگـەی هاوچـەرخ گرنگـترە، چونکـە مرۆڤایەتیـی دوایـی ئـەم هەموو جەنـگ و کارەسـات و قوربانییە، هێشـتا هـەر هێـزی شـەرانگێزی تێـدا بەردەوامـە، وەک چـۆن جینۆسـایدو قڕکـردنی هێـز و نەتـەوە و ئایـن و گروپـە بچووکـەکان بەردەوامـی هەیـە، بەبیانـوی جیـاواز، وەک جیاوازیـی ڕەگـەزی و ئاینـی ئەتنیکـی و ئایدۆلـۆژی و ناسـۆنالیزمی توندڕەو. بۆیـە لێـرەدا هەنـگاوی بناغەیـی گەرەکـە کـە «ڕزگارکـردنی تـاک لـە جیهانێکـی تۆتالیتـار، بـە تـەواوی بیرۆکراتیـزە کـراو، بـە تـەواوی ئابـووری» (Nigel Blake & Jan Masschelein ٢٠٠٣, ٤٠) یـەوە هەروهـا جـۆرە پەروەردەیـەک لـە ئاینـدەدا بتوانێـت مـرۆڤ ڕزگار بـکات، ئەمـەش پێویسـتی بـە ئەڵتەرناتیڤـی ورد هەیـە، بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی پانتاییـە جیـاوازەکان، بـۆ ئادۆرنـۆ «تاکـە دەسـەڵاتی ڕاسـتەقینە، کـە دژی بنەمـای ئاوشـڤیتز وەسـتاوە، ئۆتۆنۆمییـە [...] هێـزی بەرپەرچدانەوەیـە، دەسـەڵاتی چارەنووسسـاز» ە (Theodor ١٩٦٦, ٤)، چونکـە کاتێـک تـاک پـەروەردەی ئۆتۆنۆمـی هەبێـت، خـۆی سـەروەری بڕیـاردانی هەیـە نـەک هێـزی ئایدۆلـۆژی و سـتەمکار ئاراسـتەی بکـەن، بەڵکـو ئاگاییانـە مامەڵـە ئـەکات و توانـای ڕووبەڕوبوونـەوەی تاکڕەوی تیایـدا زیاتـر گەشـەئەکات، لـە باسـەکانی دواتـردا وردتـر شرۆڤـەی ئەکەیـن.

لـە لایەکـی تـرەوە پـەروەردە لـە کۆمەڵگـەی سـەرمایەداریی هاوچەرخـدا، لـە دۆخـی چەقبەسـتودایە، لـە جیـاتی ئـەوەی هێـزی ڕزگاری بێـت، بـە پێچەوانـەوە خەریکـی وەرگرتـن و بـە سـتاندارکردنی پەروەردەیـە، بـە تایبـەت، لـە ڕۆژگاری ئەمـڕۆدا، وەک هەندێـک لـە وڵاتـان هەوڵـی یەکسـانکردن و سـتانداردکردنی پـەروەردە بـۆ یـەک جـۆری پـەروەردە جێبەجێئەکـەن، ئەمـەش مەترسـییە بـۆ ئـەوەی «ئەقـڵ بگۆڕیـت بـۆ ئامرازێکـی زاڵبـوو، هەروەهـا ژینگـەی نـاوەوەی فێرخـواز، بەمـەش لایـەنی مۆراڵـی ئەخرێتـە چوارچێوەیەکـی داخـراوەوە، هەربۆیـە پـەروەردە و دەزگا پەروەردەییـەکان ئەکەونـە بـەردەم پرسـیاری مۆراڵـی و لـە ڕێگـەی پشـتگیری و بـرەودان بـە لایـەنی مۆراڵـی ئەبێـت بـە لایـەنی کرۆکـی لـە پرسـە پەروەردەییەکانـدا» (Huhtala ٢٠١٨, ١٠).

بـۆ نموونـە لـە پـەروەدەی هاوچەخـدا بەرنامـەی هەڵسـەنگاندنی نێودەوڵـەتی فێرخـوازان، کـە نـاسراوە بـە (PISA) لـە لایـەن ڕێکخـراوی هـاوکاری و گەشـەپێدانی ئابـووری (OECD) بەڕیوەئەبرێـت، کـە وڵاتـانی ئەنـدام و نائەنـدام تیایـدا بەشـدارن ، پێـوەری هەڵسـەنگاندن لـە سـەر ماتماتیـک و زانسـتە، لێرەدا ئـەم نموونەیـە پیمانئەڵێـت چـۆن سیاسـەتی پەروەردەیـی پراکتیـزە ئەکرێـت، تێیـدا وڵاتـە لاوازەکان (خـاوەن نمـرەی نـزم) سیاسـەتی وڵاتـە بەهێـزەکان، بـە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ پراکتیـک ئەکـەن، بەبـێ ئـەوەی شرۆڤـەو وردەکاری تـەواو بکـەن، بزانـن هەتـا چەنـد ئـەم سیاسـەتە لەگـەڵ بارودۆخـی ئـەم کۆمەڵگەیـەدا ئەگونجێـت، واتـە بەبـێ هزریـن پڕۆگرامـە پەروەردەییـەکان وەردەگـرن (Winstanley ٢٠١٢).

بـۆ ڕوونکردنـەوەی زیاتـری بابەتەکـە ئامـاژە بـە سیسـتەمی خوێنـدنی بـاڵای هەرێمـی کوردسـتان ئەکرێـت، بەرپرسـانی بوارەکـە بۆڵۆنیـا پرۆسێسـیان گواسـتۆتەوە بـۆ نـاو خوێنـدنی بـاڵای هەرێـم و جێبەجێئەکرێـت. کـە پرۆسـەیەکی ناوچـەی خوێنـدنی بـاڵای وڵاتـانی ئەورووپییـە، هەوڵـدەدات سیسـتەمێکی یەکگرتـوو و سـتاندار بـۆ خوێنـدنی بـاڵا پراکتیـزە بـکات (Dominique ٢٠١٨ ٢٤ March ٢٠٢٠)، «بـەم شـێوەیە فۆکـس لـە جەوهـەری پـەروەردەوە گـۆڕاوە بـۆ کۆپیکردنـی پراکتیـزە پەروەردەییـەکان بـە ڕۆحـی نیـو لیبرالیـزم. پراکتیـزەکانی پەروەردەیـی کـە کارنامـەی گەشـەی ئابووریـی و کێبڕکێیـان هەیـە، پـەروەردە بەرتەسـک ئەکەنـەوە بـۆ کایـەی ئـەو مەرجانـەی،

پێشتر دامەزراون» (Huhtala ,٢٠١٨ ,١٠)، هەربۆیە یەکخستن و یەکسانکردنی سیستەمی پەروەردە لە سەر ئاستی دنیادا جێگەی نیگەرانییە و مەترسییە لەسەر خودی پەروەردە، چونکە بە بازاڕکردنی پەوەردە و تەنیا گرنگیدان بەلایەنی ئابووریی، پەروەردە بەرەو دواوە ئەبات و پاشەکشە بەرەو (نیوە پەروەردە) (Halbbildung) ئەکات، کە تەنیا پەروەردەیەکی رووکەشە، واتە پەوروەردە لە پێناو بە بازاڕکردن نەک پەروەردە بۆ خودی پەروەردە بێت، بە زاراوەی ئادۆرنۆ (نیوە پەروەردە) (Halbbildung). بێگومان ئەم کێشەیە یەکێکە لە کێشە کرۆکیەکانی سەردەمی نیو لیبراڵیزم، کە پیشەسازی کەلتووری تێیدا لە گەشەدایە، وەک ئادۆرنۆ ئاماژەی پێکردووە «کاتێک پەروەردە لۆژیکی بازاڕ ئەگرێتە ئەستۆ» (T. e. Adorno ,١٩٨٣ ,٢١) لێرەوە پەروەردە لە کرۆکی خۆی لادەدات بەرەو مەبەست و ئامانجی جیاواز هەنگاو ئەنێت، ئەمەش بەرەو شکست و «جوڵەی دیالێکتیکی هۆش لە نێوان سەبژێکت و ئۆبژێکتدا»، کە ناتوانرێت ئاڕاستە بکرێت و لەو قۆناغە ئەربچێت، لێرەوە پەروەردە توانای بەهێزکردنی تاکی نیە بەرەو ئۆتۆنۆمی بەڵکو لەنێو بازنەی (نیوە پەروەردە) دا ئەمێنێتەوە.

هوهتالا پێیوایە: «کۆدەنگییەکی باو هەیە کە پەروەدەی هاوچەرخ زیاتر بە رەوتێکی دۆگماتیکی پێوانەکردن و یەکگرتن بەکاردەهێنرێت و دواتر پرۆگرامە پەروەردەییەکان زیاتر لە یەکتر ئەچن. جگە لەوەش، لە هەمان کاتدا سیاسەتە نیو لیبراڵییەکان بەرەو پێشچوون و بوارە جیاوازەکانی ژیانی مرۆڤ لەخۆدەگرن» (Huhtala ,٢٠١٨ ,١١) ، کە ئەمەش لە ئەنجامدا برەودانە بە ئەقڵی ئامرازیی و پەروەردەیەکی رووکەش ، کە تاک لە چوارچێوەیەکی نەگۆڕ و چەقبەستودا ئەمێنێتەوە، بۆ نزیک بوونەوە لە ئەڵتەرناتیڤی شیاو لە بەشی دووەمدا ئەو جۆرە پەروەردەیە شرۆڤە ئەکەین، کە ئادۆرنۆ جەختی لێئەکاتەوە.

بەشی دووەم: (Bildung) پەروەردە وەک ئەڵتەرناتیڤی، نیوە پەروەردە (Halbbildung) لە کۆمەڵگەی سەرمایەدارییدا

باسی یەکەم: (Bildung) پەروەردە لە هزری ئادۆرنۆدا

خودی تێگەی پەروەردە ناوەندی هزری ئیشەکانی ئادۆرنۆیە، سەرەڕای ئەوە ئەکرێ بگوترێت، بەشداری ئادۆرنۆ لە دیدی پەروەردەی هاوچەرخدا گرنگترین بەش لە کارەکانی پێکدەهێنێت، هەرچەندە تیۆرەکانی خۆی لە تێگەیشتنی بواری کۆمەڵایەتیی و کەلتووریدا چڕبووەتەوە، بەڵام روانگەی سەرەکیی روانینی پۆزەتیڤ و کۆنکرێتین، کە جۆرێک لە پێداگۆگی دروستکەری لێ بەرهەمدێت، هەروەها چاکسازی لەدامەزراوە پەروەردەییەکان و دیدی وردی لەو بارەیەوە ئەکرێت، وەک ئەلتەرناتیڤی قووڵ و دروست، نەک ئایدۆلۆژی و زاڵبوونی سەرمایەداریی بۆ زۆربەی بوارەکانی پەروەردە، کەلتوور و ژیانی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی هاوچەرخ لێی بڕوانرێت. گرنگیدانی ئادۆرنۆ بەبابەتی پەروەردە بەشدارییەکی سەرەکی کردووە، لە رۆشنبیری گشتیدا و تەنانەت ئەکرێت وەک پاڵهێزێک بۆ لایەنی پراکتیکی لێی بڕوانرێت.

ساڵی (٢٠١٩) کتێبێکی تا رادەیەک قەبارە بچووک بڵاوکرایەوە، کە یەکێک بوو لە پڕ فرۆشترین کتێبەکانی ئەڵمانیا، بە ناونیشانی (روخسارەکانی راستڕەوی نوێی توندڕەو (Aspekte des neuen Rechtsradikalismus)) کە جێگەی تێڕامان بوو. ئەم کتێبە بچووکە گوتارێکی بڵاونەکراوەی ئادۆرنۆی تێدابوو، کە لە (١٩٦٧) دا

پێشكەشی كردبوو (T. W. Adorno ١٩٦٧/٢٠٢٠)، دوای سەركەوتنی پارتی ئەڵمانی «ئەڵتەرناتیڤ بۆ ئەڵمانیا»، (Alternative für Deutschland, AfD) لە هەڵبژاردنەكانی (٢٠١٧ و٢٠١٩)، نوێ بوونەوەی بابەتێكی لەم چەشنە و هەنووكە هاتە ئاراوە، لەو كاتەدا بەشێك لە خەڵكی پێیان وابوو، پارتە راستڕەوەكانی ئەڵمانیا دوای جەنگی دووەمی جیهانیی هەرگیز زاڵ نابنەوە، ئەوەی جێگەی رامان بوو، لە دوای ئەوەی پارتی نیشتمانی دیموكراتی ئەڵمانیا (NPD) لە شەستەكاندا سەریهەڵدا (سەركەوتنێكی بەرچاو)، بەڵام دواتر لە حەفتاكاندا بەرەو نەمان رۆیشت (Vogt ٢٠٢١)، ئەم دەقە پەنجا ساڵەی ئادۆرنۆ جۆرێك لە روونكردنەوەی بۆ سەركەوتنەكانی ئەم دواییەی پارتی (AfD) و پەیوەست بە لایەنی بابەتیی و خوێندنەوەی سیاسیی ئەخاتەڕوو، ئادۆرنۆ ئەڵێت: «هیوا خوازم بچمە ناو پرسی رێكخراوە نازییە نوێیەكانەوە. مانەوەی سۆسیالیزمی ناسیۆنالیزم لە ناو دیموكراسیدا بە مەترسیدارتر ئەزانم لە مانەوەی مەیلە فاشیستییەكان دژی دیموكراسی. دزەكردن ئاماژەیە بۆ شتێكی بابەتیانە؛ كەسایەتییە نادیارەكان ئەگەڕێنەوە و پۆستەكانی دەسەڵات داگیر ئەكەن، بە تاكە هۆكارێك كە بارودۆخەكان لە بەرژەوەندی ئەواندا ئەبێت» (T. W. Adorno ١٩٥٩/١٩٩٨, ٩٠).

ئادۆرنۆ لێرەدا خۆی لە باسكردنی نازییەكانی پێشوو بە دوور گرت، كە لە ساڵانی شەستەكاندا كاریگەر بوون، بەڵكو بە باسكردنی رێكخراوە راستڕەوە توندڕەوەكان خەریكبووە، چونكە نیگەران بوو لەوەی چۆن مەیلی راستڕەوە توندڕەوەكان لە ناو كۆمەڵگە دیموكراسیەكاندا گەشە ئەكەن، لەبەرئەوەی ئەم كولتوورانە فەزا و هەلومەرجیان بۆ وەها سەرهەڵدانێك دابین كردووە. دیدی ئادۆرنۆ هەنووكە بە شێوەیەكی چاوەڕوان نەكراو لەم رووەوە كارپێكراوە، ئەوە نیشان ئەدات، ئەگەر كۆمەڵگەی ئەقڵانیی، ئازاد، دیموكراسییان، وەک ئامانجی كۆتایی بۆ پەروەردە لە هۆشدا بێت، چونكە ئەوەی جێگەی نیگەرانییە نازیەت نییە لە فۆرمی كۆن و نوێدا بەو ئەندازەیەیی، دیموكراسی بە سەركەوتویی دامەزراو، بەڵكو سەرهەڵدانی راستڕەوی نوێیە، كە دیاردەیەكی جیهانییە و تەنیا پرسێكی ناوخۆی ئەڵمانیا نییە، نەک تەنیا لە دنیایی خۆرئاوادا و دیموكراسی و میدیا بە گشتی، بەڵكو بووەتە جێگەی پرسیار و هەڵوێستە لە سەر كردن، بە تایبەت بۆ تیۆرە پەروەردەییەكان، كە نەیانتوانیوە بە شێوەیەكی گونجاو كاردانەوە و هەڵوێستیان بەرامبەر بەم بابەتە هەبێت (Vogt ٢٠٢١). لێرەدا زیاتر رۆدەچینە كرۆكی تێگەی پەروەردە لە دیدی ئادۆرنۆوە.

بە خوێندنەوەی بەرهەمەكانی ئادۆرنۆ دەربارەی تێگەكە ئەكرێ بگوترێت ئادۆرنۆ گرنگی بە دوو رەهەندی پەروەردەیی داوە: یەكەم/ ئاماژە بە پەروەردە لە قۆناغی منداڵیدا ئەكات. دووەم/ ئاماژە بەو ئاگاییە گشتییە ئەكات، كە پەیوەستە بە بارودۆخ و ژینگەی هزری و كەلتووری كۆمەڵایەتییەوە، ئەمەش زیاتر پەیوەستە بە (دووبارەبوونەوەی ئاوشڤیتز) كە ئیش لە سەر ئەو لایەنانە ئەكات، چۆن ئاگاییەكی بەهێز دێتە ئاراوە، ئاگایی لەوەی ئەو پاڵهێزانەی هاندەر بوون لە روودانی، لە باسی دواتردا وردتر شرۆڤەی ئەكەین.

ئادۆرنۆ لە تیۆری نیوە پەروەردە (١٩٥٩) كە راڤەی تێگەی پەروەردەی كردووە، جەخت لەوە ئەكاتەوە كە پەروەردە (Bildung)٤ واتا بنەڕەتیەكەی خۆی لە دەستداوە، لە ژێر هەڕەشە و بەرەو خراپتر بووندایە،

٤- (Bildung): بەواتای پەروەردە دێت بەڵام، ئەو پەروەردە باوە نییە كە، لە ئەمڕۆ دنیایی سەرمایەدارییدا باڵایە بەڵكو، ئەو جۆرە پەروەردەیە كە لای ئادۆرنۆ پەسەندە و پەیوەستە بەلایەنی كەلتوورییەوە، توێژەرانی بوارەكە هەر زاراوە ئەڵمانییەكە (Bildung) بەكارئەهێنن لە توێژینەوەكانیاندا، لە زمانی ئینگلیزیشدا بەهەمان شێوە هەر (Bildung) بەكارهێنراوە.

فۆرمێکە بەرەو نیوە پەروەردە ئەڕوات. پنتی سەرەتای تیۆری (Bildung) پەروەردە تێگەیشتنێکی ئاسایی و باوە، کە وەک بابەتێکی کەلتووری لێیەڕوانرێت (T. W. Adorno ١٩٥٩, ٩). گەرەکە لێرەدا راڤەی تێگەی کەلتوور بکەین، چونکە پەروەردە پەیوەستە بە لایەنی کەلتوورییەوە، کەلتوور بەزاراوەی هیگڵ «هۆشی ئۆبژێکت (Objective spirit) »، کە بریتییە لە ئیدێ، تێگە، دنیابینی، بەو واتایەی مرۆڤایەتی لە گەشەسەندنی مێژوویی خۆیەوە دێتە بوون، یان بە لێرەبوونی خۆی ئەگات.

لە زمانی ئەڵمانیدا هەردوو وشەی (Billdung و Erzinhung ٥) بۆ وشەی پەروەردە بەکار ئەهێنرێت و ئادۆرنۆ لە نوسینەکانیدا هەردوو تێگەکەی بەکارهێناوە، لێرەدا هەوڵئەدەین راڤەی (BiIldung) بکەین ، کە لە بنەرەتدا فۆرمێکی تایبەتە و پەیوەستە بە فەلسەفەی ترادسیۆنی ئایدیالیزمی ئەڵمانییەوە، واتا (BiIldung) کارلێکی نێوان هۆشی سەبژێکت و ئۆبژێکتە، لە تەک جیهاندا ( Pauli Siljander, Ari Kivelä, Ari Sutinen ٢٠١٢).

ئادۆرنۆ «پەروەردەی (BiIldung) بە مەغزای بەردەوامی ململانێی نێوان ئۆتۆنۆمی تاک و گونجاندن لەگەڵ داوای کۆمەڵگە ئەزانێت، چونکە (BiIldung) پرۆسەیەکی دیالێکتیکییە، بەردەوام لە نێوان ئازادبوونی تاک و داوای ملکەچبوون بۆ کەلتوور و کۆمەڵگەدا دێت» (Christian ٢٠١٠)، هەربۆیە تێگەی (BiIldung) وەک دیاردەیەکی راستەقینەی کۆمەڵایەتیی، راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ» (Stojanov ٢٠١٢, ١٢٦) بێت هەندێک لە بیرمەندان و توێژەرانی بواری پەروەردەی هاوچەرخ کە پسپۆری میتۆدێکی «کۆمەڵایەتیی-پراگماتیزمیی» ن شرۆڤەیان کردووە، جۆن مەکدۆوێڵ وشەی (Bildung) بۆ «دیاریکردنی پرۆسەی چاوکردنەوەی مرۆڤ بەڕووی فەزای هۆکارەکاندا، بە رووی جیهاندا، بە بەدەستهێنانی سروشتی دووەم. ئەم بەدەستهێنانە بابەتی کۆمەڵایەتیکردنە، کە کەسێک لە لایەن هەندێک پەیوەندی کۆمەڵایەتییەوە لە قاڵب ئەدرێت» (McDowell ١٩٩٦، ٨٤-٨٨).

ئەم جۆرە پەروەردەیە (تەواوە) پەیوەستە بە ئیدێ (Billdung) (ویلهێلم ڤۆن هومبۆڵت) (١٧٦٧)، وەک بەرزترین ئاستی گەشەسەندن و کامڵبوونی کەسایەتیی» ئاماژەی پێداوە، لێرەدا گەرەکە ئاماژە بەوە بدەین ئەم جۆرە پەروەردەیە ئامانجێکی تایبەتی نییە بۆ گەیشتن بە «سوود» یان مەبەستی ماتەری، بەڵکو پرۆسەیەکی دیالێکتیکی و بابەتییە و پەیوەستە بە گەشەسەندنی کەسییەوە (Christian ٢٠١٠).

بەبۆچوونی شتۆیانۆف «پرۆسەی Bildung واتا پرۆسەی ئەزموون دروستکردن کە تاک لە رێگایەوە دیدی نوێ لەسەر جیهان و لەسەر خۆی وەرئەگرێت، [...] ئەم ئەرکە بە گشتی هەوڵێکی زۆر جدی ئەوێت، و هانی تاک ئەدات پلانەکانی ئێستای خۆی بۆ لێکدانەوەی واقع بخاتە ژێر پرسیارەوە و پلانی نۆی پەرە پێبدات، واتە هەم جیهان و هەم خۆی بە چاوی نوێ ببینێت» (Stojanov ٢٠١٢, ١٢٨)، لێرەدا وردتر شرۆڤەی (Billdung) پەروەردە ئەکەین، کە زیاتر پەیوەستە بە فەلسەفەی ئایدیالیزمی ئەڵمانییەوە بە تایبەت هەردوو فەیلەسوف (هومبۆڵت و هیگڵ)، کە پێیان وابوو بەرکەوتنی هۆش لە تەک جیهاندا لە نێوان سەبژێکت و ئۆبژێکتدایە، لەگەڵ ئەوەشدا (Billdung) بابەتێکی مێتا کۆمەڵایەتیی نییە، بەڵکو ئادۆرنۆ وەکو پرۆسەی گەشەپێدانی خود و مامەڵەی لەتەک جیهاندا، وەک ناوبژیوانی پەیوەندی و پێکهاتە

٥- (Erzinhung): زیاتر ئاماژەکردنە بە کۆنتێکستی ئەزموونی، واتە «ئەو کارلێکە کۆمەڵایەتییە تا رادەیەک جیهانیی ناوەکی دەرئەبرێت کە، زیاتر ئامانجی ئامادەکردنی منداڵە بۆ ژیانی رۆژانەی راستەقینەی» (Stojanov ٢٠١٢، ١٢٥).

کۆمەڵایەتییەکان، ئەم جۆرە لە نوێنەرایەتیکردنی هۆشی ئۆبژێکت لە جیهان پەیوەستە بەلایەنی کەلتوورییەوە (Stojanov ۲۰۱۲).

بۆ راڤەکردنی ئەم جۆرە دیالێکتیکە پەیوەست بە کەلتوور وەک هۆشی ئۆبژێکتیڤ ئەگەڕێنەوە بۆ دیدی هیگڵ، کە پێوابوو هونەر باش ئەتوانێت وەک دیاردە لە پشت فۆرمی هزرەوە بێت، لای هیگڵ هونەر کارایی بە خۆی تایبەتمەندی هەیە، کە بریتییە لە گەیاندنی ئیدێ، ئەمەش بەرجەستەی راستییە لە نێو هەقیقەتدا. هێگڵ لە جێیەکی وانە وتارەکانیدا ئەڵێت «هونەر شوازێکی تایبەتمەندی دەرکەوتنی [...] هۆشە»، هەربۆیە ئیشی هونەری دوولایەنی هەیە، لە لایەک بەرهەمێکی مرۆییە، لە لایەکی ترەوە «راڤەیەکی روونی جیهانیش ئەهێنێتە ئاراوە»، واتە ئەنجامی «کردارێکی مەبەستدارە»، کەواتە کەلتووری مرۆڤ لە نێو هونەردا «بە دەربڕاوی ئاگامەندی خۆی ئەگات»، ئەمەش بە پێی قۆناغ و کەلتوورە جیاوازەکان بە درێژایی مێژوو ریالیزە بووە و کاریگەریی نواندووە (زیفەرت ۲۰۰۹).

لێرەدا کەلتوور هۆشی ئۆبژێکتە، کە بە بۆچوونی هیگل هۆش باڵاترە لە کۆمەڵگە، چونکە کۆمەڵگە تەنیا بە مادیکردنی هۆشە، بە واتایەکی تر کۆمەڵگە خۆی لە هۆشی ئۆبژێکتدا دائەبڕێت، هیگڵ ئەم نموونەیەی هونەر لە قۆناغە جیاوازە مێژووییەکاندا راڤە ئەکات، کە چۆن هۆش لە رێی کەلتوورەوە بە لێرەبوونی خۆی گەیشتووە، بۆ نمونە لە کەلتووری گریکیدا فۆرمی کلاسیکی هونەر تەواوی و کەلتووری ئەفۆرماند، لەم فۆرمەدا هونەر هۆشەکیترین فۆرمی سروشتی ئاشکرا ئەکرد، کە ئەمەش بەپێی گۆڕانی قۆناغە جیاوازەکانی مێژوو بووە (زیفەرت ۲۰۰۹). کەواتە کۆمەڵگە خۆی لە هۆشی بابەتی دائەبڕێت لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریی مۆدێرن و ئەیکاتە دژی ئەو هۆشە، کەواتە هۆش لە ماتریالیزەکردنەوە فۆرمەکانی ئەزموون، ئۆبژێکتە کەلتوورییەکان و هونەریش جیائەبێتەوە، ئەمەش لە خۆ جیابوونەوەدایە (Stojanov ۲۰۱۲).

هەربۆیە ئادۆرنۆ لە (تیۆری نیوە پەروەردە) دا شرۆڤەی پەیوەندی نێوان پەروەردە و کەلتوورو کۆمەڵگە ئەکات لە ژێر بارودۆخی نامۆدا، ئادۆرنۆ سەرەتا لە هزری فەلسەفی رۆشنگەریی چڕئەبێتەوە، کە نامۆیی سەرمایەداریی لەژێر رۆشنایی تێکەڵبوون لە دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی بۆرژوازیدا نەیانتوانیوە برەو بە هێزی رزگاری بدەن، بۆیە بۆتە هۆکاری لاوازبوونی (BiIldung) و بووە بە نیوە پەروەردە (Halbbildung)، چونکە سەبژێکت «ویستی بوونی سروشتی لە قاڵب بدات، لەهەمان کاتدا بپارێزێت» (T. Adorno ۱۹۵۹, ۹۵)، کە ئەمەش جۆرێکە لە دەستەمۆکردنی مرۆڤ، هەروەها رزگارکردنی ئۆبژێکت لە بەرەنگاربوونەوەی هێزی مرۆڤ، لێرەوە پەروەردە گۆڕانکاری بە سەردا دێت، کاتێک بەم شێوەیە ئەقڵ زاڵئەبێت بەسەر سروشتدا. ئادۆرنۆ کەلتوور بە کاراکتەری دوانەیی تایبەتمەند ئەکات، کە پێویستە کەلتوور دووساتی دژ بەر (سروشت و هۆش) بپارێزێت و هاوسەنگی بهێنێتە ئاراوە.

بە بۆچونی یاسک ئەتوانرێت بەرهەمێکی وەک (فاوستی) گۆتە، وەک گوزارشت لە خەباتی بەرەنگاری هەمیشەیی و گەڕان بە دوای دڵنەوایی بخوێندرێتەوە، خەباتێک کە بە درێژایی مێژوو بیرمەندان ئازاریان پێ چەشتووە، ئەم جۆرە خەباتە لەگەڵ سروشتی مرۆڤایەتیی تێکەڵ بووە، چونکە ترسی سەرەتایی لە نەزانراوەکان و ئارەزووی بنەڕەتی بۆ دەسەڵات لە فۆرمی باڵادا تێکەڵ کراوە، ئەم جۆرە بەرهەمانە لە کاتێکدا هۆشی بنەڕەتی مرۆڤ ئایدیالیزە ئەکەن، هەروەها سروشتیش دەرئەبڕن. یاسێک پێیوایە بەکارهێنانی

ئۆتۆنۆمـی سروشـتی لـە بەرهەمـە کەلتوورییەکانـدا ئەکرێـت، وەک فۆڕمێکـی ئێسـتێتیکی بەکاربهێنرێـت، کـە واتایەکـی مرۆیـی بـە ئـەوی تـر ببەخشـێت، لێرەدا کەلتـوور ئەرکێکـی کرۆکـی چارەنوسسـاز بـۆ مـرۆڤ بەجـێ ئەهێنێـت لـە نمونـەی مۆدێلی باڵایـی سروشـت، کـە ئەرکـە کۆمەڵایەتییـەکان بیرئەخەنـەوە و هـاوکاری (assimilation) بەراوردکـردن لـە کۆمەڵگـەدا ئـەکات، لـە لایەکـی تـروە پەیوەنـدی بەرهەمـە کەلتوورییـەکان بـە سروشـتەوە، ڕەنگـە پاڵهێزێکـی هـاوکار بێـت بـۆ دۆزینـەوەی پەیوەنـدی لـە دەسـتچووی مـرۆڤ بـە سروشـتەوە، گـەر بۆماوەیەکـی کاتیـش بێـت لـە فشـارە کۆمەڵایەتییەکانـدا ڕزگاری ئـەکات (Yacek ٢٠١٦).

بـە دیـدی ئادۆرنـۆ پیشەسـازیی کەلتـووری لـە کۆمەڵگـەی هاوچەرخـدا، پەیوەنـدی نێـوان سروشـت و هـۆشی ئۆتۆنۆمـی بـەرەو نەمـان بـردووە، کەلتـوور بچـووک بۆتـەوە بـۆ لایـەنی کەلتـووری ئەقڵـی (Geisteskultur) کـە ئـەم فۆرمـە لـە کەلتـوور، ڕۆچۆتـە زۆربـەی کایـەکان هـەر لـە هونـەر و میدیـا (ڕادیـۆ، تەلەفزیـۆن) (T. A. Horkheimer ١٩٤٤) لـە ئەمـڕۆدا بـۆ جیهانیـی تەکنەلۆژیا، بە تایبـەت ئەنتەرنێـت و ماڵپەرەکان. لێـرەوە فۆرمێکی چـالاک و ئامادەکـراو ئەبێـت بـە ئایدیـاڵ بـۆ کۆمەڵگـەی مرۆڤایەتیـی. بـەم جـۆرە ئۆبژێکـت کەلتوورییانـە بـە کۆمەڵایەتیـی ئەبێـت، واتـا لـە هـۆش دائەبڕێـت. بـە بۆچـونی ئادۆرنـۆ کـۆی ئـەم پرۆسـە دیالێکتیکییـە دەرئەنجامی پیشەسـازی کەلتوورییـە. بـەم جـۆرە (ئۆبژێکتی پیشەسـازی کەلتـووری) (BiIldung) نییـە، بەڵکـو (Halbbildung) نیـوە پـەروەردە یـە.

بـە بۆچـوونی شـتۆیانوف پیشەسـازی کەلتـووری لـە سـێ ڕەهەنـدەوە کاریگـەر و چارەنوسسـازە و کاریگەریـی لەسـەر شـتە کەلتوورییـەکان هەیـە «یەکـەم کاڵایـان لێدروسـتئەکات، دووەم ئـەم شـتانە پارچـە پارچـە ئـەکات، سـێیەم وایـان لێئـەکات بـە سـانایی هاوشـێوە بـن، کـە ناتوانـن ئەزموونێکـی ڕیـاڵ بئافرێنـن، بـەم جـۆرە ئـەم کاریگەرییانـە لـە لایـەنی ئۆبژێکتـەوە لـە فینۆمێنـی «نیـوە پـەروەردە» دا ئەگاتـە لوتکـە» (Stojanov ٢٠١٢, ١٢٧)، لێـرەوە گـۆڕان و بـە کاڵاکـردنی شـتە کەلتوورییـەکان ڕوودەدات، دواتـر ئامرازیـی ئاڵوگـۆڕ و خسـتنەڕوو، ئـەم پرۆسـەیە ئەبێـت بـە هـۆی دژیەکـی، شـتەکان کـە فـۆرم و کرۆکـی تایبـەت و بناغـەی ڕەسـەنیان نەمێنێـت.

هەربۆیـە گـۆڕانی ڕۆڵ و کارایـی پـەروەردە ئەبێـت بـە چەقـی باسـکردنی ئادۆرنـۆ، بـە تایبـەت ئـەو پێشـکەوتن و گەشەسـەندنەی کۆمەڵگـەی بـۆرژوازی و سـەرمایەداریی، کـە ڕاڤـەی سـەرەکیی لـە پیشەسـازی کەلتووریـدا چـڕ ئەبێتـەوە. ڕزگاربـوون و دەرچـوون لـەم دۆخـە بـە تایبـەت پـەروەردەی ترادیسـیۆنی، هەروەهـا لاوازبـوونی کەلتـووری ئۆتۆنـۆم و ئاڕاسـتەکردن و بـە ئایدۆلۆژیاکـردنی پـەروەردە، هەمـوو ئەمانـە زیاتـر لـە هەڵکشـاندان. ئەگـەر لەڕوانگـەی مێژووییـەوە لێـی بڕوانیـن پـەروەردە زیاتـر بـۆ پێشـکەوتنی لایـەنی کۆمەڵایەتیـی بـەرەو مەرجێکـی پێویسـت و پێشـوەختە هەنـگاو ئەنێـت، بـە تایبـەت بـۆ چینـی ناوەنـد و تـازە فراژووبـووەکان، ئەمـەش بـە پرۆسـەی پێویسـتی کارایـی و بـە بازاڕکـردن کـە وەک ئامرازێـک دواتـر گـۆڕاوە بـۆ «نیـوە پـەروەردە» (T. W. Adorno ١٩٥٩) . ئادۆرنـۆ لـەم نێوەنـدەدا ئامـاژە بـە چۆنیـەتی دابەشـکردنی کۆمەڵایەتیـی و جیاکردنـەوە کاری دەروونی و جەسـتەیی پابەنـد بـە گەشـەکردنی کۆمەڵگـەی سـەرمایەداریی ئـەکات.

دوای دیاریکـردنی کێشـەکە ئادۆرنـۆ لـە «دیالێکتیکـی ڕۆشـنگەریی»دا پێیوایـە جۆرێکـی «نوێـی پیشەسـازی کەلتـووری بـە تایبـەت ڕادیـۆ، تەلەفیزیـۆن و میدیـا بەگشـتی باڵادەسـتە. پیشەسـازی کەلتـووری ئەتوانێـت سـوود لـە زاڵبـوونی نیـوە پـەروەردە وەربگرێـت، بـە کۆنترۆڵکـردنی تـەواوی ڕۆشـنبیری لـە ژێـر ئـەو ناونیشـانەی، کـە

هێشتا پەروەردەیە» (T. Adorno ١٩٥٩)، هەربۆیە تێپەڕاندنی ئەم «نیو پەروەردە»یە، یەکەم بنەمای ئەزموونی ئێستێتیک و هزری فەلسەفییە، لەو فۆرمە هزرییەدا چێئەبێت «تەنیا لەو شتانەوە سەرهەڵدەدات کە سەردەمانێک پەروەردە بووە» (T. W. Adorno ١٩٥٩, ١٢١)، کەواتە تێپەڕاندنی قۆناغی نیو پەروەردە پێویستی بە تاکی ئۆتۆنۆم هەیە، تاکێک بتوانێت گەشە بە بواری هزری و سەربەخۆی خۆی بدات، بێگومان لە باسی دواتردا بە وردیی شرۆڤەی ئەکەین. هەرچەندە ئادۆرنۆ زۆر نیگەرانە لە دۆخی سەرمایەداریی مۆدێرن، بەڵام بە تایبەت لە ئەزموونی ئێستێتیکدا ئەکرێت (BiIldung) راستەقینە لە هزری ئەودا دیاریبکرێت. «بەشکردنی ئۆبژێکتە کەلتوورییەکان وەک جۆرە میکانیزمێکی سێنتراڵی ئامادە بۆ پرۆسەی هاوشێوەکردن ئەم ئۆبژێکتانە لێی بڕوانرێ. کێشەکە لەوەدایە ئەم جۆرە ئامادەییە شکاندن و وێرانبوونی رەسەنێتی و سەربەخۆییانە، هەربۆیە لای ئادۆرنۆ ئۆبژێکتە کەلتوورییەکان ئەتوانن ببنە پاڵهێزو نوێنەرایەتیی، ئەزموونی ریاڵ بئافرێنن و ببن بە (BiIldung) پەروەردە ئەم جۆرە بەرەنگارییە کاتێک رووئەدات کە ئۆبژێکت ئۆتۆنۆمییانە بەرەنگاری هاوشێوەکردن ئەبێت بەوە کە ئەمەش بەتێگەیشتن لە پلانی واقیعی دراوە (T. Adorno ١٩٥٩, ٤٦-٥٠).

«بە پوختی پرۆسەی (BiIldung) هەستێکی ئۆبژێکتیڤی پەروەردە ئەکات، هەستێک کە ئۆبژێکتەکان فۆرمی ناوە و بەهای ناوەکییان هەبێت» کۆی ئەم پرۆسەیە پەیوەستە بە تێگەیشتن و زەمینەسازیی، تاوەکوو سەبژێکت ئۆتۆنۆمیانە بڕەو بە تواناکانی بدات، هەرچەندە پیشەسازی کەلتووری و لایەنەکانی رۆشنبیری، سەرجەم ئەم تێگانە ئەخاتە ژێر پرسیارەوە تا ئاستی مومکینی هاتنە ئارای ئەم فۆڕمە لە سەبژێکت، چونکە بە کاڵاکردن و بەش بەشکردنی ئۆبژێکتە کەلتوورییەکان وائەکات کە (BiIldung) سەخت بێت.

ئادۆرنۆ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا سەردەمی سەرمایەداریی ئەمڕۆ (BiIldung) «تەنها وەک رەنگدانەوەیەکی رەخنەگرانە لە پیشەسازی کەلتووری و لەسەر (Halbbildung) وەک لایەنی سەبژێکتیڤی خۆی شیاوە» (Stojanov ٢٠١٢, ١٢٨)، بۆیە ئادۆرنۆ پێیوایە «هیچ چانسێکی تر بۆ مانەوە نییە جگە لەرێگەی رەخنەگرانە لە نیوە پەروەردە (Halbbildung ١٩٥٩, ٦١)» (T. Adorno). لە باسی دواتردا بە وردیی تیشک ئەخەینە سەر تیۆری نیو پەروەردە و ئەگەری هاتنە ئارای (BiIldung) لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریی هاوچەرخدا.

باسی دووەم: تیۆری نیوە پەروەردە (Halbbildung) لە گۆمەڵگەی سەرمایەداریی هاوچەرخدا

ئادۆرنۆ لە تیۆری نیو پەروەردە (Halbbildung) ئاماژە بە نەمانی پەیوەندیی دیالێکتیکی ئەکات، کاتێک ئەمە رووئەدات ئەگەر پەروەردە تەنیا بە ئاڕاستەی هەندێک مەبەستی تایبەتی بێت، بە تایبەت رەهەندی ئایدۆلۆژی، کە تێیدا گروپی باڵادەست ئاڕاستەی کۆمەڵگە و پەروەردە ئەکەن و لە دیدی خۆیانەوە پێناسەی ئەکەن. ئەم جۆرە هێزە باڵادەستە پەیوەستن بە بەرژەوەندیی خۆیانەوە نەک بەرژەوەندی راستەقینەی پەروەردە (T. Adorno ١٩٥٩, ٩٦)، هەروەها لە تیۆری (Halbbildung) ئادۆرنۆ تیشک ئەخاتەسەر گرژی لەنێوان ئۆتۆنۆمی تاک و هاوشێوەکردن لە فۆڕمی دیالێکتیکدا. نیو پەروەردە (Halbbildung) لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریی هاوچەرخدا کاتێک گەشە ئەکات، کە کەلتووری بە کۆمەڵ دروستکراو کاریگەریی لە سەر ئاگایی تاک هەیە.

لێرەدا پرسیاری کرۆکی ئەوەیە چۆن پەروەردەیەکی بەهێز بهێنرێتە ئاراوە؟ هاوکاربێت بۆ ئۆتۆنۆمی هزرین و گەشەسەندنی مۆراڵی تاک. ئاشکرایە کۆمەڵگە و پەروەردە بە یەکترەوە پەیوەستن، بە تایبەت کۆمەڵگەیەکی باش دەرئەنجامی پەروەروەردەیەکی باشە و بە پیچەوانەشەوە، ئەمەش وێنەدانەوەی پەیوەندییەکانی نێوان کەسانی ناو کۆمەڵگە ئەبێت، کەواتە لایەنی کۆمەڵایەتیی بناغەیەکی گرنگە بۆ مرۆڤ، چونکە مرۆڤ پەیوەستە بە دەورووبەرەکەیەوە و پێویستی بە مرۆڤانی تر هەیە بۆ ئەوەی مرۆڤ بێت، لەم نێوەندەدا پەروەردەش هێزی گۆڕانکارییەکانە. بە دیدی ئادۆرنۆ کارەساتە مۆراڵییەکانی جەنگی دووەمی جیهانیی تەنیا بەڕێکەوت روویان نەداوە، بەڵکو تۆوی دڕندەییەکان لە سەرەتای رۆشنگەرییدا لە شوێنی کەلتووردا چێنرابوون (Adorno and Horkheimer ٢٠٠٨).

ئەندامانی فێرگەی فرانکفۆرت لە سەرەتادا، هەوڵیان ئەدا کاری هزری هاوکاربێت بۆ رەهەندی پراکتیکی، بە تایبەت لە خزمەتی شۆڕش و چینی پرۆلیتاردا بێت. بەڵام لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە زۆرانەی لەو ماوەیەدا روویدا بە تایبەت سالانی (١٩٣٠)، کە سەرەتای شۆڕش بوو لە یەکێتی سۆڤیەت ئاراستەکەی گۆڕا، لەسەر ئاستی ئەوروپا بەرەو کاڵبوونەوە رۆیشت، رژێمی فاشیزم بە بوێریی هاتبووە ناو کایە جیاوازەکانی ژیانەوە، هەربۆیە سەرجەم تیۆرستەکانی فێرگەکە هاوڕابوون لە سەر پێویستی زیادکردنی پەروەردە بۆ بەرەنگاربوونەوەی رەوت و لایەنە تاکڕەوەکان (Bronner ٢٠١١, ٥-٣).

بێگومان ئەم جۆرە پەروەردەیە تارادەیەک نا روونە کەچی جۆرە پەروەردەیەک بێت، بۆ ئادۆرنۆ لە کۆنتێکستی ئەو پرسیارەدا شرۆڤە ئەدا، کە چۆن (BiIldung) پەروەردە لە سەردەمی (Halbbildung) نیوە پەروەردە پراکتیک ئەکرێت، ئەمەش فرەلایەنە، بۆیە رۆڵی سەرەکیی تیۆری پەروەردەیی بریتی ئەبێت لە شۆڕش، شۆڕش بە مانایەکی فراوان، مەبەست لە شۆڕشێکی هزرییە، کە هەڵقوڵاوی هۆشی مرۆڤە بە هەستکردن بە ئازارەکانی، هەستکردن بەوەی، چی ئەگوزەرێت لە بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکەی؛ وەک ئادۆرنۆ ئەڵێت «ئازادبوون لە دۆخی نەزانیی - واتا نەزانیی لەسەر «دۆخی هەڵەی شتەکان» (T. Adorno ٢٠٠٧, ١١).

بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە فەلسەفەی پەروەردەیی ئادۆرنۆ، گەرەکە بگەڕێینەوە بۆ ئەو ئارگۆمێنتە رەخنەییانەی، کە لە تیۆری مۆراڵی کانتی گرتووە، ئەمەش لای ئادۆرنۆ ئەو خێراییەی لە بەرنامەی رۆشنگەرییدا کرا، بە تایبەت دەرئەنجامەکەی خۆی لە زاڵبوونی ئەقڵ و ئەقڵی ئامرازیدا چێبووە، کە سەبژێکت زاڵبوو بەسەر ئۆبژێکتدا (سروشت) بە تایبەت داهاتووی، ئادۆرنۆ لە چاوپێکەوتنە رادیۆییەکانی لەگەڵ هێلمۆت بێکەر پەروەردە بۆ ئۆتۆنۆمی (Education for Autonomy) (١٩٨٣) جەخت لە سەر بابەتی ئەرک ئەکاتەوە، کۆمەڵگەی دیموکراسی بە برەودان بە مۆراڵی تاکەوە پەیوەست ئەکات، کە توانای هەر مرۆڤێک لە هزرین و بەکارهێنانی هۆشی شیمانەی ئۆتۆنۆمی تاک ئەکات (T. e. Adorno ١٩٨٣) .

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە، چۆن فەلسەفەی پەروەردە ئەتوانێت رۆڵ بگرێت لە بەهێزکردن و هاندانی تاک و گەشەسەندنی توانای مرۆیی و مۆراڵی دا، تاوەکوو بە ئۆتۆنۆمی بگات. یاخود بە واتایەکی تر چۆن بتوانرێت تاک لە کۆمەڵگەی سەرمایەدارییدا لە نیوە پەروەردەوە بەرەو (BiIldung) پەروەردە ئاراستە بکرێت، بۆ وەڵامی پرسیارەکە سەرەتا ئاماژە ئەکەین بە پەروەردە لە قۆناغی منداڵیی (سەرەتایی) دا، ئادۆرنۆ

لە گوتاری (پەروەردە بۆ ئۆتۆنۆمی)، کە لەگەڵ هێلمۆت بێکەر ئەنجامیداوە، سەرەتا بۆ روونکردنەوەی تێگەکە ئاماژە بەو دەقەی کانت ئەکات دەربارەی رۆشنگەریی چییە؟ (١٧٨٤) بێگومان ئەم دەقەی کانت زۆر خوێندنەوە و راڤەی بۆکراوە نەک هەر ئادۆرنۆ زۆرێک لە بیرمەندان شرۆڤەیان کردووە، مێشێل فۆکۆ و چەندانی تر، کە هەڵگری شرۆڤەو خوێندنەوەی جیاوازن لە بارەیەوە، بۆیە لێرەدا روونی ئەکەینەوە.

کانت لەوەڵامی پرسیارەکەدا، کە رۆشنگەریی چییە؟ ئەنووسێت «رۆشنگەریی دەرچوونی مرۆڤە لە ناپێگەیشتن (Unmündigkeit) خۆی کە هۆکارەکەی خۆی بووە. ناپێگەیشتن بریتییە لە بێتوانایی لە بەکارهێنانی زیرەکی مرۆڤ بە بێ رێنماییکردنی کەسێکی تر.» ئەم جۆرە ناپێگەیشتنە ئاماژە نییە بە تەنیا بە کۆمەڵ، بەڵکو نەبوونی ئیرادە بۆ هزرین، «ترس و تەمەڵیی» بەبێ ئەوەی کەسانی تر رێنمایت بکەن، هەربۆیە دروشمی سەرەکیی رۆشنگەریی لای کانت «بوێری ئەوت هەبێت کە تێگەیشتنی خۆت بەکاربهێنیت» (Kant ١٧٨٤, ١٩٩٥, ٥٦-٥٧).

کرۆکی تێزەکەی کانت ئەوەیە، کامڵبوونی مرۆڤ پەیوەستە بەهەردوو لایەنی دەرەوەو و هزری خودەوە، بەڵکو ژینگەی دەوروبەر کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و سیاسیی ئەو کۆمەڵگەیە، هەموو ئەمانە رۆڵیان هەیە لەسەر هزرینی ئۆتۆنۆم یان بەپێچەوانەوە و نامۆبوونی تاک. لە لایەکی ترەوە کانت مەبەستێتی تاک دەربچێت و ئازاد بێت و ئۆتۆنۆمییانە خۆی بڕیار بدات، نەک کەسانی تر یان هێزی دەرەوەی خۆی رابەرایەتیی بکەن. ئادۆرنۆ هاوڕا نییە لەگەڵ کانت لە وەرگرتنی تێگەی ئۆتۆنۆم، بەڵکو راڤەی جیاوازی بۆ کردووە، وەک سنیر ئاماژەی پێداوە «ئادۆرنۆ ئۆتۆنۆمی کانتی وەک وازهێنان لە ئەزموونی ماتریاڵی زیندوو کە داوای کردار ئەکات و کردرا تێیدا رووئەدات، ئەبینێت» (Snir ٢٠٢٠, ٣٤)، لای کانت رۆشنگەریی شێوازیکی نوێی هزرین بوو، واتا دەرچوونی مرۆڤە بە مەبەستی گەیشتن بە خودی خۆی، بە هزرین و بڕیاردانی خۆی، ئەمەش بە لابردنی ئەو بەربەستانەی رێگری لێ ئەکەن، کە تایبەتن بە خودی مرۆڤەوە، هەروەها ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و پەروەردەییانەی، لەو سەردەمەدا ئەگوزەرا، هەرچەند ئەو سەردەمە پەیوەست بە خودی کانتەوە سەردەمێکی رۆشنگەر نەبووە (Kant ١٧٨٤, ١٩٩٥).

ئادۆرنۆ جگە لەوەی رەخنەی لە فەلسەفەی کانت هەبوو بە تایبەت تیۆری مۆراڵ، ئاماژەش بە پەلەیی بەرنامەی رۆشنگەریی کانت ئەکات، بە تایبەت دەرچوونی مرۆڤ و خود پەروەردەیی بەسەر ئایندەیدا، بەڵام ئادۆرنۆ بە پێچەوانەوە پێیوایە سەردەمی ئەو جیهان لە دۆخێکی خراپدایە نەک تەنیا لە ئەڵمانیادا، کە هزرینی ئۆتۆنۆم، مرۆڤ بەرەو پێش نابات، بەڵکو ئەو بە تایبەت، زاڵبوونی هەژموونی باڵای سۆسیالیزمی نەتەوەی وەک بەڵگەی بۆچوونەکەی ئەخاتەڕوو، بۆیە چۆن بوارەکانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابووریی ئەکەونە بەر هێزی ئایدۆلۆژی زاڵبوو، بەهەمان شێوە پەروەردەش ئەخرێتە خزمەتی ئەم جۆرە ئایدۆلۆژیایە. واتا لەبری بەرەنگاری و رزگارکردنی مرۆڤ بەرەو هزرینی ئۆتۆنۆم، بەڵکو بە پێچەوانەوە بنەمای ترادیسیۆن و ئایدۆلۆژیی بەرهەم ئەهێنێتەوە. زیاتر لەوەش پەروەردەی سەرمایەداریی هاوچەرخ بەرەنگاری ئەو ئاڵەنگارییە نابێت کە ترادسیۆنی هزرین سەپاندوویەتی، بەڵکو بە شێوەیەکی راستەوخۆ لە ژێر کاریگەریی و رۆشنایی ئەو بارودۆخە دژە هزرییەدایە کە گومان لە پەروەردەی قۆناغەکانی پێشتریش ئەکات.

ئادۆرنۆ لە گفتوگۆکەی لەگەڵ بێکەردا ئەڵێت: «بە راستی ئەبێت لەگەڵ ناسینی ئەو سەختییە زەبەلاحانەدا

دەست پێ بکەین، کە ڕێگری لە تێگەیشتن ئەکەن بەو شێوەیەی، جیهانەکەمان ڕێکئەخرێت» هەروەها «تا ئەو کاتەی ئەمە بەو شێوەیە بمێنێتەوە، کۆمەڵگە بەردەوام ئەبێت لە قاڵبدانی مرۆڤایەتیی لە ڕێگەی ژمارەیەکی بەرفراوانی پێکهاتە و پرۆسەی جیاوازەوە، بەجۆرێک ، کە لە چوارچێوەی هێترۆنۆمس (heteronomous)٦دا ئەژین، هەموو شتێک هەڵدەلوشرێ قبوڵی ئەکەن، بەبێ ئەوەی سروشتی ڕاستەقینەی تەنانەت ئامادەبێت بۆ ئاگاییان» (Theodor Adorno، Hellmut Becker ،١٩٩٩, ٢٩-٣٠)

بۆ بەهێزکردنی هزرینی ئۆتۆنۆم کە تاک ئۆتۆنۆمیانە بهزرێت و لەژێر کاریگەریی ئەقڵی ئامرازیی، هەژمونی باو و ترادیسۆنی پەروەردەی کۆمەڵگەی نیولیبراڵی زاڵبوو ڕزگاری بێت، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای پەروەردەکردنی منداڵ، کە ئەکرێت فەلسەفەی پەروەردەی ئادۆرنۆ ئەو واتایەش بدات کە بەهێزکردنی ڕەهەندە سایکۆلۆژییەکان پەیوەستن بە ئۆتۆنۆمی مۆراڵییەوە، ئەتوانرێت تاڕادەیەک مرۆڤ لەبەرامبەر بەکۆمەڵایەتییکردنی زیانبەخشدا بەرگری پێبکات، ئەمەش بە تایبەت لەسەر بناغەی سایکۆلۆژی، بە ئاڕاستەکردن و برەودان بە مۆراڵی منداڵ لە قۆناغی سەرەتایدا، لێرەوە تاک ئامادەئەکرێت بۆ دەزگا پەروەردەییەکان.

هەر بۆیە پەروەردە بۆ هزرینی ئۆتۆنۆم و گەڕانی سایکۆلۆژی بابەتێکی مێژوویی نییە، بەڵکو پەیوەستە بەشرۆڤەی کەسییەوە، کەواتە بۆ ئەوەی مرۆڤ ئاڕاستە بکرێت بۆ ئۆتۆنۆمی پێویستە «لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە ئامادەبن بۆ چارەی خۆنۆسین (Self-determination)»، کە ئەمەش وائەکات تاک هێزی ڕووبەڕووبوونەوە و ملکەچی و کۆیلەیی بۆ «دەسەڵاتە ترادسیۆن و فاشیزمەکان نەبێت» (Theodor ١٩٦٦, ٣-٥)، هەربۆیە ئادۆرنۆ قۆناغی سەرەتای منداڵی بە گرنگ ئەزانێت. جەختکردنەوەی ئادۆرنۆ بۆ قۆناغی منداڵی «لە دامەزراندنی بنەمای ئەو ئۆتۆنۆمییە کە پێویستە بۆ هزری ڕەخنەیی ڕەخنەگرانە و لێرەوە بۆ مۆراڵ، ئەمەش پێویستی بەناوەکیکردنی (Internalization) دەسەڵات بۆ بوون بە تاکێکی ئۆتۆنۆم» (Huhtala ٢٠١٨, ١٢) هەیە.

ئادۆرنۆ بە بەکارهێنانی تیزی فرۆید، پێداگری لە ناوەکیی کردنی دەسەڵات (فیگەری باوک) ئەکات، کە پێویستییەکی سەرەکییە لە منداڵیدا بۆ ئەوەی ئۆتۆنۆمی تاک گەشە بکات، لە هەمان کاتدا پێداویستییە سایکۆلۆژییەکان بۆ منداڵ دابینبکرێت (T. e. Adorno ١٩٨٣, ١٠٦-١٠٧) چونکە لەم قۆناغەدا ئەتوانرێت تاکی ئۆتۆنۆم پەروەردە بکرێت، ئەمەش پەیوەستە بەو ژینگە تەندروستەی، تیایدا ئەژی لێرەوە کاریگەریی لەسەر ئیگۆ (Ego) ی منداڵ ئەبێت، هەروەها هەستکردن بە بەزەیی منداڵ و گرنگیدان بە مرۆڤانی تر، هەموو ئەمانە کاریگەرییان لە سەر تاکی ئۆتۆنۆم و جۆری هزرینی ئەبێت. لای ئادۆرنۆ هەست و سۆز بەشێکی گرنگ و بناغەین، لە برەودان بەلایەنی ئەپستمۆلۆژی تاک و شێوازی هزرینی، بۆ ئادۆرنۆ «مۆراڵ ئاماژەیە بۆ هێزی دەروون بۆ ڕەتکردنەوە و بەرپەرچدانەوەی نۆرمە باوەکان [...] لە بری ئەوەی سەرنج بخرێتە سەر کارامییەکانی هزرینی ڕەخنەیی، ئەرکی سەرەکیی پەروەردە پشتگیری ئەبێت بۆ گەشەسەندنی مۆراڵی سایکۆلۆژی تاک» (Huhtala ٢٠١٨, ١٢)، کە لە دەرئەنجامدا چێبوونی تێگەیەکە لە «پەروەردە بۆ دژایەتی و بەرخۆدان»، کە ناوەندەکەی فێرکردنی ڕەخنەگرانە و خۆڕاگرییە (T. e. Adorno ١٩٨٣, ١٠٩).

٦- مەبەست لە تێگەی هێترۆنۆمس (heteronomous) مامەڵەکردنە بەپێی ئارەزووەکانی مرۆڤ نەک ئەقڵ یان ئەرکی مۆراڵی.

ئەنجام:

ئەنجامی توێژینەوەکە لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت ئەکەینەوە:

١- رەخنەی پەروەردەیی ئادۆرنۆ زیاتر لە دوو ئاستدا چڕبووە، لەلایەک رەخنەیە لە ئەقڵی ئامرازیی، کە دەرئەنجامەکەی زاڵبوونی مرۆڤە بەسەر سروشتدا و بەکارهێنانی بەویستی خۆی، کە زانست و تەکنەلۆژیا ئامرازی جێبەجێکردننی، لەلایەکی دیکەوە ڕەخنەیە لە رژێمی تۆتالیتار و فاشیست...هتد، کە کۆمەڵکوژیی ئەنجام ئەدەن وەک ئەوەی لە ئاوشڤیتز روویدا.

٢- پەروەرودەی سەرمایەداریی هاوچەرخ پەروەردەیەکی ساختەیە و مانا و کرۆکی پەروەردەیی لە دەستداوە، چونکە ئامانجی سەرەکی ئابووریی و بە بازاڕکردنە، کە ئەمەش (نیوە پەروەردە) یە نەک پەروەردەیەکی تەواو.

٣- سەردەمی رۆشنگەریی گۆڕانکاریی لە زۆربەی بوارە جیاوازەکان بەدوایی خۆیدا هینا، بەتایبەت بواری پەروەردە و زاڵبوونی ئەقڵی ئامرازیی، کە ویرانەی زۆری بۆ مرڤایەتی هێناوەتە ئاراوە، لە فۆڕمی دەسەڵاتی تاکڕەو و بەکارهێنانی سروشت بە ویست و ئارەزووی مرۆڤ.

٤- پەروەردەی ئۆتۆنۆم بۆ ئەمرۆی مرۆڤایەتیی و کۆمەڵگەی کوردیی پێویستە و ئەتوانرێت سوودی لێوەربگیرێت، چونکە ئەم پەروەردەیە بەرپرسیاریەتیی مۆراڵی و هێزی رەخنە و رووبەڕووبوونەوەی تاکڕەوییە.

٥- ئەڵتەرناتیڤی بەهێز بۆ تێپەڕاندنی پەروەردەی سەرمایەداریی هاوچەرخ، کە (نیوە پەروەردە)یە، (BiIldung) پەروەردەیە، کە تاکێکی ئۆتۆنۆم و ڕەخنەگر پەروەردە ئەکات، ئەمەش پێویستی بە هەنگاوی کرداریی و جێبەجێکردنە لەلایەن خێزان و دام و دەزگا پەروەردەییەکانەوە.

٦- تێڕوانینەکانی ئادۆرنۆ جێگەی بایەخن بە تایبەت بۆ تیگەیشتن و سنووردارکردنی کەسی دەسەڵاتخواز، تۆتالیتار و توندڕەو، کە پەروەردەی ئەقڵی ئامرازیین و ئامانجی سەرەکییان دەسکەوتنی زۆرترین سەرمایەیی مادیی و بەرژەوەندییە، بەبێ ئاوڕدانەوە لە وێران بوونی سرووشت و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی، ئەمەش زاڵبوونی سەبژێکتە بەسەر ئۆبژێکتدا و نەمانی باڵانسە لە نێوانیاندا، کە دەرئەنجامەکەی جەنگ و وێرانبوونە.

٧- ئەکرێت بەرپرسانی بواری پەروەردە سوود لە پێداگۆگی رەخنەیی وەرگرن وەک میتۆدێک بۆ رێگریکردن لە تاوان و قڕکردنی مرۆڤ لە فۆرمی ئەنفال و جینۆساید، هتد...، یان ببێتە وانە و ئاگادارکردنەوەیەکی پێشوەختە بۆ مرۆڤایەتیی.

٨- لەژێر رۆشنایی فەلسەفەی پەروەردەی ئادۆرنۆدا و پەروەردەکردنی تاکێکی «ئۆتۆنۆمی رەخنەگر و خۆڕاگر» بۆ ئەمڕۆی کۆمەڵگەی کوردیی پێویستییەکی هەنووکەییە.

# Criticism of contemporary capitalist education and Adorno's educational vision as a strong alternative

**Abstract**:

Although criticism of culture and capitalist society forms a major part of Adorno's work, his educational views and critical pedagogy make an important contribution to the philosophy of contemporary education, As the beginning of critical pedagogy go back to the Frankfurt School, specifically Adorno, the research analyzes Adorno's criticism of contemporary capitalist education and strong alternatives from Adorno's perspective, in different contexts, which is based on two questions, On the one hand, it explains how the instrumental reason and scientific played a role in human domination over nature since the beginning of the Enlightenment, and then criticizes this education how it played a role in the emergence of totalitarian and radical nationalist regimes that are at the forefront of human extermination is explained by the example of the Auschwitz essay, in this center both types of criticism are important for today's education of humanity and the Kurdistan Region, because education in contemporary capitalist society has lost its essence and has become a fake education, half-education (Halbbildung), The main question in the research is what are the strong alternative to pass this education? It is explained in detail, to educate an autonomous and critical individual.

**Keywords: Instrumental Reason, Education, Educational Critique, Autonomous Education**

## سەرچاوەکان:

گێتمان، زیفەرت، ئانیماری (٢٠٠٩) ڕێبەرییەک بۆ ئێستێتیک، وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە کاوە جەلال، سلێمانی: بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

Pauli Siljander, Ari Kivelä, Ari Sutinen . Theories of Bildung and Growth: Connections and Controversies Between Continental Educational Thinking and American Pragmatism. Rotterdam/Boston/Taipei: Sense Publishers، 2012.

Adorno and Horkheimer. Dialectic of Enlaghtement. Sweden: ScandBook AB Falun، 2008.

Adorno. The Authoritarian Personality . London and New York: Harper and Row، 1950.

—. The Stars Down to Earth . London and New York: Taylor & Francis e-Library، 2002.

Adorno Theodor. «Education After Auschwitz.» Radio Interview Published (Radio Interview Published، 1966: 112-.

Apple, Michael W. Education and Power. London and New York: Routledge, 2012.
BONJEAN Dominique. «The Bologna Process and the European Higher Education Area". Education and Training - European Commission. Retrieved.» The Bologna Process and the European، 21 September, 2018 24 March 2020: https://education.ec.europa.eu/education-levels/higher-education/inclusive-and-connected-higher-education/bologna-process.
Carrie Winstanley. «Alluring Ideas: Cherry Picking Policy from Around the World.» Journal of Philosophy of Education, Volume46, Issue4، 2012: 516534-.
Clair Katz. «»Education After Auschwitz: Levinas, Jewish Education, and the Crisis of Humanism».» Jewish Studies، 2 11, 2022: 1.
Daniel K. Cho. «Adorno on Education or, Can Critical Self-Refl ection.» Historical Materialism 17 (2009) (Historical Materialism 17 74–97 )، 2009: 74–97.
David Held. Introduction to Critical Theory Horkheimer to Habermas . Cambridge: Blackwell، 2004.
Deborah Cook. «Staying Alive: Adorno and Habermas on Self-Preservation under Late Capitalism.» A Journal of Economics, Culture & Society، 2006: 433447-, Volume 18, 2006 .
Douglas Yacek. «Dialectics of Education: .» P H I L O S O P H Y O F E D U C A T I O N، 2016: 204213-.
Giorgio Agamben. Remnants of Auschwitz: Th e Witness and the Archive. New York: Zone، 2002.
H Marcuse. The Struggle against Liberalism in the Totalitarian View of the State. Boston: Beacon، 1968.
Hanna-Maija Huhtala. ADORNIAN CRITIQUES OF REASON : AUTONOMY, MORALITY, AND EDUCATION. Kuopio, Finland: University of Eastern Finland، 2018.
Henry Giroux. Critical Theory and Educational Practice: Theory and Practice in Educational Administration. Australia: Deakin University. Victoria, ، 1983.
Horkheimer. Eclipse of Reason. New York.: Seabury Press، 1974.
Immanuel Kant. What is Enlightenment? ( Boston: Houghton Mifflin Company): Marvin Perry, et. al., Sources of the Western Tradition, Volume II ، 1784, 1995.
Itay Snir. Education and Thinking . Switzerland: Cham,Springer، 2020.
Joe L. Kincheloe. Critical Pedagogy Primer. New York: Peter Lang، 2004.
John McDowell. Mind and World: With a New Introducation. Cambridge/ London: Harvard University Press. 1996.
Jürgen Vogt. «The Ghost of a Ghost Critical Music Education and the New Right.» Polarizing Interpretations of Society as a Challenge for Music Education، 2021: 209220-.
Krassimir Stojanov. «THEODOR W. ADORNO - EDYCATION AS SOCIAL CRITIQUE.» Theories of Bildung and Growth، 125134-. Sense Publishers. 2012.

Martin Jay. The Dialectical Imagination. Berkeley • Los Angeles • London: University of California Press، 1996.

Mary Breuing. «Problematizing Critical Pedagogy.» International Journal of Critical Pedagogy, Vol 3 (3، 2011: 223-

Nigel Blake & Jan Masschelein. «Critical theory and critical pedagogy.» Philosophy of Education، The Blackwell Guide to the، 38--56 . Blackwell. 2003.

Peter McLaren. Life in Schools: An Introduction to Critical Pedagogy in the Foundations of Education 6th Edition. London and New York: Routledge. 2016.

Ranier Abengana. «Adorno's critique of Halbbildung: Mapping an emancipatory educational program for critical consciousness.» The PhilPapers Foundation. 2017: 178195-.

Spatscheck Christian. «Theodor W. Adorno on Education.» infed.org: education, community-building and change، 2010: https://infed.org/mobi/theodor-w-adorno-on-education.

Stephen Eric Bronner. Critical Theory: A Very Short Introduction . Oxford New York: Oxford University Press, Inc. ، 2011.

T. W Adorno. Aspects of the New Right-Wing Extremism, translated by Wieland Hoban. UK: Polity: Cambridge20201967/..

T. W Adorno. «The Meaning of Working Through the Past.» In Critical Models. Interventions and Catchwords, translated by H. W. Pickford. . New York: Columbia University Press. German ، 1998103 89- :1959/.

Th eodor W. and Helmut Becker Adorno. «Education for Autonomy .» Telos, 56 (Telos. 1983: 103–10.

Theodor Adorno and Max Horkheimer. «The Culture Industry: Enlightenment as Mass Deception.» Theodor Adorno and Max Horkheimer (1944) The Culture Industry: Enlightenment as Mass Deception، 17 11, 1944: https://www.marxists.org/reference/archive/adorno/1944/culture-industry.htm.

Theodor Adorno. Negative Dialectics. NEW YORK , LONDON: Continuum International Publishing Goup، .2007

Theodor Adorno، Hellmut Becker. «Education for maturity and.» HISTORY OF THE HUMAN SCIENCES Vol. 12 No. 3, (London, Thousand Oaks, CA and New Delhi.1999: 2134-.

Theodor W Adorno. «Theorie der Halbbildung. In A. Busch (Hrsg.), Soziologie und moderne Gesellschaft.» Verhandlungen des 14. Deutschen Soziologentages vom 20. bis 24. Mai 1959 in Berlin (S. 169191-). Stuttgart:، 169191-. Veröffentlichungsversion / Published Version: Ferdinand Enke. https://nbn-resolving.org/urn:nbn:de:0168-ssoar-160841. 1959.

Theodor W. Adorno. Culture Industry Reconsidered. 1963.

https://doi.org/10.54809/jkss.vi2.220

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# ئاستەنگە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی پرۆسەی نەتەوەسازیی لە هەرێمی کوردستان

سمیع صابر صدیق

کۆلێژی زانستە سیاسییەکان - زانکۆی سەلاحەدین

samihsabr9@gmail.com

پ ی د ئەمین فەرەج شەریف

کۆلێژی زانستە سیاسییەکان - زانکۆی سەلاحەدین

aminfaraj75@gmail.com

## پوختە

نەتەوەسازیی پرۆسەی یەکانگیریی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و کەلتووریی تاکەکانی کۆمەڵگەییە لە چوارچێوەی نەتەوەیەکی دیاریکراو، ئەمەش وایکردووە ئەم پرۆسە گشتگیر و فرە رەهەندە رووبەڕووی چەندین ئاستەنگی جۆراوجۆر ببێتەوە. لەم توێژینەوەیەدا، تیشک خراوەتەسەر ئاستەنگە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانیی پرۆسەی نەتەوەسازیی لە هەرێمی کوردستان، بە پشتبەستن بە میتۆدی چۆنیەتی (Qualitative) گەڕانەوە بۆ هەڵوێست و سیاسەتەکانیی نوخبەی فەرمانڕەوا و دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان. بۆیە پرسیاری سەرەکیی بریتییە لە ئایا ئاستەنگە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانیی پرۆسەی نەتەوەسازیی چین لە هەرێمی کوردستان؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە ناوەڕۆکی توێژینەوە باس لە ململانێ حیزبییەکان و شەڕی ناوخۆیی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان ئەکات، هەروەها نەبوونی سیاسەتێکیی گشتگیریی نەتەوەیی و نیشتیمانیی لە پێناو جەستەیەکی یەکگرتوو بۆ نەتەوە هەتا ئەگات بە درووسبوونی دوو ئیدارەیی تەواو جیاواز لە یەکتر، هێزێکی نا نیشتیمانیی و دابەشبوو بە سەر حیزبەکان، هەروەها باس لە نەبوونی زمانی یەکگرتوو و پەیڕەوکردنی سیاسەتیی دوو دیالێکتی (کرمانجی ژووروو و ناوەڕاست) ئەکات، کەلتووری خێڵ و لاوازی کۆمەڵگەیی مەدەنیی بووەتە هۆکاری پەرتەوازەیی نەتەوە، هەروەها زاڵ بوونی زمان و کەلتووریی بیانیی لە ناوەندەکانی خوێندنی تایبەت وەک ئاستەنگی نەتەوەسازیی لە هەرێمی کوردستان ئەکات. دەرئەنجامی ئاستەنگەکان شوناس و کەلتووریی هاوبەش و جەستەی نەتەوە رووبەڕووی دابەشبوون و لەیەکترداترانێکی قوڵی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی کردۆتەوە. بۆیە بە ئامانجی سەرکەوتنی پرۆسەی نەتەوەسازیی لە هەرێمی کوردستان، پێویستە، کوردستان وەک یەکەیەکی سیاسیی یەکگرتوو پارێزگاریی لێ بکرێت دوور لە هەر سیمایەکی دوو ئیدارەیی، هەروەها بە دامەزراوەییکردن و بە نیشتیمانییکردنیی هێزە چەکدارەکان و درووستکردنی زمانی یەکگرتوو (ستاندارد)، لەگەڵ ئەوەشدا ناوەندەکانی خوێندنی تایبەت ناچاربکرێن بە برەودانی زیاتر بە کەلتوور و زمانی کوردییی لە چالاکیی و پرۆگرامەکانیی خوێندنیان.

کلیلە وشەکان: نەتەوەسازیی، ئاستەنگی سیاسیی، ئاستەنگی کۆمەڵایەتیی، دابەشبوونی نەتەوە، یەکانگیریی.

Recieved: 31/10/2022
Accepted: 11/1/2022

E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

# پێشەکیی

نەتەوەسازیی پرۆسەیەکی ئاڵۆز و گرینگی دونیای مۆدێرنە، هەروەها سیاسەتی هەنگاونان و بونیادنانی خاڵی هاوبەش و لە یەکتر نزیککردنەوەی جیاوازییە (ئایینیی و ئیتنیکیی و مەزهەبیی) ەکانی نێوان هاوڵاتیانی یەک کۆمەڵگەیە، لە چوارچێوەی بنەماکانی هاوڵاتیبوون و بە دیموکراسییکردن و شوناسی نیشتیمانیی و یەکانگیریی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و دامەزراوەی نیشتیمانیی، بۆ ئەوەی تاک هەست بە ئەندازەیەکی پێویست بکات لە هاوبەشیکردن و بەرجەستەبوونی ماف و خولیا و ئامانجەکانی. بۆیە دەوڵەتان لە ترسی دابەشبوون و لە یەکتر دابڕانی پێکهاتە جیاجیاکانی نێو کۆمەڵگە و کۆکردنەوەیان لە چوارچێوەی نەتەوەیەکی یەکگرتوو و خاوەن شوناسی هاوبەش، سیاسەتیی نەتەوەسازیی پەیڕەو ئەکەن، بەڵام لە پرۆسەی نەتەوەسازیی دا هەر دەوڵەتێک ڕووبەڕووی ئاستەنگی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی جۆراوجۆر ئەبێتەوە.

لەم چوارچێوەیە دا، هەرێمی کوردستان وەک هەرێمێکی فیدراڵی دانپیانراو، خاوەنی کۆمەڵگەییەکی فرەیی لە ئایین و نەتەوە، هەروەها کۆمەڵگەییەکی دابەشبوو بە سەر چەندین ئینتیمایی لاوەکیی حیزبیی و خێڵەکیی. ئەم دابەشبوونە هەرێمی کوردستان ناچار بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی نەتەوەسازیی ئەکات، لەپێناو ئاوێزانکردنی جیاوازییەکانی کۆمەڵگە، لە چوارچێوەیی نەتەوەیەکی یەکگرتوو و خاوەن شوناسی هاوبەش، لە ڕێگەی بەرجەستەکردنی مافەکانی تاک و، ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ئاستەنگیە سیاسییی و کۆمەڵایەتییانەی کە پرۆسەی نەتەوەسازیی دواخستووە.

گرنگی توێژینەوە ڕوونکردنەوەی چەمک و تیۆرەکانی نەتەوەسازییە وەکوو پرۆسەی گواستنەوە لە شوناسی لاوەکیی و لۆکاڵیی بۆ بونیادنانی شوناسی گشتگیریی نەتەوەیی و نیشتمانیی، هەروەها تیشک خستنەسەر ئەو ئاستەنگە سیاسیی کۆمەڵایەتییەکانە کە بەربەستن لە بەردەم پرۆسەی نەتەوەسازیی لە هەرێمی کوردستان.

ئامانج لەم توێژینەوەیە ڕوونکردنەوە و تیشک خستنەسەر ئاستەنگە سیاسیی کۆمەڵایەتییەکانی پرۆسەی نەتەوەسازییە لە هەرێمی کوردستان.

پرسیاری سەرەکی توێژینەوە لە وەدا خۆیی ئەنوێنێت، ئەو ئاستەنگە سیاسیی و کۆمەڵایەتیانە چین کە ڕووبەڕووی پرۆسەی نەتەوەسازیی بوونەتەوە لە هەرێمی کوردستان؟

ئەم توێژینەوەیە گریمانەی ئەوە ئەکات، ململانێی قوڵی حیزب بە گشتیی و حیزبە فەرمانڕەواکانی هەرێمی کوردستان بە تایبەتیی، درووستبوونی دوو ئیدارەیی و دابەشبوونی نەتەوە لە نێوان هەولێر و سلێمانی، کاریگەریی ڕاستەوخۆی جێهێشتووە بە سەر نەتەوە و نەتەوەسازیی لە هەرێمی کوردستان، بە جۆرێک ئەم کاریگەرییە تەنها لە ڕەهەندە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکەی نەوەستاوە، بەڵکو ڕەهەندەکانی تریشی گرتۆتەوە. بۆیە گریمانەی ئەوە ئەکەین، سیاسەتی نوخبەی فەرمانڕەوا لە نێو حیزبە فەرمانڕەواکان، سەرچاوەی ئاستەنگە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی پرۆسەی نەتەوەسازیی بن لە هەرێمی کوردستان.

میتۆدی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیە دا، میتۆدی چۆنیەتیی (Qualitative)یە، ئەویش بە پشتبەستن بە شیکاریی بۆ هەڵوێست و سیاسەتەکانی نوخبەی فەرمانڕەوا و دامەزراوەکان لە هەرێمی کوردستان لە بارەی ئەو ئاستەنگانەی خراونەتەڕوو لەم توێژینەوەیە دا، لەگەڵ بەکارهێنانی چەندین داتا و زانیاریی، کە بەشی زۆری ئەو داتایانە لە دەستی دووەوە وەرگیراون. دواتر بەرمەبنای هەڵوێست و سیاسەتەکان و داتاکان بەمەبەستی

شیکردنەوەی واقیعی پرۆسەی نەتەوەسازیی لە هەرێمی کوردستان، میتۆدی لێکۆڵینەوەی دۆخ (منهج دراسة حالة) بەکارهاتووە.

## ناوەڕۆکی توێژینەوە:

ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەش پێکدێت. بەشی یەکەم وەک چوارچێوەیەکی تیۆری باس لە هەردوو تیۆری ئەرنست گێلنەر و ئەنتۆنی دی سمیس ئەکات. بەشی دووەم و سێیەم چوارچێوەی پراکتیکی توێژینەوەکەیە. بەشی دووەم ئاستەنگە سیاسییەکانی نەتەوەسازیی ئەخاتەڕوو، کە سێ باس لە خۆدەگرێت، باسی یەکەم باس لە نەبوونی دەوڵەت ئەکات وەک ئاستەنگ و هەڕەشە بە سەر نەتەوە و دابەشبوونی نەتەوە. باسی دووەم باس لە هێزە چەکدارەکان کە چ کاریگەرییەکیان هەیە بە سەر دابەشبوونی نەتەوە. باسی سێیەم باس لە بوونی دوو ئیدارەیی ئەکات. بەشی سێیەمیش ئاستەنگە کۆمەڵایەتییەکانی نەتەوەسازیی ئەخاتەڕوو، کە چوار باس لەخۆئەگرێت، باسی یەکەم باس لە ناوەندەکانی خوێندنی تایبەت و دابەشبوونی نەتەوە ئەکات، باسی دووەم زانکۆ دابەشبوونی نەتەوە، باسی سێیەم، نەبوونی زمانی یەکگرتوو و دابەشبوونی نەتەوە، باسی چوارەم کەلتووریی خێڵ و دابەشبوونی نەتەوە.

توێژینەوەکانی پێشوو:

١- توێژینەوەی سەنگەر عثمان ابراهیم و علی محمود جوکیل و گوڵبەهار بیکت، بە ناونیشانی (The impact of the Kurdish Language on the Components of Nation Building and the Impact of the Components of the Nation Building on the Kurdish Language)، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، بەرگی٢٤، ژمارە (٤)، ٢٠٢٠. میتۆدی بەرکارهاتوو لەم توێژینەوەیە میتۆدی تێکەڵ (Mixed Method) یە، واتە هەم لە ڕێگەی ڕاپرسیی بۆچوونی قوتابیانی بەشی زمانی کوردیی و ئینگلیزی کۆلیژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین وەرگیراوە، فەروەها سوود لە میتۆدی چەندێتیی وەرگیراوە، بۆ شیکارکردنی داتاکان. ناوەڕۆکی توێژینەوەکە باس لە کاریگەریی زمانی کوردیی ئەکات لە سەر ئایین و میدیا و ئابووریی و پەروەردە، دواجار زمانی کوردیی چ کاریگەرییەکی هەیە لە سەر نەتەوەسازیی. دەرئەنجام توێژەران بەوە گەیشتون، زمانی کوردیی کاریگەریی هەیە لە سەر بنەماکانی نەتەوەسازیی و هەروەها بنەماکانی نەتەوەسازییش کاریگەرییان هەیە بە سەر زمانی کوردیی، وەکوو وشە بێگانەگانی تایبەت بە پەروەردە و ئابووریی و ڕاگەیاندن.

٢- ماستەرنامەی ایدر لیازید، المعوقات بناء الدولة الوطنية في العراق لفترة ما بعدة الغزو الانجلو امريكي ٢٠٠٣-٢٠١٤، رسالة ماجستير غير منشور، كلية الحقوق وقسم العلوم السياسية، جامعة مولود معمري- تيزي وزو، تيزي وزو، ٢٠١٥. بە بەکارهێنانی میتۆدی لێکۆڵینەوەی دۆخ (منهج دراسة حالة) توێژەر ئەو ئاستەنگانە دیاریئەکات کە ڕووبەڕووی دەوڵەتسازیی بوونەتەوە لە عێراق، وەکوو زاڵبوون و بە پیرۆزدانانی شوناسی تائیفیی و لاوەکیی، کە دواجار ئەم شوناسە چ کاریگەرییەکی هەیە لە ململانێ تائیفییەکان و هەڵوەشاندنەوە و نەهێشتنی سیستەمی ئابووریی کۆمەڵایەتیی لە عێراق. لە بەشێکی تر توێژینەوەکە باس لە ململانێ هەرێمیی و نێودەوڵەتییەکان ئەکات وەک بەربەستێک بۆ دەوڵەتسازیی لە عێراق. هەروەها باس لە سەرهەڵدان و درووستبوونی داعش ئەکات کە چ کاریگەرییەکی نەرێنی هەبووە لە درووست نەبوونی دەوڵەتێکی نیشتیمانیی لە عێراق. لە کۆتاییدا توێژەر بەوە ئەنجامە ئەگات، کە گەندەڵیی سیاسیی لە کۆمەڵگەیی عێراقی بۆتە هۆکاری ئەوەی

ئینتیمایی هاوڵاتی لە ئینتیمای بۆ نیشتیمان بگوازێتەوە بۆ ئینتیما بۆ خێڵ و عەشیرەت، ئەمەش بۆتە هۆکاری بەهێزی تائیفیەت لە عێراق.

٣- توێژینەوەی هەورامان فەریق کەریم بە ناونیشانی (سیاسەت و نەتەوەسازیی لە هەرێمی کوردستان) هەشتەمین کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتیی (Reform and Political Change ) زانکۆی گەشەپێدانی مرۆی، سلێمانی، ٢٠٢١. توێژەر لە رێگەی میتۆدی مێژووی شیکاری، توێژینەوەکەی ئەیخاتەڕوو باس لە پێوەندیی نێوان چەمکی نەتەوەسازیی بە چەمکەکانی نەتەوە و ناسیۆنالیزم و کۆلۆنیالیزم دەوڵەتسازیی ئەکات. دواتر باس لە پرۆسەی نەتەوەسازیی ئەکات وەک پرۆسەی یەکگرتوویی و یەکپارچەیی و هۆشیارکردنەوەی خەڵکی نیشتیمانێک لەژێر ناوی نەتەوەیەک دا، ئەوەی بەو ئەرکە هەڵئەستێت دەوڵەت و حوکومەت و دامەزراوەکانییەتی. دواتر لە دەرئەنجام ئەوە ئەخاتەڕوو، ئەگەرچیی دەرفەتی بوون بە دەوڵەت بۆ هەرێمی کوردستان نەڕەخسا، بەڵام ئەکرا حوکومەت و دەستەبژێری هەرێم هەنگاوەکانی نەتەوەسازییان جێبەجێکردبایە، بەڵام حوکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی هەرێم بەربەستی گەورەیان لە بەردەم پرۆسەی نەتەوەسازیی درووستکرد.

## بەشی یەکەم: تیۆرەکانی نەتەوەسازیی١*.

لەم بەشە دا وەک چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە هەردوو تیۆری ئەرنست گێلنەر و ئەنتۆنی دی سمیس خراوەتەڕوو.

١-١ تیۆری ئەرنست گێلنەر (Ernest Gellner’s Theory )٢*.

بەلای گێلنەر ەوە، نەتەوە رووداوە نەک پێویستییەکی گەردوونیی بێ، نە دەوڵەت و نە نەتەوە بابەتێک نین، لە هەموو کات و هەلومەرجێک بوونیان هەبێت، واتە نەتەوە و دەوڵەت روودان لە مێژوودا دەرئەکەون، یەکتری تەواو ئەکەن. سەرەتا ناسیۆنالیزم سەرهەڵدەدا، دواتر ناسیۆنالیزم هەنگاو بۆ درووستکردنی دەوڵەت ئەنێت، لە کۆتاییدا دەوڵەت و ناسیۆنالیزم بەیەکەوە، دەست بۆ پرۆسەی نەتەوە و نەتەوەسازیی ئەبەن، دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی درووست ئەکەن، بێگومان لەگەڵ بوونی کەلتوور و ئینتیمایی هاوبەشی هاوڵاتییان (حاجی، ٢٠١٨، ل ٣٥).

گێلنەر لە کتێبی (الأمم والقومية). جەخت لە گرنگیی دەوڵەت ئەکاتەوە، لە پرۆسەی نەتەوەسازیی دا، چونکە دەوڵەت، تایبەتمەند و پێداگرە لە سەر سەپاندنی سیستەم، هەروەها دەوڵەت کۆمەڵێک دامەزراوە یاخود تۆڕێکە لە دامەزراوەکان، کاریان پاراستنی سیستەمە، بۆیە لە هەر شوێنێک دامەزراوەی تایبەتمەند بوونی هەبێت، وەکوو هێزەکانی پۆلیس و دادگاکان، دامەزراوەکانی تر، دەوڵەتیش بوونی هەیە. بڕوای وایە «ئەگەر دەوڵەت

١-* نەتەوەسازیی وەک چەمک مانایەکی فراوانتر و قوڵتری هەیە لە نەتەوە بە مانا کلاسیکەکەی، چونکە. **یەکەم**: لە لایەک نەتەوەسازیی گوزارشتە لە پرۆسەی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتیی سیاسیی (**Sociopolitical**)، هەروەها درووستکردن و ئامێزانکردنی کۆمەڵگە، لە پێناو پەیوەندیەکی پتەو لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە، بۆ ئەم مەبەستە ئەکرێت چەندین ئامراز بەکاربهێندرێت، وەکو یەکانگیریی (**Integration**)ی ئابوریی و کەلتووریی، بە ناوەندکردنی سیاسییەت، بە دیموکراتیزەکردن و مافی هاوڵاتیبوون و بەرژەوەندی هاوبەش. **دووەم**: لە لایەکی تر، گوزارشتە لە ئامانجێکی سیاسیی، یاخود ستراتیجیەتێکە بۆ گەیشتن بە چەند ئامانجێکی سیاسیی. بۆیە ئەکتەرەکان چ لە ناوخۆ یاخود دەرەوە، هەوڵی گەیشتن دەدەن بەم ئامانجە سیاسیی و کۆمەڵایەتییە، لە چوارچێوەی سنوری دەوڵەتێک یاخود کیانێکیی سیاسیی دیاریکراو (Hippler, 2005, p p6-7). هەروەها چەمکی نەتەوەسازیی هاوتایی چەمکەکانی دەوڵەتسازیی، بە مۆدێرنیزەکردن، گەشەسەندنی سیاسیی، بونیادنانی ئاشتی دوای جەنگ، بەکاردێت(Bhat, 2021, p2). نەتەوەسازیی گوزراشتە لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی (نیشتمان)یی، لە نێوان گرووپە جیاجیاکانی کۆمەڵگە، بە چاو پۆشین لە جیاوازییە مەزهەبی و ئاینی ئیتنیکیەکان، لە سەر بنەمای چەمکی هاوڵاتیبوون (**Citizenship**). گواستنەوەی ئینتیما (ولاء)یی تاک لە گروپەوە بۆ نیشتیمان و دەوڵەت(اليازيد، ٢٠١٥، ص١٨).

٢-* ئەم تیۆرە بە ناوی نوسەرەکەی نراوە، ئەویش بیرمەندی چیکی بەریتانی ئەرنست گێلنەرە (١٩٢٥ - ١٩٩٥). گێلنەر لە کتێبە ناودارەکەی (ألامم والقومية) کە لە (١٩٨٣) بڵاوی ئەکاتەوە، دونیابینی خۆی لە بارەی چۆنیەتیی درووستبوونی نەتەوە ئەخاتەڕوو. بۆ گێلنەر نەتەوە بەرهەمی گۆڕانە ئابورییەکانی شۆڕشی پیشەسازیی و سیستەمی پەروەردەیی و زمانی ستاندارد و کەلتووریی یەکگرتوو و دەوڵەتێکی ناوەندییە (عەلی، ٢٠١٣، ل ل ٩٦-٩٧).

بوونی نەبێت، ئەو کاتە مرۆڤ ناتوانێت پرسیار لەوە بکات بۆچی سنورەکانی لەگەڵ سنوری نەتەوەکەی دا یەکناگرێتەوە» (غیلنر، ١٩٩٩، ص ٢٠).

لەگەڵ ئەوەی کە دەوڵەت، رۆڵێکی گرنگی هەیە، لە نەتەوەسازیی، بەڵام دەوڵەت و نەتەوە چارەنوسییان بە یەکەوە گرێدراوە، هەر یەکێکیان بەستراوەتەوە بە ئەوی تر، هەر یەکێکیان بەبێ ئەوی تر، شتێکی ناتەواوەو و کارەساتی لێ ئەکەوێتەوە. لەگەڵ داننان بەو ڕاستیەش، کە لە هەندێک کات دا. دەوڵەت بەبێ یارمەتیی نەتەوە بوونی هەبووە، هەروەها نەتەوەش بوونی هەیە، بەبێ یارمەتی دەوڵەت، بە مانا یەکی تر، نەتەوە و دەوڵەت، بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە مێژوودا دەرئەکەون. بەڵام بۆ ناسیۆنالیستەکان، دەوڵەت و نەتەوە لە یەکتر جیاناکرێنەوە (هۆبزباوم و ئەوانی تر، ٢٠٠٤، ل٧٥).

بێ گومان، دەوڵەت یەکەیەکی سەرەکییە لە سیستەمی نێودەوڵەتیی و دونیای سیاسیی دا، یاخود دەوڵەتسالاری سیمای سەرەکی ئەم سیستەمەیە کە سیستەمی نێودەوڵەتیی بەڕێوەدەبات. بەڵام لەگەڵ دەوڵەت، یەکەی سیاسیی تریش لە کۆمەڵگەیی نێودەوڵەتیی دا دانپێنراوە، کە خاوەنی سیاسەت و پلانی تایبەت بە خۆیانن لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانییان دا، وەک هەرێمەکان لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵی دا، لە ڕێگەی دەستور دانیان پێنراوە، ماف و ئەرکەکانیان دیاری ئەکرێت.

بۆ گێلنەر کەلتوورەکان لە ڕووەکەکان ئەچن، وەکوو ڕووەکی کێویی و ڕووەکی چێندراو، ڕووەکە کێوییەکە هەڕەمەکیە و لە خۆوە بەرهەم دێت، خۆی خۆی بەرهەم دێنێت، بە مانایەکی تر کەلتوور لەم جۆرە کۆمەڵگەییە، لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە، دوور لە هۆشیاری و چاودێریکردنی دامەزراوەکان. بەڵام لە کەلتووریی چێندراو یاخود کلتووریی باغچەیی (ثقافة الحدائق) کەلتوور درووست ئەکرێت و بونیاد دەنرێت، لە ڕێگەی نوسین و خوێندن و پەروەردە و کەسانی پسپۆڕ، واتە ئەم کەلتووره بونیاد نراوە، لە سەر بنەمای هۆشیاری، هەروەها بەرنامە و سیاسەتی بۆ دادەڕێژرێت (غیلنر، ١٩٩٩، ص١٠٠).

بیرمەندە بەریتانیاییەکە بڕوای وایە، پێویستیمان بە کەلتوورێکی درووستکراوە، کە جیاوازبێت لە کەلتووره لاوەکیی و میللیەکانی تری کۆمەڵگە، ئەم کەلتووره چۆن بەرهەم دێت؟ چۆن درووست ئەبێت؟ چۆن بڵاوئەبێتەوە بە کۆی سنورەکانی نەتەوە و یەکەکە سیاسییەکە دا؟ بکەری سەرەکیی لە درووستکردنی ئەم کەلتووره گشتگیر و سەراپاگیرە، ئەرکی دەوڵەتە وەک یەکەیەکی سیاسیی، لە ڕێگەی دامەزراوەکان بە گشتیی و دامەزراوە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەتیی، ئەم کارە بەجێ بهێنێت (مستەفا، ٢٠١٨، ل٣٠٧).

ئەم کۆمەڵگەییە خاوەنی فێرکردنێکی ناوەندیی (Central) سەراپاگیر و هاوبەش و ناچارییە، لە ڕێگەی ناوەندەکانی وەک (قوتابخانە و زانکۆکان)، تا لەو ڕێگەیەوە کلتووری هاوبەشی هەماهەنگ درووستبکرێت. ئەم پرۆسەی ڕاهێنان و فێرکردنە، تاکەکانی کۆمەڵگە وا لێ ئەکات، ببنە خاوەنی کەلتوورێکی چۆنیەکی هاوبەش، کە لە ڕێگەی پەروەردە بەرهەمهاتووە. بە ئامانجی ئەوەی یەکەی کلتووریی لەگەڵ یەکەی سیاسیی هەماهەنگ بێت. بەلای گێلنەرەوە نەتەوە بەرهەمی ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتییە، بە مەبەستی یەکخستنی ناوخۆیی (Internalized) قوڵ، لە پێناوی درووستکردنی کەلتوورێکی باڵا، کە وەستاوە لە سەر پەروەردە و فێرکردن، لە چوارچێوەی دەوڵەت (غیلنر، ١٩٩٩، ص٩٧).

هەروەها سوپای یەکگرتوو یەکێکی ترە لەو فاکتەرە کاریگەرانەی بەشدارە لە بونیادنانی کلتووریی یەکگرتوو و درووستبوونی نەتەوە دا. بۆ ئەم مەبەستە گێلنەر ئاماژە بەوە ئەکات، سوپای مۆدێرن سەربازەکانی پابەند

ئـەکات بـە راهێنانـی گشـتیی و هاوبـەش، هەروەهـا دروشـمو لێهاتـووی هاوبـەش و گشـتگیر، بـە ئامانجـی گەیشـتن و بـە دەسـتهێنانی هەسـتی هاوبـەش و کەلتووریـی هابـەش (غیلـنر، ١٩٩٩، ل٦٢-٦٣). چونکـە هەمـوو تاکێکـی کۆمەڵگـە، کاتێـک ئەچێتـە نێـو سیسـتەمی راهێنانـی سـوپاوە، فێـری یـەک جـۆر لـە بەهـا و کەلتـوور ئەبێـت.

## ٢-١ تیۆری ئەنتۆنی دی سمیس (Theory’s Anthony D. Smith)٣*.

بـە پێچەوانـەی گێلنـەر، سـمیس بـڕوای وایـە لەگـەڵ دەوڵـەت هەرێمـە فیدراڵیەکانیـش وەک یەکەیەکـی سیاسـیی مافـی ئەوەیـان هەیـە، هەنـگاو بـۆ بـوون بـە نەتـەوە و نەتەوەسـازیی ببـەن. بۆیـە لـە کتێبـی (نەتەوەخـوازی) دا دەڵێـت «هەندێـک لـە نەتەوەخـوازەکان ناچاربـوون بـە کەمتر لـە دەوڵـەت رازیـی بـن. بۆیـە ئۆتۆنۆمـی سـنوردار خـۆی لـە خـۆی دا جـۆر و ئەنـدازەی جیـاواز ئەگرێتـەوە، لەوانـە خۆبەڕێوەبردنـی کەلتووریـی، ئایینیـی، هەروەهـا خۆبەڕێوەبردنـی یاسـایی، سـەربەخۆی ئابووریـی، خۆبەڕێوەبردنـی سیاسـیی، لـە چوارچێـوەی دەوڵەتێکـدا، بۆیـە پێویسـتە ئۆتۆنۆمیـی لـە سـەروەریی دەوڵـەت جیـا بکەینـەوە» (دی سـمیس، ٢٠٠٤، ل٣٧).

ئـەم بیرمەنـدە ، جەخـت لـە سـەر رۆڵـی دامـەزراوەکان ئـەکات بۆ نەتەوەسازیی، داوای ئـەوە ئـەکات، دامەزراوەکانـی نێـو یەکـە سیاسـییەکان یەکبخرێـن، لـە پێنـاو ئـەوەی توانـای ئەوەیـان هەبێـت، چینەکانـی تـر لـە هـەر ئاسـتێک دابـن یەکبخـات، وە بتوانێـت کەلتوورێکـی هاوبـەش و یەکگرتـوو بڵاوبکاتـەوە لـە نێـو کۆمەڵگـە دا. ئامـاژە بـەوە ئەکاتـن ئـەم سیاسـەتە سـەرکەوتوو بـوو، لـە وڵاتانـی رۆژئـاوای ئەوروپـا، وەکـوو ئینگلتـەرا، فەڕەنسـا، سـوێد، ئیسـپانیا، واتـە لـەم وڵاتانـە دامـەزراوەکان بـە ئەرکـی نەتەوەسـازیی هەڵسـاون (اوزکیریمـلي، ٢٠١٣، ص٢٧١).

سـمیس بـاس لـە گرنگـی ئیتنـۆ سـیمبولیزم (Ethno-Symbolism)٤* ئـەکات، بـۆ بونیادنانـی یەکـە سیاسـییەکان و دواتر هەنگاونـان بـۆ نەتەوەسـازیی و پێکهێنانـی نەتـەوە. بـۆ سـمیس ئیتنـۆ سـیمبولیزم بنەمـای دروسـتبوون و بونیادنانـی بەشـێک لـە نەتەوەکانـە، چونکـە ئیتنـۆ سـیمبولیزم پێـش نەتـەوەکان بوونـی هەبـووە. ئیتنـۆ سـیمبولیزمەکان لـە رێگـەی گرتنەبـەری چەندیـن فاکتـەری سیاسـیی و کەلتووریـی، هەنگاویـان نـاوە بـۆ نەتەوەسـازیی. بـۆ نموونـە بونیادنانـی وڵاتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا، سـەرەتا کۆچبـەرە ئەنگلۆسەکسـۆنیە پرۆتسـتانتییە سـپی پێسـتەکان، وەک گروپێکـی ئیتنـۆ سـیمبولیزم بونیادیاننـا، دواتـر لـە رێگـەی بڕیـارە سیاسـیی و ئابووریـی و کۆمەڵایەتیـی، بـۆ یەکانگیرکردنـی گروپـەکان، هەنـگاو بـۆ نەتەوەسـازیی نـرا، نەتـەوەی ئەمریکـی هاتـە کایـەوە (دي سـمیس، ٢٠١٤، ص٢٠٩).

رێگـەدان بـە هەرێمـەکان بـۆ دروسـتکردنی نەتـەوە و نەتەوەسـازیی، لـە لایـەک پێوەندیـی بـە دونیابینـی سـمیس خۆیـەوە هەیـە، چونکـە ئـەو بـڕوای وایـە، بنەمـای نەتـەوە ریشـەکەی لـە مێـژووی کـۆن دایـە، ئەویـش گروپەکانـی ئیتنـۆ سـیمبولیزمن، کـە چەندیـن گروپـی لـەم شـێوەیە لـە هەرێمـەکان دا بوونیـان هەیـە. لـە لایەکـی تریـش پێوەندیی بـە گۆڕانکاریـی لـە سیسـتەمی نێودەوڵەتیـی هەیـە، کـە دەوڵـەت تاکـە یەکـەی سـەرەکیی نییـە، بەڵکـو یەکـەی تریـش بوونـی هەیـە، خاوەنـی سیاسـەت و سـتراتیجیەتی خۆیانـن، وەکـوو هەرێمـەکان.

٣* ئـەم تیـۆرە بەنـاوی نوسـەرەکەی نـراوە، ئەویـش بیرمەنـدی بەریتانـی (ئەنتۆنـی دی سـمیس)ە (١٩٣٩ - ٢٠١٦) ، ئـەم تیـۆرە بـڕوای وایـە، نەتـەوە بابەتێکـی نوێیـە مێژووەکەیـی بـۆ سـەردەمی مۆدێرنـە دەگەڕێتـەوە، بـەڵام ئـەوەی ئـەم تیـۆرە جیـا دەکاتـەوە لـە تیۆرەکانـی تـر، بنەمـای دروسـتبوونی نەتەوەیـە، بـە گوێـرەی ئـەم تیـۆرە، بنەمـای دروسـتبوونی هـەر نەتەوەیـەک ئیتنـۆ سـیمبۆلیزمە، بـە مانایەکـی تـر بنەمـای هـەر نەتەوەیـەک گروپـی ئیتنیکـی و سـیمبولەکانیەتی وەکـو بەهـاکان، یادەوریـەکان، ئەفسـانەکان. (اوزکیریمـلي، ٢٠١٣، ص ٢٥٧)

٤- * ئـەم پارادایمـە جەخـت لـە سـەر لایەنـە خـود (Subjective) ییەکانـی وەکـو (یـادەوەری و بەهـا و ویـژدان و ئەفسـانە و سـیمبول) دەکات، لـە مانـەوە و بەردەوامـی کۆمەڵگـە ئیتنییـەکان و پێکهێنانـی نەتـەوە و نەتەوەخـوازی دا. (دی سـمیس، ٢٠١٤ ، ل٧٤ ).

بۆ ئیتنۆ سیمبولیزمەکان، بە تەنیا رەهەند و فاکتەرە مادديیەکان، بەشدار نین لە پرۆسەی نەتەوەسازیی دا. بەڵکو سیمبولەکانییش وەک رەهەندێک بەشدارن لەم پرۆسەیە، بە مانایەکی تر فاکتەرە خودییەکانییش کاریگەریی کارایان هەیە.

بە بۆچوونی سمیس، بزوتنەوە ناسیۆنالیستەکان لە سەر دوو ئاست کار بۆ سەرخستنی نەتەوەسازیی ئەکەن. یەکەم: ئاستی سیاسیی. لەم ئاستە دا کاری بزوتنەوەکە پەیوەستە بە دەوڵەت و بابەتی سەروەری دەوڵەت و دامودەزگاکانی. دووەم: ئاستی کەلتووریی. لەم ئاستەش دا، کاری بزوتنەوەکە پەیوەستە بە دیاریکردن و نوێکردنەوەی و گرنگی دان بە سیمبولەکان، یادەوەریەکان، ئەفسانەکان. بۆیە کارکردن لە سەر هەردوو ئاستەکە، دەتوانێت ئامانجکە بەرجەستە بکەن، کە نەتەوەسازییە (دي سميس، ٢٠١٤، ص٥٤).

سیمبولە هاوبەشەکانی وەکوو ، ئاڵای دەوڵەت، سروده نیشتیمانییەکان، پشووە نیشتیمانییەکان، بەها هاوبەشەکان. هەموو ئەو سیمبولانە بە گوێرەی کات ماناکانییان رووبەڕووی گۆڕانکاری دەبنەوە، بەڵام گرنگیان بە جێگیری دەمێنێتەوە. ئەو سیمبولانە رۆڵی گرنگیان هەیە، لە بونیادنان و فەرزکردنی کەلتووریی گشتگیر، هەروەها درووستکردن و بەهێزکردنی پێوەندییە نێوخۆییەکان لە کۆمەڵگە دا، لەگەڵ گەشەپێدان بە هەستی تاک بە شوناسی نەتەوەیی (نیشتیمان)یی (دي سميس، ٢٠١٤، ص٥٧). سیمبولەکان پێویستن بۆ یەکخستنی هەستی نەوە یەک لە دوای یەکەکان، بۆ بوونی کەلتوورێکی دیاریکراو و هاوبەش بۆ دانیشتوان، بۆ ئەوەی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە بەشداربن، لە یادەوەرییەکان و ئەو ڕووداوانەی لە رابردوو ڕوویداوە، بۆ ئەوەی هەست بەوە بکەن چارەنوسیان بەستراوەتەوە بە یەکتر (D. Smith, ١٩٩١, p٢٥).

سمیس باس لە گرنگی سیمبول ئەکات، لە پێکهێنانی بونیادی کۆمەڵایەتیی (Social Structure) کۆمەڵگە لە لایەک، لە لایەکی تر، گرنگی سیمبول وەک رەگەزێک بۆ شیکردنەوە و تێگەیشتن لە نەتەوەکان. هەروەها گرنگی لە درووستکردنی پێوەندیی لە نێوان چینەکان و گروپەکان لەگەڵ دامەزراوەکان، بەرهەمهێنانی هۆشیاری هاوبەش و یادەوەریی هاوبەش (دي سميس، ٢٠١٤، ص٥٦). بۆیە هەر کۆمەڵگەییەک، نەتەوەیەک، دەوڵەتێک، خاوەنی دوو جۆر لە سەرمایە و بەهایە، بریتیین لە بەها مادديی و نامادديی (مەعنەوی)ەکان. سیمبولەکان وەک سەرمایە و بەهای نامادديی، پێگەیەکی گرنگیان هەیە، لە ژیانی نەتەوەکان، چونکە سیمبول گرێدراوە بە رەهەندی بووناسانە (Ontology)ی نەتەوەکانەوە. بۆیە دەوڵەت و یەکە سیاسییەکان بە گشتیی، سیمبولەکان بە کاردێنن، بە ئامانجی یەکخستنی گروپ و پێکهاتەکانی کۆمەڵگە، بونیادنانی شوناسی یەکگرتوو، هەستی بەرگریی و خۆڕاگریی، لە دەستکەوت و بەها هاوبەشەکان. بۆیە سیمبول بە فاکتەر و رەگەزێکی گرنگی نەتەوەسازییە.

بۆ سمیس، زمان ئامرازی دەربڕین و بە نەتەوەبوونی نەتەوەیە. نەتەوە بۆ ئەوەی نەتەوەیی بوونی خۆی بخاتەڕوو، هەروەها شوناسی بوونی خۆی بەیان بکات. لە رێگەی زمانەوە، مامەڵەکردنێکی گشتگیر و کۆییانە لەگەڵ کۆمەڵە رەمزێک ئەکات، شایەتی لە سەر بوونی خۆی دەدات خۆی وەک نەتەوە دەبینێتەوە. ئەندامانی هەست بەوە ئەکەن لە نێو نەتەوە دا ئامادەییان هەیە، بەشێکن لەو پێکهاتەیەی کە نەتەوە هەیەتی. ئەمەش نەتەوە بە هێز ئەکات و بەردەوامی پێ دەبەخشێت (مستەفا، ٢٠١٨، ل ل ٣٥٧-٣٥٨).

بۆ بەیەکەوە گرێدانی رابردوو بە ئێستا، درووستکردنی پێوەندیی لە نێوان گروپە کەلتوورییەکان، پاراستنی ئەو پێوەندییە لە داهاتوو دا، بۆیە لە پاڵ سیمبولەکانی تری وەکوو نەریت و پیرۆزییەکان و یادەوەرییەکان، زمان بەشدارە و کاریگەریی خۆی دەنوێنێت لە پاراستنی ئەو پێوەندییە دا. بە مانایەکی تر زمان هۆکارە بۆ گرێدانی

ئەو میراتەی لە رابردوو دا بوونی هەبووە بە ئێستا، چونکە بەبێ زمان ئەو میراتە نە توانای مانەوەی هەیە، نە توانای گواستنەوەی هەیە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر (دي سميس، ٢٠١٨، ص ٧٥).

بۆ ئیتنۆسیمبولیستەکان نەتەوەکان لە مەودایەکی زەمەنی درێژ دا، لە رێگەی شیکردنەوەی ناسنامە کەلتوورییە بە کۆمەڵەکان دەناسرێنەوە. بەڵام پێوەندیی رابردوو بە ئێستا پێوەندییەکی یەک لایەن و سەرپێی نییە، بەڵکو چەندین جۆری پێوەندیی هەیە، بە گوێرەی بارودۆخی دەرەکی و سامانی کۆمەڵگەکە. ئەکرێت سێ جۆر لە پێوەندیی دەستنیشان بکەین وەکوو بەردەوامی کەلتووریی (Continuity Cultural)، سەرهەڵدانەوە (Recurrence)، دارِشتنەوە (Reinterpretation). بەردەوامی کەلتوور ئاماژەیە بۆ زمان و کۆدەکانی زمان، کە بەردەوامی بە کۆمەڵگە دەدات (دی سمیس، ٢٠٠٤، ل١٠٤).

زمان دوو رەهەندی دژ بەیەک لە خۆدەگرێت، یاخود دوو کاری دژ بە یەک ئەنجام دەدات. لە لایەک هۆکارە بۆ خۆجیاکردنەوە لە شوناسی ئەوانی تر ئەو نەبوون، لە هەمانکاتیش دا هۆکارە بۆ بونیادنانی شوناس و کەلتووریی تایبەت بەو کۆمەڵگەییەی بەکاریدێنێت. زمان فاکتەرێکی بنەڕەتییە لە دەستبردن بۆ بونیادنانی کەلتووریی هاوبەش، دواجار ئەو کەلتوورە پێویستیەکی گرنگی نەتەوەسازییە.

هەردوو تیۆرەکە سەیری نەتەوەسازیی ئەکەن وەک پرۆسەیەکی مۆدێرن، هەروەها داتاشین و بونیادنانی نەتەوە، لە رێگەی بونیادنانی کەلتووریی هاوبەش، لە جێگای کەلتووریی لاوەکیی (فرعی). هەروەها دروستکردنی شوناسی هاوبەش، کە هەموو پێکهاتە جیاجیاکان (ئایین، نەتەوە، مەزهەب) کۆمەڵگە بە دەوریەوە کۆببنەوە و لە سەری رێکبکەون، بە مانایەکی تر بنەماکانی نەتەوەسازیی بونیات دەنرێت، لە رێگەی کۆمەڵێک دەزگای سیاسیی و یاسایی دەوڵەت یاخود کیانێکی سیاسیی. ئەمەش جیایی ئەکاتەوە لە مانا کلاسیکەیەکەی نەتەوە، کە بنەماکەی بۆ پێدراوە سروشتی و زکماکییەکان دەگەڕێتەوە.

## بەشی دووەم: ئاستەنگە سیاسییەکانی پرۆسەی نەتەوەسازیی لە هەرێمی کوردستان

لەم بەشە دا، بەرمەبنایی چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە، وەکوو چوارچێوەیەکی پراکتیکی ئاستەنگە سیاسییەکانی نەتەوەسازیی لە هەرێمی کوردستان خراوەتەڕوو.

١-٢ نەبوونی دەوڵەت و دابەشبوونی نەتەوە.

ئەگەر دەوڵەت (State) سەلمێنەری بوونی تاک بێت لە کۆمەڵگە دا، ئەوا لە هەمانکاتدا دەوڵەت رۆڵی سەلمێنەری بوونی نەتەوەش لە نێو کۆمەڵگەیی نێودەوڵەتیی دەبینێت، نەتەوەی بێ دەوڵەت ناتوانێت رۆڵی ئەندامێکی تەواو لە کۆمەڵگەیی نێودەوڵەتیی ببینێت، هەروەها کۆمەڵگەیی نێودەوڵەتییش وەک ئەندامێکی تەواو و کارای کۆمەڵگەیی نێودەوڵەتیی سەیری نەتەوە ناکات. بوونی دەوڵەتی خاوەن سەروەر رایەڵەیەکی بنەڕەتییە بۆ دروستبوونی نەتەوە، ئەگەرچی جیاوازی لە نێوان نەتەوە و مێژووی نەتەوەکان دا هەیە، بەڵام بوونی دەوڵەت گرنگە بۆ ئەوەی نەتەوە بتوانێت خۆی بەدی بێنێت (محەمەد، ٢٠١٣، ل ل ١١٩-١٢٠).

دەوڵەتی مۆدێرنی سەرکەوتوو لە لایەک یەکڕیزی و تۆکمەیی نەتەوە دەپارێزێت، لە لایەکی تر سیستەمی دیموکراسی، کە جەخت لە پاراستنی جیاوازییەکانی کۆمەڵگە ئەکات، واتە ئەم دوو رەگەزە لە ئاستی ئایدۆلۆژیی و کردار ئاوێتەی یەکتر ئەکات لە پێکهاتەیەک دا، ئەویش یەککردنی دژایەتییەکانە (عەزیز و یاسین، ٢٠١٧، ل٣٠). بیرمەندی ئەڵمانی هیگڵ (Hegel) (١٧٧٠-١٨٣١) بڕوای وایە «ئامانج لە دەوڵەت ئازادیی مرۆڤە، دەوڵەت

بریتییە لە یەکێتی نێوان ئەندامەکانی، تاک لە دەوڵەت دا بەشێکە لە هەمووان و چارەنوسی گرێدراوە بە چارەنوسی هەمووانەوە. نەتەوە ناتوانێت پەیامی خۆی وەک هێمایەک بۆ رۆشنبیری جێبەجێ بکات و شاهیدێک بێت لە سەر گەورەی رۆحی ئەگەر لەنێو خۆیان دا پەرتەوازە بن» (محەمەد، ٢٠١٣، ل١١٣).

لەم روانگەیەوە گەشە و پێشکەوتنی کۆمەڵگە و نەتەوە بە ستراوەتەوە بە بوونی دەوڵەت، بۆ بیرمەندی فەرەنسی بیار کلاستەر (Pierre Claster) (١٩٣٤-١٩٧٧)، «کۆمەڵگە سەرەتاییەکان کۆمەڵگەیی بێ دەوڵەتن، یاخود کۆمەڵگە سەرەتاییەکان ناتەواوییەکیان هەیە ئەویش دەوڵەتە» (کلاستر، ١٩٨١، ص٨٦). گێلنەر (Gellner) لە تیۆرەکەی ئاماژە بەوە ئەکات، پرسی نەتەوە و نەتەوایەتی لەو کۆمەڵگەییانە دروست نابێت کە بێ دەوڵەتن (هۆبزباوم و ئەوانی تر، ٢٠٠٤، ل٧١). بۆیە گواستنەوەی کۆمەڵگەیی کوردیی لە دۆخی سەرەتایی و سادە بۆ کۆمەڵگەییەکی مەدەنی و مۆدێرن، دەبێ لە رێگەی دروستکردنی دەوڵەت بگاتە ئەو ئامانجە، بێ بونیادنانی ئەم دامەزراوە باڵایە ناتوانرێت کۆمەڵگەیی کوردستانی بە مەدەنی بکرێت (قەرەداخی، ٢٠٠٤، ل٢٠).

دەوڵەت تەنیا پێویستییەکی ئابووریی و سیاسیی نییە، بەڵکو کاریگەریی هەیە لە سەر کۆی رەهەندەکانی ژیان، ئەکرێت لە نەرمترین رەهەند کاریگەر بێت کە ئەخلاقە تا ڕەقترینی کە ئاسایشە (عەزیز و یاسین، ٢٠١٧، ل٦٥). چونکە دەوڵەت ئاسیشت بۆ دابین ئەکات لە ئاستی جیهان دا، لە یاسای نێودەوڵەتیی دەستوەردانی دەوڵەتێک لە دەوڵەتێکی تر ئاسان نییە، بەڵام وەک ئاشکرایە لە رابردوو دەوڵەتی عێراق نەتەوەی کوردیی کیمیابارن و کۆمەڵکوژ کرد، بەڵام دونیا بێ دەنگ بوو، بە هۆکاری ئەوەی پرسێکی ناوخۆییە. لە ئاستی ئابووریی خەڵکی بێ دەوڵەت خاوەنی سیاسەتی دارایی خۆی نییە. لە ئاستی خەبات و دیموکراسی و دادپەروەری کۆمەڵایەتیی و بونیادنانی دەزگا و سیستەم و ژینگەی پاک و پاراستنی کەرامەت، لە هەناوی دەوڵەت نەبێت ناتوانرێت بەرجەستە بکرێت و بپارێزرێت (عەزیز و یاسین، ٢٠١٧، ل ل٦٦-٦٧).

لە جیهانی ئەمڕۆ دا دەوڵەت بە نوێنەری نەتەوە دادەنرێت (قادر، ٢٠١٧، ل٤٧). بۆیە نەتەوە بەبێ دەوڵەت خاوەنی سەروەریی نییە، دەوڵەتیش بەبێ نەتەوە خاوەنی شوناس (Identity) نییە، ئەوەی تاوەکوو ئەمڕۆ نەیتوانیوە کورد بوون بکاتە ڕاستییەکی بابەتی نەبوونی ئەو سەروەرییە کە دەوڵەت دەتوانێت بە کیانی کوردستانی ببەخشێت. باشوری کوردستان و نەتەوەکەی بەبێ دەوڵەت ناتوانێت خاوەنی سەروەریی بێت، سەروەریی ئەم بەشە لە کوردستان گرێدراوە بە سەروەریی دەوڵەتێکی تر کە عێراقە، لە کاتێک دا بوونی دەوڵەت بەخشینی شوناسێکە کە سەروەریی ئەکاتە لانکەیەک بۆ هەموو هاوڵاتیانی دانیشتووی کوردستان(دەست پیش، ٢٠١٧).

نەتەوە کاتێک مەزن و شکۆدار ئەبێت کە یەک رووحی هاوبەشی گشتی تاکەکانی بەیەکەوە بە ستابێتەوە، هەر کاتێک ئەم رووحە بێ هێز بوو یان لە ناو چوو، رشتەی کۆمەڵگە و نەتەوە دەپچڕێت و شوناسی ئەو نەتەوەیە لە لاپەڕەی مێژوو دا دەسڕێتەوە. گرنگترین هۆکاری لاوازکردنی ڕۆحی نەتەوە ئاوێتە بوون و توانەوەیە لەگەڵ لایەن و کەسانی بێگانە (لۆبۆن، ٢٠١٨، ل٢٧٢). گەلی کوردستان لە نێو دەوڵەتی عێراق نزیکەی سەدەیەکە دووچاری ئاوارەی و نەهامەتی و کۆمەڵکوژی (Genocide) بۆتەوە، حوکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی ناوەندی لە هەوڵی پەراوێزخستنی کورد بوونە، سەرباری ئەوەش دەسەڵاتدارانی عێراق رێگەی تواندنەوە و پاکتاوکردنیان گرتۆتەبەر. لە دوای (٢٠٠٣)ش کورد بەشداری سەرەکی بوو لە بونیادنانەوەی عێراقی فیدراڵ، بەڵام ئەم هەوڵەش بۆ ژیانێکی سروشتی و ئاشتیانە و دیموکراتی لەگەڵ

عێراق سەرکەوتوو نەبوو(بارزانی، ٢٠٢٠، ل١٠٠).
بەبێ دەوڵەت و سەربەخۆی بۆ هەرێمی کوردستان و نەتەوەکەی، پێشکەوتنی هەمەلایەنە و سەقامگیری سیاسیی و کۆمەڵایەتیی، دیموکراسی و ماف و دادپەروەری، جگە لە قسەیەکی بێ گەوهەر هیچی تر نییە، بەڵگەشە لە سەر نەناسینی چەمکی دەسەڵات (Authority) تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەیی کوردیی وەک کۆمەڵگەییەکی داگیرکراو و شێواوی پەراوێزخراوی مێژوو، یەکێتی و یەکبوون لە بنەما سەرەکییەکانە بۆ بونیادنانی دەوڵەتی سەربەخۆ (قەرەداخی، ٢٠١٧، ل٣٧).
دەوڵەت وەک کارەکتەری سەرەکی سیستەمی نێودەوڵەتیی رۆڵی کارای هەیە لە پاراستنی نەتەوە، لە چوارچێوەی ئەم سیستەمە نەتەوەکان لە چوارچێوەی دەوڵەت پارێزگاری لە بوونی خۆیان ئەکەن. نەبوونی دەوڵەت ئاستەنگێکی ڕشد (جدی)یە بۆ سەر بوونی نەتەوە و سیاسەتی نەتەوەسازیی، تەنانەت نەبوونی دەوڵەت هۆکارە بۆ دابەشبوونی نەتەوە بە سەر پارتە سیاسییەکانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان.

## ٢-٢ هێزە چەکدارەکان و دابەشبوونی نەتەوە.

کۆمەڵگە بۆ ئەوەی بتوانێت سیاسەت بکات ئەبێت توندوتیژی ڕێکبخات واتا لە دامەزراوەی شەرعی بەرجەستەی بکات، ڕێکخستن بە واتایی ئەوەی توندوتیژی کۆتایی نایەت، بەڵام دەبێ بە جۆرێک ڕێکبخرێت تاوەکوو بواری مەدەنی گەشە بکات. لەم پێناوە دا ئەبێت تەنیا یەک ناوەند یان سەرچاوە مافی بەکارهێنانی توندوتیژی هەبێت، ئەو سەرچاوەیەش دەوڵەتە و لە دۆخی کوردستانیش حوکومەتە. مافی بەکارهێنانی توندوتیژیش ئەبێت شەرعی و قۆرخکراو بێت، بە مانا یەکی تر، ئەبێت هێزی چەکدار لە دەستی حوکومەت دابێت و حوکومەتیش بە رووخسەتی یاسا بۆی هەبێت ئەو هێزە بەکاربێنێت، ئەو هێزەش هێندە کاریگەر بێت هیچ هێزێکی تر نەتوانێت لە ناوخۆ هێزی لە بەرانبەر بەکاربێنێت.(عەزیز، ٢٠٢١) ماکس ویبەر (Max Weber) بڕوای وایە «دەوڵەت کۆمەڵگەییەکی مرۆییە، کە بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە شەرعییەتی قۆرخکاری بەکارهێنانی هێز لە ناوچەیەکی دیاریکراو دا بە دەست دەهێنێت».(عەزیز، ٢٠٢١)
دامەزراوی سوپا (پێشمەرگە) لە هەرێمی کوردستان، لە چوارچێوەی یاسای ژمارە (١٩)ی ساڵی (٢٠٠٧)ی یاسای وەزارەتی پێشمەرگە ڕێکخراوە. ئەرکی ئەم وەزارەتە پاراستنی هەرێمی کوردستان و بەرگری کردن لێی و مسۆگەرکردنی بەرژەوەندییە نیشتمانیی و نەتەوەییەکانیەتی. هەروەها پاراستنی کیانی سیاسیی هەرێم سیستەمی حوکمە دیموکراتییەکەی و پارێزگاریکردن لە دەزگا دەستورییەکانی (یاسای وەزارەتی پێشمەرگە، ٢٠٠٧، برگەکانی ١-٢، ماددەی٢). هێزەکانی پێشمەرگە پێکدێن لە (١٦) لیوای یەکگرتوو سەر بە وەزارەتی پیشمەرگەن. هێزەکانی (٧٠) و پشتیوانی دوو و بەرگری فریاکەوتن سەر بە یەکێتی، هێزەکانی (٨٠) و پشتیوانی دوو و زێرەڤانی و سەر بە پارتی (ڕەئوف، ٢٠١٨).
لەگەڵ ئەوەی بە پێی یاسا، نواندنی کاری حیزبیی لە دامودەزگاکانی وەزارەتی پێشمەرگە و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ قەدەغەیە (یاسای حیزبەکانی هەرێمی کوردستان، ١٩٩٣، برگەی٢، ماددەی١٢). بەڵام لە هەرێمی کوردستان پارتە سیاسییە دەسەڵاتدارەکان کە (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) دەگرێتەوە، لە رابردوو دا خاوەنی هێزی چەکدار (پێشمەرگە) و ئاسایش و هەواڵگریی تایبەت بە خۆیان بوونە، ئەم هێزانە لە دوای دامەزراندنی حوکومەتی هەرێم بە تێپەربوونی کات، دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش و پێشمەرگە وەکوو دەزگاکانی تری حوکومەت لە سەر

بنەمای نیوە بە نیوە لە نێوان هەردوو پارتی ناوبراو ڕێکخرانەوە. دوای شەڕی ناوخۆ بە یەکجاری هێزەکان دابەشبوون بۆ سەر هەردوو پارتی دەسەڵاتدار، بە شێوەیەک باڵا دەستی پارت و مانەوەی هێزی چەکدار لە ژێر دەستی پارتەکان، کێشەی قوڵی بۆ پرسی بە دیموکراسی بوون لە هەرێم درووستکردووە (پیرۆ، ٢٠١٦، ل٩٥). بۆ ئەم مەبەستە.

خشتەی ژمارە (١)

دابەشبوونی هێزەکان لە نێوان پارتی و یەکێتی ڕوون ئەکاتەوە.

| هێزی چەکدار | هێزەکانی (پ.د.ک) | هێزەکانی (ی.ن.ک) |
|---|---|---|
| وەزارەتی پیشمەرگە | هێزەکانی ٨٠ (پشتیوانی ١) | هێزەکانی ٧٠ (پشتیوانی ٢) |
| وەزارەتی ناوخۆ | زێرەڤانی | بەرگری و فریاکەوتن |
| ئەنجومەنی ئاسایش | ئاسایش، دژە تیرۆر، دەزگای پاراستن | ئاسایش، دژە تیرۆر، دەزگای زانیاری |
| وەزارەتی سامانە سروشتییەکان | لیوای نەوت و گاز | لیوای نەوت و گاز |
| هێزە تایبەتەکان | لیوای سەرۆکایەتی هەرێم | لیوای سکرتارییەت |

سەرچاوە: (ئەحمەد، ٢٠٢٢، ل١٥٣).

ئەم خشتەیە ئاستی دابەشبوونی هێزەکان و دڵسۆزی و هۆگریان بۆ هەردوو پارتی دەسەڵاتدار دەردەخات، لە هەمانکاتدا ئەوەش دەردەخات چ نا ئامادەییەکی قوڵ هەیە لە دڵسۆزی و هۆگری ئەم هێزانە بۆ نەتەوە و نیشتمان.

هێزی پیشمەرگە بە جۆرێک دابەش بووە، پارتی سیاسیی لە کوردستان بە ئاشکرا نمایش (مانۆڕ)ی سەربازیی بە پێشمەرگەکانی خۆی ئەکات. لە یادی دامەزراندنی پارتی سۆسیالست دیموکراتی کوردستان، ئەو پارتە چەندین جار مانۆڕی سەربازی ئەنجام داوە. سەرۆکی ئەم پارتە دەڵێت «لە ساڵی (١٩٩٢) ئێمە مانۆڕی سەربازیمان ئەنجام داوە لە شەقامی سلێمانی، دواتریش لە سەید سادق و شارەزوور و مانۆڕی سەربازیمان ئەنجام داوە، چەکی قورسی تیا بەکارهاتووە». ڕەنگە ئەم پارتەش وەک یەکێتی و پارتی هەمان ئەو بڕوایەی هەبێت، کە خاوەنداریەتی هێزی چەکدار ڕۆڵێکی دیار دەبینێت لە بە هێزکردنی پێگە و مانەوەی لە گەمە سیاسییەکان دا (ڕەئوف، ٢٠١٨).

بەپێی یاسای ژمارە (١٩) ساڵی (٢٠٠٧)ی یاسای وەزارەتی پیشمەرگە، وەزارەتی ناوبراو بە یەکگرتووی دامەزرایەوە. لە پێناو ئەم ئامانجە لە ساڵی (٢٠١٠)، (١٤) لیوای هاوبەش درووستکرا، بەڵام ئەم هەوڵە لە رووی ناوەڕۆکەوە جەوهەری نەبوو، چونکە لە کاتی دابەشکاری لیواکان حیساباتی حیزبیی زاڵ بوو بە سەر پێوەری توانای سەربازی، بۆ نموونە ئەگەر فەرماندەی لیوایەک لە یەکێتی بووایە، دەبوو جێگرەکەی لە پارتی بێت. ئەمەش نیشانەی بە حیزبیی بوونی ئەم هێزەیە (فتاح و رسول، ٢٠١٨، ل ل١٦٠-١٦١). بەڵگەش بۆ ئەوە لێکجیا بوونەوە و دابەشبوونەوەی ئەو لیوا هاوبەشانە بوو بە سەر یەکێتی و پارتی، لە ڕووداوەکانی (١٦)ی ئۆکتۆبەری ساڵی (٢٠١٧) لە شاری کەرکوک و دەوروبەری. هەروەک فەرماندەیەکی یەکەی (٨٠) کە ناوی ئاشکرا نەکراوە دەڵێت

«بەیەک سافیرە لە یەکتر جیابووینەوە» (محمد، ٢٠١٨، ل٢٧).
تەنانەت ئینتیمایی بەشێک لە هێزی پێشمەرگە بازنەی پارتە سیاسییەکان تێپەڕاندووە، بۆ بازنەیەکی تەسک تر ئەویش ئینتیمایی کەسییە، دەیان لیوا و فەوج و سریەی پێشمەرگە بە ناوی کەسیەکان لە کوردستان بوونی هەیە، لە سەر شێوەی سوپای بەشێک لە وڵاتانی ئەفریقی کە سەر بە هۆزەکانن لە ئەفریقیا. ئەم سیاسەتە رۆڵی هەبووە لە سەر زیاد بوونی ژمارەی پێشمەرگە، لە دوای ساڵی (١٩٩٢) پارتی تەنیا (٢٥,٠٠٠) هەزار پێشمەرگەی هەبوو، یەکێتیش (١٨,٠٠٠) هەزار، بەڵام تا ساڵی (٢٠١٨) ئەم ژمارە بەرز بۆتەوە بۆ (٢٠٠.٠٠٠) هەزار، ئەمەش قورساییەکی زۆری لە سەر بودجەی کوردستان درووستکردووە (فەتاح و رسول، ٢٠١٨، ل١٦٨).
فرە هێزی و هەبوونی هێزی پێشمەرگەی حیزبەکان رێگە بۆ پەرتەوازەکردنی «زەبروزەنگی رەوا» ئەکاتەوە، کە ئەبێت لە دەستی دەوڵەت و حوکومەت دا بێت. ئەزموونی وڵاتان و تەنانەت هەرێمی کوردستانیش دەریخستووە، فرە هێزی و نەبوونی یەک هێزی رێگەی بۆ جەنگی ناوخۆ خۆشکردووە، بەردەوام دووبارەبوونەوەی جەنگی ناوخۆی لە هەناوی خۆی دا هەڵگرتووە (ڕۆژهەڵاتی، ٢٠١٧، ل ل٥٨-٥٩). بەکارهێنانی هێزی پێشمەرگە لە لایان حیزبە باڵا دەستەکان بەردەوام دووبارە ئەبێتە لە ململانێ ناوخۆییەکان، وە ترسی شەڕی ناوخۆی درووستکردووە بۆ هاوڵاتییان. کێشەی زینی وەرتێ لە ساڵی (٢٠٢٠) باشترین بەڵگەیە (ابراهیم، ٢٠٢٠).
وەزارەتی بەرگری بەریتانیا لە راپۆرتێکی دا لە ساڵی (٢٠٢٠)، کە ئاڕاستەی سەرۆکەکانی پارتی و یەکێتی، سەرۆکایەتی هەرێم و حوکومەت، وەزارەتەکانی پێشمەرگە و ناوخۆ کراوە، ئاماژە بەوە ئەکات، «زۆرینەی هێزی پێشمەرگە لە ژێر دەسەڵاتی پارتە گەورەکانی هەرێم دایە، هێزێکی کەم و بچوک لە لایان حوکومەتی هەرێم بەڕێوە دەبردرێت کە لاوازە و بە ئاسانی بەکاردێت». هەر لە راپۆرتی ناوبراو هاتووە، نابێت پرۆسەی چاکسازی تەنیا لە وەزارەتی پێشمەرگە کورت بکرێتەوە، بەڵکو گرنگە چاکسازی هێزەکانی وەزارەتی ناوخۆش بگرێتەوە، وەکوو  هێزەکانی (زێرەڤانی و فریاکەوتن و بەرگری)، هەر چەندە ئەم هێزانە سەر بە وەزارەتی ناوخۆن، بەلام حیزبیین و لە ژێر رێنمایی حیزب دان (درەو میدیا، ٢٠٢١). لەم سۆنگەیەوە (شۆڕش ئسماعیل) وەزیری پێشمەرگە لە (٢٩-٨-٢٠٢٢) لە دیدارێکی لەگەڵ رۆژنامەوانی دەڵێت «لە هەفتەی یەکەمی دەست بە کاربوونم هەستمکرد وەزارەتی پێشمەرگە لە بارەگایی دوو حیزب دەچێت». (دیداری رۆژنامەوانی وەزیری پێشمەرگە (شۆڕش ئیسماعیل)، ٢٠٢٢).
لە سیاسەت و بڕیارەکانی دامەزراوە باڵاکانی هەرێم، هەست بە مەترسییەکانی دابەشبوونی هێزی پێشمەرگە، نەبوونی هێزێکی یەکگرتوو و نیشتمانیی ئەکرێت. بڕیاری پەرلەمانی کوردستان تایبەت بە هێزەکانی پێشمەرگە لە (٢٠١٤)، کە داوای یەکخستنی هێزەکانی پیشمەرگە ئەکات لە چوارچێوەی هێزیکی نیشتمانی دوای شەش مانگ لە دەرچوونی ئەم بڕیارە، بە تایبەتیی یەکخستنی یەکەکانی (٧٠) و (٨٠). (رۆژنامەی وەقایعی کوردستان، ٢٠١٤، ل٨). لە هەمانکاتدا سەرۆکی هەرێم خۆشی بڕیارێکی بۆ یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە دەرکرد، داوای لە وەزارەتی پیشمەرگە کرد هەرچی زووە هێزی پێشمەرگە لە چوارچێوەی هێزێکی نیشتمانیی ڕێکبخرێتەوە. لەگەڵ پڕۆژە (٣٥) خاڵیەکەی وەزارەتی پێشمەرگە بە هاوکاری وڵاتانی ئەمریکا و بەریتانیا و ئەڵمانیا، کە باس لە یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە ئەکات لە ژێر یەک چەتر دا، بە تایبەتیی یەکخستنی یەکەی (٧٠) سەر بە یەکێتی و یەکەی (٨٠)ی سەر بە پارتی لە چوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگە لە ماوەی (٣) ساڵ (نامیق، ٢٠١٧، ل ل ١١٠-١١١).

سەرۆکی هەرێمی کوردستان (نێچیرڤان بارزانی) کە فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانە، لە وتارێکی دا لە کۆلێژی سەربازی قەڵاچوڵان دەڵێت «بۆ ئەوەی چاکسازیی و یەکخستنی پێشمەرگە جێبەجێ بکرێت، دەبێ پارتی و یەکێتی بە باوەڕ و بێ پەشیمان بوونەوە بڕیار بدەن دەستی حیزب لە سەر پێشمەرگە هەڵبگرن. دەبێ کۆتایی بە دەستتێوەردانی حیزبیی لە ناو کاروباری پێشمەرگە دا بهێنن. بەو شێوەیە چاکسازیی و یەکخستنی ڕاستەقینەی پێشمەرگە دەست پێ ئەکات و سەردەکەوێت، ئەگەرنا لەگەڵ هەموو ناکۆکییە سیاسییەکان دا ئەوەی جێبەجێش کراوە هەڵدەوەشێتەوە» (بارزانی، ٢٠٢٢، ل٣). هەروەها ئاماژەی بەوە کرد «یەکنەخستنی پێشمەرگە و هێز و دامەزراوە ئەمنییەکان وایکردووە هەموو ناکۆکییە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان، ڕاستەوخۆ کار لە ئاسایش و دەروونی هاولاتییان و بازاڕ و بازرگانی بکات. خەڵک چاوەڕوانی لەت بوونی هەرێمی کوردستان و تەنانەت شەڕیش بکەن» (بارزانی، ٢٠٢٢، ل٣).

دامەزراوەی سەربازی ڕۆڵی گرنگ دەبینێت لە پرۆسەی نەتەوەسازیی و کەلتووریی هاوبەش یەکانگیری کۆمەڵگە. بەڵام دامەزراوەی سەربازی لە هەرێمی کوردستان نەک ئەم کارەی نەکردووە، بەڵکو ئاستەنگە لە بەردەم پرۆسەی نەتەوەسازیی، جەستەیەکی یەکگرتوو بۆ ڕۆحی نەتەوە، تەنانەت هێزەکانی دابەشکردووە بۆ سەر کەس و حیزبە سیاسییەکان بە گشتیی و پارتی و یەکێتی بە تایبەتیی.

### ٢-٣ دوو ئیدارەیی و دابەشبوونی نەتەوە.

لە تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٩٦)، دوا هێڵی بەرەنگاری نێوان لەشکری برا دوژمنەکان خاکی هەرێمی کوردستانی لە قەدەوە لەت کرد، سنوری ئیداریی پارێزگاکانی شێواند و دوو ویلایەتی نوێ بە سنوری جوگرافی نوێ و دەسەلاتی ئیداریی سەربەخۆ هێنایە کایەوە. لەم چرکە ساتەوە، کوردستانیی باشور لە جیاتی بە یەک بەستنەوە، دابەش بوو بە سەر دوو ویلایەتی سەربەخۆ، ویلایەتی (زەرد) لە سەرەوە و ویلایەتی (سەوز) لە خوارەوە. ئیتر گورزێکی کوشندە لە سەر دەستی فەرمانڕەوا خۆماڵییەکان بە هەناوی وڵات کەوت و بەو هۆیەوە پرۆسەی نەتەوەسازیی گەورەترین شکستی بە خۆیەوە دیت، بە جۆرێک کاریگەرییە سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابوورییەکەی تا ئێستا و بگرە تا دەیان ساڵی ئایندە هەر دەمێنێ.( عەلائەدین، ٢٠١٣، ل ٨٣.).

دوایی تێپەڕ بوونی زیاتر لە دوو دەیە بە سەر ڕێککەوتنی واشنتۆن و دەیەیەک بە سەر پەیمانی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتی (حوکومەت و ئیدارەیی یەکگرتوو)، ئەنجامدانی چەند هەڵبژاردنێک، هەرێم دابەشی سەر دوو زۆنە و فەرمانڕەوایی هەر یەکێک لە پارتی و یەکێتی بە سەر زۆنەکەی خۆی دا دەڕوات و کەمترین کاریگەرییان لە سەر زۆنەکەی تر هەیە. هەڵبەت ئەو کەموو کورییەش لە ئەستۆی ئەو دوو هێزە رکابەرەیە، چونکە نزیکی زۆنی یەکتر ناکەون و هێزی خۆیان لە پەرتکردنی هەرێم دەبیننەوە (حەکیم و ئەمیر، ٢٠٢٠، ل ٢٠٩). لەم روانگەوە کوردناسی هۆلەندیی مارتن ڤان براونێسن (Van Bruinessen) (١٩٤٦ -)، بڕوای وایە شەڕی ناوخۆ ناسیۆنالیزمی کوردیی لە ناوەوەڕا پارچە پارچە کرد، ڕێی بە لە دایک بوونی هەر کۆدەنگییەک و چوارچێوەیەکی نەتەوەی گرت. هەروەها دەڵێت «کوردستانی عێراق دابەشی سەر سێ زۆن بووە، زۆنی پارتی، زۆنی یەکێتی، لەگەڵ بوونی زۆنێکی بچووکی بێلایەن لە ناوەوە دا».(قانع، ٢٠٠٥، ل ١٢٢). دوو ئیدارەی لە هەرێمی کوردستان هەموو ئاستەکانی تەنیوە.

یەکەم/ ئاستی سیاسیی: دوای تێپەڕ بوونی (٩) کابینەی یەک لە دوای یەک نەتوانراوە دامەزراوە درووست

بکرێت. زۆنی زەرد و سەوز بەتەواوەتی ڕەنگی حوکومەتیان گۆڕیوە، بە جۆرێک هیچ زۆنێک دەسەڵاتی بە سەر زۆنەکەی تر نییە. ئەگەر حوکومەت حوکومەتی دامەزراوەیی بێت، ئەبێت ئەو دەسەڵاتەی لە ناوەند هەیەتی لە شوێنەکانی تری قەلەمڕەوییەکەی دا هەی بێت بە هەمان ئاست و هێز ( عەزیز، ٢٠٢٢، ل ٩٦). پەیوەست بەم پرسە سەرۆکی حوکومەتی هەرێم (مەسرور بارزانی) سەبارەت بە دواکەوتنی مووچەی فەرمانبەرانی زۆنی سەوز دەڵێت «ناکرێت ئێمە بەرپرسیار بین، بەڵام دەسەڵاتمان لەم سنورە نەبێت» (کۆنگرەی رۆژنامەوانی (مەسرور بارزانی)، ٢٠٢٢). هەر لەم سۆنگەیەوە (جێنین پلاسخارت) نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، لە (١٧-٥-٢٠٢٢) لە گوتارێکی دا لە ئەنجومەنی ئاسایش (Security Council) ووتی «بە سەرکردە و نوێنەری تەواوی پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانم ڕاگەیاندووە، کە پێویستە دابەشبوونی ناوچەی زەرد و سەوز کۆتایی بێت».(وتاری پلاسخارت لە ئەنجومەنی ئاسایش، ٢٠٢٢).

تەنانەت خاوەنی دوو گوتاری سیاسیی حیزبیی جیاوازین بەرانبەر کێشە و پرسە سیاسییەکان. نەتوانراوە بەرژەوەندییە باڵاکانی هەرێم بخرێتە پێش بەرژەوەندییە حیزبییەکان، لە بەغدا هێندەی کار بۆ پۆست جیاوکی کەسی و حیزبیی کراوە، هێندە گرنگی بە بە پرسە گرنگ و چارەنوسسازەکان نەدراوە، وەکوو پرسی خاک ماددەی (١٤٠) و پێشمەرگە و مافەکانی هەرێمی کوردستان و هاوڵاتیانی. بە پێچەوانەوە شەڕی گەورە و کارتی فشاری زۆر لە دژی یەکتر بەکاردێنن. بەڵگەش بۆ ئەم دوالیزمی سیاسییە لە بەغدا وەرگرتنی پۆستی سەرۆک کۆمارە.(بەرزنجی، ٢٠٢٢، ل ٨).

دووەم/ ئاستی ئابووریی و دارایی: دوو ئیدارەیی تەواو زاڵە بە سەر وەزارەتی ئابووریی و دارایی دا، هەرێمی کوردستان هیچ کاتێک خاوەنی یەک خەزێنە و یەک گیرفان نەبووە، بەڵکو بە شێوەی دوو خەزێنە مامەڵە لەگەڵ داهاتەکان کراوە. ئەویش بە ڕێژەی (٤٣٪)ی داهات بۆ زۆنی سەوز و لە (٥٧٪)ی بۆ زۆنی زەرد، ئەمەش کاریگەریی راستەوخۆی لە سەر نادیاری داهاتەکان هەیە، دەرفەتێکی تەواوی بەخشیوەتە هەر دوو حیزب تا بەو جۆرەی دەیانەوێت دەست لە دارایی و داهاتی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان وەربدەن.( گوڵپی، ٢٠٢٢، ل ١٢٢).

لەم چوارچێوەیە دا، سەرۆکی حوکومەتی هەرێم (مەسرور بارزانی) لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنوسی ئاماژە بەوە دەکات «بەڵگەمان لە بەردەستدایە داهاتی پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە ناگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی حوکومەت». (کۆنگرەی رۆژنامەوانی سەرۆکی حوکومەتی هەرێمی کوردستان (مەسرور بارزانی)، ٢٠٢٢). (عەلی حەمە ساڵح) ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە داهاتی هەردوو ئیدارە دەڵێت «هەر سنورەو ئەبێت خەرجی هێزی ئەمنی و سەربازی و نەسریەی سەرجەم فەرمانگەکان و خواردنی نەخۆشخانە و زیندانەکان و دەرمان و پێداویستی تەندروستی و کۆکردنەوەی خاشاک لە داهاتی خۆی دابین بکات. تەنانەت ئەگەر داهاتی نەوت بەشی مووچە نەکات، ئەبێت هەر سنورەو لە داهاتی خۆی مووچە تەواو بکات».(ساڵح، ٢٠٢٢).

سێیەم/ ئاستی کۆمەڵایەتیی: کۆمەڵگەیی کوردستانیی وەک تاک و گروپ دابەش بووە بە سەر تیڕوانینە سیاسییەکان، ئەوەش جۆرێک لە پەرتەوازەیی سیاسیی درووستکردووە. حیزبیی سیاسیی کاریگەریی زۆری هەیە لە سەر ژیانی رۆژانە، خەڵکی کوردستانیی سەرقاڵکردووە بە ئینتیمایی حیزب، لایەنگریی و دژایەتیکردن.(حەکیم و ئەمیر، ٢٠٢٠، ل٢١٤). دابەشبوونەکە لە ئاستێکە، هەموو رێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکانی گرتۆتەوە وەکوو (مامۆستایان، پزیشکان، فێرخوازان، کرێکاران، پیشەوەران)، تا کار گەیشتۆتە ئەوەی ناوی رێکخراو و کۆمەڵەکان،

زاراوە و وشەکانیش دابەشبووە، لە زۆنی زەرد وشەکانی (قوتابی، ئافرەت، یەکێتی) بۆ ڕێکخراوەکان بەکاردێت، لە زۆنی سەوز وشەکانی (خوێندکار، ژن، کۆمەڵە) بۆ ریکخراوەکان بەکاردێت.(بەرزنجی، ٢٠٢٢، ل٩). لەم روانگەیەوە (مەریوان وریا قانع) بڕوای وایە «ژیانی گشتیی لە کۆمەڵگەیی کوردستانیی ژیانێکی پارچە پارچە و دابەش و لێکدابڕاوە، بە تایبەتیی لە دونیایی دوای راپەرین، بەشی هەرە زۆری گشتیی بوونەکانی ئەم ژیانە وێرانکراون، دونیای تەریب و لە یەک دابڕاو بێ پێوەندیی شوێنی گشتیی بوونەکانی گرتۆتەوە».(قانع، ٢٠١٨، ل٢٠٣).

چوارەم/ لە ئاستی جوگرافیا: هەر کاتێک نەتەوە لە کۆمەڵێک گروپ و توێژ و حیزب کایەی لە یەکتر دابڕاو درووستبوو، هەر یەکەیان بتوانن بەبێ ئەویتر بژین، لەو کاتە دا نەتەوە تەنیا وێنەیەکی ئەبستراکتە و ناتوانێت ببێتە هێزێکی چالاک و زیندوو.(عەلی، ٢٠٠٠، ل١٥٢). دوای شەڕی ناوخۆ لە (١٩٩٤)، سنورێکی دەستکرد بە زەبری هێز لە نێوان ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی کێشرا، کە بە سنوری (دێگەڵە) ناسراوە، دوای تیپەڕبوونی زیاتر لە چارەگە سەدەیەک ئاسەواری ئەم سنورە بە زەقی ماوەتەوە، لەگەڵ گرژی و ململانێکانی نێوان پارتی و یەکێتی، ئەم سنورە بیری هاوڵاتییان و هێزە سیاسییەکانی تر دەهێنرێتەوە. تەنانەت دوای (٢٠٠٩) دەرکەوتنی بزوتنەوەی گۆڕان، داوای (دوو هەرێمی) هەرێمی کوردستان ئەکرێت، بە بیانوی نەبوونی یەکسانی لە دابەشکردنی سامانی گشتیی، جیاوازیکردن لە نێوان شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان.(ڕەفعەت و ڕەئوف،٢٠٢٠).

دوو ئیدارەیی یاخود دوو زۆنی، ئاستەنگێکی قوڵی بەردەم پرۆسەی نەتەوەسازییە لە هەرێمی کوردستان، چونکە بۆتە ئاستەنگی لە بەردەم یەکێتی و یەکبوون و یەکانگیریی سیاسیی نەتەوە. لە بەرانبەر دا شوناسی نەتەوەی لە یەکتر دابڕاو و پەرتەوازە و لەت لەت کردووە. ئەوەی لە دۆخی ڕاستەقینەی هەرێمی کوردستان دەگوزەرێت، زاڵ بوونی گوتاری دوو حیزب و دوو ئیدارە، بە سەر گوتاری نەتەوە و نیشتمانیی.

بەشی سێییەم: ئاستەنگە کۆمەڵایەتییەکانی پرۆسەی نەتەوەسازیی لە هەرێمی کوردستان.

لەم بەشە دا ئەو ئاستەنگە کۆمەڵایەتییانە خراونەتەڕوو کە هۆکار و بەربەستی پرۆسەی نەتەوەسازیین، لە هەمانکاتدا بوونەتە هۆی دابەشبوونی نەتەوە لە هەرێمی کوردستان.

## ١-٣ ناوەندەکانی خوێندنی تایبەت و دابەشبوونی نەتەوە.

سەرەتایی خوێندنی تایبەت لە هەرێمی کوردستان بۆ ناوەڕاستی دەیەی نەوەدەکان دەگەڕێتەوە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتیی ئەم پرۆسەیە لە ساڵی (٢٠٠٨-٢٠٠٩) دەستی پێکرد، دواتر یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی (٢٠١٢) ی یاسای پەیمانگا و قوتابخانە ناحوکومییەکان لە پەرلەمان دەرچو (حسن، ٢٠١٨، ل٨). بە پێی ئامارەکانی وەزارەتی پەروەرد و فێرکردن تا ساڵی (٢٠١٨) لە هەرێمی کوردستان (٣١٠) ناوەندی خوێندنی تایبەت (باخچەی ساوایان، قوتابخانە، پەیمانگا) هەبووە، لە هەمان ساڵ ژمارەی قوتابیان لەم ناوەندانە (٥٩,٩٩٥) قوتابی بووە (وەزارەتی پەروەردە، ٢٠١٩).

مەترسی سەرەتایی ئەم ناوەندانەی خوێندن جیاوازی و کەلێنی کەلتوورییە لە نێوان چینی خواروی کۆمەڵگە (هەژارە)ەکان و چینی سەرووی کۆمەڵگە (دەوڵەمەند)ەکان، ئەمەش ئەبێتە هۆی بەرهەمهێنانەوەی جیاوازی چینایەتیی و کۆمەڵایەتییەکان، درێژە بە نایەکسانییەکانی کۆمەڵگە دەدات، تا ئەگاتە ئەو ئاستەی دوو دونیای تەواو لە یەکتر دابڕاو و جیاواز و دژ بە یەک درووست ئەکات، کە دوای قوتابخانەش ناتوانرێت ئەم دوو کەلتوورە

تێکەڵ بە یەکتر بکرێنەوە (ئەحمەد، ٢٠٢٢، ل١٩٤). بە مانایەکی تر، قوتابخانە تایبەتەکانی پەروەردە نوێنەری چینەکەی خۆیەتی، کە زیاتر چینێکی پارەدار و خۆجیاکەرەوەیە لە چینی زۆرینەی کۆمەڵگەیی کوردستانیی (شەوکەت، بێ ساڵ). ئەمەش پێچەوانەی ئەرکی پەروەردەیە کە گێلنەر (Gellner) لە تیۆرەکەی دا ئاماژەی بۆ ئەکات، ئەویش بریتییە لە بونیادنانی کەلتووریی هاوبەش و گشتگیر.

لە چوارچێوەی ئەو نایەکسانییە قوڵەی قوتابخانە ناحوکومییەکان درووستیانکردووە نوسەرێکی وەک (مەریوان وریا قانع) بڕوای وایە «زۆرینەی ئەوانەی لە قوتابخانە تایبەتەکان دەخوێنن، دواتر دەچن بۆ زانکۆ تایبەتەکان و لەوێدا درێژە بە نایەکسانییەکانی ناو سیستەمی خوێندن و پەروەردە دەدەن، لە کاتی خوێندن و دوای خوێندنیش ئەو رووبەرە گشتییە نوخبەوییە لە یەکتریان جیا ئەکاتەوە و ناهێڵێت لانی کەمی ئامێزانبوونی کۆمەڵایەتیی درووست ببێت» (قانع، ٢٠١٨، ل٢٨٣).

بەشداریی بۆنە کەلتووریی و نەتەوەییەکانی کۆمەڵگەیی کوردستانیی لەم قوتابخانانە دا زۆر کەمە یان زۆر لاوازە، ئەش وایکردووە چالاکییە کەلتوورییەکان لە لای قوتابیانی ئەم ناوەندانە تەنها لەو چالاکیانە کورت بکرێتەوە کە لەم ناوەندە فێرکارییە تایبەتانە ساز ئەکرێت، کە هیچ پێوەندییەکیان بە کۆمەڵگەیی کوردستانیی نییە، ئەمەش هەستی نامۆبوون بە (Alienation) کەلتووریی نەتەوە و نیشتیمان لە لای قوتابی درووست ئەکات، قوتابی لە کۆمەڵگەیی لۆکاڵیی جیائەکاتەوە (سیوەیلی، ٢٠١٦٦، ل٥٩). ئەمەش هەژموونی کەلتووریی بیانی و زمانەکانیان بە سەر کەلتوور و زمانی کوردییی زاڵ ئەکات (شوانی، ٢٠١٧، ل٥٩). لەم روانگەیەوە نوسەری کوردستانیی (رێبوار سیوەیلی) بڕوای وایە «مەترسی ئەوەیە کە ئەو قوتابخانانە، دەتوانن بەو نیگا کۆلۆنیالیستانەی لە سیستەمەکەیان دا هەیە، رۆحی منداڵانی ئێمە رابهێنن لە سەر قبوڵکردنی هەر جۆرە کۆلۆنیالیزمێک» (سیوەیلی، ٢٠١٦، ل٢٣٦).

زمانی باڵا دەست لەم ناوەندانە دا زمانی ئینگلیزییە لە بەرانبەر دا زمانی دایک لە پەراوێز دایە، بە مانایەکی تر، زمانی دایک وەک زمانی دووەم و سێیەم تەماشا ئەکرێت، هەروەها لەم ناوەندانە کۆی زمان و شوناسی کوردبوون کراوەتە قوربانی زمان و کەلتووریی ئینگلیزی و بیانی، ئەمەش زمانی کوردیی لە بەرانبەر زمانە بیانییەکان خۆستۆتە خانەی پەراوێزەوە، دواجار ئەم بە پەراوێزبوونەی زمانی کوردیی لەم ناوەندانە هۆکارە بۆ درووستبوونی کەلێن و دابڕانی کەلتووریی قوتابیان بە کەلتووریی گشتیی کۆمەڵگەیی کوردستانی، هەروەها درووست نەبوونی شوناسی یەکگرتوو، لە رێگەی زمانی خۆماڵی. ئەمەش چەکێکی کاریگەرە بە دەست نەیارەکان بۆ درووستنەبوونی نەتەوە و هێشتنەوەی لە پەراوێز دا (سیوەیلی، ٢٠١٦، ل ل٣١٨-٣٢١). بەپێی راپرسییەک کە هەشت قوتابخانەی ناحکومی وەرگرتووە، (٦٢٢) قوتابی بەشداربوونە تیایدا، یەکێک لە پرسیارەکان کە ئاڕاستەی بەشداربووان کراوە ئەوەیە، حەز دەکەی بە چ زمانێک قسە بکەی؟ لە (٥٥٪) بە ئینگلیزیی، لە (٢١٪) بە عەرەبیی، لە (١٢٪) بە کوردیی، لە (٧٪) بە تورکیی، لە (٢٪) بە فارسیی (فەلاح، ٢٠٢١). ئەم داتایانە ئەو راستییە دەردەخات کە هۆگریی قوتابیان لە قوتابخانە ناحوکومییەکان بۆ زمانی کوردیی لە چ ئاستێکی خراپ دایە، لە کاتێکیش دا زمان یەکێکە لە شوناس و رەگەزە پێکهێنەرەکانی کەلتووریی هەر نەتەوەیەک.

یەکێک لەو ئامرازانەی کە لە سیستەمی پەروەردە دا بەکاردەهێنرێت بۆ درووستکردن و گەشەپێدانی ناسنامەی نەتەوە بریتییە لە پرۆگرامەکانی خوێندن، بە مانایەکی تر، ئەگەر بمانەوێت لە تایبەتمەندییەکانی ناسنامەی نەتەوەیەک تێبگەین، باشترین رێگا هەڵسەنگاندنی پرۆگرامەکانی خوێندنی نیشتیمانییە (صالح و ئەوانی تر،

٢٠١٧، ل٦). بەڵام پرۆگرامەکان لە قوتابخانە تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان رەنگدانەوەی شوناس و کەلتووریی کۆمەڵگەیی کوردستانی نییە، بۆ نموونە لە توێژینەوەیەک کە بە شێوەی چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستایان و دایک و باوکی قوتابیانی قوتابخانە تایبەتەکانی شاری هەولێر ئەنجامدراوە دەرکەوتووە، لە زمانی ئینگلیزی ئەو چیرۆکانەی کە لە پرۆگرامەکان بە منداڵەکان دەوترێتەوە چیرۆکی خۆرئاواییین، باسی بەهاکانی ئەوان ئەکات، هەروەها پرۆگرامێکی تایبەت نییە بۆ ئەوەی قوتابیان هەست بە ناسنامەی خۆماڵیی خۆیان بکەن (صالح و ئەوانی تر، ٢٠١٧، ل١٥).

ناوەندە ناحوکومییەکانی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان، بوونەتە بارێکی قورس و ئاستەنگێکی دیار بە سەر دابەشبوونی نەتەوە و نەتەوەسازیی، بە هۆکاری ئەوەی دابڕان و کەلەنێکی زۆری کەلتووریی و چینایەتییان درووستکردووە لە کۆمەڵگەیی کوردستانیی.

## ٣-٢ زانکۆ و دابەشبوونی نەتەوە.

ئەرکی زانکۆ تەنها لە ئەرکێکی زانستی پوخت (Abstract) کورتناکرێتەوە، بەڵکو لە پاڵ ئەم ئەرکە ئەرکێکی دیکەی گرینگ و هەستیاری هەیە، ئەویش درووستکردنی هۆشیاری، بونیادنانی یەکێتی نەتەوەیی و نیشتیمانیی، بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیریی نەتەوەیی و مێژوویییە. هەروەک لە دوای سەدەی هەژدە لە هەریەک لە وڵاتی فەرەنسا و ئەڵمانیا، زانکۆ رۆڵی بینی لە چوونییەکی سیاسیی و کەلتووریی، تا درووستکردن و بونیادنانی نەتەوە، بە هۆی یەکخستنی تواناکان، لە رێگەی زانا و پسپۆڕ و رۆشنبیرەکانی زانکۆ (جەمال، ٢٠٠٩، ل ل ١٨٢-١٨٣). زانکۆکان لەگەڵ ئەوەی گرینگیەکی زۆریان هەیە لە بواری کۆمەڵگەسازیی دا، بەڵام لە هەرێمی کوردستان سەرەڕای بوونی چەندین زانکۆ لە ناوچە جیاجیاکان، بەڵام زۆر بە لاوازی ئەو رۆڵە دەبینن (حکیم، ٢٠٢٠، ل ٣٢). بۆ ئەم مەبەستە.

خشتەی ژمارە (٢)

ژمارەی زانکۆ حوکومی و ناحوکومییەکان و پەیمانگا ناحوکومییەکان لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان روون ئەکاتەوە.

| پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان | زانکۆی حوکومی | زانکۆی ناحوکومی | پەیمانگای ناحوکومی |
|---|---|---|---|
| هەولێر | ٥ | ١٠ | ٥ |
| سلێمانی | ٣ | ٧ | ٢ |
| دهۆک | ٣ | ١ | ٢ |
| هەڵەبجە | ١ | - | - |
| ئیدارەیی گەرمیان | ١ | - | ١ |
| ئیدارەیی ڕاپەڕین | ١ | - | - |
| ئیدارەیی سۆران | ١ | - | ١ |
| ئیدارەیی زاخۆ | ١ | - | ١ |

سەرچاوە: توێژەر: بە پشت بەستن بە: (ماڵپەڕی فەرمی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، ٢٠٢١).

ئەوەی لە خشتەکە دەردەکەوێت، بوونی زانکۆ و پەیمانگایە لە هەموو شار و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان، خودی کردنەوەی ئەم ناوەندە ئەکادیمیانە بە ئاستەنگ نابیندرێت بۆ نەتەوەسازی، بەڵکو ئەوەی

بۆتە ئاستەنگ نەبوونی سیاسەتێکی گونجاوی ئاڵوگۆڕی قوتابییە لە نێوان زانکۆکان. ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی قوتابی لە چوارچێوەی کەلتووریی شار و ناوچەکەی خۆی قەتیس ببێت و ئاشنا و ئاوێزان نەبێت بە کەلتووریی شار و ناوچەکانی تر، دەرئەنجامی ئەو سیاسەتەش زاڵبوونی کەلتوور و شوناسی لۆکاڵیی و ناوچەییە بە سەر کەلتوور و شوناسی گشتگیریی نەتەوەیی و نیشتیمانیی و یەکانگیریی کۆمەڵایەتیی (Social Integration) کۆمەڵگەییی کوردستانیی.

لەم روانگەیەوە، ئەم دابەشبوونەی زانکۆکان بۆتە هۆکاری ئەوەی زانکۆ سروشتێکی ناوچەیی وەربگرێت، تەنانەت دەستەی کارگێڕی زانکۆکانیش خەڵکی هەمان ناوچەن، ئەمەش رۆحی ناوچەگەریەتی دەپارێزێت، زانکۆ ناتوانێت ئەم کەلتوورە کاڵ بکاتەوە، بێ رۆڵ ئەبێت لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵگەیی یەکگرتوو. جگە لەوەش، سیستەمی گۆڕینەوەی مامۆستاش بوونی نییە، بۆیە زانکۆکان لە هەرێمی کوردستان بە سەر خۆیان دا داخراون. بۆ نموونە کاتێک زانکۆی سەلاحەدین تاکە زانکۆ بوو لە کوردستان، قوتابی هەموو ناوچەیەک لەو زانکۆیە دەیخوێند، بواری ئەوەی رەخساند بوو قوتابی تێکەڵ بە کەلتوور دابونەریت و شێوەزار و بیرکردنەوەی یەکتر بن، کارلێک لەگەڵ یەکتر بکەن، بەڵام لە ئێستا دا ئەم بوارە زۆر بەرتەسک بۆتەوە (حکیم، ٢٠٢٠، ل٣٣). زانکۆکان درێژکراوەیی نایەکسانییەکانیی ناو کۆمەڵگەن، لە رێگەی ئەوە نا یەکێک ئەبێتە دەرچووی کۆلێژی پزیشکی و یەکێکی تر دەرچووی کۆلێژی ئاداب، بەڵکو لە رێگەی ئەوەی قوتابیەک ئەبێتە دەرچووی زانکۆی ئەمریکی، ئەوەی تر ئەبێتە دەرچووی زانکۆی راپەڕین. لە هەموو ڕوویەکیشەوە دوونیایی ئەم دوو زانکۆیە لە یەکتر جیاوازن، دەرچوانی زانکۆی راپەڕین هەمان هەلی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتییان بۆ ناڕەخسێت، کە بۆ دەرچوویێکی زانکۆی ئەمریکی دەڕەخسێت. ئەم جیاوازییە لە قوتابخانە دەست پێئەکات، زانکۆکانیش درێژەی پێدەدەن (قانع، ٢٠١٨، ل٢٨٥).

یەکێک لە ئامانجی وەزارەتی خویندنی باڵا و تویژینەوەی زانستی، بەهێزکردنی ئینتیمایی نیشتیمانییە (یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا، ٢٠٠٨، برگەی٩ ماددەی٢). بەڵام لەگەڵ ئەوەی لە رابردوو دا زانکۆکانی کوردستان (سەلاحەدین، سلێمانی)، لە ئاستی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان دا رۆڵی رابەرایەتی فیکری و رۆشنبیری و نەتەوەیی دەبینی، کەچی ئەو رۆڵە لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی خۆماڵی دا لە سەرجەم زانکۆکانی هەرێم وون بووە، زانکۆ بە هەموو کارەکتەرەکانیەوە (مامۆستا، فەرمانبەر، قوتابی) دابەشی سەر حیزبە سیاسییەکان بوون، ئینتیمایی بۆ حیزب جێگایی ئینیتیمایی نیشتیمانیی گرتۆتەوە. بۆیە جێگەی سەرسوڕمان نییە کە زانکۆ گەورەکان لە رابردوو دا پیشەنگی بزوتنەوە کوردییەکان بوون، بەڵام ئێستا لەو ئەرکە خراون (عەلائەدین، ٢٠١٣، ل٣٢٧). ئامانجێکی تری وەزارەت، کارکردنە بۆ ئەوەی زمانی کوردیی بکرێت بە زمانی خوێندن و فێرکردن ( یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا، ٢٠٠٨، برگەی١٢، ماددەی٢). بەڵام زانکۆکانی هەرێمی کوردستان خاوەنی سیاسەتی زمانی نەتەوە نین، بە ئامانجی پاڵپشتیکردنی زمانی کوردیی، بە نموونە کردنەوەی چەندین پەیمانگا و زانکۆ کراونەتەوە زمانی خوێندن تیایاندا زمانی ئینگلیزییە. وە زمانی ئینگلیزی کراوەتە مەرجی وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا (شوانی، ٢٠١٧، ٥٧). جگە لەوەی بەپێی بڕیارێکی وەزارەتی خوێندنی باڵا لە (٢٠١٧)، زمانی کوردیی خراوەتە خانەی ئارەزوومەندانە بۆ دەرچوانی پۆلی دوازدەی زانستی، ئەگەر بیانەوێت لە کۆلیژەکانی (پزیشکی، ئەندازیاری، زانست) درێژە بە خوێندن بدەن. ئەمەش بڕیارێکی نانەتەوەییە، چونکە بەرژەوەندی

باڵای زمانی نەتەوەیەک ئەکاتە قوربانی بەرژەوەندی تایبەتیی چەند کەسێک، لەگەڵ ئەوەی بێ بایەخکردنی زمانی کوردییە (ئینستیتوتی پەی، ٢٠١٩، ل٥٩).

### ٣-٣ نەبوونی زمانی یەکگرتوو (ستاندارد) ٥* و دابەشبوونی نەتەوە.

لەگەڵ ئەوەی زمان یەکێکە لە سەرەکیترین رەگەزە پێکهێنەرەکانی نەتەوە، چونکە نەتەوە بە هۆی زمانەوە دەناسرێ و بوونی خۆی دەسەلمێنێ، بەڵام بوونی زمان وەک پێدراوێکی سروشتی یاخود زمان لە ئاستە سروشتییەکەی دا بۆ نەتەوەسازیی گونجاو نییە، بەڵکو سیاسەتیی نەتەوەسازیی پێویستی بە بوونی زمانی یەکگرتوو (ستاندارد)ە، بە ئامانجی جەستە و شوناسێکی گشتگیر بۆ ئەندامانی نەتەوەیەکی دیاریکراو. (عبدالرحمان و سەعید، ٢٠١٩، ل٢١٢). بۆ بیرمەندی ئەڵمانی یوهان گوتلیب فیختە (Johann Gottlieb Fichte) (١٧٦٢- ١٨١٤) مانەوە و پاراستنی هەر نەتەوەیەک، لە بەرانبەر نەتەوە و نەژادەکانی تر تەنیا زمانی ئەو نەتەوەیەیە. هەروەها بۆ بیرمەندی ناوبراو، بوونی زمانی یەکگرتوو کارێکی تەواو پێویستە بۆ نەتەوەکان (فیختة، ١٩٨٩، ص ٨٢).

بە پێی یاسا لە هەرێمی کوردستان لە پاڵ زمانی کوردیی هەریەک لە زمانەکانی (عەرەبی، تورکمان، سریان، ئەرمەن) زمانی فەرمیین (یاسای زمانە فەرمییەکان، ٢٠١٤، ماددەی ٢-٣). سەرەڕایی ئەوەی زمانی فەرمی لەگەڵ زمانی ستاندارد لە زۆربەی رووەکاندا یەکدەگرنەوە، لە هەمانکاتدا جیاوازیشن، زمانی فەرمی زمانێکە وێنە و شوناسێکی یاسای بە وڵات یان حوکومەتێکی هەرێمی دەبەخشێت، هەروەها بە زمانێکی کارگێریش ناودەبرێت (خۆشناو، ٢٠١٣، ل٦٦). هەرچی زمانی ستانداردە دەستکرد و بەرهەمهێنراو و گەشەپێدراوە، لە ئەنجامی پلان دانانی شارەزایانی نەتەوەیەکی دیاریکراو، پیتەکان، وشەسازی و فەرهەنگی وشەکان بە گوێرەیی داخوازیی و ئەگەرە چاوەڕوانکراوەکانی رێزمان و بانکی وشەوە دادەنرێت، بە مانایەکی تر، زمانی ستاندارد پلان بۆ دارێژراوە و هەمیشە خزمەت ئەکرێت لە لایان یەکە سیاسییەکانەوە، لە رێگەی ئەکادیمیایی زمان (عەلی، ٢٠٠٦، ل٢٣٤). لە هەرێمی کوردستان دوای راپەڕین و دامەزراندنی یەکەم حوکومەت، کرمانجی ناوەڕاست (سۆرانی) بوو بە زمانی پەروەردە و دادگا و هەموو وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییەکان، ئەم دۆخە تا شەڕی ناوخۆ بەردەوام بوو، بەڵام دوای ئەم شەڕە و درووستبوونی دوو ئیدارەیی، تەنانەت دوای یەکگرتنی هەردوو ئیدارەکە، پرسی کرمانجی سەروو (بادینی) بوو بە باسێکی گەرموگوڕ، سەرەتا لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی پارێزگای دهۆک کرمانجی سەروو کرا بە زمانی نوسراوە فەرمییەکان لە بەڕێوەبەرایەتییە حوکومییەکان، دواتر پرۆگرامی خوێندنی قوتابخانەکانیش کرا بە هەمان زار (دیالێکت)، ئەم هەنگاوەش زمانی کوردیی بە شێوەیەکی فەرمی کرد بە دوو لەت و بەرەو جوت زاری (ناوەڕاست، سەروو)ی برد (خۆشناو، ٢٠١٣، ل ل ٣٥٥-٣٥٧). ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە، کۆڕی زانیاری کوردستان بە نوسراوی فەرمی لە (٢٠٠٢) رەزامەندی لە سەر ئەوە پیشانداوە، کە بابەتەکانی خوێندن لە پارێزگای دهۆک بکرێتە زاری کرمانجی سەروو (خۆشناو، ٢٠١٣، ل٣٦٧).

لە هەرێمی کوردستان جیاوازییەکی بووناسانەی ئایین و ئایینزایی لە نێوان ناوچە جیاوازەکان هەیە، وەک ئێزیدیی یارسان، ئیسلام (سوننە، شیعە)، مەسیحییەت، بەڵام خاڵی هاوبەش یان لانی کەم هاوشێوەیی نێوانیان

---

٥- * زمانی ستاندارد: ئەو زمانەیە کە پرۆسەکانی بە ستانداردکردنی بە سەر دا جێبەجێکراوە، کە بریتین لە هەڵاوێرکردنی زارێک، بە کۆدکردنی نۆرمەکان، پەسەنکردن و بڵاوکردنەوەیی نۆرمەکان لە ناو خەڵک و لەگەڵ گەشەپێدانی لە لایان کۆمەڵگەوە. زارەکە بۆ جۆری زمانی نوسین و قسەکردنی کۆمەڵگە و وڵاتێک بەکاردەهێنرێت، دەبێت دەزگا فەرمییەکانی دەوڵەت رەوایەتی کارپێکردنی پێببەخشێت. (سعید و ئەوانی تر، ٢٠١٤، ل ١٤٦).

سەرەڕای جیاوازی زارەکان تەنیا زمان و ئەو مێژووە هاوبەشەیە لە ململانییان بەرانبەر دوژمن هەیانبووە، دەتوانێت خاڵی هاوبەش و یەکێتی نەتەوەییان بێت. بەڵام دابەشبوونی کارگێڕی و سیاسیی هەرێم لە نێوان دوو حیزبیی سەرەکی و زاڵبوونی خێڵ و ناوچەگەریەتی، چ لە رابردوو چ لە دوای (٢٠٠٣) بە دواوە، بەکارهێنانی زار و زاراوەی کارگێڕی و پەروەردەیی و زانستی، بە کردەوە تێگەیشتنی هاوبەشی بۆ زمانی نەتەوە لاواز کردووە (سورخی، ٢٠١٧، ل١٥٤).

زۆربەی نەتەوەکان خاوەنی زمانی یەکگرتوون، سەرەتایی هەنگاونان بۆ سیاسەتی زمانی یەکگرتوو لە پەروەردە و فێرکردنەوە سەرچاوە دەگرێت. لە هەرێمی کوردستان سەرەتا هەنگاو بۆ ئەم سیاسەتە نرا، بەڵام هەوڵەکان پەکی خرا، لەگەڵ ئەوەی ئەرکی وەزارەتی پەروەردە و ئەکادیمیایی کوردییە رۆڵ ببینن لەم بابەتە دا، بەڵام ئەو دوو دامەزراوەیە خۆیان سیاسەتیی دوو زارییان زەق کردەوە. ئێستا لە چوارچێوەی هەرێم سیاسەتیی دوو زاری لە پرۆگرامەکانی خوێندن پەیڕەو ئەکرێت، لە پارێزگای دهۆک کرمانجی سەروو، لە پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، هەڵەبجە) کرمانجی خواروو، ئەمەش گرفتێکی گەورەیە لەبەردەم بوونی زمانێکی ستاندار و نەتەوەیەکی یەکگرتوو (ئینیستیتوتی پەی، ٢٠١٩، ل٥١).

لەم سۆنگەیەوە، نوسەر و شارەزای زمان (د. رەفیق سابیر) بڕوای وایە، گۆڕینی خوێندن لە زمانی ئەدەبی یەکگرتوو بۆ دیالێکت و شێوەزمانی تر، کارێکی ترسناکە، چونکە لە لایەکەوە رێگە لە هاوئاهەنگی نەتەوەیی و پرۆسیسی دروستبوونی نەتەوەی کورد دەگرێت، لە لایەکی تر، دەتوانێت زمانی کوردیی و گەلی کورد، لە باشووری کوردستان، بکات بە دوو زمان و رەنگە دوو گەلی خاوەن دوو کەلتووریی جیاواز، یان زیاتر، لە هەمانکاتدا هەستی ناوچەگەری و دیالێکتپەروەری، لەنێو کەسانی سەر بە دیالێکتی تردا درووست ئەکات (سابیر، ٢٠١٤، ل٣٦).

پەیڕەوکردنی سیاسەتیی دوو زاری تەنها لە بواری پەروەردە نەوەستاوە، بەڵکو هەمان سیاسەت لە بواری راگەیاندن بە گشتیی و راگەیاندنی بینراو بە تایبەتیی پەیڕەوئەکرێت، لە رۆژگاری ئێستا دا سەرجەم کەناڵە ئاسمانییە هەواڵییەکان لە گەشتی سەرەکی هەواڵەکانیان هەردوو زاری کرمانجی سەروو و ناوەڕاست بەکاردێنن، لەگەڵ بوونی چەندین بەرنامە تر بە زاری کوردیی جیاجیا (حەسەن و محمد، ٢٠١٩، ل٧٢٩). میدیا لە هەرێمی کوردستان تەنها بە پەیروکردنی سیاسەتی دوو زاری نەوەستاوە، بەڵکو سیاسەتی فرە وشەیی پەیڕەوئەکات، بە نموونە تەنها بۆ هەواڵێکی بەپەلە چەندین وشەی تر لە بەرانبەر دا بەکاردێت وەکوو (بلەز، نها، ئێستا، هەر ئێستا، رِوویدا، هات) (رحمان، ٢٠٢٠).

سیاسەتی دوو زاری کەلێنێکی کەلتووریی و کۆمەڵایەتیی وایی درووستکردووە، هاوڵاتییەکی دانیشتوی ناوچەی بادینان نەتوانێت لە زاری هاوڵاتییەکی ناوچەی هەولێر و سلێمانی بە ئاسانی تێبگات، پێچەوانەکەشی ڕاستە، لە هەندێک کاتدا فێربوونی زمانی عەرەبی بۆ هاوڵاتییانی هەردوو ناوچەکە ئاسانترە لە زاری یەکتر، تەنانەت جاری وا هەیە زمانی عەرەبی ئەبێتە زمانی گفتوگۆی نێوانیان. ئەم دوور کەوتنەوەیە لە ئایندە دا مەترسی ئەوەی لێ ئەکرێت هەردوو زاری ناوبراو وەک دوو زمان و نەتەوەیی جیاواز تەماشا بکرێت (سدیق، ٢٠١١، ل ل ١٤٣-١٤٥). ئەمەش پێچەوانەی ئەو ئەرکەی زمانە کە سمیس (Smith) لە تیۆرەکەی باسی ئەکات، ئەویش رۆڵی زمانە لە دەرخستنی شوناسی نەتەوە. بە هۆی زمانەوە ئەندامانی هەست بەوە ئەکەن لەنێو نەتەوە ئامادەییان هەیە.

بە ستانداردکردنی زمانی کوردیی بە مانای ئەوە نایەت، کە دیالێکتەکان رەتبکرێنەوە یاخود لە ناوبرێن و کاریان پێ نەکرێت، بەڵکو خەڵکی هەر ناوچەیەک بە دیالێکتی خۆیان لەگەڵ یەکتر گفتوگۆ ئەکەن، چالاکی ئەدەبی و هونەری تایبەت بە خۆیان بە زاری تایبەتی خۆیان ئەنجام دەدەن. چونکە بە ستانداردکردنی زمان بە مانایی شێوەیی نووسینی هاوبەش لە بوارەکانی خوێندن و راگەیاندن و بەرێوەبردن، بۆ چاکتر لە یەکتر گەیشتن لە نێوان هاوڵاتیانی کورد بە هەموو زارەکان، لەگەڵ ئەو بیانییانەی کە کوردیی فێردەبن (عوسمان، ٢٠١٣، ل٥٢).
هەرێمی کوردستان نەک خاوەنی زمانێکی کوردیی ستاندارد نییە، بەڵکو زمانەکەی رووبەڕووی مەترسییەکی گەورەتر بۆتەوە، ئەویش کاریگەریی و هەیمەنەی زمانی ئینگلیزییە، لە سیستەمی پەروەردە تا ئەگات بە نوسینی تابلۆی شوێنە گشتییەکان و پیشانگاکان و ئۆتۆمبێلەکان (عبدالرحمان و سەعید، ٢٠١٩، ل١١٧). بەڵگەش بۆ ئەمە، بەپێی رێنمایی وەزارەتی ناوخۆی حوکومەتی هەرێمی کوردستان، کە تایبەتە بە تابلۆی ئۆتۆمبێل، ئاماژە ئەکات بەوەی ئەبێت تابلۆی ئۆتۆمبێل بە پیت و ژمارەی ئینگلیزی چاپ بکرێت (رۆژنامەی وەقایعی کوردستان، رێنمایی ژمارە٢، ٢٠٢٢).
نەبوونی زمانی ستاندارد لە هەرێم، نەتەوەی دابەشی سەر دوو زۆنی کەلتووریی و کۆمەڵایەتیی لەیەکتر دابڕاو کردووە، تەنانەت زمانی لە ئەرکە سەرەکییەکەی خستووە، کە بریتییە لە یەکانگیری و یەکێتیی نەتەوە. ئەمەش ئاستەنگێکی تر لە ئاستەنگەکانی نەتەوەسازیی لە هەرێمی کوردستان.

## ٣-٤ کەلتووریی خێڵ و دابەشبوونی نەتەوە.

ئەگەر لە بونیادی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەیی کوردستانیی رابمێنین، ئەوا بە بێ دوودڵی بەو راستییە ئاشنا دەبین، کە بونیادی کۆمەڵایەتیی باو لە کۆمەڵگە دا بونیادێکی خێڵەکییە، سیستەمی خێڵایەتی باڵی بە سەر کۆمەڵگەیی کوردستانیی کێشاوە (محمد، ٢٠٢٠، ل٧). بۆیە دامەزراوەی خێڵ لە لەم کۆمەڵگەییە دا یەکەیەکی گشتییە و جۆرێک لە خود تێرکردن و سەربەخۆیی هەیە، وە خێڵی کوردییی بە هۆی شێوازی پێکهاتن و میکانیزمی کارکردنی و ناوچەیی جوگرافیی و تایبەتمەندییە سیاسییەکەیەوە وەکوو یەکەیەکی کۆمەڵایەتیی تا رادەیەک پێویستی بە دەرەوەی خۆی نییە، ئەمەش وایکردووە پرۆسەی کۆمەڵایەتیی بوون لە کۆمەڵگەیی کوردستانیی گرێدراوە بە پانتایی و سنوری جوگرافیایی خێڵەکان، پێش ئەوەی گرێدراوبێت بە پانتایی جوگرافیایی نەتەوەوە (قەرەداخی، ٢٠٠٤، ل٦٢).
خێڵ و هۆزگەرایی لە کۆمەڵگەیی کوردستانیی دا لە رێگەیی ئەو بەها و کەلتوور و داب و نەریتانەیی لە نەوەیەکەوە دەیگوازێتەوە بۆ نەوەیەکی تر، رۆڵێکی گرینگ دەگێرێت لە دارشتنی سیمبۆلەکانی شوناسی نەتەوە و نیشتیمان، لە هەمانکاتدا رۆڵی ئەوەش دەبینێت هەستی تاکەکانی لە چوارچێوەی کەلتوور و نەریتی خێڵەکەی خۆی دا گەشەپێدەدات (شەریف، ٢٠١٣، ل٣١٥). ئەمەش وایکردووە هەر خێڵ و تەنانەت هەر تەریقەتە ئایینییەکانیش لە نێو دەوڵەت دا نایەوێت دەستبەرداری کەلتوور و ئاکاری بێت، بەڵکو ویستی ئەوەی هەیە دەوڵەت و کۆمەڵگەکەی بە فرە خێڵی و تەریقەتی بمێنێتەوە، دووربێت لە کەلتووریی هاوبەش(مستەفا، ٢٠١٨، ل٤٨٦). لەم سۆنگەیەوە نەتەوەسازان (Nation - Builders) رووبەڕووی ئەرکێکی سەخت بوونەتەوە، ئەویش لە گواستنەوەی ئینتیمایی تاک لە خێڵەوە بۆ نەتەوە (وانچ، ٢٠١٤، ل١٦٣).
باڵا دەستی و بە هێزی دابەشبوونە کۆمەڵایەتییەکان لە سەر بنەمای خێڵ و خێزان و بنەماڵەکان، بەردەوام

ڕێگر بوونە لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵگەیی مەدەنی کەبتوانێ سنوری دابەشبوونە کۆمەڵایەتییەکان ببڕێت (خدر، ٢٠٢٠، ل١١٤). خێڵ و حیزب لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەک ڕەگی داکوتاوە یەکخستنی میللیان پەکخستووە، ڕێگرن لە بەردەم درووستبوونی ڕۆحی هاوڵاتیبوون، کە بە سەرەتا و بەردی بناغەی دامەزراندنی کۆمەڵگەییەکی نوێیە. بەو جۆرە ململانێ سیاسییەکانیش لە ململانێی نوێبوونەوە و پێشکەوتن خزاوەتە ئاستی ململانێی دەستەگەری و گروپخوازی تەسکەوە، ئەمەش ڕێک درێژکراوەی ململانێی خێڵ و ناوچەگەریەتییە (عەبدوڵلا، ١٩٩٦، ل٥٧).

لەم سۆنگەیەوە نوسەرێکی وەک (بەختیار عەلی) بڕوای وایە «چەمکی بە نەتەوە بوون و بە کۆمەڵگە بوون تا ئەندازەیەکی زۆر لە یەکتر نزیکن، بۆ کورد نەتەوە بوون واتا دەرچوون لە قۆناغی کۆمەڵ کۆمەڵ بوون و گەیشتن بە کۆمەڵگە، دەرچوون لە کۆمەڵگەیی خێڵەکیی و تێکەڵ بوون بە پرۆسەیەکی مۆدێرن، واتە بوون بە کۆمەڵگە مەرجێکی سەرەتایی هەیە ئەویش بە نەتەوە بوونە، چونکە نەتەوە مەرجی کۆمەڵگەییە و کۆمەڵگەش مەرجی نەتەوەیە، بەڵام شکستی ناسیۆنالیزمی کورد ئەوەیە، کە یەکێک لە ئەرکە سەرەکی و جەوهەرییەکانی کە یاریدەدانی بەشە جیاوازەکان و کەرتە دوورەکانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کوردییە بۆ بوونە یەک وون کردووە» (عەلی، ٢٠٠٠، ل٥٩ ).

لە نائامادەیی دەسەڵاتی یاسا و ناکارایی دەزگاکانی حوکومەت، خێڵەکان لە هەرێمی کوردستان کۆمەڵێ ئەرکی گرینگی کۆمەڵایەتیی بەدیهێناوە، ئەمەش جارێکی دیکە بۆتە هۆی مانەوەی پێوەندییە خێڵایەتییەکان. لە گرینگترین ئەو ئەرکە کۆمەڵایەتییانە، ئەرکی پاراستنی ئەندامانی خێڵە لە کاتی تەنگانە و دوژمنایەتی نەهامەتیەکان دا، تەنانەت لە شارەکانیش دا، تەنانەت ئەم ئەرکەی لە شارەکانیش دا درێژە پێداوە، بە مانایەکی تر، شاریش کە هەڵگری سیمایی مۆدێرنەیە نەیتوانیوە ئەم ئەرکە لە خێڵ وەرگرێتەوە (خدر، ٢٠٢٠، ل١١٠). کەلتووریی خێڵ لە کوردستان لە ژێر دەمامکی حیزب دا درێژەی بە خۆی داوە، لەگەڵ ئەوەی حیزب سەر بە دونیای مۆدێرنە، بەڵام بە ناوەڕۆکێکی خێڵەکیی و پێشمۆدێرنە درێژە بە خۆی دەدات، واتا خێڵ و کەلتوورەکەی لە هەرێمی کوردستان لە فۆڕمی حیزب دا خۆی دەرخستووە. بەڵگەش بۆ ئەمە، خێڵەکانی کورد لە ڕابردوو دا نەیانتوانیوە فیدراسیۆنی خێڵەکان درووست بکەن و یەکبگرن، ئەمڕۆش هەمان پارچە پارچە بوون لە بەرگێکی مۆدێرن دەبینینەوە، ئەویش دابەشبوون و پارچە پارچە بوونی کۆمەڵگەیی کوردستانییە لەژێر ناوی حیزبیی سیاسیی، ئەمەش دووبارە بوونەوەی کەلتووریی خێڵە کە لە ڕابردوو دا هەبووە (عومەر، بەبێ ساڵ).

هێزە سیاسییە حوکومڕانەکانی هەرێم، بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خێزانە سیاسییەکانییان، کاری سەرەکیان بریتییە لە پرۆسەی بەخێڵکردنەوە (Retribalization)ی پێکهاتە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگە، ئەویش زیندووکردنەوەی خێڵە لە ڕێگەی ڤیستیڤاڵی ساڵانەی خێڵەکانی هەرێمی کوردستان. ئەم هەنگاوەش لە پێناو نەمانی چینی ناوەڕاست و گەڕانەوەی ئەم چینەیە بۆ باوەشی خێڵ و بوونەوە بە بەشێک لە خێڵ، هەروەها کۆنترۆڵکردنییەتی، چونکە نایەوێت ئەم چینە ببێتە هێزێکی کۆمەڵایەتیی سەربەخۆ و بزوێنەری گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان (قانع، ٢٠١٩).

لەم ڕوانگەیەوە، چۆن لە ڕابردوو دا خێڵ و هۆزەکان هۆکاری دابەشبوون و پەرتبوونی کۆمەڵگەیی کوردستانیی بوونە، ئێستاش بە زیندووکردنەوەو و بڕەودان بە کەلتووریی خێڵ، لە ڕێگەیی درووستکردنی بنکە و کۆمەڵ بۆیان، دیاریکردنی ڕۆژێکی تایبەت بۆ خێڵەکان، بە مەبەستی زیندووکردنەوەی کەلتووریی تایبەت بە خۆیان

گەیاندنی بە نەوەکانی داهاتوو، ئەوەندەی تر جەستەی نەتەوەی لە هەرێمی کوردستان دابەش و پەرتکردووە (قەرەدەخی، ٢٠١٢). ئەم سیاسەتەش نیشتیمانیی کردووە بە ماڵی خێڵ و حیزب و سەرکردەکان، ئەم هەنگاوەش لە بەردەم دروستبوونی نەتەوە، بەڵکو رێگری هەرە سەرکییە لە بەردەم درووستبوونی نەتەوە بە مانا سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگییەکەی (قانع، ٢٠١٢، ل٢٤٣).

## دەرئەنجام

نەتەوەسازیی سیاسەتیی ئاوێزانکردن و یەکانگییرکردن و بونیادنانی هەستی یەکیتی و یەکبوونی کۆمەڵگەییە، هێنانەدیی ئەم ئامانجە لە رێگەی سیاسەتیی بەرجەستەکردنی مافە سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکانی تاک ئەبێت بە بێ جیاوازی نێوان تاک، نەوەک لە رێگەی سیاسەتیی ناچارکردن و توانەوەی جیاوازییەکانی نێو کۆمەڵگە.

نەبوونی دەوڵەت وەک یەکەیەکی سیاسیی سەرەکی خاوەن سنوری دانپیانراو لە سیستەمی نێودەوڵەتیی ئەمڕۆ دا، بە یەکێک لە ئاستەنگە سەرەکییەکانی پرۆسەی نەتەوەسازیی لە هەرێمی کوردستان دادەنرێت، چونکە لە ئەنجامی نەبوونی دەوڵەت، نەتەوە لە هەرێمی کوردستان رووبەڕووی چەندین مەترسی ناوخۆیی دەرەکی بۆتەوە، بە تایبەتیی هێرشەکانی دەوڵەتی عێراق، کۆمەڵگەیی نێودەوڵەتییش بێ دەنگی هەڵبژاردووە لە ئاست مەترسییەکان. شەڕی ناوخۆی نێوان پارتی و یەکێتی درووستبوونی دوو ئیدارەیی لە یەکتر دابڕاو لە هەموو رەهەندەکان، چونکە نەتەوەی دابەشکرد بۆ دوو دوو کەلتوور و دونیای جیاواز لە یەکتر.

دابەشبوون و نەبوونی هێزێکی چەکداری یەکگرتوو و نیشتمانی بۆ پاراستنی نەتەوە و دەستکەوتەکانی لە هەرێمی کوردستان یەکێکی ترە لە ئاستەنگیە سیاسییەکان، چونکە هێزە چەکدارەکان لە کوردستان تەنها دابەش نەبوونە بە سەر پارتی و یەکێتی و حیزبەکانی تر، بەڵکو دابەشبوون بە سەر کەسەکان، ئەمەش وایکردووە هەمووان خاوەنی هێزبن تەنها نەتەوە و نیشتیمان بە بێ هێز بمێننەوە.

سیستەمی پەروەردە و خوێندن لە قوتابخانە ناحوکومییەکان هۆکاری دابڕان و کەلێنی کەلتووریی و کۆمەڵایەتییین، چونکە ئەم سیستەمە قوتابیانی لە زمان و کەلتووریی گشتیی کۆمەڵگەیی کوردستانیی دوورخستۆتەوە. کردنەوەی زانکۆ و پەیمانگا لە هەر شار و شارۆچکەیەکی هەرێمی کوردستان، دانیشتوان و پێکهاتەی شارەکانی لە یەکتر دوورخستۆتەوە، بەمەش ئاستی یەکانگیریی تێکەڵاوی کۆمەڵایەتیی لە نێوان شارەکان کەمکردۆتەوە. پەیڕەوکردنی سیاسەتی دوو زارەکی لە هەموو ئاستەکانی پەروەردە و راگەیاندن تەنانەت نوسراوی تابلۆکانیش، زمان و زمانی یەکگرتووی لە رەگەوە دەرهێناوە، تەنانەت سیاسەتی دوو زارەکی هەرێمی کوردستان و نەتەوەکەی بۆ دوو هەرێم و نەتەوەی تەواو لە یەکتر جیاواز و دابڕاو بردووە.

## پێشنیارەکان

کاری سەرەتایی و لە پێشینەی پرۆسەی نەتەوەسازیی لە هەرێمی کوردستان، نەهێشتن و نەمانی سیماکانی دوو ئیدارەییە لە هەموو رەهەندەکانی (سیاسیی، ئابووریی، کۆمەڵایەتیی، کەلتووریی، جوگرافیی)، بە ئامانجی بونیادنان و پیشاندانی هەرێمی کوردستان وەکوو یەکەیەکی سیاسیی یەکگرتوو و یەکانگییر و خاوەن دامەزراوەی نیشتیمانیی دوور لە هەژموونی حیزب.

بە دامەزراوەیکردن و بە نیشتیمانیکردنیی هێزە چەکدارەکان بە گشتیی و هێزەکانی پێشمەرگە بە تایبەتیی، هێنانەدەرەوەی ئەم هێزانە لەژێر سیاسەت و دەسەڵاتی حیزب و گروپ و کەسەکان، بۆ ئەوەی بە ئەرکە سەرەکییەکەی خۆیان ببینن، کە پارێزگاریکردنە لە خاک و هاوڵاتی و دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستان. ناچارکردنی قوتابخانە ناحوکومییەکان بە گرینگیدان بە زمان و کەلتووریی کۆمەڵگەیی کوردستانیی، تاوەکوو قوتابیانی نێو ئەم ناوەندانە نامۆ نەکرێن بە کەلتووریی نەتەوەکەی خۆیان. هەروەها کارکردن بۆ نەهێشتنی سیاسەتی دوو زارەکی لە هەموو ئاستەکان بە تایبەتیی لە پەروەردە دا، بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان ببێتە خاوەنی زمانێکی ستانداردیی یەکگرتوو و هاوبەش، تا لەو ڕێگەیەوە لایەنی کەم دهۆکییەک و کەلارییەک لە یەکتر نزیک بکرێنەوە، ببنە خاوەنی شوناسی هاوبەش.


## الملخص

بناء الأمة هي عملية الاندماج السياسي والاجتماعي والثقافي للأفراد في اطار أمة معينة، مما جعل هذه العملية الشاملة والمتعددة الأبعاد تواجه عقبات مختلفة. تركز هذه الدراسة على المعوقات السياسية والاجتماعية لعملية بناء الأمة في إقليم كوردستان، ولعودة الى موقف وسياسات النخبة الحاكمة و مؤسسات إقليم كوردستان نعتميد على المنهج النوعية (Qualitative). وعليه فالسؤال الاساسي: ما هي المعوقات السياسية والاجتماعية لعملية بناء الامة في اقليم كوردستان؟. للإجابة على هذا السؤال يتضمن هذا البحث مجموعة من الجوانب مثل: الصراعات الحزبية والحرب الأهلية بين الحزب الديمقراطي الكردستاني والاتحاد الوطني الكردستاني، وكذلك عدم وجود سياسة وطنية شاملة جسد موحد للأمة حتى أدى إلى ظهر إدارتين مختليفتين تماما في إقليم كوردستان. ومن جانب أخر نتضوء على تطبيق سياسة اللهجتين، والثقافة القبلية وضعف المجتمع المدني و انقسام الأمة، وهيمنة اللغات والثقافات الأجنبية في المؤسسات التعليمية الخاصة كعقبة أمام بناء الأمة كردستان. تداعيات هذه العقبات إلى انقسام عميق من جوانب السياسة والثقافة وانفصال الهوية والثقافة المشتركة. لذلك ولهدف تحقيق نجاح عملية بناء الأمة في إقليم كوردستان يجب محافظة عليها كوحدة سياسية موحدة بعيداً عن أي إدارة مزدوجة و مؤسسة القوات المصلحة و بناء لغة موحد، ومع ذلك إجبار المؤسسات التعليمية الخاصة على تعزيز و ترويج للثقافة واللغة الكردية في مناهجها.



## Abstract

The process of integrating people into the political, social, and cultural assimilation of individuals of a nation is known as nation-building, which has caused a number of obstacles for this extensive and multidimensional process. In order to return to the position and policies of the ruling elite and the institutions of the Kurdistan Region, the researcher depends on the qualitative approach in the current study, which focuses on the political and social barriers to the nation-building process in the Kurdistan Region. The key inquiry is therefore: What are the political and social impediments to the process of nation-building in the Kurdistan Region? In order to respond to this question, this research takes into account a number of factors, including the partisan clash and civil war between the Kurdistan

Democratic Party and the Patriotic Union of Kurdistan, as well as the absence of a comprehensive national strategy that united the nation before it resulted in the emergence of two utterly distinct administrations in the Kurdistan Region. On the other hand, Kurdistan's nation-building efforts are hampered, according to the researcher, by the use of the two dialects policy, tribal culture, the fragility of civil society, the separation of the nation, and the predominance of foreign languages and cultures in private educational institutions. As a result of these barriers, there is a sharp divide between identity and common culture as well as a division between politics and culture. As a result, in order for the nation-building process in the Kurdistan Region to be successful, it must be kept as a unified political entity free from dual administration, the institution of forces, and the building of a unified language (standard language), while also requiring private educational institutions to promote Kurdish culture and language in their curricula. It means that the Kurdish language and culture must be emphasized in the curricula of private educational institutions.

## لیستی سەرچاوەکان


یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان.

کتێب.

١. بارزانی، مەسعود، (٢٠٢٠)، بۆ مێژوو، چاپی سێیەم، چاپخانەی رۆکسانا، هەولێر.

٢. جەمال، نەوزاد، (٢٠٠٩)، فەلسەفە و قەیران خوێندنەوەیەکی فەلسەفی بۆ کێشەکانی کورد، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر.

٣. حاجی، شۆڕش،(٢٠١٨)، ناسیۆنالیزمی کوردیی پەرچەکردار ناسیۆنالیزمی کوردیی و حیزبیی بەعس ڕووداوەکانی ١٩٦٣-٢٠٠٣، چاپخانەی ماد، تاران.

٤. حکیم، مراد، (٢٠٢٠)، ئایا کۆمەڵگەییەک هەیە بە ناوی کۆمەڵگەیی کوردیی؟، لە کتێبی (سیاسەت و کۆمەڵگە لە باشوری کوردستان)، ئینیستیتوتی سیاسەتی گشتی، هەولێر.

٥. حەکیم، مراد و ئەمیر، لەیلا، (٢٠٢٠)، کۆمەڵگەیی کوردستانی باشور لە نێوان یەکگرتووی و پەرتەوازەی دا، کتێبی (سیاسەت و کۆمەڵگە لە باشوری کوردستان)، ئینستیتوتی سیاسەتی گشتی، هەولێر.

٦. خدر، هیوا حاجی، (٢٠٢٠)، شار و خێڵ و دابەشبوونە ئێتنیکییەکان، لە کتێبی سیاسەت و کۆمەڵگە لە باشوری کوردستان، ئامادەکردنی (ئیحسان وەڵزی و موسڵح ئیروانی)، ئینستیتوتی سیاسەتی گشتی، هەولێر، ٢٠٢٠.

٧. خۆشناو، نەریمان عەبدوڵڵا، (٢٠١٣)، زمانی ستانداردی کوردیی، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

٨. دی سمیس، ئەنتۆنی، (٢٠٠٤)، نەتەوەخوازی تیۆری و ئایدیۆلۆجی و مێژوو، و: هۆشیار عبدوالرحمان سیوەیلی، دەزگای ئاراس، هەولێر.

٩. ڕۆژهەڵاتی، زریان، (٢٠١٧)، کاریگەریی پێشمەرگە لە سەر برەندسازی نەتەوەیی کوردستان، کتێبی (سوپا و دەوڵەت)، ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو، هەولێر.

١٠. سابیر، رەفیق، (٢٠١٤)، بە ستاندارکردنی زمان و ئەلفوبێی کوردیی، چاپی دووەم، چاپخانەی تاران، تاران.

١١.سدیق، عەلی، (٢٠١١)، کێشەی زمانی ستانداری کوردیی، چاپخانی بینایی، سلێمانی.

١٢. سورخی، ڕەحیم، (٢٠١٧)، رۆڵی زمان لە نەتەوەسازییدا: تێڕوانینێک بۆ پرسی زمانی کوردیی، لە کتێبی (دەوڵەت و نەتەوە)، بڵاوکردنەوەی خانەی هزری کوردستان، بێ شوێن.

١٣. عوسمان، ئازاد، (٢٠١٣)، چاکسازی سیاسیی و ئابووری، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

١٤. عەزیز، سەردار، یاسین، بورهان، (٢٠١٧)، دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان لە ناوەوە بونیادنان لە دەرەوە دانپیانان، چاپخانەی کارۆخ، بێ شوێن.

١٥. عەلائەدین، دلاوەر عەبدوالعەزیز، (٢٠١٣)، نیشتمانسازیی و سیستەمی فەرمارەوایەتی خۆماڵی لە هەرێمی کوردستان، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

١٦. عەلی، جەعفەر، (٢٠١٣)، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردیی، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.

١٧. قادر، رزگار محمد، (٢٠٠٧)، لەپێناو کوردستانێکی نوێدا، چاپخانەی منارە، هەولێر.

١٨. قانع، مەریوان وریا، (٢٠٠٥)، ناسیۆنالیزم و سەفەر کورد لە دیاسپۆرا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

١٩. قانع، مەریوان وریا، (٢٠١٢)، شوناس و ئاڵۆزی، چاپی دووەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

٢٠. قانع، مەریوان وریا، (٢٠١٨)، کۆمەڵگە و غەریبەکانی، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی.

٢١. قەرەداخی، عەتا، (٢٠٠٤)، چەمکی دەوڵەت و بزوێنەری مێژوو لە کۆمەڵگەیی کوردیی دا، دەزگای ئاراس، هەولێر.

٢٢. کرمانج، شێرکۆ، (٢٠١٧)، شوناسی عێراق ململانێ نەتەوەیی و مەزهەبیەکان، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

٢٣. لۆبۆن، گۆستاڤ، (٢٠١٨)، نهێنی پێشکەوتنی نەتەوەکان، و: سەلاح سەعدی، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

٢٤. محەمەد، خەلیل ئیسماعیل، (٢٠٢١)، ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە نێوان راستی مێژوویی و هەڵکەوتەی جوگرافیاییدا، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

٢٥. محەمەد، فەرهاد (٢٠١٣)، سیاسەتی حکومڕانی تیرۆژێک بۆ بونیادنانی نەتەوە، چاپخانەی گۆڤاری گوڵان، هەولێر.

٢٦. محەمەد، قارەمان نادر، (٢٠١٨)، لە بڕیاری ڕیفراندۆمەوە بۆ شازدەی ئۆکتۆبەر(توێژینەوەیەکی مێژووی سیاسیی)، دەزگای ستاندەر، هەولێر.

٢٧. مستەفا، عیرفان، (٢٠١٨)، بوونی نەتەوەی کورد، چاپی دووەم، چاپخانەی حەمدی، بێ شوێن.

٢٨. هۆبزباوم ئەوانی تر، ئێرک، (٢٠٠٤)، ڕەهەندەکانی ناسیۆنالیزم، و: ئارام جەمال، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

٢٩. وانچ، سۆفیا ئێزابێلا، (٢٠١٤) پەرەسەندنی شوناسی نەتەوایەتی کورد و ئەگەرەکانی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، و: پ.ی.د. یاسین سەردەشتی، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی.

### نامەی ئەکادیمی و توێژینەوە.

١. عەباس، گەیلان، (٢٠٢١)، گەندەڵی لە عێراق و هەرێمی کوردستان (پێناس و فۆرم و شێواز، لێکەوتە و چارەسەر)، ژووری تویژینەوەی بزوتنەوەی گۆڕان، سلێمانی.

٢. محمد، غانم کریم، (٢٠٢٠)، سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بۆ بەرێوەبردنی تەنگەشەکانی عێراق

(تەنگەشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٣-٢٠١٨) بە نموونە، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٣. پیرۆ، ئاشتی مەجید، (٢٠١٦)، هەڵسەنگاندنی ئەزموونی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان – عێراق، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە، کۆلێژی یاسا و زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٤. حەسەن و محەمەد، هەژار خوداد و یادگار عەلی، (٢٠١٩) رۆڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە پرۆسەی تێگەیشتن لە زاری کرمانجی سەروو لای خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان (توێژینەوەیەکی مەیدانییە)، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕاپەڕین، بەرگی (٦)، ژمارە (١).

٥. سعید و ئەوانی تر، محمد عبدالفتاح حمە، (٢٠١٤)، زمانی ستاندارد، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ژمارە (٤٥).

٦. شواني، رەفیق، (٢٠١٧)، لە دەستدانی زمان لە دەستدانی نەتەوەیە، گۆڤاری توێژەر، زانکۆی سۆران، ژمارەی تایبەت بە کۆنفرانسی زمانی دایک، سۆران.

٧. صالح و ئەوانی تر، (٢٠١٧)، سەنگەر یوسف، ڕەنگدانەوەی ناسنامەی نەتەوەیی لە قوتابخانە بیانیەکاندا، ئینستیتۆی توێژینەوە و گەشەپێدان-کوردستان،هەولێر.

٨. عبدالرحمان و سەعید، باخان سەرحەد و محمد مجید، (٢٠١٩)، ژەهری زمانی و کاریگەریی لە سەر ئاسایشی نەتەوەیی (زمانی کوردیی بە نموونە)، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، زانکۆی گەرمیان، کەلار، ژمارە (٣).

٩. عەلی، غازی، (٢٠٠٦)، پرۆژەی ستانداردکردنی زمانی کوردیی، گۆڤاری ئەکادیمی، کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر، ژمارە (٤).

١٠. فەتاح، ئومێد رفیق و رسول، عابد خالد، (٢٠١٨)، پرۆسەی بە دامەزراوەییکردمی هێزی پیشمەرگە (هەنگا و ئاڵنگاریئاستەنگیەکان)، مجلة الدراسات السیاسیة و الامنیة، مرکز الدراسات المستقبلیة، سلیماني،مجلد١،عدد٢.

١١. نامیق، هێرش فاضل، (٢٠١٧) کاریگەریی هێرشی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە سەر بواری سەربازی هەرێمی کوردستان، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە، کۆلێژی یاسا و ڕامیاری، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

١٢. ئەحمەد، موحەمەد ڕەحمان، (٢٠٢٢)، ئاڵنگاریئاستەنگەکانی گەشەپێدانی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان-عێراق (لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری ڕەخنەییە)، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

## گۆڤار و رۆژنامە و راپۆرت.

١. بارزانی، نێچیرڤان، (٢٣-٥-٢٠٢٢)، لە ڕێورەسمی دەرچوانی کۆلێژی سەربازی سێی قەلاچوڵان، ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە (٣٦٥٩).

٢. بریاری ژمار (١٩)، ساڵی (٢٠١٤)، پەرلەمانی کوردستان، تایبەت بە هێزەکانی پیشمەرگە، ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان، وەزارەتی داد، ژمارە (١٧٧).

٣. بەرزنجی، دانا عەلی سالح، (٢٠٢٢)، دیوە تاریکەکەی ئەزموونی حوکومڕانی لە هەرێمی کوردستان، گۆڤاری خاڵ، سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فکری، سلێمانی، ژمارە (٣٦).

٤. حسن، بکر کریم، (٢٥-١١-٢٠١٨)، ڕەوشی خوێندنی ناحکومی لە هەرێمی کوردستان، ڕۆژنامەی هەولێر،

ژمارە (٢٩٧٢).باخەوان، عادل، (١٠-١٧-٢٠١٦) کەی مەحرومەکانی کوردستان یەکدەگرن، رۆژنامەی ڕووداو، ژمارە (٤٢٨).

٥. عەبدوڵڵا، هەڵکەوت، (١٩٩٦)، هەڵوەستەیەک لە ئاست شەڕی نێوخۆی کوردستان دا، گۆڤاری رەهەند، نێوەندی رەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردیی، دانیمارک، ژمارە (١).

٦. عەزیز، ئیبراهیم محەمەد، (٢٠٢٢)، چەقبەستویی پرۆسەی سیاسیی هەرێم و ئایندەیەکی نادیار، گۆڤاری خاڵ، سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فکری، سلێمانی، ژمارە (٣٦).

٧. عەلی، بەختیار، (٢٠٠٠)، سەدەی ناسیۆنالیزم، گۆفاری رەهەند، نێوەندی رەهەند بۆ لێکۆڵینەوە، سلێمانی، ژمارە (٩-١٠).

٨. قادر، پەرویز ڕەحیم، (٢٠١٧)، ئاسایشی ناسنامەی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتی سەربەخۆ دا، گۆڤاری شرۆڤە، سەنتەری دیراسات و توێژینەوە و ئەکادیمیای پارتی، هەولێر، ژمارە (٢٦).

٩. قەرەداخی، عەتا، (١-٨-٢٠١٧)، کورد بەرەو دەوڵەت، گۆڤاری گوڵان، هەولێر، ژمارە (١١٣٢).

١٠. گوڵپی، عومەر، (٢٠٢٢)، هەرێمی کوردستان داهات و سامانی زۆر ئابووری و ئایندەیەکی نادیار، گۆڤاری خاڵ، سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فکری، سلێمانی، ژمارە (٣٦).

١١. محمد، کامەران، (٢٠٢٠)، کۆمەڵگەیی کوردیی لە نێوان سروشتی بوون و مێژووی بووندا، گۆڤاری خاڵ، سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فکری، سلێمانی، ژمارە (٢٩).

١٢. وەزارەتی پەروەردە، (٢٠١٩)، پوختەی ئاماری قوتابخانە و خوێندنگە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان بۆ سالی (٢٠١٧-٢٠١٨)، داتای بڵاوکراوە، هەولێر.

١٣. حەمە، هاوڕێ حەسەن، (٢٠١٩)، ماددەی ١٤٠ی دەستوری عێراق لە نێوان ڕێگری حوکومەتی ناوەندی و کەمتەرخەمی کورد دا، گۆڤاری جۆرناڵ، ناوەندی کوردستان بۆ تویژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، سلێمانی، ژمارە (٣٩).

١٤. وەزارەتی ناوخۆ، ڕێنمایی ژمارە (٢)، ساڵی (٢٠٢٢)، ڕێنمایی دیاریکردنی شێواز و قەبارە و ڕەنگ و ڕەنگ و ناوەڕۆکی تابلۆی ئۆتۆمبێل لە هەرێمی کوردستان، رۆژنامەی وەقایعی کوردستان، وەزارەتی داد، هەولێر، ژمارە (٢٨٠).

١٥. ئینستیتوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان، (٢٠١٩)، راپۆرتی هەلسەنگاندنی ڕەوشی خوێندنی باڵا لە ماوەی کابینەی هەشتەم دا (٢٠١٤-٢٠١٨)، سلێمانی.

١٦. ئینستیتوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان، (٢٠١٩)، راپۆرتی هەلسەنگاندنی ڕەوشی پەروەردە لە کابینەی هەشتەمی حوکومەتی هەرێمی کوردستان (٢٠١٤-٢٠١٨)، سلێمانی.

یاساکان.

١. یاسای حزبەکانی هەرێمی کوردستان - عێراق، (١٩٩٣)، ژمارە (١٧).

یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان – عێراق، (٢٠٠٨)، ژمارە (١٠).

٢. یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق، ساڵی (٢٠١٤)، ژمارە(٦).

٣. یاسای وەزارەتی پیشمەرگە لە هەریمی کوردستان-عێراق، (٢٠٠٧)، ژمارە (١٩).

**سەرچاوەی ئەلیکترۆنیی.**

١. ابراهیم، سەلام، (٢٠٢٠)، زینی وەرتێ خەونی چاکسازی و ڕێکخستنەوەی پێشمەرگەی لە گۆڕنا، ماڵپەری شەن، مێژووی سەردانیکردن، ٢٠-٨-٢٠٢٢، ٣dIYnXc/https://bit.ly .

٢. ددیداری رۆژنامەوانی وەزیری پێشمەرگە (شۆڕش ئسماعیل)، (٢٠٢٢)، مێژووی سەردانیکردن، ٥-٩-٢٠٢٢، ٣CYsLqZ/https://bit.ly .

٣. دەست پیش، حیسام، (٢٠١٧)، دەوڵەت بۆ کوردستان و حوکومەت بۆ هەمووان، ماڵپەڕی پێنوس، میژووی سەردانیکردن، ١١-٨-٢٠٢٢، ٣Qh٤fVV/https://bit.ly.

٤. دەقی ووتاری جێنین پلاسخارت لە ئەنجومەنی ئاسایش، (٢٠٢٢)، ماڵپەری ڕووداو، مێژووی سەردانیکردن، ٢٤-٨-٢٠٢٢، ٣dUhSfd/https://bit.ly .

٥. رەحمان، یاسین نادر، (٢٠٢٠)، تکایە وەزارەتی ڕۆشنبیری ئەم مەهزەلەی زانیاری گەیاندنە ڕابگرن، ماڵپەڕی شار پرێس، مێژووی سەردانیکردن، ٩-١٠-٢٠٢٢، ٣ytvMwi/https://bit.ly .

٦. رەفعەت، فازڵ حەمە و رەئوف، محمەد، (٢٠٢٠)، لامەرکەزی یاخود دوو هەرێمی، ماڵپەڕی درەو میدیا، مێژووی سەردانیکردن، ٢٣-٨-٢٠٢٢، ٣wlGCni/https://bit.ly .

٧. ڕەئوف، محمد، (٢٠١٨)، گوڵەخانە مانۆڕی سەربازی ئەکات، ماڵپەڕی درەو میدیا، مێژووی سەردانیکردن، ١٧-٨-٢٠٢٢، ٣bYGAL٩/https://bit.ly .

٨. ساڵح، عەلی حەمە، (٢٠٢٢،) وردەکاری رێککەوتنە مەترسیدارەکە، ماڵپەری نەوا، مێژووی سەردانیکردن، ٢٢-٨-٢٠٢٢، ٣PAQ٩O٠/https://bit.ly .

٩. شەوکەت، ڕزگار، پەروەردە لە قەیران دا، ماڵپەڕی نێگەتیڤ، مێژووی سەردانیکردن، ٢٧-٩-٢٠٢٢، https://bit.ly/٣Cecsp٧ .

١٠. عومەر، وەلید، پاندۆلی خێڵ و مۆدێرنە، ماڵپەڕی نێگەتیڤ، مێژووی سەردانیکردن، ١٧-١٠-٢٠٢٢، https://bit.ly/٣TanDoS .

١١. عەزیز، سەردار، (٢٠٢١)، پێشمەرگە وەک پردی پێوەندیی کوردستان و دنیا، ماڵپەڕی ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو، مێژووی سەردانیکردن، ١٥-٨-٢٠٢٢، ٣EtHPMj/https://bit.ly .

١٢. قانع، مەریوان وریا، (٢٠١٩)، خێڵ یاخود پرۆسەی بەخێڵکردنەوە، ماڵپەڕی شار پریس، مێژووی سەردانیکردن، ١٩-١٠-٢٠٢٢،٣CFhHNI/https://bit.ly.

١٣. قەرەداخی، عەتا، (٢٠١٢)، کورد: گەڕانەوە لە نەتەوەوە بۆ خێڵ، ماڵپەری وتاری کورد، مێژووی سەردانیکردن، ٢٠-١٠-٢٠٢٢،٣DagbEO/https://bit.ly.

١٤. کۆنگرەی رۆژنامەوانی سەرۆکی حوکومەتی هەرێمی کوردستان (مەسرور بارزانی)، (٢٠٢٢)، مێژووی سەردانیکردن، ٢٣-٨-٢٠٢٢، لەم لینکە بەردەستە، ٣woIewu/https://bit.ly .

١٥. ماڵپەڕی درەو میدیا، (٢٠٢١)، دۆخی ئاسایش و پیشمەرگەی کوردستان لە راپۆرتێکی بەریتانیا دا، مێژووی سەردانیکردن، ١٧-٨-٢٠٢٢، ٣dDyJmA/https://bit.ly .

١٦. ماڵپەڕی فەرمی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی،(٢٠٢١) مێژووی سەردانیکردن، ١-١٠-٢٠٢٢، ٣UThGxP/https://bit.ly .

١٧. وەرگیراوە لە فەلاح، شەریف، (٢٠٢١)، زمانی کوردیی لە قوتابخانە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان بەرەو کوێ؟، ماڵپەڕی باس نیوس، مێژووی سەردانیکردن، ٢٦-٩-٢٠٢٢، ٣xTBaZt/https://bit.ly .

**دووەم: سەرچاوە عەرەبیەکان.**

**کتێب.**

١. اوزكيريملى، اوموت، (٢٠١٣)، نظريات القومية مقدمة نقدية، ت، معين الإمام، المركز العربي للابحاث و دراسة السياسات، بيروت.

٢. دي سميس، انتوني، (٢٠١٤)، الرمزية والعرقية والقومية مقاربة الثقافية، ت: احمد الشيمي، مركز القومي للترجمة، القاهرة.

٣. غيلنر، ايرنست، (١٩٩٩)، الأمم والقومية، ت:د. مجيد الراضي، دار المدى للثقافة والنشر، دمشق.

٤. فيختة، يوهان غوتليب، (١٩٧٩)، خطابات الى الامة الالمانية، ت: د، سامي الجندي، دار الطليعة للطبع والنشر، بيروت.

٥. كلاستر، بيار، (١٩٨١)، مجتمع اللادولة، ت: د. محمد حسين دكروب، المؤسسة الجامعية الدراسات والنشر والتوزيع، بيروت.

نامەی ئەکادیمی و توێژینەوە.ا

١. ليازيد، ايدر، (٢٠١٥) المعوقات بناء الدولة الوطنية في العراق لفترة ما بعدة الغزو الانجلو امريكي ٢٠٠٣-٢٠١٤، رسالة ماجستير غير منشور، كلية الحقوق وقسم العلوم السياسية، جامعة مولود معمري- تيزي وزو، تيزي وزو.

سێیەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان.

کتێب

1. D. Smith, Anthony, (1991), National Identity, Published by Penguin Group, London.

2. Hippler, Cohen, (2005), Nation Building a Key Concept for Peaceful Conflict Transformation, T: Barry Stone, Published by Plato Press, London.

**توێژینەوە.**

3. Bahat, Anand Sing, (2021), Theories of Nation Building: An Analysis for Academicians and Nation Builders to Employ Nepal Army, Unity Journal, Prithvi Narayan Shah Research Center, Kathmandu, Volume 2.

https://doi.org/10.54809/jkss.vi2.221

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# بەربەستەکانی بەردەم گەشەکردنی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و تورکیا لە نێوان سالآنی (٢٠١٤ - ٢٠٢٠)

خێلان ابوبکر قادر
Xelan.awakalaey@gmail.com

پ.صالح عمر عیسی
Salih.issa@su.edu.krd

بەشی زانستە سیاسییەکان، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان_ عێراق

## الملخص

پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە لەسەر ئەوە بونیادنراوە ئایا ئەم فاکتەرانە چین کەلەماوەی نێوان سالآنی (٢٠١٤-٢٠٢٠) زەمینە سازییان کردووە لەوەی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و تورکیا بەشێوەیەکی خێراو بەردەوام گۆرانکاری بەسەردابێت، هەروەها ئەم گۆرانکارییانە تاچەند پەیوەندیدارە بەو پێشهاتە سیاسی و ئەمنیانە کەلەم سالآنەی دوای دا لە ناوچەکەدا گوزەریانکردووە. دانانی عێراق بەسەرچاوەیەکی هەرەشە لەسەر ئاسایشی نەتەوەی لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا، بووەتە فاکتەرێکی کاریگەرو بنەرەتی لەسەر هەڵدانی کۆمەڵێک کێشەو گرفت لە نێوان هەردوو وڵات. هەربۆیە گریمانەی توێژینەوەکە لەسەر ئەم ئارگومێنتە دارێژراوە. لە پێناو سەلماندنی گریمانەی توێژینەوەکە سەبارەت بە پرسیارە سەرەکییەکە، لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی شیکاری و وەسفی بەکارهێنراوە، هەروەها پەنا بردراوەتە بەر رەگەزەکانی تیۆری نیوریالیزم بۆ دەرخستنی سروشتی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق وتورکیا لەماوەی دیاریکراودا. بەشێوەیەکی گشتی کێشەو گرفتەکانی ئەم دواییەی نێوان عێراق و تورکیا دەکرێت بەسەر س گروپدا پۆلینی بکەین کە ئەوانیس بریتین لە؛ یەکەمیان کێشەی ئاسایش کە ئەمەش بەشێکی گرنگی پەیوەندیدارە بە بوونی چەکدارانی پەکەکە لە نێو خاکی عێراق و ناسەقامگیرییە ئەمنییەکانی ناوچەکە بەگشتی و نێوخۆی عێراق بە دیاریکراوی. دووەمیان خۆی دەبینێتەوە لە نەبوونی متمانە لە نێوان هەردوو وڵات سەبارەت بە پرس و قەیرانەکانی ناوچەکە.سێیەمینیان دژ بەیەکبوونی سیاسەت و هەڵوێستی هەردوو وڵات سەبارەت بە پرس و قەیرانەکانی ناوچەکە بە تایبەتی لە هەمبەر پرۆسەی بەهاری عەرەبی.. ئەمەش بەشێکە لەو دەرئەنجامانە لە توێژینەوەکە پێی گەیشتووین.

**وشە کلیلیەکان : پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ئاسایش، عێراق و تورکیا، بەرژەوەندی و هێز.**

Recieved: 27/9/2022
Accepted: 1/11/2022



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی:

عێراق و تورکیا وەک دوو دەوڵەتی خاوەن سەروەریی لە دوای دارمانی دەوڵەتی عوسمانیی هاتوونەتە سەر شانۆی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە هەر لە سەرەتاوە هەتا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان، بە شێوەیەکی بەردەوام کەوتووەتە ژێر کاریگەریی پێشهاتە سیاسیی و ئەمنییە هەرێمیی و نێودەوڵەتییەکانەوە. هۆکارەکەشی بۆ ئەو بناغە لەرزۆکە دەگەڕێتەوە، کە پەیوەندییە دوو قۆڵییەکانی لەسەر بنیادنراوە، چونکە ئەم دوو وڵاتە لە رووی هەڵکەوتەی جوگرافیاییەوە دەکەونە پڕ کێشەترین و ناسەقامگیرترین ناوچەی جیهان، ئەویش رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. بۆیە ئەو دۆخە (ئەنارشیزمەی) کە باڵی بەسەر ژینگەی ناوچەکەدا کێشاوە، بە شێوەیەکی بەردەوام رۆڵ دەگێڕێت لە ئاراستەکردنی پەیوەندییە دوولایەنەکانی نێوان عێراق و تورکیا. لە پاڵ ئەمەدا بە درێژایی مێژوو چەندین فاکتەر کە لە نێو خودی هەردوو وڵات بوونی هەیە، کاریگەرییان خستووەتە سەر دارشتنی چوارچێوەی پەیوەندییەکانی نێوان بەغداد و ئەنقەرە. بەڵام سەرباری تەواوی ئاڵنگارییە ناوخۆیی و هەرێمیی و نێودەوڵەتییەکان، زۆربەی کات هەردوو دەوڵەت لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی هاوبەش، هەوڵی بەرەو پێشچوونی پەیوەندییەکانی نێوانیانداوە. لە ژێر رۆشنایی ئەو هەلومەرجەدا لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە لە گۆشەنیگای تیۆری (ریالیزمی نوێ) ئەو هۆکارانە بخەینە بەر باس کە لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١٤-٢٠٢٠) لە بەردەم گەشەکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات بوون بە بەربەست.

## گرفتی توێژینەوە:

. یەکێک لە گرفتە هەرەگرنگەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە زۆر لەبابەتەکانی کە پەیوەستن بە پەیوەندییەکانی تورکیا و عێراق حالەتێکی نهێنیان هەبووە، بۆیە توێژەر زۆربەئاسانی نەیتوانیوە دەستی بەم دێکۆمێنتە نهێنیانە بگات. هەروەها لە هەرێمی کوردستان لەسەر ئەم بابەتە لە ساڵانی دیاریکراو سەرچاوەی زانستی زۆر کەمن. بە گشتی توێژینەوە دوو جۆر پرسیار لەخۆدەگرێت، پرسیاری سەرەکیی: گرنگترین ئەو ئاڵنگاریانە چیین کە لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١٤-٢٠٢٠) لە بەردەم گەشەسەندنی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و تورکیا بوون بە بەربەست؟ پرسیاری لاوەکیی: ئایا گۆڕانکارییە هەرێمییەکان لە ئاراستەکردنی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و تورکیادا هەتا چەند رۆڵیان گێڕاوە؟

میتۆدی توێژینەوەکەش لە جۆری میتۆدی وەسفیی و شیکاریی بەکارهاتووە، لە پێناوی لێکدانەوەی ئەو فاکتەرانەی کە لەم ساڵانەی دواییدا زەمینەسازییان کردووە لە هێنانەکایەی کۆمەڵێک ئاڵنگاریی لە گەشەسەندنی پەیوەندییە دوولایەنەکانی عێراق و تورکیادا.:

ئامانجی توێژینەوە: توێژینەوە ئەم ئامانجانە لەخۆدەگرێت

دیاریکردنی ئەو فاکتەرانە کە لەم ساڵانەی دوایدا بونەتە ئالەنگاری لەبەردەم بەرەوپێشڤەچوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو ئەکتەر.

دیاریکردنی ئاستی کاریگەری پێشهاتە سیاسی و ئەمنی و ئابورییەکانی ناوچەکە لە ئاراستەکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات.

تیشک خستنە سەر ئەوفاکتەرانەی کەلەم ساڵانەی دوایدا پەیوەندییە دووقۆڵییەکانیان دووچاری کێشەو قەیران کردۆتەوە.

یەکێکی تر لەئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە لێکدانەوەی تەواوی ئەو فاکتەرانەیە کەبوونەتە هۆکارێک لە بەخشینی بونیادێکی لەرزۆک بە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو یەکە.

# بەشی یەکەم

## چوارچێوەی تیۆریی

١. بنەماکانی نیوڕیالیزم

بە شێوەیەکی گشتیی تیۆری (نیوڕیالیزم) لە لایەن پرۆفیسۆر (کینس واڵتز)ەوە تیۆریزە کراوە، یاخود بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین لەم چەند ساڵەی دواییدا، تیۆری نیوریالیزم لە دەوری تێز و بیر و بۆچونەکانی واڵتز دەخولێتەوە. واڵتز بە باوکی ریالیزمی نوێ و کاریگەرترین تیۆر داڕێژەری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم ناودەبرێت. لە دوای ساڵی ١٩٧٠وە نووسینی ریالیستەکان زیاتر بنیادیی بوون، ئەمەش بۆ تێڕوانین و بیروبۆچوونەکانی واڵتز دەگەڕێتەوە. نیوڕیالیزم هەڵدەستێت بە دابڕاندنی دەوڵەت لە سەرجەم خاسیەتەکانی، جگە لە تواناکانی، بە ئامانجی دیاریکردنی کاریگەریی ئانارشیەت و دابەشبوونی تواناکان.١

نیوڕیالیزم یاخود ڕیالیزمی بنیادی هەر وەک ریالیزمی کلاسیک، دەوڵەت بە ئەکتەری سەرەکی پانتایی سیاسەتی نێودەوڵەتی دێنێتە هەژمار. نیوڕیالیزم سەرەڕای جەختکردنی لەسەر نەبوونی دەسەڵاتێکی ناوەندیی باڵا لە پەیوەندیی نێودەوڵەتیدا، ئاستی شیکارییەکەی بە سیستەمی نێودەوڵەتی دەزانێت و لای وایە بنیادی سیستەمی نێودەوڵەتی جوڵە و رەفتاری دەوڵەتان ئاراستە دەکات. ٢

نیوڕیالیزم تەنها لە هەندێک سەلمێنراودا جیاوازە لە ریالیزمی کلاسیک، چونکە نیوریالیزم سیستەمی نێودەوڵەتی دەخاتە چەق لەبارەی لێکۆڵینەوە و لە چوارچێوەی رەفتاری دەوڵەتاندا، لە جیاتی بەهەند وەرگرتنی سروشتی مرۆڤ و شرۆڤە کردنی. کینس واڵتز رەخنەی ئاراستەی ڕیالیستە کلاسیکەکان کرد، بەوەی لە پرسی ململانێ، سیاسەتی دەرەکییان تێکەڵ بە سیاسەتی ناوخۆیی کردووە، چونکە واڵتز لەو بروایەدایە لێکدانەوەی پەیوەندی نێوان دەوڵەتان و سیاسەتی نێودەوڵەتی دەبێت لەسەر بنەمای شیکردنەوەی ستراکچەر و بنیادی سیستەمی نێودەوڵەتی بێت، بەبێ گوێدانە سروشتی ناوەکی نەتەوە پێکهێنەرەکانی ئەو سیستەمە. هەروەها واڵتز رەخنەی ئاراستەی بیرمەندانی ڕیالیزمی کلاسیک دەکات و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ناکرێت ئەو شیکردنەوانەی لەسەر سروشتی مرۆڤ بنیاد نراون بسەلمێنرێن، یاخود بە درۆ بخرێنەوە. بە شیوەیەکی گشتی ئەم ئاراستە نوێیەی تیۆری ڕیالیزم وەک کاردانەوە و پەرچەکردار بوو بەرامبەر بەو رەخنانەی ئاراستەی تیۆری ریالیستی کرابوون بە تایبەتی لەلایەن رەفتارگەراییەکان و لیبراڵەکان.٣

لە روانگەی کینس واڵتز، سیستەمی نێودەوڵەتی بۆ پەیوەندییە سیاسییە نیودەوڵەتییەکان دوو تایبەتمەندی گرنگ لە خۆدەگرێت کە ئەوانیش بریتین لە:

١: نەبوونی دەسەڵاتێکی باڵا کە لەلایەن هەموو دەوڵەتانەوە قەبوڵ کراوبێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی. ئەمەش مانای وایە کە پرەنسیپ و فاکتەری رێکخەر لە پەیوەندی نێوان دەوڵەتان پرەنسیپی ئانارشیستی (

١- هاورێ حەسەن حەمە ،تیۆری رلیالیزم لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا (ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، https://www.kurdistanc.com/Terror/details.aspx?jimare=٣٢٤٧#link (رێکەوتی سەردان ١٠ی ئەیلوولی ٢٠٢١).

٢- سەید عەبدولعلی قەوام، بنەماکانی سیاسەتی دەرەوە وسیاسەتی نێودەوڵەتی، و/هاورێ سورخابی، چاپخانەی رۆشنبیری، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٢، ل.٥٢٢.

٣- ئەنوەر محمد فەرەج، تیۆری ریالیزم لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا( لێکۆڵینەوەیەکی رەخنەیی بەراوردکارییە لەبەر رۆشنای تیۆرە هاوچەرخەکاندا )، و/ خەلیل کەریم محمد، ئەحمەد علی ئەحمەد، چاپخانەی تاران، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٨،ل.١٣.

ئەنارکیـە).

٢: لەبەر ڕۆشنایی ئەو خاڵەی سەرەوە کە باسمان کرد (نەبوونی دەسەڵاتی ڕەها و باڵا سەرووی دەوڵەتان)، ئەوە تایبەتمەندی وە خاسیەتی کرداری و وەزیفی یەکە و کاراکتەرەکان هاوشێوەو لەیەک دەچن لەناو سیستەمی نێودەوڵەتیدا، ئەویش خاسیەتی «المساعدة الذاتية» یارمەتیدان و پشتبەستن بە خوود ٤.SELF HELP

ئەو دۆخە ئانارشیستییە کە سیستەمی نێودەوڵەتی بە هۆیی نەبوونی دەسەڵاتێکی ناوەندی هاتووەتە کایەوە، دەوڵەتان ناچاردەکات کە تاکە ئەندێشەی نەگۆڕیان گەرەنتییکردنی مانەوەیان بێت. کە دواجار ئەو هەستی مانەوەیە ڕەفتاری دەوڵەتان لەگەڵ دەوڵەتەکانی تر ئاراستە دەکەن، هەر بۆیە بە بڕوای واڵتز جووڵە و ڕەفتاری دەوڵەتەکان بەند نییە بە پڕۆسەی وەرگرتنی بڕیارێکی ئەقڵانیی، بەڵکو ئەوەی جولەی دەوڵەتان دیاریدەکات هەڵسوکەوتی ڕکابەرەکانیەتی لە ناو سیستەمی نێودەوڵەتییدا.٥

هەروەها بە بڕوای واڵتز تا ئێستا نەتوانراوە بنیادی سیستەمی سیاسی نێودەوڵەتی لە ئانارشیستییەوە بۆ ڕێکخستن بگۆڕێت، تەنها لەبەر ئەوەی واقعی ناوخۆیی دەوڵەتان و سەروەری دەوڵەتان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. چونکە هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە ناوخۆی دەوڵەتان گوزەریان کردووە، تا ئەو ئاستە کاریگەر نەبوون، تا بتوانن سروشت و ستراکچەری سیستەمی نێودەوڵەتی بگۆڕن. هەر بۆیە واڵتز دەوڵەت لە هەموو خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی خۆی رادەماڵێت، چونکە ڕژێمی ناوخۆی دەوڵەتانی دیموکراسی یان دیکتاتۆری بێت، نابێتە هۆی کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی دۆخی ئانارشیستیی لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا. واڵتز لەو بڕوایەدایە تەنانەت ئەگەر لە گشت وڵاتانی جیهان ڕژێمی دیموکراسی جێگیر بکرێت، ناتوانرێت لێکەوتەکانی ئەم دۆخە ئانارشیستییە کەم بکرێتەوە یاخود سنووردار بکرێت. بە بڕوای والتز جەنگ ئەگەرێکی حەتمییە لە بوواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، تا ئەو سیستەمەی نەگۆڕێت، کە لەسەر بنەمای کۆمەڵەی دەوڵەتانی خاوەن سەروەری هاتووەتە بوون.٦

بیرمەندانی ئاراستەی تیۆری نیوریالیزم بە گشتیی، واڵتز بە تایبەتیی، پێیان وایە کە پرەنسیپی هاوسەنگکردنی هێزەکان تا ئێستا بۆ سیاسەتی نێودەوڵەتیی درووست و گونجاوە. چونکە بە بڕوای واڵتز گۆڕانکارییەکان لە سیستەمدا، لە دەرئەنجامی گۆڕانکاریی هێز لە نێوان دەوڵەتاندا دێنێتە بوون، کە ئامرازی سەرەکیی ئەم گۆڕانکارییەش بریتییە لە جەنگ. هەر بۆیە واڵتز لە شیکارەکانیدا زیاتر تەرکیز دەخاتە سەر سیاسەتی دەوڵەتە زلهێزەکان، هەر بۆیە واڵتز هەموو گۆڕانکارییەکانی نێو سیستەمی نێودەوڵەتیی بە درێژایی مێژوو دەگەڕێنێتەوە بۆ هەڵکشان و داکشانی هێز و توانای دەوڵەتە زلهێزەکان. هەروەها واڵتز نەگۆڕانی ئەو دۆخە ئانارشیستییەی سیستەمی نێودەوڵەتیی بۆ پشێویی یاخود جەنگ دەبەستێتەوە بە بوونی هاوسەنگی هێز لە نێو خودی سیستەمەکە.٧

واڵتز هەر وەکو بیرمەندانی ئاراستەی ریالیزمی کلاسیک بوونی دۆخێکی ئانارشیستیی لە سیستەمی نێودەوڵەتی قبووڵ دەکات، بەڵام پێچەوانەی کلاسیکەکان هۆکارەکەی بۆ نەبوونی دەستەڵاتێکی باڵا دەگەڕێنێتەوە نەک سرووشتی مرۆڤ.٨

---

٤- شمال حسین، بنەماکانی سیاسەتی دەرەکی، چاپخانەی تەفسیر، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٨، ل.٢٨٤.

5- Jack Donnelly, uluslararası ilişkiler teorileri, Kure yayınları, üçümcü baskı, istanbul, 2013, S.60.

6- Mehmet Nur Altınörs, soğuk savaş döneminde İran ve Türkiye’nin dış politikadaki ittifak tercihleri: Benzerlikler, farklıklar, Yüksek lisans tezi, Avrupa Birliği uluslararası ilişkiler Enstitüsü, Başkent üniversitesi, Ankara, 2019,s. 15.

7- Mustafa Aydın, uluslararası ilişkilerin “ Gerçekçi” teorisi: kökeni, kapsamı, kritiği, Uluslararası ilişkiler dergisi, Sayı: 1, cilt: 1, Bahar 2004, S.48-49.

٨- هەمان سەرچاوە، ل.١١.

لە کۆتاییدا دەتوانین گرنگترین بنەماکانی تیۆری نیوریالیزم لەم چەند خاڵەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

١- بـە هـۆی نەبوونـی دەسـتەڵاتێکی بـاڵاوە پێکهاتـەی سیسـتەمی نێودەولەتـی پێکهاتەیەکـی پاشـاگەردانییە (ئانارشیسـتییە).

٢- ئـەو ژینگـە ئانارشیسـتییەی کـە باڵـی بـە سـەر شـانۆی پەیوەندییـە نێودەوڵەتییەکانـدا کێشـاوە، دەوڵەتـان زیاتـر بـەرەو زیادکردنـی هێـز دەبـات لـە پێنـاو مانەوەیانـدا. لـە لای نیـو ریالیسـتەکان هێـز ئامانـج نییـە, بەڵکـو ئامـرازە بـۆ دەسـتەبەرکردنی مانـەوە، وەک گرنگتریـن ئامانجـی دەوڵەتـان.

٣- بەهـۆی ئـەوەی ئامانجـی سـەرەکیی دەوڵەتـان مانەوەیـە لـە نێـو سیسـتەمی سیاسـیی نێودەوڵەتیـدا، ئەمـەش بووەتـە هـۆی ئـەوەی بـەردەوام لـە کارلێکـە نێودەوڵەتییەکانـدا، فاکتـەری نەبوونـی ئاسـایش زاڵبێـت.

٤- ئامرازی پشـت بەخـۆ بەسـتن یـا خـود یارمەتیدانـی خـود، باشـترین رێگایـە بـۆ بەدەسـتهێنانی ئاسـایش و مانـەوەی دەوڵەت.

٥- شانۆی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بە تەواوی بریتیە لە ململانێی نێوان دەوڵەتان لە پێناو مانەوەدا.٩

## بەشی دووەم

## فاکتەرە کاریگەرەکان لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و تورکیا ( ٢٠١٤ - ٢٠٢٠ )

١.٢. دابینکردنی ئارامیی و ئاسایش

چەمکـی ئاسـایش لەگـەڵ کات و شـوێن و بارودۆخـی قۆناغەکانـدا جیـاوازی دەنوێنێـت، هـاوکات لەگەڵ پێشـکەوتنی تەکنۆلۆژیـا و گۆڕانکاریـی نێـو قۆناغەکانـدا، ئـەو شـێواز و ئامرازانـەی کـە لـەم چوارچێوەیـەدا بەکارهاتـووە، پێشـکەوتنی گرنگـی بەخۆیـەوە بینیـوە.١٠ شـایەنی باسـە چەمکـی ئاسـایش یەکێکـە لـەو بابەتـە گرنـگ و هەسـتیارانە، کـە لـە راگرتـن و جێگیربوونـی پەیوەندییـە نێودەوڵەتییەکانـدا بـە بـەراورد بـە بابەتەکانـی تـر زیاتـر تیشـکی خراوەتـە سـەر. چەمکـی ئاسـایش زۆربـەی کات بـە هاوواتـای ئاسایشـی نەتەوەیـی بەکاردەهێنرێـت، بـە رەگەزێکـی گرنگـی بەردەوامییدانـی هێـزی سیاسـیی دادەنرێـت. هـەر بۆیـە لـە بابەتـی ئاسایشـدا زیاتـر تیشـک دەخرێتـە سـەر بابەتـی ئاسایشـی سـەربازیی. بـەڵام لەگـەڵ گۆڕانکارییەکانـی نێـو سیسـتەمی نێودەوڵەتـی، بـواری بەکارهێنانـی چەمکـی ئاسایش بەرفراوانـتر بـووە. بـۆ نمونـە لـە پـاڵ ئاسایشـی سـەربازیی باسـی ئاسایشـی کۆمەڵگەیـی، سیاسـیی، ئابـووری و ژینگەییـش دەکرێـت، بـەڵام سـەرەڕای گۆڕانکارییـەکان، چەمکـی ئاسایشـی سـەربازیی، جەوهـەری خـۆی لەدەسـت نـەداوە، چونکـە دەوڵەتـان تـا رۆژگاری ئەمڕۆشـمان لـە کایـەی نێودەوڵەتیـدا هەوڵـی دەسـتەبەرکردنی ئاسایشـی سـەربازیی دەدەن، لـە پێنـاو مانەوەیانـدا.١١

لەگـەڵ لەبارچوونـی رێکخسـتنی دوو جەمسـەریی لـە نێـو سیسـتەمی نێودەوڵەتیـدا، تێڕوانینـە کلاسـیکیەکان لـە بـارەی ئاسـایش گۆڕانـکاری گرنگیـان بەخـۆوە بینیـوە. هـەروەک دەزانرێـت لـە قۆناغـی جەنگـی سـارددا زیاتـر جەخـت لەسـەر ئاسایشـی سـەربازیی دەکرایـەوە. بێگومـان ئـەم تێڕوانینـە لەسـەر پەیوەندییەکانـی نێـوان تورکیـا و عێـراق لـە چوارچێوەی ئاسایشـدا رەنگدانـەوەی هەبـوو. بـەڵام لەگـەڵ کۆتاییهاتنـی سیسـتەمی دوو جەمسـەریی بـە گشـتیی،

٩- شـمال حسـین، پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان( چەمـک و بنەمـاکان، مێـژوو قۆناغـەکان، تیـۆرە تیۆرییـەکان )،چاپخانـەی تەفسـیر، چاپـی یەکـەم، هەولێـر،٢٠١٨،ل.٢٨٧.

10- Selahaddin Bakan ve Sonay şahin,Uluslararası güvenlik yaklaşımlarının tarihsel dönüşü ve yeni tehditler, The journal of İnternational Lingural, Social and Education sciences, volume:4, Number:2,2018,S.136.

11- Demet Hasar, uluslararası ilişkilerde güvenlik kavramı: soğuk savaş sonrası dönem güvenlik, yüksek lisans tezi, Istanbul ticaret üniversitesi, sosyal bilimlerin enstitüsü, İstanbul, 2018, S.1.

وەرگرتنی دەسەڵات لە لایەن پارتی داد و گەشەپێدان لە تورکیا بە دیاریکراوی، گۆڕانکارییەکی ریشەیی لە سیاسەتی دەرەوە و ئاسایشی تورکیادا هاتە ئاراوە. ئەحمەد داود ئۆغلو بە پاڵپشت بە تیۆری «قوڵایی ستراتیژی»، چوارچێوەی گشتیی سیاسەتی دەرەوە و ئاسایشی تورکیای دارشت و بنەما سەرەکییەکانی دیاریکرد. داود ئۆغلو سیاسەتی ئاسایشی تورکیای لەسەر رەگەزەکانی جوگرافیا، مێژوو، ناسنامە و کلتوور وێنا کرد.١٢ جێگەی ئاماژەپێدانە پێگە جیۆستراتیژیەکەی تورکیا یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی لەسەر ئەم سێ رەگەزە بنەڕەتییەدا پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا وێنا بکات. هەر بۆیە کاتێک لە چوارچێوەی ئاسایشدا شرۆڤەی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و تورکیا دەکەین، ئەوە بە ئاشکرا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە لە پاڵ پەیوەندییە سیاسیی و ئابووری و بازرگانییەکاندا، ئەم دوو وڵاتە خاوەن رەگ و ریشەیەکی ئایینی و مێژووییین. ئەم دۆخەش زەمینەسازیی کردووە بۆ ئەوەی تورکیا هەمیشە لە ژێر کاریگەریی پێشهاتە سیاسی و ئەمنییەکانی ناوخۆی عێراقدا بێت. پێگەی کوردەکان و هێرشەکانی چەکدارانی پەکەکە و داهاتووی تورکمانەکان، لە گرنگترین ئەو فاکتەرانەن کە لە رابردوو و ئێستادا لە ئاراستەکردنی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە لە بواری ئاسایشدا رۆڵ دەگێرن. لە پاڵ ئەمەدا ئەم فاکتەرانەی ئاماژەمان پێکرد، یارمەتیدەرن بۆ ئەوەی سیاسەتی ئاسایشی تورکیا لە بەرامبەر عێراقدا، لە بری ستاتیک، داینامیک بێت و لەگەڵ گۆرانکارییەکانی ناوخۆی عێراق و ناوچەکە بگونجێرێن. هەر ئەم فاکتەرانە وایانکردووە عێراق ببێتە رەگەزێکی گرنگ لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا لە چوارچێوەی ئاسایشدا.١٣

جێگەی ئاماژەپێدانە لە دەستپێکی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و تورکیادا، تاوەکو قۆناغی ئەمڕۆمان فاکتەری ئاسایش رەگەزێکی دەستنیشانکەر بووە لە ئاراستەکردنی جووڵەی پەیوەندییەکانی هەر دوو لایەن. بە جۆرێک لە تەواوی ئەو رێککەوتننامانەی کە لە نێوان هەر دوو وڵات دەبەسترا، پرسی ئاسایش یەکێک بووە لە مادده بنەڕەتییەکان. هەروەها دەستبەرکردنی سەقامگیری لە نێو سنوورەکان و رێزگرتن لە سەروەری یەکتر و کاری هاوبەش لە پێناو پارێزگاریکردن لە یەکپارچەیی خاکی وڵاتان، بەشێوەیەکی بەردەوام بابەتی گەرمی نێوان هەر دوو وڵات بووە. فاکتەری ئاسایش تا قۆناغی دوای داگیرکاریی لە سەنتەری سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا بوو لە بەرامبەر عێراق. لەم نێوەندەدا چەندین پرسی گرنگ هەن کە چەندین ساڵە بوون بە گرێ کوێرە لە بەرامبەر پەیوەندییەکانی عێراق و تورکیا لە چوارچێوەی ئاسایشدا. پرسی بە دەوڵەتبوونی کوردەکانی عێراق و جووڵە و چالاکییەکانی چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لە دژی تورکیا و فراوانبوونی هەڕەشە و مەترسییەکانی رێکخراوە تیرۆریستییەکانی وەک داعش لەنێو خاکی عێراقدا.١٤

پرسی ئاسایش ماوەیەکی دوور و درێژە بووەتە سەرچاوەی سەرهەڵدانی کۆمەڵێک کێشە و گرفت لە نێوان عێراق و تورکیادا. بێگومان جێگیربوونی چەکدارانی پەکەکە لە چەند ناوچەیەکی سنووری هەرێمی کوردستان و ئەنجامدانی چالاکی چەکداریی دژی تورکیا، یەکێکە لەو کێشە هەرە گرنگ و هەستیارانەی کە بەرۆکی پەیوەندییەکانی هەر دوو وڵاتی گرتووە. هەروەک لە بەشەکانی پێشووتردا باسمان لێوەکرد، لە دوای جەنگی یەکەمی کەنداو، لە دەرئەنجامی کشانەوەی هێزەکانی بەعس لە شارەکانی هەرێمی کوردستاندا بۆشاییەکی ئەمنی بۆ ماوەیەکی کاتی لە ناوچەکەدا هاتووەتە کایەوە، لەم ماوەیەدا پەکەکە توانیویەتی سوود لەو

12- Arzu Al ve Nur Aslan, Uluslararası ilişkilerde güvenlik anlaşındaki dönüşüm:Türkiye-Irak ilişkileri, Uluslararası siyaset bilimi ve kentsel araştırmalar dergisi, sayı:2, cilt:7, Eylül 2019,S.504.

١٣- هەمان سەرچاوە، ل.٥٠٦.

١٤- واثق محمد براك السعدون، مستقبل العلاقات العراقية-التركية في ظل تحديات الامن الإقليمي، مركز دراسات الاقليمية، جامعة موصل، العدد:٣١، جلد: ١، ٢٠١٥، ص.٣١٥.

بارودۆخە ببینێت و لە چەند ناوچەیەکی هەرێمی کوردستاندا جێگیر بێت، لەوێوە چالاکیە چەکدارییەکانی دژی حکومەتی ئەنقەرە پەرەپێبدات. تورکیا، بوونی چەکدارانی پەکەکە لە ناو خاکی عێراقدا بە هەڕەشەیەکی جددی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆی هەژمار دەکات، هەر بۆیە حکومەتی ئەنقەرە زۆربەی کات بەبێ گەڕانەوە بۆ حکومەتی بەغداد، چەندین ئۆپەراسیۆنی سەربازی لەناو خاکی عێراقدا لە دژی چەکدارانی پەکەکە ئەنجام دەدات.١٥ حکومەتی عێراق ئەم ئۆپەراسیۆنە سەربازییانەی تورکیا بە نایاسایی و پێشێلکردنی سەروەریی وڵاتەکەی هەژمار دەکات، هەر ئەمەش بووەتە مایەی دروستبوونی گرژی و ئالۆزی لە پەیوەندییە دوولایەنەکانی هەر دوو وڵات. بە شێوەیەکی گشتی لێکەوتەکانی پرسی ئاسایش لە پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و تورکیا بە شێوەیەکی پارادۆکسییە، بەو مانایەی ئەم فاکتەرە بە شێوەیەکی ئەرێنی و نەرێنی کاریگەریی دەخاتە سەر پەیوەندییەکانی نێوان هەر دوو وڵات.١٦

بە شێوەیەکی گشتی کاتێک شرۆڤەی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و تورکیا دەکەین، ئەوا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە تورکیا بە درێژایی مێژوو لە پێناو دەستەبەرکردنی سەقامگیریی و ئاسایشی خۆی کۆششی بۆ پاراستنی یەکپارچەیی عێراق کردووە. لەم پێناوەدا لە لایەک کاری لەسەر گونجاندن و ئاوێتەکردنی کوردەکانی کردووە لەگەڵ عێراق، لە لایەکی تر بە ئاراستەی لەباربردنی جوڵانەوە چەکدارییەکانی کورد لەگەڵ عێراقدا کاری هاوبەشی کردووە. بۆ نمونە هەر دوو وڵات لەساڵی ١٩٨٤دا ڕێکەوتننامەی «چاودێری گەرم» یان لە نێوان خۆیاندا بەست. ئەم ڕێکەوتننامەیە ڕێگە بە تورکیا دەدات بۆ ڕاوەدوونانی چەکدارانی پەکەکە نزیکەی (٥) کیلۆمەتر بێتە ناوخاکی عێراق. بە سوود وەرگرتن لەم ڕێکەوتننامەیە، حکومەتی ئەنقەرە لەم قۆناغەدا چەندین ئۆپەراسیۆنی سەربازیی لە خاکی عێراق بە ئەنجام گەیاند. شایەنی باسە لەگەڵ ئەوەی حکومەتی بەغداد لە کۆتایی هەشتاکاندا ڕێکەوتننامەی ناوبراوی هەڵپەسارد، بەڵام تورکیا بە پاساوی بوونی هەڕەشە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی، تا ئەمڕۆش ئۆپەراسیۆن و دەستێوەردانی سەربازیی لەسەر خاکی هەرێمی کوردستاندا بە ئەنجام دەگەیەنێت. کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا پێشێلکارییەکی ئاشکرایە لەسەر خاکی عێراق.١٧

لەم ساڵانەی دواییدا کۆنترۆڵکردنی بەشێکی بەرفراوانی خاکی عێراق لە لایەن ڕێکخراوی تیرۆرستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ((داعش))، لە ساڵی ٢٠١٤ دا گرنگترین ڕووداوێک بوو کە ڕاستەوخۆ کاریگەری دانا لەسەر پەیوەندییەکانی هەر دوو وڵات لە چوارچێوەی ئاسایشدا. چونکە سەرباری ئەوەی چالاکییەکانی ئەم ڕێکخراوە بووە مایەی دروستکردنی تەنگەژەیەکی ئەمنی قووڵ لە عێراقدا، دواجار ئەم دۆخە نالەبارە ڕەنگدانەوەی هەبوو لەسەر ئاسایشی تورکیاش. هەر ئەمەش یارمەتیدەر بوو بۆ هێنانەدی گۆڕانکاریی لە تێڕوانینی ئاسایشی تورکیادا. چونکە پارتی داد و گەشەپێدان لەم ساڵانەی دواییدا هەوڵیدا لە ڕێگەی ستراتیژیەتی «هێزی نەرم» سیاسەتی ئاسایشی خۆی لە عێراق وێنا بکات، بەڵام هاتنەکایەی پێشهاتێکی لەم چەشنە وای لە حکومەتی ئەنقەرە کرد دووبارە پەنا بباتە بەر ڕێگا کلاسیکییەکە، کە ئەویش بریتییە لە بەکارهێنانی هێزی سەربازی.١٨

فراوانبوونی هەژموونی داعش لە عێراق، ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ دروستبوونی هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر

15- Ufuk Ulutaş ve Furkan Tarlak, çekilme sonrası Irakta düzen arayışı, SETA analiz dergisi, sayı:49, Aralık 2011, S.27.

١٦- هەمان سەرچاوە، ل.٢٨.

17- Arzu Al ve Nur Aslan , هەمان سەرچاوەی پێشوو، S.507.

18- Baskın Oran, “Irak krizinin tezkeresi (1mart 2003), Baskın Oran (ed), Türk dış politikası kurtuluş savaşından günümüze (2001-2012), iletişim Yayınları, İstanbul, 2013. S.410.

ئاسایشی تورکیا. چونکە هەروەک پێشتریش ئاماژەمان پێکرد تورکیا سەقامگیری و ئاسایشی خۆی بە یەکپارچەیی خاکی عێراقەوە گرێداوە. ئەمە لە کاتێکدا بوو، ئەو هەژموونگەراییە بەرفراوانەی داعش لە عێراق ئەگەرەکانی لێکهەڵوەشانەوەی ئەو وڵاتەی زیاترکرد. لەم گۆشەنیگاوە ئەنقەرە بە ئاراستەی پارێزگاریکردن لە یەکپارچەیی خاک و سیاسەتە هاوبەشەکانی ئاسایش لە چوارچێوەی رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر، دەستیکرد بە پێشکەشکردنی یارمەتی سەربازیی بە حکومەتی ناوەندی و هەرێمی کوردستان. هەروەها دوای وەرگرتنی دەسەڵات لە لایەن حەیدەر عەبادی لە عێراقدا، هەر دوو وڵات دووبارە هەوڵی برەودانی پەیوەندییەکانیاندا لە بواری ئاسایش و سەربازیدا. کۆنترۆڵکردنی شاری مووسڵ لە لایەن داعش و رفاندنی دیپلۆماتە تورکەکان مەترسییەکانی ئاسایشی لە عێراق گەیاندە لووتکە. حکومەتی ئەنقەرە لە میانەی بەشداریکردن لە ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی شاری موسڵ لەسەر داوای کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان لەساڵی ٢٠١٦ دا، هێزێکی بەرفراوانی رەوانەی کەمپی باشیک کرد.١٩

لە دوای داعش بابەتی فراوانبوونی دەسەڵاتی چەکدارانی پەکەکە لە ناوچەی شەنگال، یەکێکی ترە لەو کێشانەی کە لەم ساڵانەی دواییدا بووەتە مایەی سەرهەڵدانی گفتوگۆ لە نێوان عێراق و تورکیادا. ئاشکرایە لە دوای کۆنترۆڵکردنی شاری موسڵ و شەنگال لە لایەن چەکدارانی داعشەوە، بۆشاییەکی ئەمنی و سیاسی قووڵ لەم ناوچانە هاتەئاراوە، بە سوود وەرگرتن لەم بارودۆخە، پەکەکە توانی لە ژێر پاساوی پارێزگاریکردن لە ئێزیدییەکان، هێزەکانی رەوانەی ناوچەکە بکات. لە دوای کۆتاییهاتنی داعش، دەسەڵاتی ناوچەکە بە شێوەیەکی تەواو کەوتە ژێر کۆنترۆڵی چەکدارانی پەکەکەوە. لە هەنگاوی یەکەمدا پەکەکە هێزێکی چەکداری لە ئێزیدییەکان پێکهێنا لەژێر ناوی «یەکینەکانی پاراستنی شەنگال»، دواتر چەندین کەمپ و سەربازگەی چەکداری لە ناوچەکەدا بنیادنا. لە پاڵ ئەمەدا پەکەکە لەژێر کاریگەریی هەلومەرجی ناوچەکە لە چوارچێوەی رووبەڕووبوونەوەی تیرۆردا، توانی یارمەتی سەربازیی و لۆجیستیی لە ئەمریکا و هاوپەیمانان وەربگرێت. هەموو ئەم فاکتەرانە یارمەتیدەر بوون بۆ ئەوەی پەکەکە لە رووی سیاسی و سەربازییەوە هەژموونی خۆی لە شەنگال بەرفراوانتر بکات. پەکەکە لە رێگەی دروستکردنی کەمپی سەربازیی لە ناوچەکەدا، توانی لە رووی سیاسی و سەربازییەوە لە پانتاییەکی بەرفراواندا جووڵە بکات و چالاکییەکانی بە ئەنجام بگەیەنێت. بێگومان بوونی پەکەکە لە ناوچەکەدا بەم ئاستە کاریگەرە، لە پاڵ عێراق و هەریمی کوردستاندا، بووە مایەی سەرچاوەیەکی هەڕەشە لەسەر ئاسایشی تورکیا. هەر بۆیە حکومەتی ئەنقەرە داوای لە کاربەدەستانی بەغداد و هەولێر کرد، دووبارە کۆنترۆڵی ناوچەی شەنگال بگرنەوە دەست. شایەنی ئاماژە پێدانە ناوچەی شنگال لە رووی جیۆپۆلۆتیکەوە خاوەن پێگەیەکی گرنگ و هەستیارە بۆ تورکیا. بوونی چەکدارانی پەکەکە لەم ناوچەیەدا راستەوخۆ هەڕەشەیە لەسەر بەرژەوەندییەکانی تورکیا، هەم لە رووی  ئابوری، هەمیش لە رووی ئاسایشەوە. چونکە بە هۆی نزیکی شنگال لە سنوری سوریاوە، وایکردووە چەکدارانی پەکەکە بە ئاسانی لە رێگەی چیاکانی رۆژهەڵاتەوە لە نێوان عێراق و سوریادا هاتووچۆ بکەن و کەلوپەلی سەربازی بگوازنەوە. هەروەها ناوچەکە دەکەوێتە سەر هەر دوو رێڕەوی ئاسن و وشکانیی پرۆژەی ئۆڤاکۆی، کە عێراق و تورکیا بە یەکەوە دەبەستێتەوە.٢٠ بەهۆی ئەم هۆکارانەوە تورکیا تەواوی هەوڵەکانی خۆی بە ئاراستەی کۆتایی هێنانی هەژموونگەرایی پەکەکە لە شەنگال خستەگەڕ. لەم چوارچێوەیەدا چەندین ئۆپەراسیۆنی ئاسمانی بۆ ناوچەی شەنگال ئەنجامدا. دورخستنەوەی

19-  Ali Semin, başika krizi ve Türkiye-Irak ilişkilerinin geleceği, BİLGESEM analiz dergisi, sayı:1275,2015, S.5.
20-  Arzu Al ve Nur Aslan, هەمان سەرچاوەی پێشوو,S.510.

پەکەکە لە ناوچەی شەنگال راستەوخۆ خزمەت بە بەرژەوەندییە ئابووری و ئەمنیەکانی تورکیا دەکات لە داهاتوو.

لە کۆتاییدا دەکرێت بگوترێت، بوونی چەکدارانی پەکەکە لە ناوچەی شنگال لە داهاتوودا دەبێتە یەکێک لە پرسە گرنگ و هەستیارەکان لە پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و تورکیادا. چونکە فراوانبوونی دەسەڵاتی پەکەکە لە شنگال، هەم بۆ تورکیا، هەمیش بۆ ناوچەکە دەبێتە سەرچاوەیەکی هەڕەشە. هەروەها ئەم پرسە رەنگە لە داهاتوودا ببێتە فاکتەرێکی گرنگ لە رێگریکردن لە گەشەکردنی پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی نێوان هەر دوو وڵات. چونکە حکومەتی ئەنقەرە ئاسایشی ناوچەکە بە گەورەترین ئاڵنگاری هەژمار دەکات، لەمەڕ پرسی جێبەجێکردنی پرۆژەی ئۆڤەکۆی. بەم ئاراستەیە حکومەتی تورکیا بەردەوام هەوڵدەدات ناوچەکە دووبارە بکەوێتەوە ژێر رکێف و کۆنترۆڵی حکومەتی عێراق. چونکە جێبەجێکردنی پرۆژەی ناوبراو یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی تورکیا لە رووی ئابوورییەوە بە تەواویی هەژموونی خۆی بەسەر بازاڕی عێراقدا زاڵ بکات. ٢١

## ٢.٢. هەوڵدان بۆ دابینکردنی ئەمنیەت لە سنوورەکان

سنوورەکان ئاماژەیەکن بۆ سەروەریی و سەربەخۆیی دەوڵەتەکان. هەر دەوڵەتێک هەوڵدەدات ئاسایش لەو هێڵانە دابین بکات کە سنووری فەرمانڕەواییان دەستنیشان دەکات. کۆماری تورکیا لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا چالاکییە چەکدارییەکانی هەندێک لە گرووپەکانی نێو سنووری عێراق بە گەورەترین هەڕەشە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆی هەژمار دەکات. لە پاڵ ئەمەدا کۆچی نایاسایی و قاچاخچیەتی بەشێکن لەو مەترسیانەی کە لەم ساڵانەی دواییدا بوونەتە سەرچاوەیەکی هەڕەشە لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و تورکیا. بە ئاراستەی دابینکردنی ئاسایش و ئارامی لە سنوورەکانی عێراق، حکومەتی ئەنقەرە بە درێژایی مێژوو چەندین ستراتیژیەتی جیاوازی بۆ ئەم مەبەستە خستووەتە بواری جێبەجێکردنەوە. چونکە بە گشتی سنوورەکان بە هێڵی پێشەوەی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی هەژماردەکرێن. سنوورەکان سرووشتیی بن یاخود لە رێگەی رێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانەوە دیاری کرابن، بە خاڵێکی جیانەکراوە دادەنرێن لەبارەی بابەتی ئاسایشی نەتەوەیی و سەروەریی دەوڵەتان.٢٢

بە شێوەیەکی گشتی دوو فاکتەری گرنگ رۆڵ دەگێڕن لە دەستنیشانکردنی چوارچێوەی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و تورکیا، لەمەڕ پرسی دەستەبەرکردنی ئاسایشی سنوور، کە ئەوانیش بریتین لە چالاکیی گرووپە چەکدارەکان و سیاسەتی یەکێتی ئەوروپا لە هەمبەر تورکیا، لە پێناو رێگریکردن لە کۆچی نایاسایی. تورکیا بە هۆی پێگە جیۆستراتیژیەکەیەوە بەردەوام لە ژێر پاڵەپەستۆی پێشهاتەکانی ناوچەکە و عێراقدایە. ناسەقامگیریی و شەڕە ناوخۆییەکانی ئەم دواییەی عێراق بووە بە سەرچاوەیەکی هەڕەشە لەسەر ئاسایشی تورکیا. بوونی رێکخراوی پەکەکە لەنێو خاکی عێراقدا هەمیشە بووەتە فاکتەرێکی بنەڕەتیی لە دروستبوونی گرژیی و ناکۆکیی لە نێوان عێراق و تورکیادا، تایبەت لە پرسی دابینکردنی ئاسایشی سنوور. جووڵە ئازادەکانی چەکدارانی پەکەکە لەنێو جوگرافیای عێراقدا بووەتە سەرچاوەیەک بۆ دروستبوونی لێکترازان لە نێوان هەردوو وڵاتدا. هەروەها بەکارهێنانی خاکی عێراق لە لایەن چەکدارانی پەکەکەوە بۆ هێرشکردنە سەر تورکیا، یەکێکە لەو کێشە درێژخایەنانەی کە تا ئەمڕۆش بەرۆکی پەیوەندییە دوولایەنەکانی گرتووە. لە بەرامبەر ئەم هێرشانەدا تورکیا

21- Fatih Musulu, Ovaköy sınır kapısı kapsamında Türkiye-Irak ilişkileri, sayı:264, Ocak2019, S.20.
22- Zeynep Şahin, Türkiye'nin dış politikasında jeopolitik bir kuram olarak Irak sınır güvenliği:2002-2017 dönem, Yüksek lisans tezi, Marmara üniversitesi Ortadoğu ve İslam ülkeleri araştırmaları enstitüsü, İstanbul, 2019, S.6.

بەردەوام لە نێو سنووری عێراقدا دەستتێوەردانی سەربازیی لە دژی ڕێکخراوی ناوبراو جێبەجێ دەکات. ئەم ئۆپەراسیۆنانە بووەتە بابەتێکی گەرم لە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات، چونکە حکومەتی بەغداد ئەم ئۆپراسیۆنە سەربازییانە بە پێشێلکردنی سەروەریی خۆی لە قەڵەم دەدات.٢٣

شایەنی باسە بارەگای سەرەکیی گرووپی چەکداری پەکەکە لە چیای قەندیلە، کە دەکەوێتە سەر سنووری نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا. لە دوای ساڵی ٢٠١٤وە بە تایبەتی لە قۆناغی دوای بەهاری عەرەبیی ناسەقامگیرییەکی ئەمنی و سیاسیی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست هاتە ئاراوە. ئەم دۆخە نالەبارە یارمەتیدەر بوو بۆ ئەوەی پەکەکە، تا بتوانێت پێگەی خۆی لە ناوچەکە و عێراق بەهێزتر بکات. لەم چوارچێوەیەدا پەکەکە لەنێو عێراقدا هەوڵیدا چەند ناوچەیەکی هاوشێوەی قەندیل دروست بکات (ناوچەی شنگال)، بۆ ئەوەی بتوانێت لە پانتاییەکی بەرفراوانتر جووڵە بکات. لەدژی ئەمەدا حکومەتی ئەنقەرە بە ئاراستەی تێکشکاندنی هەژموونی پەکەکە، چەند دەستێوەردانێکی لە عێراق و سوریا جێبەجێکرد. گرنگترینیان (قەڵغانی فورات و چڵە زەیتوون) لە سوریا، (چرنوکی یەک و دوو، چرنوکی هەڵۆ) لە عێراق.٢٤

تا ساڵی ٢٠١٤ حکومەتی ئەنقەرە چالاکییە چەکدارییەکانی پەکەکەی بە تاکە سەرچاوەی هەڕەشە لەسەر ئاسایشی سنووری خۆی دادەنا، بەڵام لە دوای ئەو ساڵەوە ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش وەک ئەکتەرێکی کاریگەر هاتە نێو هاوکێشە ئەمنییەکانی ناوچەکە و عێراق. هەروەک لە بەشەکانی رابردوودا ئاماژەمان پێدا، لە ساڵی ٢٠١٤ دا داعش توانی پانتاییەکی بەرفراوان لە خاکی عێراق و سوریا بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە و تەنگەژەیەکی ئەمنی قووڵ لە وڵاتانی ناوبراو بهێنێتەدی. بێگومان ئەم پێشهاتەش راستەوخۆ رەنگدانەوەی هەبوو لە پەیوەندییە ئەمنییەکانی نێوان عێراق و تورکیا.٢٥

بەگشتی تا ساڵی ٢٠١٤ لە گشت بووارەکاندا پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و تورکیا هەڵکشان و داکشانی خێرای بەخۆیەوە دەبینی، بەڵام کۆتاییهاتنی ماوەی دەسەڵاتی نوری مالکی لە دوای هەڵبژاردنە گشتییەکانی ساڵی ٢٠١٤، پەیوەندییە دوولایەنەکان بە ئاراستەیەکی ئەرێنی هەنگاوی نا. چونکە هەروەک لە بەشەکانی رابردووشدا باسمان لێوەکرد، بەهۆی سیاسەتە مەزهەبییەکانی حکومەتی نوری مالکی پەیوەندییەکانی نێوان هەر دوو وڵات لێکترازانێکی قووڵی بەخۆیەوە بینیبوو. بەڵام حکومەتە نوێیەکەی بەغداد هەوڵی دووبارە بنیادنانەوەی پەیوەندییەکانی دا لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، هەر ئەمەش زەمینەسازیی کرد بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و تورکیا بەرەو ئاسایی بوونەوە هەنگاو بنێت. لەم چوارچێوەیەدا لە دوای دەرکەوتنی داعش هەر دوو وڵات لە ژێر ڕۆشنایی بوونی هەڕەشە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی بە هاوبەشیی کاریانکرد بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێکخراوی ناوبراو. هەرچەندە تورکیا لە سەرەتادا نەیتوانی هەڵوێستێکی توند بەرامبەر ڕێکخراوی داعش وەربگرێت. چونکە بەشێک لە دیبلۆماتە تورکەکان لە لایەن داعشەوە بە بارمتە گیرابوون لە کاتی کۆنترۆڵکردنی موسڵدا. هەر دوو وڵات لە گۆشەنیگای دابینکردنی ئاسایشی نەتەوەیی و کۆتاییهێنان بە هەڕەشەکانی داعش لە چوارچێوەی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆردا تواناکانی خۆیان خستەگەڕ. عێراق بە ئامانجی پێدانی مەشقی سەربازیی داوای یارمەتی لە ئەنقەرە کرد. هەروەها لە میانەی ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی تکریتدا لە ئاداری ٢٠١٥ دا تورکیا دوو فڕۆکەی کارگۆی یارمەتی سەربازیی ڕەوانەی عێراق کرد.٢٦

٢٣- هەمان سەرچاوە، ل.٥٨.

24- Zeynep Şahin, هەمان سەرچارەی پێشوو, S.58.

٢٥- هەمان سەرچاوە، ل. ٦٠

26- Aslan A, Türk dış politikasını anlamak için kurumsal bir çerçeve: otonomi arayışı kuruluşundan bugüne Ak Parti dış politikası, SETA analiz dergisi, sayı:41, 2018, S.61.

هـەروەک پێشـتریش ئاماژەمـان پێکـرد لـە دەرئەنجامـی کۆنترۆڵکردنـی ناوچەیەکـی بەرفراوانـی عێـراق لـە لایـەن داعش قەیرانێکـی قووڵـی ئەمنیـی لـەو وڵاتـەدا هاتەکایـەوە. ئـەم پێشـهاتە وای لـە تورکیـا کـرد بـە ئامانجـی دابینکردنـی ئاسایشـی سـنوور و دوورخسـتنەوەی هەڕەشـەکان سـتراتیژیەتی «ئاسایشـی بێسـنوور» بخاتـە بـواری جێبەجێکردنـەوە. ئـەم دۆخـە ناهەمـوارەی کـە لـە دوای داعـش لـە عێراقـدا گـوزەری دەکـرد، ڕێگاخۆشـکەر بـوو بـۆ بەهێزبوونـی گرووپـە چەکـدارەکان. بێگومـان پەکەکـە یەکێـک بـوو لـەو بنیادانـەی کـە سـوودێکی زۆری بینـی لـە دۆخـی عێـراق بـە ئاراسـتەی فراوانکردنـی پانتایـی هەژموونـی لـە وڵاتـی ناوبـراودا. ئـەم حاڵەتـەش دژی بەرژەوەندییـە ئەمنیـی و سیاسـییەکانی تورکیـا بـوو لـە عێراقـدا. هـەر بۆیـە حکوومەتـی ئەنقـەرە لـە چوارچێـوەی سـتراتیژیەتی بێسـنووردا، لـە هەنگاوی یەکەمـدا هەڵسـا بـە جێبەجێکردنـی ئۆپەراسـیۆنێکی سـەربازیی بەرفـراوان لـە عێـراق و سـوریا، لـە دژی چەکدارانـی پەکەکـە، بـە ئامانجـی کۆتاییهێنـان بـە هەژموونـی ڕێکخـراوی ناوبـراو لـە ناوچەکـەدا. دەکرێـت ئـەم ئۆپەراسیۆنانەی تورکیـا بـە دەسـتپێوەردانێکی سـەربازیی ناوزەنـد بکەیـن.٢٧

تورکیـا لـە چوارچێـوەی سـتراتیژیەتی» ئاسایشـی بێسـنوور»دا بـە ئامانجـی دابینکردنـی ئاسـایش لـە بەشـی باشـووری وڵاتەکـەی، هەوڵیـدا چەنـد بنکەیەکـی سـەربازیی لـە عێـراق بنیادبنێـت. ئامانجـی تورکیـا لـە دامەزراندنـی ئـەم بنکـە سـەربازییانە لـە دەرەوەی سـنووری جوگرافیـای خـۆی بـە تایبـەت لـە عێراقـدا، دانانـی هەژموونـی سـەربازییە لەسـەر ئـەو وڵاتـە. لـە پـاڵ ئەمـەدا ئەنقـەرە هـەوڵ دەدات ڕێگـری بـکات لـە هێرشـی چەکدارانـی پەکەکـە و دەسـتەبەرکردنی ئاسایشـی سـنوور لـە دەرەوە و دوور لـە سـنورەکانی خۆیـدا. هەروەهـا پاڵپشـت بـەم بنکـە سـەربازییانە تورکیـا دەتوانێـت ڕێگـری بـکات لـە فراوانبوونـی هەژموونـی پەکەکـە لـە ناوچـە ناسـەقامگیرەکاندا، بـە تایبـەت ناوچـەی شـنگال. هەروەهـا بوونـی ئـەم بنکـە سـەربازییانە وەک بەرپەرچدانەوەیەکـە (ردع) بـۆ ئـەو هەڕەشـانەی کـە دەکرێنـە سـەر ئاسایشـی تورکیـا لـە نێـو خاکـی عێراقـدا. بـە بـڕوای تورکیـا ئامادەیی وڵاتەکـەی لە عێـراق لـە ڕووی سـەربازییەوە، ڕۆڵێکـی گرنـگ دەگێڕێـت لـە پارێزگاریکـردن لـە یەکێتـی و یەکپارچەیـی خاکـی ئـەو وڵاتـە، کـە ئەویـش سیاسـەتی لـە مێژینـەی تورکیایـە لـە هەمبـەر عێراقـدا. لـە پـاڵ هەمـوو ئەمانـەدا تورکیـا هەوڵـدەدات لـە ڕێگـەی ئـەم بنکـە سـەربازیانەوە ڕێگـری بـکات لـە دروسـتبوونی هـەر ڕێکخراوێکـی سـەربازیی لـە عێـراق، کـە ببێتـە مایەی دروسـتکردنی هەڕەشـە لەسـەر ئاسایشـی نەتەوەیـی تورکیـا. بـە گشـتی دەکرێـت ئامانجـی سـەرەکی تورکیـا لـە دامەزراندنـی بنکـە سـەربازییەکانی لـە عێـراق و ناوچەکـەدا، لـە پـاڵ دوورخسـتنەوەی هەڕەشـەی گرووپـە چەکـدارەکان، بریتـی بێـت لـە ویسـتی ئـەو وڵاتـە لـە ئاڕاسـتەکردنی هاوکێشـە سیاسـی و ئابورییەکانـی عێـراق بـە پێـی بەرژەوەندییـە باڵاکانـی. هەروەهـا بـوون بـە خـاوەن بڕیـار لـە دەستنیشـانکردنی داهاتـووی عێراقـدا.٢٨

لـەم سـاڵانەی دواییـدا هـاوکات لەگـەڵ فراوانبوونـی جموجۆڵـی گرووپـە چەکـدارەکان، ژمـارەی بنکـە سـەربازییەکانی تورکیـا لـە عێـراق و هەرێمـی کوردسـتاندا، بـە ڕێژەیەکـی بەرچـاو زیادیـان کـردووە. سـەبارەت بـەو ئۆپەراسـیۆنە سـەربازیانەی ئـەم دواییانـەی تورکیـا، وەزیـری ناوخـۆ (سـولەیمان سـۆیلو) لـە لێکدوانێکـدا ئاماژەی بـەوەدا «تورکیـا لـە هەوڵـی دامەزراندنـی بنکەیەکـی سـەربازیدایە لـە ناوچـەی مەتینـەی هەرێمـی کوردسـتان، لـە پێنـاو ڕێگەگرتـن لـە هاتووچـۆی چەکدارانـی پەکەکـە بـۆ قەندیـل». ئـەم هەوڵـە هەژمـوون گەرایانـەی تورکیـا لەسـەر خاکـی هەرێمـی کوردسـتان و عێـراق، نیگەرانـی بەرپرسـانی بەغـدادی لێکەوتووەتـەوە. بەهـۆی ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکانی ئـەم دواییـەی تورکیـا، وەزارەتـی دەرەوەی عێـراق بانگهێشـتی باڵیـۆزی تورکیـای لـە بەغـداد کـردووە و تێبینـی دیبلۆماسـی

27- Mustafa altın Pınar, Sınırsız güvenlik, güvenlik çalışmaları dergisi, sayı:20, cilt:1, Haziran 2018, S.78.
28- Fatih Musulu, Türkiye’nin askeri üs stratejisi ve Irak, هەمان سەرچاوەی پێشوو, S.15-16.

پێداوە. چونکە عێراق تەواوی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی تورکیا بە لێدان لە سەروەریی و دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆ هەژماردەکات.٢٩

بەگشتی لەم ساڵانەی دوایی دا حکومەتی ئەنقەرە چەندین ئۆپەراسیۆنی سەربازیی لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان ئەنجامداوە. کە گرنگترینیان بریتییە لە چنگ١، چنگ٢، چنگ٣، چنگە هەڵۆ، هەورەبروسکە، چنگە پڵینگ و دوایینیان چنگ قفڵ. تورکیا لە چوارچێوەی ستراتیژیەتی بەرەنگاربوونەوە ئەم ئۆپەراسیۆنانەی لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان ئەنجامداوە. ئەگەرچی کاربەدەستانی ئەنقەرە ئامانجی ئەم هێرشە سەربازیانە لە ژێرناوی رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر وەسف دەکەن، بەڵام لە راستیدا ئامانجی سەرەکیی تورکیا لەم ئۆپەراسیۆنانە دانانی هەژموونی سەربازیی زیاترە لەسەر خاکی عێراق و هەرێمی کوردستان. هەروەها ئەم ئۆپەراسیۆنانە بەرجەستەی ئەو گۆڕانکارییە جەوهەرییەیە کە لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا هاتووەتەبوون. هەروەک پێشوتریش ئاماژەمان پێدا ئەنقەرە لەم دواییەدا هەوڵیداوە لە رێگای هێزی سەربازییەوە بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسی و ئەمنییەکانی خۆی دەستەبەربکات. جێگەی وەبیرهێنانەوەیە نیوڕیالیستەکان فاکتەری هێز بە گرنگترین و کاریگەرترین ئامراز دادەنێن لە بەدیهێنانی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان لە ژینگەی دەرەوەدا، هەر بۆیە ئەم ئۆپەراسیۆنانەی تورکیا دەکرێت لەم گۆشەنیگایەوە لێکدانەوەی بۆ بکرێت.٣٠

## ٣.٢. کۆنترۆڵکردنی کێشەی ناوخۆیی کوردەکان

کێشە ئەتنیکییەکان هۆکارێکی سەرەکین لەسەر کاریگەریی سیاسەتی دەرەوە بە سیاسەتی ناوخۆوە. چونکە بە گشتی گرفتە ئەتنیکییەکان بە دەستێوەردانی هێزێکی دەرەکی لە کێشەیەکی ناوخۆیی دەردەچێت و رەهەندێکی نێودەوڵەتی وەردەگرێت. ئەمەش وا لە دەوڵەتی خاوەن کێشە دەکات تەواوی هەوڵەکانی خۆی لە ژینگەی دەرەوە بخاتە گەڕ، تاکو بتوانێت کێشەکە بە رەگەزێکی ناوخۆیی بناسێنێت. هەروەها تەواوی تواناکانی خۆی بەکاردێنێت بە ئامانجی رێگریکردن لە دەستتێوەردانی دەرەکی لە کێشە ناوخۆییەکاندا. بەڵام سەرەڕای ئەم هەوڵانە، بە هۆی سروشتی سیاسەتی ناوخۆیی دەوڵەتەکان، سەرکەوتوو نابن لە رێگریکردن لە بە نێودەوڵەتی بوونی کێشە ئەتنیکییەکانیاندا. پاڵپشت بەم فاکتەرە کێشە ئەتنیکییەکان رۆڵی سەرەکی دەگێڕن لە ئاراستەکردنی رەفتار و هەڵسووکەوتی دەوڵەتان لە دنیای دەرەوەدا، کێشە ئەتنیکییەکان لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی فاکتەرێکی گرنگە لە دانانی کاریگەری لەسەر هێزی دەوڵەت و پەیوەندییە دوولایەنەکانیان، دواجار کێشەی ئاماژەپێکراو رەنگدانەوەی دەبێت لەسەر چۆنیەتی پەیوەندییەکانی ئەو وڵاتە لەگەڵ ژینگەی دەرەوەدا. لەپاڵ هەموو ئەمانەدا کێشەی ناوبراو رۆڵ دەگێڕێت لە بەرتەسککردنەوەی لێهاتوویی دەوڵەت لە جووڵەکردن لە نێو سیستەمی نێودەوڵەتیدا. لە هەمووی گرنگتر بە هۆی گرێدانی سیاسەتی ناوخۆیی بە سیاسەتی دەرەوە، دەوڵەتان ناچاردەبن زیاتر لەسەر بنەمای ئاسایش، رەفتاری خۆی لە سیاسەتی دەرەوە وێنا بکات. هەر بۆیە دەوڵەتان تاکو بتوانن لەسەر ئاستی دەرەوەدا سیاسەتێکی کاریگەر و بەهێز پیادە بکەن، پێویستە لە ناوخۆدا تا ڕادەیەکی بەرچاو یەکێتی و یەکگرتوویی دەستەبەر بکەن.٣١

29- Hasan Köse Balaban, 2021'e girerken Türk dış politikasının dönüşümü, https://www.perspektif.online/2021e-girerken-turk-dis-politikasinin-donusumu/,(Erişim tarihi:22 Mayıs 2022).

30- Bilal Sambar, Pençe-kilit operasyonu Şengal'in kilidini açacak mı?, https://www.indyturk.com/node/501241/türkiyeden-sesler/pençe-kilit-operasyonu-şengalin-kilidini-açacak-mı, (Erişim Tarihi:27 Ekim 2022).

31- Erol Kurubaş, Etnik sorun-Dış politika ilişkisi bağlamında Kürt sorununun Türk dış politikasına etkileri, Ankara avrupa çalışmaları dergisi, sayı:8, cilt, :1, 2017, S.46.

بە گشتی کێشە ئەتنیکییەکان لە چەند روویەکەوە کاریگەری دادەنێت لەسەر سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتان، بەرتەسککردنەوەی توانا و لێهاتوویی بە ئاراستەی جووڵەکردن لە ژینگەی دەرەوەدا، پیشاندانی وێنەیەکی ناشیرین بە جیهانی دەرەوە، تەنانەت هەندێک جار زەمینەسازی دەکات بۆ دەستتێوەردانی دەرەکی لە کاروباری ناوخۆدا. بە پشتبەستن بەم هۆکارانە دەکرێت بگوترێت ئەو دەوڵەتانەی خاوەن کێشەی ئەتنیکین لە ناوخۆدا، قورسە بتوانن لە ژینگەی دەرەوەدا سیاسەتێکی بەهێز پیادە بکەن. یاخود پەیوەندییەکی تەندروست ببەستن، بە تایبەت لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا.٣٢

سەبارەت پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و تورکیا، لێکەوتەکانی کێشەی کورد لەمەڕ پەیوەندیە دوو لایەنەکاندا پارادۆکسییە، واتا مەسەلەی کورد هەندێک جار دەبێتە فاکتەرێکی ئەرێنی لە پەیوەندییەکاندا، چونکە هەر دوو دەوڵەت لە گۆشەنیگای بوونی هەڕەشە لەسەر ئاسایشی نیشتمانیی، بە هاوبەشی مامەڵە لەگەڵ پرسەکەدا دەکەن. بەڵام کێشەی ناوبراو هەندێک جار زەمینەسازیی دەکات بۆ گرژبوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەر دوو وڵات. بۆ نمونە هەر دوو وڵات لە هەندێک قۆناغدا پرسەکە وەک کارتێکی فشار لە دژی یەکتر بەکاردەهێنن. لەسەردەمی حکومڕانی بەعس لە عێراقدا، رژێمی ناوبراو لە رووی ماددی و سەربازییەوە یارمەتی چەکدارانی پەکەکەی دەدا، لە پێناو لاوازکردنی پێگەی تورکیا لە ناوچەکەدا و سەرقاڵکردنی وڵاتەکە بە کێشە ناوخۆییەکانەوە. لە بەرامبەر ئەمەدا حکومەتی ئەنقەرە لە دوای ساڵی ٢٠١٠ وە، بە تایبەت لە پاش کەمبوونەوەی هەژموونی لەسەر حکومەتی ناوەندی هەوڵی دا پەیوندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا پەرە پێبدات، بۆ ئەوەی بتوانێت هاوسەنگییەک بهێنێتەدی لە سیاسەتی دەرەوەی لە هەمبەر عێراقدا.٣٣

بە شێوەیەکی گشتیی بە درێژایی مێژوو، عێراق و تورکیا لەسەر بنەمای دابینکردنی ئاسایش مامەڵەیان لەگەڵ پرسی کورد کردووە لە وڵاتەکانیاندا، ئەم دۆخەش رەنگدانەوەی هەبووە لەسەر پەیوەندییە دوو لایەنەکانی ئەم دوو وڵاتە. هەر لەم چوارچێوەیەدا هەر دوو دەوڵەت لە گۆشەنیگای بوونی هەڕەشە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی، بە هاوبەشیی دژایەتی هەر جوڵانەوەیەکی چەکداریی کوردیان کردووە، کە بە ئاراستەی بەدەستهێنانی مافەکانیان بە ئەنجامیان گەیاندووە. شایەنی باسکردنە پەیوەندییەکی ئۆنتۆکلتووری بوونی هەیە لە نێوان کوردەکانی عێراق و تورکیادا، هەر ئەمەش وایکردووە هەر جوڵانەوەیەکی سیاسی و چەکداری کوردەکانی عێراق، راستەوخۆ کاریگەری دەبێت لەسەر کوردەکانی تورکیا، بێگومان پێچەوانەکەشی راستە.٣٤

رێزگرتن لە سەروەریی یەکتر و پاراستنی یەکپارچەیی خاک، لە گرنگترین ئەو بنەمایانەن کە بە درێژایی مێژوو، سیاسەتی دەرەوەی تورکیای لە بەرامبەر عیراقدا لەسەر بنیادنراوە. بێگومان بوونی رێژەیەکی زۆری کورد لە نێو خاکی هەر دوو وڵات، رۆڵێکی گرنگی بینیوە لەوەی تورکیا سیاسەتێکی لەم چەشنە لە هەمبەر عێراقدا پیادە بکات. هەروەها بەرپرسانی ئەنقەرە لەو بڕوایەدان هەر دابەشبوونێکی عێراق لەسەر بنەمای ئەتنیکی، راستەوخۆ رەنگدانەوەی دەبێت لەسەر یەکگرتوویی و ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا. هەر ئەمەش هۆکارێکە وایکردووە تورکیا لە زۆربەی قۆناغەکاندا سیاسەتێکی لاواز و ناکاریگەر لە هەمبەر تورکمانەکانی عێراقدا بگرێتەبەر. پرسی کورد رۆڵێکی کاریگەری گێڕا لەوەی کە تورکیا دژایەتی پرۆسەی داگیرکاری عێراق بکات لە لایەن ئەمریکاوە. چونکە تورکیا پێی وابوو لە ئەنجامی دەستتێوەردانە سەربازییەکانی ئەمریکا لە عێراق و

٣٢- هەمان سەرچاوە، ل.٤٨-٤٩.

33- Ali balcı, Recep Tayyip gürler ve Zana Baykal, “Türkiye’nin Irak politikası 2015”, Türk dış politikası yıllığı 2015, Burhanettin Duran ve Kemal inat (ed)., SETA yayınları, Ankara, 2015, S.162.

34- Özlem Durak, Ak parti döneminde Türkiye’nin Kuzey Irak politikası: gerginlikten uzlaşmaya, yüksek lisans tezi, Yıldız Teknik üniversitesi sosyal bilimler enstitüsü, İstanbul, 2010, S.135.

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، تەواوی هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکە گۆڕانکارییان بەسەردا دێت و ئەگەرەکانی هاتنە کایەی دەوڵەتی کوردستان زیاتر دەبێت.٣٥

لە گۆشەنیگای کاربەدەستانی ئەنقەرەوە، دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان ڕەنگدانەوەیەکی نەرێنی دەکاتە سەر تورکیا، چونکە ئەم وڵاتە لەناوخۆدا خاوەنی قەبارەیەکی گەورەی پێکهاتەی کوردە. هەر ئەم فاکتەرە یارمەتیدەر بووە، ماوەیەکی دوور و درێژ تێڕوانینی ئاسایشی دەوڵەتی تورکیا لەسەر هاتنە کایەی قەوارەیەکی کورد بووە لە باکووری عێراقدا. چونکە بوونی دەوڵەتی کوردستان ڕاستەخۆ دەبێتە سەرچاوەیەکی هەڕەشە لەسەر یەکپارچەیی خاک و ئارامی ناوخۆیی تورکیا. هەرچەندە گەشەکردنی پەیوەندییەکانی ئەم دواییەی هەرێمی کوردستان و تورکیا تا ڕادەیەکی باش بووە مایەی تێکشکاندنی ئەم تێڕوانینە تەقلیدییە. بەڵام ریفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان (٢٠١٧) دووبارە ئەندێشە و دڵەڕاوکێی خستە ناو دڵی کاربەدەستانی تورکیا بە ئاراستەی هەڵوەشاندنەوەی عێراق. ئەنقەرە ئەم پێشهاتەی هەرێمی کوردستانی بە جۆرێک لە مەترسی دەرخست، لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی وڵاتەکەی. چونکە ئاسایشی کۆمەڵایەتی تورکیا خاوەن بنیادێکی لەرزۆکە بە هۆی ئەوەی لەسەر بنەمایەکی ئەتنیکی ڕێکخراوە. هەر ئەمەش فاکتەرێکی گرنگە بە پێی دیدو تێڕوانینی کاربەدەستانی ئەنقەرە، دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان تەنها بابەتێکی پەیوەندیدار نییە بە داهاتووی عێراقەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە بابەتەکە بڕیار لەسەر چارەنوسی تورکیا و تەنانەت ناوچەکەش دەدات. بە پشتبەستن بەو فاکتەرانە دەکرێت بگوترێت پرسی کورد ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەگێڕێت لە داڕشتنی چوارچێوەی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و تورکیا، یاخود بە واتایەی تر پرسی ناوبراو بە بڕبڕەی پشتی پەیوەندییەکانی نێوان هەر دوو وڵات دادەنرێت.٣٦

تورکیا بە ئاراستەی دابەزاندنی ئاستی لێکەوتە نەرێنییەکانی پرسی کورد لە سیاسەتی دەرەکیدا، لە ساڵی ٢٠٠٩ دا (پرۆسەی ئاشتی) لە ناوخۆی وڵاتەکەی دەستپێکرد. حکومەتی ئەنقەرە بە ئاراستەی سەرخستنی پرۆسەی ناوبراو لەسەر ئاستی دەرەکی و ناوەکییدا چەندین هەنگاوی گرتەبەر. لەسەر ئاستی دەرەکی هەوڵی برەودانی پەیوەندییەکانی دا لەگەڵ هەرێمی کوردستان. هەڵوێستی کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان لە هەمبەر چالاکییەکانی پەکەکە یەکێکی تر بوو لە هۆکارەکانی دووبارە داڕشتنەوەی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و تورکیا بە ئاراستەی گەشەپێکردنی. لە میانەی پرۆسەی ئاشتییدا لە نەورۆزی ٢٠١٣ دا نامەیەکی ڕێبەری ڕێکخراوی پەکەکە (عەبدوڵڵا ئۆجەلان) خوێندرایەوە، کە تیایدا داواکرا چەکدارانی پەکەکە بچنە دەرەوەی سنوورەکانی تورکیا. بێگومان مەبەست لە دەرەوەی سنوورەکانی تورکیا، جێگیربوونی چەکدارانی پەکەکەیە لەنێو خاکی هەرێمی کوردستاندا. هەر لەم بارەیەوە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانی ئەوکات (نێچیرڤان بارزانی) لە لێدوانێکیدا ئاماژەی بەوەدا «وەک حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پێناو سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی ئامادەین هەرچییەک پێویست بێت بە ئەنجامی بگەیەنین». لە هەمبەر ئەمەدا حکومەتی ناوەندی بەغداد هاوشێوەی کاربەداستانی هەرێمی کوردستان پێشوازییەکی گەرمی لە پرۆسەی ئاشتی نەکرد، تەنانەت کشانەوەی هێزەکانی پەکەکە بە ئاراستەی خاکی عێراق بە هۆکاری دروستبوونی ناسەقامگیری و دەستێوەردان

35- Erkan Avcı, 2003 ABD’nin işgali sonrası Türkiyenin Irak politikası ve PKK sorunu( 2003-2013), Uluslararası stratejik bakış dergisi, sayı:32, Eylül 2014, S.3.
36- Serhun Al, Kürtler, olası kürt devleti ve Ortadoğu, Ortadoğu Araştırmalar merkezi , sayı:64, Sayı:6, Ekim 2018, S.47.

لە کاروباری ناوخۆیی نیشان دا.٣٧
بە شێوەیەکی گشتی کاتێک لە چوارچێوەی پرسی کورد، هەڵوەستە لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و تورکیا دەکەین، ئەوا بە شێوەیەکی ئاشکرا بۆمان روون دەبێتەوە، کە خاڵی بنەڕەتی بریتی بووە لە دەستەبەرکردنی ئاسایش. ئاشکرایە هەر دوو وڵات هەر لە سەرەتای دامەزراندنیانەوە خاوەنداریەتی پرسێکیان کردووە بە ناوی «کێشەی کورد» کە لە رووی تایبەتمەندیی و توانای کاریگەرییان لەچەند رەهەندێکەوە هاوشێوەن.٣٨
٤.٢. دەسەڵاتخوازی و بەهێزبوون

## ٤.٢.١. بەهێزبوونی پێگەی جیۆپۆلۆتیکی تورکیا

یەکێک لە پێشهاتە هەرە گرنگەکانی قۆناغی دوای جەنگی سارد، بریتی بوو لە هاتنە کایەی هەڵ و مەرجێک، بۆ دووبارە دارشتنەوەی کارلێکە هەرێمایەتییەکان. لەم قۆناغە نوێیەدا کارلێکە هەرێمایەتییەکان گۆڕانکارییەکی رادیکاڵییان بەخۆیەوە بینی, کە لە رابردوودا بە هۆی زاڵبوونی رێکخستنی دووجەمسەریی لەسەر سیستەمی نێودەوڵەتیی، جۆرێک لە دابڕان بوونی هەبوو. لە قۆناغی جەنگی سارددا جووڵە و یەکەکانی نێو سیستەمی هەرێمایەتیی راستەوخۆ پەیوەست بوون بە ستراتیژیەتی هەر دوو زلهێز (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، یەکێتی سۆڤیەتی جاران)، یاخود بە مانایەکی تر کارلێکی نێوان یەکە هەرێمییەکان راستەوخۆ لە ژێر سێبەری هەژموونی هەر دوو زلهێز وێنا دەکرا. بەڵام لە قۆناغی دوای جەنگی سارددا, بنیادێکی فرە ئەکتەر لە سیستەمی هەرێمایەتی هاتە کایەوە. ئەم هەلومەرجە نوێیە پاڵنەرێکی گرنگ بوو لە هەمبەر هاتنەکایەی گۆڕانکاری لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا بە تایبەت لە هەمبەر رۆژهەڵاتی ناوەراستدا.٣٩

کارلێکە ستراتیژییە هەرێمایەتییەکان، لە لایەک یارمەتیدەربوون بۆ یەکە هەرێمایەتییەکان، بۆ ئەوەی لە پانتاییەکی فراواندا جووڵە بکەن، لە لایەکی تر بووە مایەی هاتنەکایەی کۆمەڵێک ئاڵنگاری لەسەر ئاسایشی خودی یەکەکان. بۆ نموونە وەک هێزێکی هەرێمایەتی تورکیا، بەدەر لە ئەندامیەتی هاوپەیمانییەتی باکوری ئەتلەسی (NATO) لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەستا بە دارشتنی سیاسەتی دەرەوەی خۆی لەسەر بنەمای بەدیهێنانی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان. هەروەها تورکیا هەوڵیدا ئەو هەلومەرجە نوێیەی، کە لە دەرئەنجامی کارلێکە هەرێمایەتییەکان، کە لە قۆناغی دوای جەنگی سارددا هاتنە ئاراوە، بە شێوەیەکی ژیرانە بە ئامانجی دانانی هەژموون و جیۆپۆلۆتیکی خۆی لە ناوچەکەدا بەکاربهێنێت.٤٠

هەروەها هەڵکەوتە جوگرافیەکەی فاکتەرێکی یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی تورکیا وەک هێزێکی هەرێمی بتوانێت رۆڵێکی یەکلاکەرەوە بگێرێت لە ئاراستەکردنی هاوکێشە سیاسی و سەربازی و ئابورییەکانی ناوچەکەدا. تورکیا لە ناوەندی سێ کیشوەری گرنگی جیهاندایە. ئاسیا، ئەوروپا و ئەفریقیا. ئەو پێگەیەش لە کۆنەوە یارمەتیدەری تورکیا بووە بۆ ئەوەی فراوانتر و زیاتر کارلێکی هەرێمی و نێودەوڵەتی لە هەموو ئاستە سیاسی و ئابووری و ئەمنییەکاندا هەبێت، بە کارتێکردن و کەوتنە ژێر کاریگەری کۆی فاکتەرو رەگەزەکان. هەروەها لە رووی سیاسی و دیبلۆماسیشەوە، تورکیا بەردەوام سوودی لە پێگەی جیۆپۆلۆتیکی خۆی بینیوە، بۆ دانانی هەژموون

37- Bilal Nergiz, Ak parti dönemi Irak, Suriye ve İran ilişkilerinde kürt meselesi (2002-2010), https://www.academia.edu/50070870/Kitap_b%C3%B6l%C3%BCm%C3%BC_Bilal_Nergiz_Ama%C3%A7_Ara%C3%A7_Sorunsal%C4%B1_T%C3%BCrkiyenin_K%C3%BCresel_Akt%C3%B6r_Olma_%C4%B0ddias%C4%B1, S.157.

٣٨- هەمان سەرچاوە، ل.١٦٩.

39- Ahmet Davutoğlu, stratejik derinlik, Kure yayınları, 78.baskı, İstanbul, Haziran 2012, S.398.

٤٠- هەمان سەرچاوە، ل.٣٩٨.

لەسەر تەواوی پێشهاتەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست.٤١

تورکیا بە هۆی هەڵکەوتە جوگرافیاکەیەوە رووبەڕووی چەندین کێشە و گرفت بووەتەوە. قەیرانەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەیەکی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەگەڵ تورکیادا لە پەیوەندیدان. ئەم دۆخەش وایکردووە تورکیا ستراتیژیەتێکی فرە رەهەند لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەدا پیادە بکات, کە لەگەڵیاندا لە پەیوەندیدایە. تورکیا بە حوکمی جیۆستراتیژیەکەیەوە بە ئاراستەی چارەسەرکردنی کێشەکان و فراوانکردنی ناوچەی کارتێکردنی چەندین ستراتیژیەتی گرتووەتە بەر.٤٢

لە دوای وەرگرتنی دەستەڵات لە لایەن پارتی داد و گەشەپێدان لەساڵی(٢٠٠٢)، لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا لە هەمبەر وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە رووی چۆنایەتیەوە گۆڕانکاری جەوهەریی بەخۆیەوە بینیوە. بەر لە هەموو شتێک ئەم گۆڕانکارییە دەرئەنجامی ئەو ستراتیژیەتە نوێیە بوو، کە ئەکپارتی خستیە بوواری جێبەجێکردنەوە. ئەم ستراتیژیەتە لە ژێر کاریگەری دید و بۆچونەکانی (ئەحمەد داو دئۆغلو) وێنا کرابوو، کە لە تیۆری (قووڵایی ستراتیژی) ئاماژەی پێکردبوو. بە بڕوای داود ئۆغلو تورکیا بە هۆی فاکتەرە جوگرافی و مێژووییەکانەوە، پێویستە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سیاسەتێکی کاریگەر پیادە بکات، تاکو بتوانێت رۆڵی سەرکردایەتیکردنی ناوچەکە بگرێتە ئەستۆ. لەم چوارچێوەیەدا لە هەنگاوی یەکەمدا تورکیا هەوڵیدا تەواوی کێشەکانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ سفر بکاتەوە و بە ئاراستەی چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوچەکە، دیبلۆماسییەتێکی فرە ڕەهەند جێبەجێ بکات. بێگومان قەیرانەکانی ئەوکاتەی عێراق زەمینەسازیی کرد بۆ جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژیەتە نوێیە. ستراتیژیەتی ناوبراو هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ ئەوەی تورکیا بە تایبەت لەسەر وڵاتە عەرەبییەکانی ناوچەکە ببێتە خاوەن بڕیار و رۆڵی رابەرایەتی ببینێت. بە گشتی تورکیا لە ژێر رۆشنایی ئەم ستراتیژیەتەدا، لە لایەک هەوڵی گەشەپێدانی پەیوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی لەگەڵ وڵاتە عەرەبییەکان، لە لایەکی تر بۆ چارەسەرکردنی کێشە بنەڕەتییەکانی ناوچەکە هەوڵی نێوەندگیریدا. ستراتیژیەتی سفرکردنەوەی کێشەکان لەم قۆناغەدا بە فاکتەرێکی گرنگ دەبینرا، لە بەهێزکردنی پێگەی جیۆپۆلۆتیکی تورکیا لە ناوچەکەدا. لەم قۆناغەدا وڵاتە عەرەبییەکان بە سەرکردایەتی تورکیا هەوڵیاندا رێگری بکەن لە جێبەجێکردنی ئۆپەراسیۆنی داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە.٤٣

گوزەرکردنی کۆمەڵێک رووداو لە ناوچەکەدا، بە تایبەتی پرۆسەی بەهاری عەرەبیی، وایان لە تورکیا کرد جارێکی تر بگەڕێتەوە سەر سیاسەتە ریالیستییەکان، واتا زیاتر لە روانگەی بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە مامەڵە لەگەڵ ژینگەی دەرەوەدا بکات. ئاشکرایە پرۆسەی بەهاری عەرەبی (٢٠١١) بووە مایەی گۆڕان لە سیستەماتیکی پەیوەندییەکان و هاتنەکایەی قەیرانێکی سیاسی و ئەمنی قووڵ لەناوچەکەدا. هەروەها هۆکارێک بوو بۆ گۆڕانی هاوسەنگیی هێز لە ناوچەکەدا و دروستبوونی بەریەککەوتنێکی قووڵی مەزهەبیی. بە گشتی وەک تاقیکردنەوەیەک بوو لە بەردەم سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا لە هەمبەر توانا و لێهاتوویی ئەو وڵاتە بۆ دۆزینەوەی چارەسەری قەیرانەکە. ٤٤

بە شێوەیەکی گشتی پرۆسەی بەهاری عەرەبیی گورزێکی کوشندەی دا لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا، بە گشتی ستراتیژیەتی سفرکردنەوەی کێشەکان بە دیاریکراویی. چونکە پرۆسەکە کۆمەڵە فاکتەرێکی هێنایە کایەوە کە

٤١- شمال حسين، بنەماکانی سیاسەتی دەرەوە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل.٤٦٩_٤٧٠.
42- Soner Doğan, Türkiye’nin Ortadoğu’daki askeri üsleri ve ilişkilerin geleceği, INSAMER merkezi, Rapor no:20, Ağustos 2016, S.6.
43- Baskın Oran, هەمان سەرچاوەی پێشوو ,S.405.
44- Şaban Kardeş, Türkiye ve Arap Baharı:Türkiye’nin Ortadoğu politikasında değişiklikler, Hazar strateji enstitüsü raporu, Bahar 2013, S.72.

بوون بە مایەی تێکچوونی پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ کۆمەڵێک وڵاتی عەرەبی و ناوچەکە. ئەم دۆخەش لێدانێکی راستەوخۆ بوو لەسەر پێگەی ژیۆپۆلۆتیکی تورکیا. بە تایبەت دوای تەشەنەکردنی پرۆسەی بەهاری عەرەبیی بۆ سوریا، دۆخەکە ئەوندەی تر بۆ سیاسەتی دەرەوەی تورکیا زەحمەت و ئاڵۆز بوو. چونکە پرۆسەکە لە سوریادا بەرەو جەنگێکی ناوخۆیی هەنگاوی نا، لێکەوتەکانی سنوورەکانی تێپەراند. قەیرانەکە بە جۆرێک بوو کە تەنگەژەیەکی ئەمنی و سیاسیی قووڵی لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی هێنایە کایەوە. لە پاڵ ئەمەدا قەیرانەکە گرژییەکی مەزهەبی هێنایە کایەوە، کە ئەمەش بووە مایەی فراوانبوونی چالاکیی گرووپە چەکدارەکان. رووداوە یەک بە دوای یەکەکانی سوریا هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی تورکیا لە سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا، بە ئاراستەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر تەرکیز بخاتە سەر سوریا. قەیرانی ناوبراو لە کاتێکدا تەنها کێشەیەکی دەرەکی بوو لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا، بەڵام لەگەڵ فراوانبوونی شەپۆلی پەنابەران، بەرەو کێشەیەکی ناوخۆیی ملی دەنا. هەروەک لە بەشەکانی رابردووشدا باسمان کرد، قەیرانی سوریا یەکێک بوو لەو فاکتەرانەی کە لەم ساڵانەی دواییدا بووە هۆکارێک بۆ دروستبوونی پەیوەندییەکانی نێوان عیراق و تورکیا. لە کۆتاییدا دەکرێت بگوترێت رووداوەکانی بەهاری عەرەبیی بە گشتی، قەیرانی سوریا بە تایبەتی، لەم قۆناغەدا بووە ئاڵنگارییەکی بەهێز لە بەردەم فراوانبوونی پێگەی جیۆپۆلۆتیکی تورکیا، یاخود بە مانایەکی تر لە سەرەتای سەرهەڵدانیدا زیانێکی زۆری گەیاند بە رۆڵی سەرکردایەتی و پێگەی تورکیا لە ناوچەکە.٤٥

بەهۆی لێکەوتە نەرێنییەکانی پرۆسەی بەهاری عەرەبیی، سیاسەتی دەرەوەی تورکیا گۆڕانکارییەکی ریشەیی و جەوهەری بەخۆیەوە بینی. کە ئەویش بریتی بوو لە بەرجەستەکردنی سیاسەتی ریالیستانە لە پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بە تایبەت لە دوای ساڵی ٢٠١٥ وە حکومەتی ئەنقەرە هەوڵی دا لە رێگەی بەکارهێنانی هێزی سەربازی جیۆپۆلۆتیکی خۆی لە ناوچەکەدا بەرفراوان بکات. شایەنی باسە هەروەک لە بەشەکانی رابردوودا ئاماژەمان پێدا، رووداوەکانی بەهاری عەرەبی سەرەڕای ئەوەی بووە مایەی دروستبوونی قەیرانێکی سیاسی و ئەمنی قووڵ لە ناوچەکە، هاوکات هەلومەرجێکی لەباری رەخساند بۆ بەهێزبوونی گرووپە چەکدارەکان. بە تایبەت فراوانبوونی دەستەڵاتی چەکدارانی پەکەکە لە عێراق و سوریادا، پاساوێکی گرنگ بوو بۆ ئەوەی تورکیا لە چوارچیوەی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی، دەستتێوەردانی سەربازیی بکات لەم دوو وڵاتەدا. بەم ئاراستەیە سووپای تورکیا لە ماوەی نێوان ساڵانی ٢٠١٥ - ٢٠٢٠ چەندین ئۆپەراسیۆنی سەربازیی لە نیو خاکی عێراق و سوریادا بە ئەنجام گەیاند، بێگومان ئەمەش خزمەتێکی گەورەی بە فراوانبوونی بەهێزی جیۆپۆلۆتیکی تورکیا گەیاند لە ناوچەکەدا.٤٦

لەم ساڵانەی دواییدا سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لە پاڵ دەستتێوەردانە سیاسییەکان، بە دانانی بنکەی سەربازیی لە دەرەوەی سنووری جوگرافی خۆی، گۆڕانکارییەکی گرنگی بەخۆیەوە بینی. تورکیا لە رێگەی ئەم ستراتیژیەتەوە هەوڵیدا دووبارە هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکە بە پێی بەرژەوەندییەکانی خۆی دابڕێژێتەوە. هەروەها تورکیا بە سووردوەرگرتن لە سروشتی پێگە جوگرافییەکەی, هەوڵیدا لە رووی سەربازییەوە ببێتە یەکێک لە کاریگەرترین ئەکتەرەکانی ناوچەکە.٤٧

45- Mehmet Bostancı, jeopolitik ve jeostratejik bir mücadele alanı olarak Ortadoğu, Arap birliği ve Türkiye acısından bölge analizi, journal of currents researchers on social science, sayı:1, cilt:8, S.217-218.

46- Emre Zeren, Alper Yılmaz ve Ahmet ak bulut, Dijital çağda Davutoğlu döneminden günümüze Türk dış politikasının “Sıfır Sorun” söylemi bağlamında analizi, Süleyman Demirel Üniversitesi İdari ve iktisadi bilimler dergisi, sayı:15, Cilt:22, 2017, S. 1883.

47 - Hasan AlSHQEL ve Mustafa ALWAHAİB, Türkiye’nin askeri üsleri ve sınır dışı operasyonlar (2015-2020), Ayam araştırmalar merkezi, Haziran 2021, S.1.

ئامادەیی تورکیا لە رووی سەربازییەوە لەسەر ئاستی هەرێمی ونێودەوڵەتی، یەکێکە لە دەرئەنجامی گۆڕانکارییەکانی نێو سیاسەتی دەرەوە. حکومەتی ئەکپارتی ستراتیژیەتی «سفرکردنەوەی کێشەکان»ی بەرجەستەکرد، بەڵام تورکیا تا ساڵی ٢٠١٤ بە شێوەیەکی گۆشەگیر مایەوە، هەر بۆیە لە دوای ئەم قۆناغە، سیاسەتی دەرەوەی خۆی لە ژێر رۆشنایی» نیشتمانی شین» گەڵاڵە کرد. ئەم ستراتیژیەتە بووە بنەمایەکی گرنگ و پڕبایەخ بۆ ئەو دەستتێوەردانە سەربازیانەی کە تورکیا لەم ساڵانەی دواییدا لە ناوچەکە جێبەجێی کردبوو. لەم چوارچێوەیەدا تورکیا لە دوای ساڵی ٢٠١٤وە لەم وڵاتانەدا بنکەی سەربازیی دامەزراند، ئەوانیش بریتی بوون لە: (سودان ٢٠١٧، عێراق٢٠١٥، سوریا٢٠١٦، لیبیا٢٠١٩، قەتەر٢٠١٤، سۆماڵ٢٠١٧).٤٨

سەبارەت بە بایەخ و گرنگی عێراق لە بەهێزبوونی پێگەی جیۆپۆلۆتیکی تورکیا، دەکرێت ئاماژە بە چەند فاکتەرێک بکەین. ئاشکرایە عێراق لە پاڵ پەیوەندییە مێژوویی و کلتوریی و ئابوورییەکاندا یەکێکە لە وڵاتە هەرە گرنگەکان بۆ پاراستنی بەشی باشووری سنوورەکانی تورکیا لە رووی ئاسایشەوە. هەر بۆیە پارێزگاریکردن لە یەکێتی و یەکپارچەیی خاکی عێراق، لە ئامانجە بنەڕەتییەکانی سیاسەتی دەرەوەی تورکیایە لە هەمبەر ناوچەکەدا. هۆکارە شاراوەکەی ئەم ئامانجەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەریی کێشە و قەیرانەکانی عێراق لەسەر تورکیا. شایەنی باسە وڵاتی عێراق لە ماوەی رابردوودا خاوەنداریەتی دوو جەنگی گەورەی ناوچەکەی کردووە (جەنگی یەکەم و دووەمی کەنداو). ئەم جەنگانە بە شێوەیەکی نەرێنی قووڵ کاریگەرییان کردووەتە سەر پێگە ژیۆپۆلۆتیکەکەی تورکیا لە گشت بووارەکاندا. بۆیە بەرجەستەبوونی پەیوەندییەکی تەندروست و سەقامگیر لە نێوان عێراق و تورکیا دەبێتە فاکتەرێکی ئەرێنی لەسەر کۆی سیستەماتیکی پەیوەندییەکانی ئەنقەرە لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە بە گشتی. تورکیا خاوەنی نزیکەی ٤٠٠ کیلۆمەتر سنوورە لەگەڵ عێراقدا، هەر ئەمەش وایکردووە ئەو وڵاتە ببێتە رەگەزێکی گرنگ بۆ دانانی هەژموونی تورکیا لەسەر ناوچەکە. هەر لەم گۆشەنیگایەوە دەستەبەربوونی ئاسایش و سەقامگیری لە عێراقدا ئامانجە یەکینەکانی سیاسەتی دەرەوەی تورکیایە.٤٩

بە پاڵپشت بەو فاکتەرانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا بەهێزبوونی پێگەی تورکیا لە عێراق رۆڵێکی گرنگی هەیە لە فراوانبوونی ئاستی ژیۆپۆلۆتیکی تورکیا لە ناوچەکەدا. بۆیە پێگە ژیۆپۆلۆتیکیەکەی عێراق گرنگی و تایبەتمەندیی هەیە لە هەمبەر سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لە ناوچەکەدا. هەڵکەوتە جوگرافییەکەی، بوونی سەرچاوە سرووشتییەکان و زۆریی ژمارەی دانیشتوان، لە گرنگترین ئەو رەگەزانەن کە بوونەتە مایەی بەهێزبوونی پێگەی عێراق. هەروەها عێراق بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دیکەی ناوچەکە لە رووی یەدەگی نەوت و گازی سروشتی دەوڵەمەندە. بە پشتبەستن بەم فاکتەرانە هەڵە نابێت ئەگەر بڵێین بەهێزبوونی جیۆپۆلۆتیکی تورکیا بە بوونی پەیوەندییەکی باشی سیاسی، ئابووری و ئەمنی لەگەڵ عیراق تێپەڕدەبێت.٥٠

## ٢.٤.٢. ململانێی جیۆپۆلۆتیکی تورکیاو ئێران لە عێراق دوای ٢٠١٤

پێکدادانە ئەتنیکی و مەزهەبییەکان، شکستە سیاسییەکان و زالبوونی دۆخێکی ناسەقامگیر لە گرنگترین ئەو فاکتەرانەن کە بە درێژایی مێژوو زەمینەسازیان کردووە بۆ ئەوەی عێراق ببێتە گۆڕەپانێک بۆ دەستتێوەردانە نێودەوڵەتییەکان و کێبڕکێی هێز لە نێوان ئەکتەرە هەرێمایەتییەکان. بە ئاراستەی دانانی هەژموون لەسەر عێراق

٤٨- هەمان سەرچاوە، ل.٢٠.

49- Fatih Musulu, Türkiye'nin askeri üs stratejisi ve Irak, هەمان سەرچاوەی پێشوو ,S.8.

50- Hatem Azeez İbrahim, Ak Parti döneminde Türkiye'nin Irak politikasında Kuzey Irak faktörü, Yüksek lisans tezi, Sakarya Üniversitesi, Sosyal Bilimler Enstitüsü, Sakaya, Temmuz 2019, S.69.

لە دوای جەنگی یەکەمی کەنداوەوە، ململانێیەکی توند لە نێوان تورکیا و ئێراندا دەستی پێکرد. ئەم ململانێیە سەرەتا لە چوارچێوەی بابەتی پەیوەست بە کوردەکان هاتە ئاراوە، بەڵام لە دوای پرۆسەی داگیرکاریی بە ئاراستەی بەهێزبوونی پێگەی سوننەکان و شیعەکان لە ئیدارەدانی عێراق بەردەوام بوو.٥١

ئەو بۆشاییەی کە لە رووی هێزەوە لە عێراق هاتە ئاراوە، لە دەرەنجامی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ساڵی٢٠١١ و دەرچوونی بریاری دەستگیرکردن بۆ جێگرە سوننەکەی سەرۆک کۆمار (تارق هاشمی)، ئەو هۆکارانە بوو بە هۆی دروستبوونی گرژی و بەریەککەوتنی مەزهەبی و زیادبوونی هەوڵی یەکە هەرێمییەکان بە ئاراستەی دانانی هەژموون لەسەر عێراق. هاوکات ڕکابەرایەتی تورکیا و ئێران لە پێناو دانانی هەژموونی سیاسی و سەربازیی لەعێراقدا چووە قۆناغێکی نوێوە. لە دوای ئەم خاڵەوە سەرکردە سوننەکانی نێو حکومەتی بەغداد داوای یارمەتییان لە تورکیا دەکرد، تەنانەت (تارق هاشمی) لە دوای دەرچوونی بڕیاری دەستگیرکردنی، لە لایەن حکومەتی ئەنقەرە داڵدەدرا. لە بەرامبەر ئەمەدا حکومەتە شیعەگەراییەکەی بەغداد بە تەواوی کەوتە ژێر رکێفی تاران و لەسەر ئاستی سیاسەتی هەرێمایەتی لە هەمبەر پێشهاتەکاندا لەگەڵ ئێران سیاسەتێکی هاوشێوەی پەیڕەو دەکرد. لە دەرئەنجامی فراوانبوونی پانتایی بەریەککەوتنە مەزهەبییەکان و زیادبوونی هەڕەشەکانی داعش، حکومەتی ناوەندی بەغداد لە بوواری ئاسایش و بەرگرییدا زیاتر لەگەڵ ئێراندا هاوبەشی کرد.٥٢

فراوانبوونی ئاستی هەڕەشەکانی داعش و زیادبوونی ئەگەرەکانی هەڵوەشاندنەوەی عێراق هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ ئەوەی ململانێ و کێبرکێی نێوان ئێران و تورکیا بە ئامانجی دانانی هەژموون لەسەر عێراق لە چوارچێوەی ئاسایش و بەرگریکردن بەردەوام بێت. تورکیا، لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٩١ - ٢٠٠٧ لە بوواری ئاسایشدا چەندین رێککەوتننامەی لەگەڵ عێراق مۆر کرد، بەڵام لە دوای ٢٠١١وە بە هۆی تێکچوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتەکەی مالکیدا، تورکیا نەیتوانی بە پێی پێویست بۆشایی هێز بە پێی بەرژەوەندییەکانی خۆی لە عێراق پڕبکاتەوە. بەڵام وەرگرتنی دەستەڵات لە لایەن (حەیدەر عەبادی) لە ساڵی ٢٠١٤دا هۆکارێک بوو بۆ دووبارە گەشەکردنی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و تورکیا. لەم ماوەیەدا دابینکردنی ئاسایش لە عێراق و ئەنجامدانی کاری هاوبەش لە بوواری بەرگریکردن، لە گرنگترین پرسەکان بوون لە پەیوەندییە دووقۆڵیەکان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رەهەندی پەیوەندییەکانی نێوان عیراق و ئێران لە بوواری ئاسایش و بەرگرییدا بە بەراورد بە تورکیا زۆر بەرفراوان و گشگیرترە، بۆ نموونە لە دوای سەرهەڵدانی داعش لە عێراقدا کۆمەڵێ هێزی میلیشیا هاتنە ئاراوە، کە لە ژێر کۆنترۆڵ و هەژموونی ئێراندابوون. هەروەها ئێران لە ساڵانی ٢٠١٢ و ٢٠١٣ لە پێناو ئەنجامدانی کاری هاوبەش لە بوواری ئاسایش و بەرگرییدا, چەندین رێککەوتننامەی واژوو کرد. ئەمەش یارمەتیدەر بوو بۆ ئەوەی تاران بتوانێت بۆشایی ئەو هێزەی کە لە دەرئەنجامی کشانەوەی ئەمریکا لە عێراقدا هاتبووە ئاراوە، بە ئاراستەی بەرژەوەندییەکانی خۆی پڕبکاتەوە. بێگومان ئەم دۆخەش گرنگی هەبوو لە فراوانبوونی بازنەی جیۆپۆلۆتیکی ئێران لە عێراقدا. بە گشتی لەم قۆناغەدا ململانێی تورکیا و ئێران لە پێناو دانانی هەژموون لەسەر عێراق، بەندبوو بەو سەرکەوتنانەی لە هەمبەر داعشدا بەدەستدەهێنرا. تورکیا و ئێران لە میانەی ئەو رێککەوتنە ئەمنیانەی کە لەگەڵ عیراقدا گرێیان دابوو، چەندین کەمپی سەربازییان دامەزراند بە ئامانجی

---

51- Kevser Aktaş, Suriye ve Irak örnekleri üzerinden Türkiye-İran ilişkileri:işbirliği mi rekabet mi?, Türkiye Ortadoğu çalışmaları dergisi, sayı:1,cilt:5, 2018, S.173.

52- Cenk Tamer, Türkiye ve İran'ın Irak'ta güç tahkim etme çabası: Başika örneği, Gazi üniversitesi sosyal bilimler dergisi, sayı:6, cilt:3,2016, S.109.

پێدانی راهێنانی سەربازیی بە سوپای عێراق و هێزەکانی پێشمەرگە. بەڵام لێرەدا خاڵی جیاواز لە نێوانیاندا بریتییە لەوەی، کە ئێران مەشق و راهێنان بە هێزەکانی (حەشدی شەعبی) دەکات، تورکیاش مەشق و راهێنانی بە هێزەکانی (حەشدی وەتەنی و پێشمەرگە) دەکات.٥٣

لەساڵی ٢٠١٦دا کەمپی باشیک و ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی موسڵ لە گرنگترین ئەو پرسانە بوون کە بوونە مایەی بەریەککەوتنی جیۆپۆلۆتیکی تورکیا و ئێران لە عێراقدا. لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٥دا بابەتی هاتنی سەربازانی سوپای تورکیا بۆ نێو کەمپی باشیک، قەیرانێکی قووڵی لە نێوان بەغداد و ئەنقەرە هێنایە ئاراوە، لەم پرسەدا ئێران پشگیری تەواوی حکومەتی بەغدادی دەکرد. وەک لە بابەتی پێشووتردا باسمان کرد، لە سەدەمی حکوومەتی حەیدەر عەبادیدا چەندین رێککەوتننامە لە بوواری ئاسایشدا لە نێوان عیراق و تورکیا بەسترا. ئەنقەرە، لە چوارچێوەی ئەو رێککەوتنامانەدا لە پێناو رووبەڕووبوونەوەی چەکدارانی داعشدا هێزێکی بەرفراوانی رەوانەی کەمپی باشیک کرد. ئەم کردارەی تورکیا لە لایەن حکومەتی ئێران بە دانانی هەژموونی سەربازیی لەسەر عێراق لێکدانەوەی بۆ کرا. بۆیە هەر دوو حکومەتی بەغداد و تاران بە شێوەیەکی توند دژایەتی ئەو هەوڵەی تورکیایان کرد.٥٤

لەگەڵ نزیکبوونەوەی ئەگەرەکانی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی موسڵ، ململانێیەکانی نێوان ئێران و تورکیا لە بارەی بەشداریکردن لە ئۆپەراسیۆنی ناوبراو توندتر دەبوو. ئێران لە ساڵی ٢٠١٦دا بە شێوەیەکی توند دژایەتی خۆی لە بەشداریکردنی سەربازانی تورکیا لە ئۆپەراسیۆنی دووبارە کۆنترۆڵکردنەوەی شاری موسڵ راگەیاند. لە هەمبەر ئەم هەڵوێستەدا حکومەتی ئەنقەرەش لەبارەی پرسی بەشداریکردنی چەکدارانی حەشدی شەعبی لە ئۆپەراسیۆنەکە نارەزایی دەربڕی. چونکە بە هۆی ئەوەی لەژێر کاریگەریی و هەژموونی ئێراندا بوون، تورکیا بە شێوەیەکی گشتیی لە جووڵە و چالاکییەکانی حەشدی شەعبی لە عێراقدا نیگەران بوو. تورکیا لەو بڕوایەدا بوو چەکدارانی حەشدی شەعبی لە ساتی رزگارکردنی موسڵ دەبنە هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر دانیشتوانە سوننەکەی شارەکە. بە گشتی لەم قۆناغەدا سیاسەتە ناعاقڵانییەکانی ئێران و تورکیا بە پاساوی رێگریکردن لە بەهێزبوونی بەرامبەرەکەی لە عێراقدا، بە هۆکارێکی گرنگ دادەنرێت لە بەرفراوانبوونی دەستەڵاتی رێکخراوی تیرۆریستی داعش لە عێراق و ناوچەکەدا.٥٥

یەکێکی تر لە رەهەندەکانی ململانێی جیۆپۆلۆتیکی تورکیا و ئێران لە عێراقدا لەم ساڵانەی دواییدا، بریتییە لە پرسی بوونی چەکدارانی پەکەکە لە ناوچەی شنگال و جووڵە و چالاکیی گرووپە میلیشیاکانی سەر بە ئێران لە هەمبەر تورکیادا. هەروەک لە بەشەکانی رابردوودا ئاماژەمان پێدا، لە دوای کۆتاییهاتنی دەستەڵاتی داعش لە عێراقدا، چەکدارانی پەکەکە لە ناوچەیەکی بەرفراوانی شنگال بڵاوبوونەوە و تا رادەیەکی زۆر کۆنترۆڵی ناوچەکەیان گرتەدەست. بوونی چەکدارانی پەکەکە لەم ناوچەیەدا، تورکیا بە هەڕەشەیەکی جددی دەزانێت لەسەر پێگە جیۆپۆلۆتیکەکەی لە عێراقدا، لە تەواوی رەهەندەکانی سیاسی و ئابووری و ئاسایشدا. بۆیە حکومەتی ئەنقەرە بە بەردەوامی فشار دەخاتە سەر کاربەدەستانی بەغداد و هەرێم بۆ وەدەرنانی چەکدارانی پەکەکە لە ناوچەکەدا. چونکە ناوچەی شنگال خاوەن پێگەیەکی گرنگە بۆ بەرفراوانبوونی هێزی جیۆپۆلۆتیکی تورکیا لە عێراق لە تەواوی ئاستەکاندا (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە بەشی ١.٣.).٥٦

53- Ali semin, هەمان سەرچاوەی پێشوو,S.4 .

54- Kevser Aktaş, هەمان سەرچاوەی پێشوو , S.176.

٥٥- هەمان سەرچاوە، ل.١٧٧.

56- Sercan Çalışkan ve Alper Cezmi, Irat'taki İran destekli milisler neden Türkiye'yi hedef alıyor, https://orsam.org.tr/tr/irakta-ki-iran-destekli-sii-milisler-neden-turkiyeyi-hedef-aliyor/, (Erişim tarihi: 22 Nisan 2022).).

سەبارەت بە گرنگیی پێگەی شنگال بۆ ئێران, بۆ چەند خاڵێک دەگەڕێتەوە: یەکێکە لە ڕێڕەوە هەرە گرنگەکان بۆ گەیاندنی ئێران بە سوریا لەسەر خاکی عێراقدا. هەروەها خاوەنی پێگەیەکی ستراتیژی پڕ بایەخە بۆ پەرەپێدانی ئەو تۆڕە میلیشیایانەی کە ئێران لە ناوچەکەدا دایمەزراندووە، کە لە عێراقەوە درێژ دەبێتەوە تا یەمەن، لە پاڵ ئەمەشدا گرنگیی خۆی هەیە لە گەیاندنی یارمەتی سەربازیی بۆ ئەو گرووپە میلیشیایانەی کە لەژێر کۆنترۆڵی ئێراندا لەناوچەکەدا لە جەنگدان. بۆیە کەوتنی شنگال لە دەرئەنجامی ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی تورکیادا، گورزێکی کوشندە بە پێگەی جیۆپۆلۆتیکی ئێران لە عێراقدا دەکەوێت. لەم گۆشەنیگایەوە ئێران بەردەوام بەرگریی لە مانەوەی گرووپە چەکدارەکان، بە تایبەتی، پەکەکە لە شنگالدا دەکات. چونکە بوونی گرووپە چەکدارەکان بە تایبەتی حەشدی شەعبی، لە ناوچەکەدا ئەگەرەکانی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی تورکیا بۆ شنگال لاواز دەکات. چونکە حەشدی شەعبی بە پێی یاسا بەشێکە لە هێزی بەرگری نیشتمانی لە عێراقدا. لە پاڵ ئەمەدا بوونی پەکەکە لە شنگال دەبێتە مایەی فراوانبوونی پانتایی جووڵەی سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە هەمبەر تورکیا، سەبارەت بە پرسی دانانی هەژموون لەسەر عێراق. دەکرێت هێرشە موشەکییەکانی ئەم دواییەی هێزە میلیشیاکان بۆ سەر بارەگا و بنکە سەربازییەکانی تورکیا لە عێراقدا، لە چوارچێوەی ململانێی ژیۆپۆلۆتیکی نێوان ئەنقەرە و تاران لێکدانەوەی بۆ بکرێت. چونکە بەرفراوانبوونی جووڵە سەربازییەکانی تورکیا لە عێراقدا، لە لایەن بەرپرسە ئێرانییەکان بە قووڵبوونەوەی پێگەی سەربازیی تورکیا لە عێراقدا لە قەڵەم دەدرێت. بۆیە تاران هەوڵ دەدات لە ڕێگەی هێرشەکانی ئەو گرووپە میلیشیایانەی کە لەژێر کۆنترۆڵی خۆیدان، سنوورێک بۆ بەهێزبوونی هەژموونی سەربازیی تورکیا لە عێراقدا دابنێت.٥٧

## ٣.٤.٢. گەیشتنی تورکیا بە ئاوەکانی کەنداو

لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە بەشداری هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان، خاوەندارێتی چەندین پێکدادانی سەربازیی کردووە. ئەم بەریەککەوتنانە کۆمەڵێک کێشەی نوێی خستوەتە پاڵ کێشە بنەڕەتەییەکانی ناوچەکە. جەنگی نێوان وڵاتان و شەڕە ناوخۆییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هۆکارێکی گرنگن بۆ دروستبوونی ناسەقامگیرییەکی قووڵ لەناوچەکەدا، ئەم دۆخەش وایکردووە پەیوەندی نێوان وڵاتانی ناوچەکە لە بری هاوکاری زیاتر، بەرەو پێکدادان هەنگاو بنێن. بێگومان ئەم دۆخە ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی لەسەر وڵاتانی کەنداوی عەرەبیی هەبووە. شۆڕشی ئیسلامی ئێران (١٩٧٩)و جەنگی نێوان عێراق و ئێران بە سەرەتای دروستبوونی تەنگەژەی سیاسیی و ئابووریی لە ناوچەی کەنداوی عەرەبی دادەنرێت. داگیرکردنی کوەیت لە لایەن عێراق و دەستتێوەردانە سەربازییەکانی ئەمریکا (پەلامارە سەربازییەکانی ئەمریکا بۆ سەر عێراق لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٩٠ - ٢٠٠٣)، بارودۆخی سیاسی و سەربازیی ناوچەکەی بەرەو ئاقارێکی نادیار بردووە. ئەم جەنگانە لەپاڵ ئەوەی بوونەتە هۆکارێک بۆ ئەوەی هەلومەرجێکی نالەبار زاڵبێت بەسەر ناوچەی کەنداودا، هاوکات بووە بە فاکتەرێکی گرنگ لە بەهێزبوونی پێگەی جیۆپۆلۆتیکی ئێران لە ناوچەکەدا. ئەمەش وایکردووە وڵاتی ناوبراو ببێتە سەرچاوەی هەڕەشەیەکی بەرفراوان لەسەر ئاسایشی وڵاتانی عەرەبی لە ناوچەکەدا. پێشهاتەکانی ناوچەکە بوونەتە هۆی ئەوەی وڵاتانی کەنداوی عەرەبی لە لایەک بە ئاراستەی بەهێزکردنی تاوانە سەربازییەکانیان بوودجەیەکی زەبەلاح دابین بکەن، لە لایەکی تر بە ئامانجی هاوسەنگکردنی پێگەی

57- Sercan çalışkan, هەمان سەرچاوەی پێشوو.

جیۆپۆلۆتیکی ئێران لە ناوچەکەدا هەوڵی دامەزراندنی هاوپەیمانیەتییەکی ستراتیژی بدەن لەگەڵ تورکیادا.٥٨
لە پاڵ پێکدادانە سەربازییەکان، دەوڵەمەندبوونی ناوچەکە لە رووی سەرچاوەکانی ووزەوە فاکتەرێکی ترە لە هۆکاری زاڵبوونی دۆخێکی ناهەموار بەسەر ناوچەی کەنداوی عەرەبییدا. بوونی قەبارەیەکی گەورەی یەدەگی نەوت و گازی سروشتیی لەنێو خاکی وڵاتانی ناوچەکە، هۆکارێکی بنەڕەتییە لە بەهێزبوونی پێگەی جیۆپۆلۆتیکی کەنداوی عەرەبیی لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا. ئەمەش لە پاڵ ئەمریکادا سەرنجی یەکە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی بۆ خۆی راکێشاوە. تورکیا، وەک هێزێکی هەرێمی، بەردەوام هەوڵیداوە رۆڵ بگێڕێت لە ئاراستەکردنی هاوسەنگیی هێز بە پێی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی. ٥٩
بە گشتی گرنگیپێدانی تورکیا بە ناوچەی کەنداوی عەرەبی، دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەک، بە تایبەت لە دوای بەرجەستەکردنی تیۆری «قووڵایی ستراتیژی» لە سیاسەتی دەرەوەدا. بە پێ ئەم ستراتیژیەتە ناوچەی کەنداوی عەرەبیی، توانای گۆڕینی پێگەی تورکیای هەیە لە هێزێکی هەرێمی بۆ کاراکتەرێکی کاریگەری کیشوەریی. هەروەها نزیکیی تورکیا لە کەنداوی عەرەبیی کە خاوەنی قەبارەیەکی بەرفراوانی سەرچاوەکانی ووزەیە، کۆمەڵێک دەستکەوتی گرنگ بۆ تورکیا دەستەبەر دەکات. لەم گۆشەنیگایەوە حکومەتی ئەنقەرە بە تایبەت دوای ساڵی ٢٠٠٠ هەوڵە دیبلۆماسییەکانی خۆی خستەگەڕ بە ئاڕاستەی گەشەپێکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ئەنجومەنی هاریکاریی وڵاتانی کەنداوی عەرەبیی.٦٠
لە پاڵ بەرژەوەندییە ئابوورییەکان، گۆڕانی هاوکێشەی هێز لە ناچەکەدا لە بەرئەنجامی پرۆسەی داگیرکاریی عێراق فاکتەرێکی یارمەتیدەر بوو بۆ گەشەکردنی پەیوەندییە سەربازی و سیاسییەکانی نێوان تورکیا و وڵاتانی کەنداوی عەرەبی. بە گشتی دەکرێت باس لە سێ رەگەزی گرنگ بکەین, کە رۆڵیان گێڕا لە بەرەو پێشچوونی پەیوەندییە دوولایەنەکان:
سیاسەتی پێشینەی هەر دوو لایەن بریتی بوو لە پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق و هاتنە کایەی حکومەتێکی ناوەندیی سەقامگیر. لە کاتێکدا ترس و دڵەڕاوکێی تورکیا لەمەڕ پرسی کێشەی کورد بوو، بەڵام ئەندێشەی وڵاتانی کەنداوی عەرەبیی تایبەت بوو بە بابەتی بەهێزبوونی پێگەی شیعەکانی عێراق و کاریگەربوونی شیعەکانی ناوخۆی وڵاتەکەیان بە ئێران.
زیادبوونی چالاکیی رێکخراوە تیرۆرستیەکان و ئیسلامە رادیکاڵیەکان لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە کە سەرچاوەی هەڕەشە بوون لەسەر هەر دوو لایەن.
هاوبەشیکردنی هەر دوو لایەن بە ئاراستەی پڕکردنەوەی بۆشایی ئەو هێزەی کە لە دەرئەنجامی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا هاتە کایەوە.

### ٤.٤.٢. بەرژەوەندییە ئابوورییەکان

لە پاڵ ئەو فاکتەرانەی کە ئاماژەمان پێدا، رەهەندی ئابووری بە رەگەزێکی گرنگ دادەنرێت لە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و عێراقدا. نیوڕیالیستەکان لەو بڕوایەدان دەوڵەتان لە پاڵ دەستەبەرکردنی ئاسایش، پێویستە گرنگی بە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان بدەن لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ یەکەکانی نێو سیستەمی نێودەوڵەتییدا.

58- Melih Yıldız, Basra körfezi: Askeri güç dengesi, Ortadoğu araştırmaları merkezi raporu, No.259, Ağustos 2020, S.3.
59- Melih Yıldız, هەمان سەرچاوەی پێشوو، S.4.
60- Ali semir merdan ve Aydın Erdoğan, Türkiye’nin körfez açılımında Bahreyn, Çankırı kara tekin üniversitesi iktisadi ve idari bilimler dergisi, sayı:1,cilt:11, 2021, S.446.

لـە ژێـر ڕۆشـنایی ئـەم تێڕوانینـە بەشـێک لـە پسـپۆڕان و شـارەزایانی بـوواری پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان لـەو بڕوایـەدان بوونـی پەیوەندییەکـی ئابـووری پتـەو و سـەقامگیر لـە نێـوان دەوڵەتـان هۆکارێکـە بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـە سیاسـییەکان و هێنانـەدی دۆخێکـی پـڕ لـە ئاشـتی و ئاسـایش. بـەڵام ئـەو ئارگومێنتـە ڕەنگدانەوەیەکـی ئەوتـۆی نەبـووە لەسـەر پەیوەندییـە ئابوورییەکانـی نێـوان عێـراق و تورکیـا. چونکـە پەیوەندییـە ئابوورییەکانـی نێـوان هـەردوو وڵات بـە شـێوەیەکی بـەردەوام لـە ژێـر سـێبەری ناسـەقامگیریی و قەیرانەکانـی عێـراق و ناوچەکـەدا بـووە، یاخـود بـە واتایەکـی تـر کێشـە ناوخۆییەکانـی عێـراق و ناوچەکـە فاکتەرێکـی کاریگـەر بـووە لـە داڕشـتنی چوارچێـوەی پەیوەندییەکانـی ئەنقـەرە و بەغـداد لـە بـوواری ئابووریـدا. هەروەهـا دەکـرێ بگوترێـت هەرچەنـدە ڕەهەنـدی ئابـووری لـە پەیوەندییەکانـی نێـوان هـەردوو وڵات ڕۆڵـی پردێکـی بینیـوە، بـەڵام لـە هەمـان کاتـدا فاکتـەری ناوبـراو نەیتوانیـوە دڵەڕاوکێـی ئاسـایش لـە نێـوان هـەردوو دەوڵـەت نەهێڵێـت یاخـود کاڵبکاتـەوە. ٦١

## دەرئەنجام:

بەشـێکی بەرفراوانـی هەڵکشـان و داکشـانە خێراکانـی نێـو پەیوەندییەکانـی عێـراق و تورکیـا، پەیوەندیدارە بەو پێشـهاتە سیاسـی و ئەمنییانـەی کـە لـە ناوچەکـەدا ڕوودەدەن.

سـەنتەرکردنی پرسـی ئاسـایش لـە پەیوەندییـە دووقۆڵییەکانـدا، یەکێکـی تـرە لـەو فاکتەرانـەی کـە لـەم سـاڵانەی دواییـدا بووەتـە ئاڵنگارییەکـی کاریگـەر لـە بـەردەم گەشەسـەندنی پەیوەندییەکانـدا.

بەکارهێنانـی هێـزی سـەربازیی لـە لایـەن حوکومەتـی ئەنقـەرەوە، وەک ئامرازێکـی بنەڕەتـی لـە دەسـتەبەرکردنی ئاسایشـی نەتەوەیـی، یەکێکـی تـرە لـەو فاکتەرانـە، کـە بـووە بـە سـەرچاوەیەک بـۆ سـەرهەڵدانی کۆمەڵێـک کێشـە و ناکۆکـی لـە پەیوەندییەکانـی نێـوان هـەردوو وڵاتـدا.

بەرفراوانبوونـی هەژموونـی سیاسـی و سـەربازیی ئێـران لـە عێراقـدا، بـە فاکتەرێکـی گرنـگ هەژمـار دەکرێـت لـە دانانـی کاریگەریـی نەرێنـی لەسـەر پەیوەندییەکانـی ئەنقـەرە و بەغـدادا.

یەکێکـی تـر لەسـەرچاوەی کێشـەکانی نێـوان عێـراق و تورکیـا، پەیوەندیـدارە بـە فراوانبوونـی هەژموونـی چەکدارانـی پەکەکـە لـە عێـراق و ناوچەکـەدا، بـە تایبەتـی لـە دوای پرۆسـەی بەهـاری عەرەبییـەوە.

ڕووداوەکانـی بەهـاری عەرەبـی کاریگەریـی کردووەتـە سـەر سیسـتەماتیکی پەیوەندییەکانـی ناوچەکـە، بێگومـان ئـەم دۆخـەش تـا ڕادەیەکـی بەرچـاو ڕەنگـی داوەتـەوە لەهەمبـەر پەیوەندییەکانـی نێـوان عێـراق و تورکیـا.

پەیوەندییـە ئابوورییەکانـی نێـوان هـەردوو وڵات بـەردەوام لەژێـر سـێبەری ڕووداو و پێشـهاتە سیاسـییەکانی ناوخـۆی هـەردوو وڵات و ناوچەکـەدا گـوزەری کـردووە. ئەمـەش ڕێگـری کـردووە لـەوەی پەیوەندییـە ئابوورییـەکان ببێتـە فاکتەرێـک لـە بەرەوپێشـبردنی پەیوەندییەکانـی نێـوان هـەردوو وڵاتـدا.

بەشـێوەیەکی گشـتیی نیوڕیالیسـتەکان زیاتـر تیشـک دەخەنـە سـەر بنیـادی سیسـتەمی نێودەوڵەتیـی لـە ڕاڤەکردنـی ڕەفتـاری یەکـەکان لـە ژینگـەی دەرەوەدا. نیوڕیالیسـتەکان لـەو بڕوایـەدان دۆخێکـی ئەنارشـیزمی باڵیکێشـاوە بەسـەر ژینگـەی سیسـتەمی نێودەوڵەتیـی. ئـەم دۆخـەش کاریگەریـی کردووەتـە سـەر هەڵسـوکەوت و ڕەفتـاری یەکـەکان لـە هەمبـەر یەکـتر لـە نـاو خـودی سیسـتەمەکە. بێگومـان ئـەم دۆخـە ناهەمـوارەی نـاو سیسـتەمی نێودەوڵەتیـی، بـە گشـتیی ناوچـەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بـە دیاریکـراوی، بەشـێوەیەکی بـەردەوام کاریگەریـی دادەنێـت لـە

61- Aydın ve Aras, Ortadoğu'daki ekonomik ilişkilerinin siyasi çerçevesi, Türkiye'nin İran,Irak ve Suriye bağlantıları, Uluslararası ilişkiler akademik dergisi, sayı:1, Cilt:2, 2015, S.104.

دیاریکردنی ڕێڕەوی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و تورکیا. دۆخە ناسەقامگیرو ناهەموارەکەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە درێژایی مێژوو بووە بە فاکتەرێکی گرنگ لە بەردەم گەشەکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات. بە گشتی ئەو قەیرانە سیاسی و ئەمنییانەی کە لە ناوچەکە گوزەریانکردووە (ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبیی، فراوانبوونی هەژموونی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش، دەستتێوەردانە سەربازییەکانی ئەکتەرە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان لە دیارترین ئەو پێشهاتانەن) لەم دواییانە بووە بە ئاڵنگارییەکی کاریگەر لە بەردەم گەشەکردنی پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان عێراق و تورکیا.

## ڕاسپاردە:

کارکردن بە پرەنسیپی بوونی بەرژەوەندی هاوبەش و ئاسایشی هاوبەش، یەکێک دەبێت لەو فاکتەرانە، کە یارمەتیدەرە بۆ گەشەکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات.

گەیاندنی پەیوەندییە ئابوورییەکان بە ئاستی «هاوبەشی ستراتیژی» لە داهاتوودا، زەمینەسازیی دەکات بۆ نەهێشتنی بەشێکی گرنگ لە کێشە و ئاڵۆزییەکانی نێوان هەردوو وڵات.

تورکیا یەکێکە لە هێزە کاریگەرەکانی ناوچەکە. ئەمەش وایکردووە ئەو وڵاتە ڕۆڵێکی کاریگەری هەبێت لە ئاراستەکردنی ڕووداوە سیاسی و ئەمنییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. شایەنی باسە لە نێوان عێراق و تورکیادا بەرژەوەندییەکی ستراتیژیی مێژوویی هەیە، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ گەیاندنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات بە ئاستی هاوبەشیی ستراتیژیی.

دەستبەرداربوونی تورکیا لە سەنتەرکردنی پرسی ئاسایش لە داڕشتنی سیاسەتەکانی لە هەمبەر عێراقدا، لە داهاتوودا ڕێگە خۆشکەر دەبێت بۆ بەرفراوانبوونی بازنەی کاری هاوبەشی هەردوو وڵات لە بوواره جیاوازەکاندا.

پێویستە عێراق سیاسەتێکی بێلایەن و سەربەخۆ لە هەمبەر تورکیادا پیادە بکات، بە جۆرێک خزمەت بە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی بکات، بەو واتایەی حکوومەتی بەغداد نەکەوێتە ژێر کاریگەریی هیچ هێزێکی هەرێمی، لەهەمبەر داڕشتنی سیاسەت و ستراتیژیەتەکانی لە هەمبەر حکوومەتی ئەنقەرەوە.

## سەرچاوەکان

### ١. سەرچاوە کوردییەکان

### کتێب:

سەید عەبدولعەلی قەوام، بنەماکانی سیاسەتی دەرەوە و سیاسەتی نێودەوڵەتی، و/هاوڕێ سورخابی، چاپخانەی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٢.

ئەنوەر محەمەد فەرەج، تیۆری ریالیزم لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا (لێکۆڵینەوەیەکی رەخنەیی بەراوردکارییە لە بەر ڕۆشنای تیۆرە هاوچەرخەکاندا)، و/ خەلیل کەریم محەمەد، ئەحمەد علی ئەحمەد، چاپخانەی تاران، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٨.

شمال حسین، بنەماکانی سیاسەتی دەرەکی، چاپخانەی تەفسیر، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٨.

شمال حسین، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان (چەمک و بنەماکان، مێژوو قۆناغەکان، تێزو تیۆرییەکان)، چاپخانەی تەفسیر، چاپی یەکەم، هەولێر،٢٠١٨.

**گۆڤار:**

هاورێ حەسەن حەمە، تیۆری ریالیزم لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا (ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، link#٣٢٤٧=https://www.kurdistanc.com/Terror/details.aspx?jimare (رێکەوتی سەردان: ١٠ی ئەیلوولی ٢٠٢١).

## ٢. سەرچاوە عەرەبییەکان

گۆڤار:

واثق محمد براك السعدون، مستقبل العلاقات العراقية- التركية في ظل تحديات الامن الإقليمي، مركز دراسات الاقليمية، جامعة موصل، العدد: ٣١، جلد: ١، ٢٠١٥.

## ٣. سەرچاوە تورکییەکان

کتێب:

Jack Donnelly, uluslararası ilişkiler teorileri, Kure yayınları, üçümcü baskı, istanbul, 2013

Baskın Oran, “Irak krizinin tezkeresi (1mart 2003), Baskın Oran (ed), Türk dış politikası kurtuluş savaşından günümüze (20012012-), iletişim Yayınları, İstanbul, 2013.

Ahmet Davutoğlu, stratejik derinlik, Kure yayınları, 78.baskı, İstanbul, Haziran 2012.

گۆڤار:

Mehmet Nur Altınörs, soğuk savaş döneminde İran ve Türkiye’nin dış politikadaki ittifak tercihleri: Benzerlikler, farklıklar, Yüksek lisans tezi, Avrupa Birliği uluslararası ilişkiler Enstitüsü, Başkent üniversitesi, Ankara, 2019.

Mustafa Aydın, uluslararası ilişkilerin “ Gerçekçi” teorisi: kökeni, kapsamı, kritiği, Uluslararası ilişkiler dergisi, Sayı: 1, cilt: 1, Bahar 2004.

Selahaddin Bakan ve Sonay şahin,Uluslararası güvenlik yaklaşımlarının tarihsel dönüşü ve yeni tehditler, The journal of International Lingural, Social and Education sciences, volume:4, Number:2,2018.

Demet Hasar, uluslararası ilişkilerde güvenlik kavramı: soğuk savaş sonrası dönem güvenlik, yüksek lisans tezi, Istanbul ticaret üniversitesi, sosyal bilimlerin enstitüsü, İstanbul, 2018.

Arzu Al ve Nur Aslan, Uluslararası ilişkilerde güvenlik anlaşındaki dönüşüm:Türkiye-Irak ilişkileri, Uluslararası siyaset bilimi ve kentsel araştırmalar dergisi, sayı:2, cilt:7, Eylül 2019,S.504.

Ufuk Ulutaş ve Furkan Tarlak, çekilme sonrası Irakta düzen arayışı, SETA analiz dergisi, sayı:49, Aralık 2011.

Ali Semin, başika krizi ve Türkiye-Irak ilişkilerinin geleceği, BİlGESEM analiz dergisi, sayı:1275,2015, S.5.

Fatih Musulu, Ovaköy sınır kapısı kapsamında Türkiye-Irak ilişkileri, sayı:264, Ocak2019, S.20.

Zeynep Şahin, Türkiye'nin dış politikasında jeopolitik bir kuram olarak Irak sınır güvenliği:20022017-dönem, Yüksek lisans tezi, Marmara üniversitesi Ortadoğu ve İslam ülkeleri araştırmaları enstitüsü, İstanbul, 2019.

Aslan A, Türk dış politikasını anlamak için kurumsal bir çerçeve: otonomi arayışı kuruluşundan bugüne Ak Parti dış politikası, SETA analiz dergisi, sayı:41, 2018.

Mustafa altın Pınar, Sınırsız güvenlik, güvenlik çalışmaları dergisi, sayı:20, cilt:1, Haziran 2018.

Erol Kurubaş, Etnik sorun-Dış politika ilişkisi bağlamında Kürt sorununun Türk dış politikasına etkileri, Ankara avrupa çalışmaları dergisi, sayı:8, cilt, :1, 2017.

Ali balcı, Recep Tayyip gürler ve Zana Baykal, "Türkiye'nin Irak politikası 2015", Türk dış politikası yıllığı 2015, Burhanettin Duran ve Kemal inat (ed)., SETA yayınları, Ankara, 2015.

Özlem Durak, Ak parti döneminde Türkiye'nin Kuzey Irak politikası: gerginlikten uzlaşmaya, yüksek lisans tezi, Yıldız Teknik üniversitesi sosyal bilimler enstitüsü, İstanbul, 2010.

Erkan Avcı, 2003 ABD'nin işgali sonrası Türkiyenin Irak politikası ve PKK sorunu( 20032013-), Uluslararası stratejik bakış dergisi, sayı:32, Eylül 2014.

Serhun Al, Kürtler, olası kürt devleti ve Ortadoğu, Ortadoğu Araştırmalar merkezi , sayı:64, Sayı:6, Ekim 2018.

Soner Doğan, Türkiye'nin Ortadoğu'daki askeri üsleri ve ilişkilerin geleceği, INSAMER merkezi, Rapor no:20, Ağustos 2016.

Şaban Kardeş, Türkiye ve Arap Baharı:Türkiye'nin Ortadoğu politikasında değişiklikler, Hazar strateji enstitüsü raporu, Bahar 2013.

Mehmet Bostancı, jeopolitik ve jeostratejik bir mücadele alanı olarak Ortadoğu, Arap birliği ve Türkiye acısından bölge analizi, journal of currents researchers on social science, sayı:1, cilt:8, 2017.

Emre Zeren, Alper Yılmaz ve Ahmet ak bulut, Dijital çağda Davutoğlu döneminden günümüze Türk dış politikasının "Sıfır Sorun" söylemi bağlamında analizi, Süleyman Demirel Üniversitesi İdari ve iktisadi bilimler dergisi, sayı:15, Cilt:22, 2017.

Hasan AlSHQEL ve Mustafa ALWAHAİB, Türkiye'nin askeri üsleri ve sınır dışı operasyonlar (2015-2020), Ayam araştırmalar merkezi, Haziran 2021.

Hatem Azeez İbrahim, Ak Parti döneminde Türkiye'nin Irak politikasında Kuzey Irak faktörü, Yüksek lisans tezi, Sakarya Üniversitesi, Sosyal Bilimler Enstitüsü, Sakaya, Temmuz 2019.

Kevser Aktaş, Suriye ve Irak örnekleri üzerinden Türkiye-İran ilişkileri:işbirliği mi rekabet mi?, Türkiye Ortadoğu çalışmaları dergisi, sayı:1,cilt:5, 2018.

Cenk Tamer, Türkiye ve İran'ın Irak'ta güç tahkim etme çabası: Başika örneği, Gazi üniversitesi sosyal bilimler dergisi, sayı:6, cilt:3,2016.

Melih Yıldız, Basra körfezi: Askeri güç dengesi, Ortadoğu araştırmaları merkezi raporu, No.259, Ağustos 2020.

Ali semir merdan ve Aydın Erdoğan, Türkiye'nin körfez açılımında Bahreyn, Çankırı kara tekin üniversitesi iktisadi ve idari bilimler dergisi, sayı:1, cilt:11, 2021.

Aydın ve Aras, Ortadoğu'daki ekonomik ilişkilerinin siyasi çerçevesi, Türkiye'nin İran,Irak ve Suriye bağlantıları, Uluslararası ilişkiler akademik dergisi, sayı:1, Cilt:2, 2015.

سایتە ئەلیکترۆنییەکان:

Sercan Çalışkan ve Alper Cezmi, Irat'taki İran destekli milisler neden Türkiye'yi hedef alıyor, https://orsam.org.tr/tr/iraktaki-iran-destekli-sii-milisler-neden-turkiyeyi-hedef-aliyor/, (Erişim tarihi: 22 Nisan 2022).

Bilal Nergiz, Ak parti dönemi Irak, Suriye ve İran ilişkilerinde kürt meselesi,(20022010-), https://www.academia.edu/50070870/Kitap_b%C3%B6l%C3%BCm%C3%BC_Bilal_Nergiz_Ama%C3%A7_Ara%C3%A7_Sorunsal%C4%B1_T%C3%BCrkiyenin_K%C3%BCresel_Akt%C3%B6r_Olma_%C4%B0ddias%C4%B1.

Hasan Köse Balaban, 2021'e girerken Türk dış politikasının dönüşümü, https://www.perspektif.online/2021e-girerken-turk-dis-politikasinin-donusumu/, (Erişim tarihi:22 Mayıs 2022).

Bilal Sambar, Pençe-kilit operasyonu Şengal'in kilidini açacak mı?, https://www.indyturk.com/node/501241/türki□yeden-sesler/pençe-kilit-operasyonu-şengalin-kilidini-açacak-mı, (Erişim Tarihi:27 Ekim 2022).

https://doi.org/10.54809/jkss.vi2.222

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیییجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# دور الإمكانيات السياحية في الاستثمار السياحي في إقليم كوردستان العراق للمدة (٢٠٠٧-٢٠٢١)

## دراسة تحليلية وصفية

**دنيا محمد علي**

**قسم السياحة- كلية التجارة- جامعة السليمانية - اقليم كردستان العراق**

dunya.ali@univsul.edu.iq

**أ.م.د. أسود قادر أحمد**

**كلية العلوم السياسية - جامعة صلاح الدين- اقليم كردستان العراق**

Aswad.ahmed@su.edu.krd

**الملخص**

يهدف البحث الموسوم (الإمكانيات السياحية و دورها في الاستثمار السياحي في إقليم كوردستان العراق) الى إظهار إمكانيات الاستثمار السياحي و حجم الاستثمار السياحي في إقليم كوردستان و دورها في الاقتصاد المحلي، ومن أجل الوصول الى هدف البحث اعتمدنا المنهج التحليلي الوصفي من خلال دراسة البيانات المتوفرة للمدة (٢٠٠٧-٢٠٢١)، توصل البحث لمجموعة من الاستنتاجات منها ان إقليم كوردستان يمتلك مقومات طبيعية و بشرية للاستثمار السياحي مع زيادة الطلب السياحي عليها بشكل مستمر وذلك بسبب الأستقرار الامني و السياسي و الاقتصادي التي يتسم بها إقليم كوردستان، بأستثناء سنوات (٢٠١٤ الى ٢٠١٦) وذلك بسبب الاضطرابات الأمنية و السياسية في العراق فضلآ عن الأزمة المالية الداخلية، و توصل البحث لمجموعة من التوصيات التي بدورها تؤدي الى زيادة الاستثمار السياحي و حجم مساهمته في الاقتصاد المحلي في إقليم كوردستان.

الكلمات المفتاحية: الإمكانيات السياحية ، الاستثمار السياحي، الطلب السياحي ، الاقتصاد المحلي ، إقليم كوردستان.

Recieved: 26/10/2022
Accepted: 22/1/2022

E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## المقدمة:

أكتسبت السياحة مكانة بارزة في استراتيجيات متبعة لتحقيق النمو الاقتصادي في البلدان و خاصة النامية و ذلك من خلال التركيز على مكونات النشاط السياحي و مجالات الاستثمار فيه نظرآ لمساهمة الاستثمارات السياحية في الناتج المحلي الاجمالي و توفير فرص العمل، يحظى إقليم كوردستان العراق بالعديد من الإمكانيات السياحية المتنوعة في معظم أجزاء الإقليم، على رغم من الظروف التي مرت بها العراق بشكل عام و الإقليم بشكل خاص من الأزمات الاقتصادية و الظروف الأمنية غير المستقرة و تفشي فايروس كورونا (Covid-١٩) مؤخرآ، الا انه قد اتخذت حكومة إقليم كوردستان عددآ من الإجراءات منها اصدار قوانين و تشريعات خاصة بالاستثمارات و ازالة المعوقات لتوفير مناخ جاذب للمستثمرين، و افساح المجال أمام توظيف الأموال المحلية و الأجنبية في القطاعات المختلفة و منها القطاع السياحي.

## هدف البحث:

١- إبراز الإمكانيات السياحية في إقليم كوردستان و دورها في جذب السياح.

٢- إظهار حجم الاستثمار السياحي في إقليم كوردستان و دورها في الاقتصاد المحلي.

٣- دراسة و تحليل تباين الاستثمار السياحي في محافظات إقليم كوردستان.

أهمية البحث : تكمن أهمية البحث في مايلي:

١- السياحة لها دور كبير في القضاء على البطالة التي تعاني منها إقليم كوردستان.

٢- السياحة لها دور في جذب الاستثمار المحلى و الخارجى و التى تنعكس إيجابآ في نمو الاقتصاد المحلي لإقليم كوردستان.

## مشكلة البحث:

تكمن مشكلة البحث في انه على الرغم من وجود الإمكانيات السياحية المتنوعة في إقليم كوردستان الا ان تلك الإمكانيات سواء كانت طبيعية او بشرية لم تستغل بشكل المطلوب لكي تساهم في الاستثمار السياحي في إقليم كوردستان العراق، مع وجود تباين واضح بين محافظات إقليم كوردستان.

## فرضية البحث:

١- هل تملك إقليم كوردستان العراق إمكانيات سياحية متنوعة يمكن أستثمارها سياحيآ؟

٢- هل يساهم الإستثمار السياحي في نمو الاقتصاد المحلي ؟

٣- هل هنالك تباين في حجم الاستثمار السياحي بين محافظات إقليم كوردستان ؟

أسلوب البحث: تم الاعتماد على المنهج التحليلي الوصفي من خلال البيانات المتاحة حول الامكانيات السياحية و الاستثمار السياحي و مساهمتها في الأقتصاد المحلي.

حدود البحث: إقليم كوردستان العراق.

الحدود الزمانية: بيانات سياحية للمدة (٢٠٠٧-٢٠٢١).

إطار البحث و هيكله: من اجل الوصول الى اهداف البحث اعتمدنا المنهج التحليلي الوصفي ، من خلال دراسة البيانات المتوفرة للمدة (٢٠٠٧-٢٠٢١). ينقسم البحث الى أربعة محاور رئيسية، المحور الاول خصص لإظهار الامكانيات السياحة في إقليم كوردستان، المحور الثاني للطلب السياحي و الحركة السياحية في إقليم كوردستان، المحور الثالث حول حجم الاستثمار السياحي في إقليم كوردستان، اما المحور الرابع فمخصص لإظهار دور الاستثمار السياحي في الأقتصاد المحلي.

## الدراسات السابقة:

١ – الدراسات المتعلقة بالاستثمار السياحي:

دراسة(رسن،٢٠١٤) هدفت الدراسة الى بيان أهمية تنوع مجالات الاستثمار السياحي على التنمية الاقتصادية بهدف مواجهة الاختلالات التي من الممكن ان تحدث في مجال واحد، اتبعت الدراسة المنهج (التحليلي )في ضوء البيانات المتوفرة للمدة (٢٠٠٧-٢٠١٢)، جاءت في أهم استنتاجات الدراسة ان عدم وجود رؤيا واضحة في التعامل مع القطاع السياحي و مجالات الاستثمار المتوفرة فيه أدى الى تقليص دور النشاط السياحي في دعم الاقتصاد المحلي، اقترحت الدراسة تقديم توجه الاستثماري للاستفادة من المجالات الاستثمارية المتنوعة مع توفير مستلزمات الاستثمار الاساسية مثل البنية التحتية و القوانين و التشريعات المشجعة ليكون الاستثمار السياحي دعماً للناتج المحلي الاجمالي وللناتج القومي الاجمالي معا.

دراسة(الحميد،٢٠٢١) تهدف الدراسة الى قياس أثر الاستثمار السياحي في التنمية الاقتصادية في مصر، اتبعت الدراسة المنهج (الاستقرائي و التحليل الاحصائي) للبيانات المتوفرة للمدة ١٩٨٠-٢٠١٦، توصلت الدراسة الى ان الاستثمارات السياحية لها تأثير الناتج المحلي الاجمالي كما ان الاستثمارات السياحية لها دور في توفير فرص العمل المباشرة و غير المباشرة، اقترحت الدراسة توحيد الجهات المعنية بشؤون الاستثمار السياحي في جهاز موحد تتركز فيه الاجراءات و التراخيص المتعلقة بأنشطة الاستثمار السياحي وذلك تيسيرآ على المستثمرين في القطاع السياحي .

دراسة(صالح و الصفار،٢٠٢١) هدفت الدراسة الى بيان اثر الاستثمار السياحي على الناتج المحلي الاجمالي، اتبعت الدراسة المنهج (التحليل الوصفي – التحليل القياسي ) اعتمادآ على البيانات المتوفرة خلال المدة(٢٠٠٣-٢٠١٨)، توصلت الدراسة الى ان هنالك علاقة إيجابية بين الايراد السياحي و الناتج المحلي الاجمالي في إقليم كوردستان، اقترحت الدراسة توفير التمويل الاستثماري و التنسيق مع المؤسسات المالية المتخصصة لدعم القطاع السياحي و تمويله.

٢– الدراسات المتعلقة بالاقتصاد المحلي :

دراسة (Brida&Risso,٢٠٠٩) تهدف الدراسة الى معرفة بيان أثر السياحة على النمو الاقتصادي على مدى الطويل في تشيلي، استخدمت الدراسة المنهج (التحليل الوصفي – التحليل القياسي) اعتمادآ على البيانات متوفرة خلال المدة (١٩٨٨-٢٠٠٨) من الناتج المحلي الإجمالي تشيلي و النفقات السياحية و سعر الصرف الحقيقي، استنتجت الدراسة ان الانفاق السياحي يؤثر بشكل إيجابي على النمو الاقتصادي في تشيلي، و اقترحت الدراسة منح اعفاءات و حوفز للانشطة السياحية المتنوعة بهدف تطوير القطاع السياحي.

دراسة(Puah et al,٢٠١٨) تهدف الدراسة الى أختبار فرضية النمو الذي تقوده السياحة ماليزية، اتبعت الدراسة المنهج (القياسي) باستخدام نموذج(ARDL) اعتمادآ على البيانات متوفرة للمدة(١٩٩٥-٢٠١٦)، استنتجت الدراسة ان الايرادات السياحية واستثمار رأس المال في صناعة السياحة لها أثار إيجابية في نمو الاقتصادي الماليزي، اقترحت

الدراسة أهتمام صانعي القرار بجميع العوامل المؤثرة في تنمية القطاع السياحي من أجل تجنب و تقليل أثار غير مرغوب بها.

دراسة(الدباش و حسن،٢٠١٩) تهدف الدراسة الى دراسة اثر السياحة على النمو الناتج المحلي الاجمالي لاقليم كوردستان، اتبعت الدراسة المنهج (الوصفي التحليلي) بالاعتماد على البيانات المتوفرة للمدة (٢٠٠٤-٢٠١٧) بالإضافة الى المنهج الكمي، استنتجت الدراسة ان هنالك علاقة سببية موجبة بين إيرادات السياحية و النمو الاقتصادي حيث ان زيادة الايرادات تؤدي الى زيادة الناتج المحلي الاجمالي، اقترحت الدراسة ان الازدهار السياحي يقضي على مشاكل الركود الاقتصادي و البطالة وذلك بإقامة المشاريع السياحية الجديدة.

## المحور الأول – الإمكانيات السياحية في أقليم كوردستان العراق:

يمتلك إقليم كوردستان الامكانيات السياحية تكاد تكون متكاملة للعرض السياحي، فهي تعد من المناطق القلائل التي يملك تنوعآ في الإمكانيات السياحية الطبيعية و البشرية فضلآ عن وجود الخدمات السياحية التكميلية التي يثير الطلب السياحي عليها خلال فصول السنة الاربعة، لذلك تزار سنوياَ من قبل عدد ملحوظ من السياح داخل إقليم كوردستان و العراق و على الصعيد الدولي، لذا فأن إقليم كوردستان مؤهل لاستثمارها سياحياً (صالح و الصفار،٢٠٢١:ص٦٢١).

١- الامكانيات الطبيعية: تعد الإمكانيات الطبيعية من أهم الامكانيات السياحية في اي بلد، ويمتلك إقليم كوردستان العراق العديد من الإمكانيات الطبيعية مثل المناخ و الموقع و الموارد المائية وتنوع التضاريس و غيرها، مما يجعل منها وجهة سياحية مهمة(صالح و الصفار:٢٠٢٢، ص٦٢٤).

أ- الموقع : يشكل الموقع الجغرافي مؤشرآ أساسيآ في تحديد أهمية اي منطقة من الناحية السياحية، حيث تعتبر أهم عنصر في الجذب السياحي لأي منطقة كما يلعب دوراً هاماً في تحديد الطلب السياحي على منطقة دون أخرى لكونه يحدد المسافات الفاصلة بين أماكن إنطلاق السياح و مناطق استقبالهم، و بحث الموقع الذي يقع في القرب من المسارات السياحة الإقليمية و الدولية تعد من المناطق الجاذبة للسياحة لقلة تكلفة السفر و الوقت وكذلك سهولة الوصول اليها(رشيد:٢٠٢١, ص٣) فيما يخص موقع إقليم كوردستان فإنه يقع في القسم الشمالي و الشمالي الشرقي للعراق، يحده شرقآ و شمالآ إيران، و من جهه الشمال تركيا ومن جهة الغرب سوريا، و تقع المحافظات العراقية جنوبها، ان الموقع الاستراتيجي الذي يتمتع به إقليم كوردستان يساهم في تنشيط السياحة فيه كونه يمثل نقطة التواصل بين العراق و باقي الدول العالم، كما يرتبط الإقليم بباقي محافظات العراق بطرق برية و يربط إقليم كوردستان بباقي الدول العالم عن طريق مطاري أربيل و السليمانية الدولية مما يساعد على زيادة الحركة الاقتصادية و السياحية معا( الشكاكي:٢٠١٠، ص٨٣).

ب- المناخ: يعد المناخ مورداً طبيعياً يتم تحديد النشاط السياحي به مسبقآ وهي أحد العوامل الهامة التي تؤثر فى نشوء و تطور السياحة فهي إما أن يكون عاملاً مشجعاً للسياحة أو يكون عاملاً معرقلاً أمام السفر و ممارسة النشاطات السياحية (Scott,D,etal,٢٠٠٨,p.٤) يتصف المناخ الإقليم عمومآ بأرتفاع درجاته في فصل الصيف و برودته في فصل الشتاء، كلما اتجهنا نحو الشمال و الشمال الشرقي فأن النسبة المئوية لدرجة الحرارة تنخفض و ذلك بسبب ارتفاع التضاريس في تلك المناطق مقارنة بالمناطق الجنوبية، كما ان الاطراف الشمالية للإقليم تقع في تلك المناطق التي تبتعد عن خطوط العرض التي بدورها تؤدي الى قصر النهار الشتاء وتقل من

حدة أشعة الشمس (العبد:٢٠٢١، ص٤٥) بسبب التباين في المناخ السائد في إقليم كوردستان يمكن الاستفادة من تلك الميزة لممارسة الانشطة السياحية المتنوعة حسب الفصول المختلفة، تمتاز المناطق الجبلية في إقليم كوردستان بشتائها البارد و تساقط الثلوج حيث المناطق الجبلية في إقليم كوردستان يعتبر الجزء الوحيد من العراق التي تتساقط فيه الثلوج لذلك يمكن استغلالها لجذب السياح لاسيما من المناطق الوسط و جنوب العراق، و كما تتميز بالانخفاض النسبي في درجات الحرارة متزاناً مع الرطوبة النسبية في فصل الصيف وهي تعتبر ميزة لدى السياح مما يسمح لهم بممارسة كافة الأنشطة السياحية(نوري:٢٠٢٢، ص١١٠).

ت- التضاريس: ان تباين مظاهر الطبيعية على سطح الارض يعدّ في حد ذاته منتجاً السياحياً يسمح بممارسة العديد من الانشطة السياحية المختلفة، يتميز إقليم كوردستان بالتباين في تضاريسه من مكان الى اخر، من الجبال الشاهقة و السهول الفسيحة و الضيقة الى الوديان العميقة و ذلك نتيجة للتطور الجيولوجي للإقليم، كما تمتاز أراضي إقليم كوردستان بالمرتفعات و الجبال التي تتميز بها عن باقي المناطق العراق مثل (قمة هلكورد) التي تقع ضمن سلسلة جبال حساروست التي تقع في محافظة اربيل و تعد من أعلى القمة جبلية في الكوردستان و العراق، و تصل ارتفاعها الى (٣٦٠٧م) و جبل(قنديل) التي تقع في محافظة السليمانية و تصل ارتفاعها الى (٣٤٤٨م) و جبل (كارة) في محافظة دهوك تصل ارتفاعها الى (٢١٥١م)، وتتصف بجمال مناظرها الطبيعية و اجواءها الهادئة فضلآ عن العديد من الكهوف ذات ظواهر الجيمورفولوجية جاذبة.(رشيد و سعيد:٢٠٢٠،ص٤٨٤).

ث- الموارد المائية: تشكل الموارد المائية بشتى أنواعها العذبة و المالحة ذات أهمية بالغة للجذب السياحي، ويقصد بالموارد المائية الجوفية التي تكون على شكل الينابع و العيون و المياه السطحية التي تكون على شكل البحيرات و الأنهار(الشمري،٤٥:٢٠٢١) ان إقليم كوردستان ثرية بالموارد المائية الجوفية التي تستخدم أغلبها للأنشطة السياحة ومن الموارد المائية للأنشطة السياحية منبع(ميركاين ) الذي يقع في محافظة دهوك، و (كراوي خورمال) التي تقع في محافظة السليمانية، و (كراوي اسحابان) في محافظة اربيل، فضلآ عن المياه السطحية التي تلعب دورآ هامآ في خلق الأماكن السياحية في الإقليم و تستخدم للمارسة الكثير من الانشطية السياحية مثل الاستجمام و الترفية و السباحة و الصيد و غيرها، مثل سد (دوكان و دربنديخان) في محافظة السليمانية و بحيرة (دهوك) في محافظة دهوك و رافد(رواندز) في محافظة أربيل(زكري و حسن:٢٠١٤، ص١١).

ح- الغطاء النباتي: تمتاز إقليم كوردستان بوجود غابات و أصناف متعددة من الأشجار و الغطاء النباتي المتنوع، وتوجد فيها الكثير من مساحات الخضراء حيث تشكل الغابات الطبيعية في إقليم (٢٧,٨٩٪) و الغابات الاصطناعية(٠,١٩٪)، مما يساهم في تلطيف الجو كما أنها تعتبر مكان للحيوانات الطيور البرية فضلآ عن إنشاء العديد من الفواكه البرية فيها(زكري و حسن:٢٠١٤، ص١٠).

خ- المناطق الطبيعية الجذابة: يتميز الإقليم بثراء في المناطقها الطبيعية الجاذبة لاسيما في فصل الربيع و الصيف أذ انها تعد من المناطق الهامة لسياحة الأستجمام و الترفيه، وهذه الميزة قد شجعت العديد من السياح على زيارتها لاسيما من المحافظات الأخرى في العراق التي تكون درجات الحرارة فيها مرتفعة، من أهم تلك المصايف في محافظة السليمانية (مصيف دوكان – مصيف زێوێ – سەرچنار - مصيف قوبي قرداغ و غيرها ) (رشيد:٢٠١١، ص٢٥٨-٢٣٩).و في محافظة دهوك( مصيف سولاف – مصيف دينارته – مصيف كلي زنتا وغيرها ) اما في محافظة أربيل(مصيف توسكة – گەلی عەلی بەگ – مصيف بێخاڵ - مصيف جونديان وغيرها) (أحمد:٢٠١٤، ص٦٣).

٢- الامكانيات البشرية: يتمثل هذه الامكانيات بمجموعة عناصر من صنع الانسان في العصور الماضية، و تعتبر

من أفضل الأماكن الجاذبآ للسياح هي التي تتوافر فيها الامكانيات الأثرية و التأريخية حيث تعد انعكاسآ حضارات القديمة و امتدادآ للتطورات الانسانية عبر العصور المختلفة، حسب التقييم الذي قدمته مجموعة من المتخصصين الأمريكيين حول التطور الاقتصادي لإقليم كوردستان أتضح أن هنالك حوالي(١٣٠٠) موقع أثرياً و تأريخياً في إقليم كوردستان التي من ممكن استغلالها لبناء صناعة السياحة(رشيد:٢٠١١، ص:١٦). يزخر إقليم كوردستان بالعديد من المواقع الأثرية التي تؤكد وجود الحضارات القديمة فيها، من أقدم الأماكن الأثرية هي كهف(شاندر) التي تعد من أقدم المستوطنات البشرية و يعود تأريخيه الى (٤٥) الف عام قبل الميلاد و تقع في جبل برادوست في شمال شرق محافظة أربيل، و قلعة أربيل التي تقع وسط مدينة أربيل و يعود تأريخ بنائه الى (٦٠٠٠) سنة قبل الميلاد(أحمد:٢٠١٤،ص١٤٥). و كهف(هزار ميرد) التي تقع في محافظة السليمانية ويعود تأريخه الى ٥٠ الف سنة قبل الميلاد، و تعد ايضآ من أقدم الاماكن الاثرية في العراق(عبدول:١٩٩٧،ص٤) و جسر (دلال) في محافظة دهوك يعود تأريخه الى الزمن الروماني (العزاوي٢٠١٣،ص٣٠). وتعد السياحة الدينية من أقدم أنواع السياحة في العالم، حيث تعتبر السياحة الدينية من أهم متطلبات الإنسان لإشباع حاجاته الروحية و للتبرك و لاداء الواجب الديني أو للتعرف على التراث الديني للدولة(الداغستاني و العاني:٢٠٢٠، ص٤٣٦-٤٣٧). يملك إقليم كوردستان العديد من المعالم الدينية التي تعود الى الديانات السماوية المختلفة و تتنوع بين الجوامع و الكنائس و الاضرحة وغيرها، من أهمها (جامع الكبير) الذي يقع في محافظة السليمانية و هو أول مسجد اسس في مدينة السليمانية بناه الامير إبراهيم باشا البابان في عام١٧٨٤م (رشيد٢٠١١، ص١٨٤) (مسجد و مدرسة الأحمدية) التي تقع داخل قلعة أربيل و تعود تأريخها الى قبل أكثر من (٤٠٠) سنة و كنيسة(ماركوركيس) التي تقع في مدينة أربيل وتعودتأريخها الى القرن الرابع الميلادي(أحمد،١٥٠:٢٠١٤)فضلآ عن مرقد شهداء الاسلام في عهد الخلفاء الراشدين في محافظة دهوك(زكري و حسن:٢٠١٤، ص١٣).

٣- الامكانيات التكملية و المساعدة: ان الامكانيات التكميلية و المساعدة للقطاع السياحي تلعب دوراً أساسياً في تحديد قيمة الامكانيات السياحية و يمثل العامل الرئيسي لتحقيق الاستمتاع للسياح بجميع الامكانيات الطبيعية و البشرية المتوافرة في المقصد السياحي، كما ان الاستثمارات السياحية يرتبط وجودها بتوفير المشاريع البنية التحتية و الفوقية، التي يوفر لها الخدمات اللازمة لاستمرارها مثل خدمات البنية الفوقية كالفنادق، و المطاعم، و مدن الألعاب و غيرها، فضلآ عن الخدمات البنية التحتية كالماء و الكهرباء و طرق النقل و البنوك و غيرها،التي تقدم خدماتها للسكان و السياح(زكري و حسن:٢٠١٤، ص١٣).

## المحور الثاني - الطلب السياحي في إقليم كوردستان :

يعتبر الطلب السياحي جزءاً من الطلب العام الا انه أكثر تعقيداً فالطلب السياحي ينشأ نتيجة الدوافع النفسية و الروحية لدى الشخص أتجاه مكان معين و يتأثر بالعديد من العوامل فيجب ان يتوفر لدى السائح أوقات الفراغ و الدخل الكافي و القدرة الجسدية وسهولة التنقل و الأمان لياخذ الفرد قرار السفر الى مكان معين و يتمتع فيه، كما ان الطلب السياحي محدد و يتجه نحو نوع معين من السلع و الخدمات التي تسمى بالمنتوج السياحي(هيوا:٢٠٢٠،ص٦٦). من التعاريف الواردة بشأن الطلب السياحي» مجموع الكلي للسائحين الفعلين و المحتملين لديهم رغبة و القدرة لشراء السلع و الخدمات السياحية المعروضة لإشباع حاجاتهم و رغباتهم و طموحاتهم و ميولهم خلال فترة زمنية معنية(أحمد و رؤوف:٢٠٢١،ص٤)، كما عرفها (Mathieson and Wall) بأنه العدد الكلي للأشخاص الذين يرغبون بالسفر من أجل استخدام الوسائل و الخدمات السياحية في أماكن بعيدة عن أماكن عملهم و سكنهم(القطب:٢٠٢٠، ص٢٦٤). إن الطلب السياحي مرتبط بوجود الخدمات السياحية

المتوفرة في الدول و الأقاليم، حيث تمثل تلك الخدمات أستجابة لرغبات و متطلبات السائح. بعد التغيرات السياسية في عام ٢٠٠٣ كان لدى حكومة الإقليم كوردستان القدرة على الجذب أكبر عدد من الاستثمارات المحلية و الاجنبية، حيث بدات عملية الإعمار و بناء المشاريع السياحية و الخدمات التكميلية، فضلآ عن مجموعة من الفنادق التي تخضع لتصنيف الفنادق العالمية وكان ذلك عاملآ هامآ لجذب اكبر عدد من السياح من داخل و خارج الإقليم( رؤوف:٢٠٢٢، ص٥٣).

ينقسم الطلب السياحي في إقليم كوردستان الى نوعين: (صوفي:٢٠١٤، ص٧٧).

١- الطلب السياحي الداخلي: يمثل الطلب على السياحة من قبل سكان محافظات الإقليم و باقي محافظات العراق، لقد زادت حجم الطلب السياحي الداخلي في الإقليم كوردستان نتيجة الاستقرار الأمني الذي يتمتع به اللإقليم، و أرتفاع المستوى المعيشي للسكان، فضلآ عن التطور الثقافي و الاجتماعي و حاجة السكان الى الترفيه و الراحة، حيث الطلب السياحي في إقليم كوردستان يمثل نمط سياحة الأستجمام و الترفيه بالدرجة الأولى.

٢- الطلب السياحي الخارجي: يتمثل الطلب الخارجي بالسياح الاجانب القادمين من خارج الإقليم وخارج العراق، وغالبآ ما ينحصر زياراتهم لأعراض تجارية أو العمل بالدرجة الأولى.

لمعرفة واقع الطلب السياحي في أقليم كوردستان نستعين بعدد السياح، الجدول الأتي يبين عدد السياح المحليين( داخل و خارج الإقليم) و الاجانب في إقليم كوردستان خلال المدة(٢٠٠٧-٢٠٢١):

جدول (١)

عدد السياح المحليين و الاجانب في إقليم كوردستان خلال المدة (٢٠٠٧-٢٠٢١)

| السنوات | عدد السياح المحليين/داخل الإقليم | نسبة التغير | عدد السياح المحليين/ خارج الإقليم | نسبة التغير | عدد السياح الأجانب | نسبة التغير |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٧ | ١٣٧١١٨ | - | ١٨٦٤٢٠ | - | ٥٣٨٥٩ | - |
| ٢٠٠٨ | ١٩٠٢٣٠ | 38.73 | ٢٨٥٧٤٠ | 53.28 | ٨٢٨٩٠ | 53.90 |
| ٢٠٠٩ | ٢٠٩٦١١ | 10.19 | ٤٤٩١٩٣ | 57.20 | ١٣٢٥٤١ | 59.90 |
| ٢٠١٠ | ٣٢٩٥٣٦ | 57.21 | ٧٨٩٧٦٠ | 75.82 | ١٩٤٥٤٥ | 46.78 |
| ٢٠١١ | ٣١٥١٦١ | -4.36 | ١١٤٩٧٣٨ | 45.58 | ٢٣٧٤٩١ | 22.08 |
| ٢٠١٢ | ٣١٣١٤٤ | -0.64 | ١٤٧٠١٣٨ | 27.87 | ٤٣٣٧١١ | 82.62 |
| ٢٠١٣ | ٤٥٩٨٤٧ | 46.85 | ١٩٣٣٥٤٤ | 31.52 | ٥٥٨٦٣٦ | 28.80 |
| ٢٠١٤ | ٢٧٣٣٢٦ | -40.56 | ١٠٠٠٧٦٢ | -48.24 | ٢٥٥٣٤٦ | -٥٤,٢٩ |
| ٢٠١٥ | ١٧١٤٤٥ | -37.27 | ٥٢٦٩٦٢ | -47.34 | ٨٣٨٤٤ | -67.16 |
| ٢٠١٦ | ٣٨٣٣٤٠ | 123.59 | ٨٤٣٩٤٩ | 60.15 | ٣٧٦١١١ | 348.58 |
| ٢٠١٧ | ٤٢٠٠٤٢ | 9.57 | ١٣٠٢١٣١ | 54.29 | ٣٧٨٠٣٧ | 0.51 |
| ٢٠١٨ | ٦١١٥٢٨ | 45.59 | ١٨٩٥٧٣٨ | 45.59 | ٥٥٠٣٧٦ | 45.59 |
| ٢٠١٩ | ٧٥٧٩٩٨ | 23.95 | ٢٣٤٩٧٨٩ | 23.95 | ٦٨٢١٩٦ | 23.95 |
| ٢٠٢٠ | ٩٢٦١٤ | -87.78 | ٦٧٠٨٧٣ | -71.45 | ٨٢٢٦٠ | -87.94 |
| ٢٠٢١ | ٨٣٧٩١٤ | 804.74 | ٢٥٩٧٥٣٢ | 287.19 | ٧٥٤١٢٣ | 816.76 |
| نسبة السياح | ٪١٩,٧٩ | | ٪٦٢,٧٥ | | ٪١٧,٤٦ | |

المصدر: عمل الباحثة اعتمادآ على هيئة السياحة العامة في إقليم كوردستان، مديرية التخطيط و المتابعة، مديرية السياحة في السليمانية،٢٠٢١-٢٠٢٢

نلاحظ من الجدول(١)

وەک:

-تاڵاو (تاڵیی+ئاو=تاڵاو بە مانای ئەوەی زوو بە قوڕگیا رۆچووەتە خوارەوە و تووشی خەم و پەشێویی کردووە)

هەڵە یا خود گوناهت کرد، لە کاتێکا کە بێهۆشی

سزا و تاڵاوی هەرچی بێ، ئەبێ وەک بادە بینۆشی

هەردی

-زووخاو: کێم و پیسیی برین

-تاماو (تام +ئاو= تاماو کە تام خەسڵەتێکە لە ماددەدا هەیە و لە دەمدا هەستی پێ ئەکرێت، کاتێک تامی هەر شتێک

لەگەڵ ئاودا یەکئەگرێت، ئاوەکە تام وەرئەگرێت و پێی ئەوترێت تاماو)

٤.سیفەت+ئاو ناوێک کە سیفەتی تایبەت بەخۆی هەڵدەگرێت، وەک:

-چاڵ + ئاو=چاڵاو (واتە چاڵە بەڵام ئاوی تیایە و چییتر چاڵێکی بەتاڵ نییە و ئاوی تیایە، چونکە چاڵ هەر شتێکی تریشی تێ ئەکرێت؛ وەک چاڵەنەوت، چاڵەگوو، چاڵەترخێنە، چاڵەگەنم، چاڵەبەفر،

٥. هەندێک بەرکار هەیە بە پاشگرێکی (او) دادەڕێژرێت وە

-هاڕاو ( هاڕیین +او= واتە شتێک کە هاڕدراوبیت)

-ئاراو بۆ تێ هەڵکێشانێکی تری پۆشاکێکی شۆراو ئەوترێت

-بڕاو (بڕیین+او=بڕاو) هەر شتێک کەرتکرابێت، هەر پارچەیەک لە پارچەیەکی تر کرابێتەوە، هەر منالێک لە شیر بڕابێتەوە: لە شیربڕاو، نان بڕاو، نان و دۆ بڕاو، قەرەچۆڵبڕاو (کەسێک هییچ کەسوکارێکی نەبێت)، دابڕاو، دوابڕاو

کەرێ بوو کلکی لە بندا بڕاو
لەبەر بێ کلکی دەروون پڕ زووخاو

زاریی

- پڵاو (پاڵاوتن + او= پڵاو؛ بە جۆرێک لە برنجی لێنراو دەوترێت کە ئاوەکەی لێ ئەگیرێت و زیاتر پڵاوپاڵێو بەکاردێنن، برنجێکی سووکە بۆ هەرسکردن)، پەردەپڵاو، خەیاڵ پڵاو.

-بڵاو (لە بڵاوبوونەوەوە هاتووە)

شۆراو (شۆردن+او= سیفەتێکە بۆ ئەو شمەک و جلوبەرگانەی کە بە ئاو پاکدەکرێنەوە لە پیسی یان خەوش)

-داماو (دامان+او= بە کەسێک ئەوترێت کە توانای نەشکێت بەسەر کارێکدا و دامێنێت بۆ جێبەجێکردنی)

-دڕاو (دڕان+او= دڕاو؛ واتە کراوە بەلام بێ جلەو؛ دەم دڕاو واتە هەرچیی لە دڵا بێت ئەیڵێت. یان هەر شتێک تووشی دڕاندن ببێت واتە لێکجیابوونەوەیەکی ناشریین بووبێت)،

گوڵ کە یاغی و دەم دڕاو بوو، کەوتە لاف و رەنگ و بۆی
باغەبان گوێی گرت و، وا هێنای بە دەستی بەستە بۆی

نالی

-نموونەی تر: گلاو، کوڵاو، ترشاو، خەوێنراو، بەنجکراو، مرێنراو، کوژراو، جەڕاو، فەوتاو، رێساو یان رێسراو، بڕژاو، پیشاو، گەڕاو، بەراو، زاو، تاساو. رژاو، کشاو، سووتاو، تەنراو، بەسراو، سەوزاو، شکاو، گوڵاو، ئاڵاو، شێواو

لە بەرپێی نەمامی چوالەدا سەوزاو — لە ڕوومەت تکاوە ڕژاوەتە ئاو
گوڵباخی گەشاوەی گەڵا تێک شکاو — بە کوڵمیا دێتە خوار ئارەق لە گوڵاو،
وەک یاری شەرمنی دەس لە مل ئاڵاو — بە گوپچڕ، دەربازبووی شانە و قژ شێواو!

گۆران

- چاوگە باوەکان وەک (کردن+او=کراو، بردن+او=براو، خستن+او- خراو...) وەک:

تڕۆکراو، دەرکراو، نەکراو، پاککراو، لەباربراو، ناوبراو، لێخراو، ڕێکخراو، دوورخراو یان دوورخراوە، تاساو....

بـەڵام، نـراو کـە لـە چاوگـی کـردن (تـێ کـردن) یـان خسـتن (تـێ خسـتن) هاتـووە و، چـەن تەرزێکـی تریـش وەرئەگـرێ وەک: تـێ نـراوە، نـاوی نـراوە، تێـی ئاخـنراوە..

داوێکە لە ڕووی دانەیی خاڵت تەنراوە

زنجیرە لە پێی مائیلی ئەو ڕووتە نراوە

نالی

یـان لـە چاوگـی مانـەوە: مـاو، مـن مـاوم لێـرە، هـەر یـەک کەسـیان مـاوە. بـە تـەرزی "ماوەتـەوە" ش ئەوترێـت: زۆر کەمـی لـێ ماوەتـەوە. تەنیـا ماڵێـك بـەو بەرزییـەوە ماوەتـەوە.

لە دەردی دووریا، پەستم، دروون پڕ دەرد و زووخاوم

ئەجەل دێ ئمکوژێ، نامناسێ، چی بکەم، نامرم ماوم

پیرەمێرد

٦.هەندێـک نـاوی شـوێن هەیـە کـە وەهـا هاتـووە و چەسـپاوە و دیـارە لـەو شـوێنە لـە کاتێـک ناونانیـدا خەسـڵەتێکی زاڵ هەبـوو بـۆ ناسـینەوەی لای خەڵکانـی تـر وەک:

-بـاراو (بـاراو یەکێکـە لـە گوندەکانـی ناحیـەی سرۆچـک، دەکەویتـە باکـوری ڕۆژهەڵاتـی شـاری سـلیمانی لەناوچـەی شـارباژێر)

-سـەراو (سـەراو گوندێکـە، کەوتووەتـە ناحیـەی سـیروان، قـەزای هەڵەبجـە، پارێـزگای هەڵەبجـە، باشـووری کوردسـتان. )

- ڕێشاو (گوندێکە لە ناوچەی هەڵەبجە، پارێزگای هەڵەبجە)

-سـەنگاو (سـەنگاو شـارەدێیەکە، کەوتووەتـە ناحیـەی سـەنگاو(ناوەند)، قـەزای چەمچەمـاڵ، پارێـزگای سـلێمانی، باشـووری کوردسـتان)

-قازاو (قازاو گوندێکە، کەوتووەتە ناحیەی تانجەرۆ، قەزای سلێمانی، پارێزگای سلێمانی، باشووری کوردستان)

-قڕناقاو (گوندێکە، کەوتووەتە ناحیەی سەنگەسەر، قەزای پشدەر، پارێزگای سلێمانی، باشووری کوردستان)

-گەناو (گەناو گوندێکە، کەوتووەتە قەزای پشدەر، پارێزگای سلێمانی، باشووری کوردستان)

-سارداو

-چاڵاو

-دەیانی تریش

٧-هەنـدێ وشـەی تـر هـەن، کـە مانـا و دۆزینـەوەی ریشـەکانیان شرۆڤـەی زۆر هەڵدەگـرن و، پێویسـت بـەو درێژەیـە نـاکات لـەم ڕێنووسـسـازییەدا، وەک:

-ڕاو، دراو، پێشـاو، پیاو،چاو، داو( لـە دەزووەوە هاتـووە کـە قوڵفـی بۆکـراوە و تەنـراو)، نـاو، جـاو، قـاو، لاو، بـاو، داو، چـاو، تـەواو، گڵاو،

- تاو: بۆ باران و گریان بەکاردێت بە مانای ڕێژنە

بە ڕەنگی ئەشکی خوێنینم کە ڕووسوورم لە قاپی حەق
لە فەیزی تۆوەیە ساقی بەجۆشە تاوی گریانم

حەریق

بەڵام لە مانایەکی تردا واتە: زۆری بۆ هێنا، لەمەدا دەرئەکەوێت کە لێکدانەوەی بە "ڕێژنە" زۆر تەواو نییە و بەڵکو "زۆربۆهێنان" درووسترە بە مانای ئەوەندە زۆرە و چڕە:

برسێتیی (تینوێتیی)تاوی بۆ هێنا.

تاوێکی هێنا (مەبەست بارانە کە بە لێزمە هاتەخوارەوە)

باران تاو تاو ئەبارێ. لێرەدا واتە بچڕ بچڕ

وەک بووک ئەندامیان لە سووراو نابوو
لەنجەی تاوتاویان بۆ چپەی با بوو

گۆران

بۆ ئەسپسواریی: دەوترێت تاوی دیە ئەسپەکەی. واتە: بە خێراییەکی زۆر تێپەڕیی

تاوی داوە ئەسپی غیرەت شێرەکەی ژیانی کورد
تا بکا عیلاجی دەردی بەسۆ و بێ ئامانی کورد

ناتیق

بە مانای کاتێکی کورت یان جارێک -یەک جار- (دڵنیا نیم کامیانە)

تاوێ نەگەڕا چەرخی موخالیف بە حیسابم
بێ ناڵە نییە سانییەیەک تاری ڕوبابم!

گۆران

٨-(او) بەکاردێت وەک پیشاندانی زیادلەپێویست بۆ ئیشێک، یان وەک شتێک زۆرتریین بێت لە شوێنێکدا، وەک:

ڕەنگاوڕەنگ: ڕەنگەکان زۆرن و هەموو پانتایی شتەکەی گرتۆتەوە: گەڵا وەریووەکان ڕەنگاوڕەنگن.

ئەم لا یەک پەڵە، ئەولا یەک پەڵە: هەوری ڕەنگاوڕەنگ؛
لە ناوەڕاستا: بەدەم ئاسۆوە ڕۆژی شۆخ و شەنگ!

گۆران

دووراودوور: واتە دوورییەکە هەر وەک خۆی بە زۆریی ماوەتەوە: دووراودوور بە دوایدا رۆشتم.

خۆ منیش دووراودوور هەر فەرمانبەرم،
بۆ باڵوێزخانەکان خەفاوە سەرم،
بە دوو چاوی تیژ و جووتێ گوێچکەی سووک
هەمیشە هەڵپەمە و خزمەتی بچووک

گۆران

دەماودەم: گێڕانەوەیەک بەردەوام بێت لە دەمی ئەم بۆ دەمی ئەو: قسەکان دەماودەم هاتوون. ئەم چیرۆکە دەماودەم گێڕاویانەتەوە.

پڕاوپڕ: واتە بە هێندی ئەو شتەی پێویستە هەیە، یان کراوە، یان بەردەستە: پڕاوپڕی ماڵەکە راخەریان داخستووە.

ژێراوژێر: شتێک بە تەواوی لەناوبرێت، سەرو ژێری بدرێت بەسەر یەکا، یان سەروژێری هەڵبمالرێت.

شەواوشەو؛ لێرەدا مانای دووبارەبوونەوەی کارێکە تەنها لە شەودا.

گەرماوگەرم:

هەرداوهەرد:

حەوتەم: وشەی ئاوێتە وەک ناو یان زاراوە، ئەبێت بەسەریەکەوە وەکوو یەک وشە بنووسرێن. وەک:

١.ناو یان نازناو، ناوی گوند و شار و شارۆچکە و گەڕەک: چەمچەماڵ، بێکەس (تەنها بۆ فایەق بێکەس و شێرکۆ بێکەس و بەناماڵەکەیان وا ئەنووسرێت، بەڵام بۆ یەکێک کە پرزەبڕاو بێت، ئەنووسرێت بێ کەس، دڵشاد، بێخاڵ، چوارچرا، خۆشناو، پشتئاشان، ئاوباریک، کێلەسپیی، سەیدسادق، ئەحمەدبڕنە، کۆزەڕەقە، تەپەزێڕینە، سوورەقەڵات، قەڵاچوالان، خورماڵ، برادۆست، کلکەسماق، هەزارمێرد، سەدوبیست، دووکانیان، دووکان، نۆدێ، پەنجاعەلی،

٢.زاراوە: هەرچیی زاراوەکانە، زۆربەیان تازە هاتوونەتە ناو فەرهەنگی نووسین و راگەیاندنەوە، وەک: رێنووس، رێپێوان. رۆشنبیر، نیشتمانپەروەر. دەستنووس، بەرزەفتکردن، ئاشتییخواز، شەڕئەنگێز، نەتەوەسازیی، زانستخوازیی، چوارڕێیان، شاڕێ، رێگاوبان، هاتوچۆ،

٣.ئەندام یان بەشی جەستە: بناگوێ، قورقوڕاگە، کەللەسەر، کونەلووت، ناوچەوان، دەموچاو، سەروسەکووت، چڕوچاو، لولاق

٤.فرمان و ئیش: جۆماڵ، کێوماڵ، کرێکار، بەرگدروو، کۆپاندروو، پێڵاودروو، عەریزەنووس، خۆشنووس، یاریکەر، یارییزان، کاربەدەست، بێزووکەر، راوکەر، داگیرکەر، رێکپۆش وەک بەکارهاتووە، بەڵام کوردەواریی ئەڵێن تەڕپۆش(بۆ پیاو) و تەڕلان (بۆ ژن)، زرێپۆش، شێرکوژ

٥.شتومەک و شوێن: بەرماڵ،کوڵەباڵ، رەشماڵ، پێنووس، تیانووس، چایخانە، خەستەخانە، نەخۆشخانە، ئاسنی حەوتجۆش، زەردەچەوە ، بەفرماڵ، هەورەبان،

٦.ئاوەڵفرمان و ئاوەڵناو: ئەمانیش زۆرێک لە داڕێژراوی نوێیان تێدایە: دەستبەجێ، جێبەجێکردن، راستەوخۆ، راستەوڕاست، یەکسەر، مشتومڕ، تەنگەتاو، پرزەبڕاو، تەنیاباڵ، رووسوور، رووزەرد، رووڕەش، زەردهەڵگەڕاو، ژیلەژاو، نابەدڵ، ژانەسک، لێوەلەرە، دڵەکزێ، چاوباز، دڵپیس، گوولەسک، کەویار، رەشنووس، توولەڕێ، کوێرەدێ، بزنەڕێ، لاڕێ، سەرەمەرگ، کاروانسەرا، باوکەڕۆ، سەرپۆش،

لە سەرەمەرگا دێیتە تەنگانە

گیانی فرزەندیش لەلات قەڵغانە

پیرەمێرد

دنیاکەی فانی کاروانسەرای رەنگ

نیوەی دڵشادە و ئەو نیوەی دڵتەنگ

پیرەمێرد

٧.کەسوکار و خزم و خوێشایەتیی: برازا، خوشکەزا، ئامۆزا، خاڵۆزا، پوورزا، کوڕەزا، کچەزا، ئامۆزازا، برازازا، خوشکەزازا، زڕبرا، زڕمام، زڕخاڵ، دایکبرا (برا لە دایکەوە)، باوکبرا (برا لە باوکەوە)، ژن برا، ژن خوشک، براژن، برادەر، مێردمناڵ،

لە بازاڕدا

لە مێردمنداڵێکم پرسی

- نوقڵت ئەوێ یان شیعرێکی

ترش و شیرین؟

-نوقڵ

شێرکۆ بێکەس

٨.کات: نیوەڕۆ، نیوەشەو، یەکشەوە (مانگی یەکشەوە)، تاریکەشەو، چێشتەنگاو، بەرەبەیان (بەڵام بەری بەیان بەجیا ئەنووسرێت)، رۆژەڕێ، ساڵەڕێ

چیە ئەو گریە بێ غایە، کڕووزەی نیوەشەو، خورپێن؟

چیە ئەو قەترە ئاڵانەی لە چاوت بێ مەئال ئەڕژێن؟

گۆران

بۆ یەک شەو لای دایە ئەم دێیە رێی وێڵم

بەیانی رۆژ هەڵهات سوار ئەبم جێیدێڵم

وەک ساوای یەکشەوە کە دێ پاش نەمانی

چۆڵ ئەبێ بە یەکجار لە ناو و لە نیشانی

گۆران

تاریکە شەوێ: نوقمی ڕەشی چیهرەیی دنیا،
دیلی تەمی ئەسرار بوو دەر و دەشتی حەقایق،
چووبوونە پەنا پەردەیی خەو، کەون و خەلایق
موستەغریقی ئەندێشە ئەبوو ساهیری تەنیا!
گۆران

ئەڵێن مورغی سلێمان ئاو لەژێر خاکا ئەبینێ ئەو
منیش حەوت ساڵەڕێ دوور بێ، بە چاوی دڵ ئەبینم ئەو
پیرەمێرد

بەری بەیانە ڕووناکە ئاسۆ
ئاسۆی هیوای کورد مژدە بێ لە تۆ
گۆران

٩. ئەو دوو وشانەی کە بەیەکەوە ئەوترێن (مانا تەواوئەکەن) و، بزوێنی (ــە) جیایان ئەکاتەوە بەیەکەوە ئەنووسرێن:
شەڕەتۆپەڵ، قسەوباس، شێرەبەفریینە، پەڵەهەور، شەستەباران، چەپکەگوڵ، کونەدرۆ، سەرەقەل، کۆڵەپشت، قڕەقڕ، داڵەکەرخۆرە، قولەقاپە، بەردەڕێژ، فیڕنەگولە، شێخەپەڕۆ، پەردەپڵاو، کولەفرە، بەردەنوێژ، میزەچرکێ، ملەقوتێ، دەستەجەمیی، نووکەقەڵەم، سەرەداو، ڕەشەڕێحانە، بەردەپێ، نێرگسەجاڕ، تەختەشۆر، جلەکەر، ئێسکەنەرمە. گوڵەبەڕۆژە، لەپەساوەر،

دەمێک بوو چاوەڕێی بەفرێکی وابووم ، مژدەبێ باری
سەرم بەفرە کەچیی هێشتا شەڕەتۆپەڵمە بۆ یاری
پیرەمێرد

هەشتەم: وشەی جگە کوردیی، کە لە نووسینی کوردیی دا دێت، بە ڕێنووسی کوردیی دەنووسرێت.
وەک:عێراق: ڕۆبسۆن، شانزلیزێ، وێست مینستەر، کۆشکی بێکنهام، یانەی لیڤەرپووڵ، یانەی مانچستەر یوناتد، بورجی ئیفڵ، فینلەند، ئەنقەرە، شەیکسپییر، جۆرج بوش، قەڵەم، ئیحسان، عوسبەت ولئومەم، موحەمەدی بن سەلمان، وەزارەت، یانەی زەورا، یانەی شورتە، بیابانی ڕەبیع ولخالیی، ڕووباری نیل، ڕووباری دیجلە، بەسرە، بەغداد، ناسرییە، قەتەر، سۆدان، جەزائییر، زانکۆی عەین شەمس، زانکۆی قاهیرە، ئوم ولقورا، حاتەمی تائیی، سینەمای حەدبا، کۆمپانیای فیردەوس، بورجی ئیفڵ، یانەی بەرشەلۆنە، حەدبا، بانکی شیمال، حەمید جبووریی، سەعد ئەل یاسریی، تەیب ئەل موتەنەبیی، جاحز، بەدر شاکر ئەل سەیاب،

نـزار قەبانیـی.

دەیەم: جێناوی نیشانەی وەک: ئەم

ئەگـەر ئاماژە بـوو بـۆ کاس یـان شـوێن یـان شـتومەک ئـەوا بەجیـا دەنووسرێـت، هەندێکجار وا دەخوازێت بـە (ئەمـە) بنووسرێـت:

وەك:

عادەتی ئەم چەرخە وایە، ئەهلی دڵ غەمگین ئەکا

شا هەمیشە ماتە، پیادە مەیلی جێی فەرزین ئەکا

یان ئەڵێ:

ئەم دڵەم وا دیارە مەیلی رووی گوڵی یاری هەیە

بولبولئاسا بۆیە دایم ناڵە و زاری هەیە

ئەحمەد موختار جاف

ئەم رۆژی، ســـاڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە

جەژنێکی، کۆنی کوردە و بە خۆشـیی و بەهاتەوە

پیرەمێرد

ئەم قەراری عوسبەیە خەڵقی ئەڵێن بۆ کورد ئەبێ

هەر قسەی رووتە و قسەش ناچێتە ناو گیرفانەوە

ئەحمەد موختار جاف سەبارەت بە (عوسبەت ئەلئومەم)

هەزار ئەفسوون و جادووی پێوە ئاویزانە ئەم ڕیشە

عیلاجی گەر ببێ یا گووزە یا گوێزانە ئەم ڕیشە

شێخ رەزای تاڵەبانی

- بەکارهێنانـی ئەمـە، بـۆ ناسـاندنی کەسـی دووەم یـان هـەر شـتێک لـە بـەردەم دانرابێـت، یـان هـەر باسـێک، بابەتێـک ئاماژەی پێبدرێـت و لـە ئارادابێـت، لەبریـی ئـەوەی ناونیشـان یـان کرۆکـی باسـەکە بوترێـت.

ئەمە مناڵی منە.

ئەمە ماڵی ئێمەیە.

ئەمە باسەکە نییە.

ئەمەتا دۆزییمەوە.

ئەمەت بۆ هەڵئەگرم.

ئەمەت بییر نەچێت.

بـەڵام: ئەمـەوێ یـان ئەمەوێـت، ئەتەوێـت و ئەتانـەوێ، ناتەوێـت، ناتانەوێـت لـە چاوگـی ویسـتن سـەرچاوە ئەگرێـت و فرمانـی رانەبـردووی لـێ دەتاشرێـت. هەرچـۆن فرمانـی رابردووەکـە گۆڕانکاریـی ریشـەیی تێدا نییـە: ویسـتم، ئەمویسـت، ویسـتیان، ویسـتت، ئەتانویسـت.

ئەمە بۆی نەسیمی بەهارە، یا خەبەری سرووشی هەوایییە
دەمی رۆحبەخشی نیگارە، یا نەفەسی مەسیحی سەماییيە

بێخود

شمشادە ئەمە، یا قەدە، یا سەروی ڕەوانە
یا عەرعەرە یا نەخلی مرادی دڵ و جانە!
داخۆ ئەمە ئەگریجەیە پەخشاوە بە سەردا
یا سونبولە کردوویە سەبا زوڵفی بە شانە!

مەحوی

یاران وەسیەتم ئەمە بێ لاتان
هەرچەن کەوتوومە دوورە وڵاتان

وەلی دێوانە

ئەم لا یەک پەڵە، ئەو لا یەک پەڵە
لە ناوەڕاستدا هەوری ڕەنگاوڕەنگ

گۆران

ئەملاولا، ئەم لا و ئەو لا

٢. ئەگـەر ئاوەڵـکاری (کات، شـوێن، ئاوەڵفرمان)بـە دوای (ئـەم) دا هـات، بەیەکـەوە دەلکێنرێـن و دەبـن بـە یـەک وشـەی سـەربەخۆ.

وەک؛ ئەمێستا، ئەمشەو، ئەمڕۆ، ئەمساڵ، ئەمجارە, ئەمبەر و ئەوبەر.

هەڵەکان:

(ئەموئەو) هەڵەیە، (ئەم و ئەو) راستە

(ئەمبەروئەوبەر) هەڵەیە، (ئەمبەر و ئەوبەر) راستە

هەتا تۆم ئاشنا بووی، ئاشنام بوون
ئەمێستا موو بە مووم ئەغیارە بێ تۆ

نالی

نەمردم من ئەگەر ئەمجارە بێ تۆ
نەچم، شەرط بێ، هەتا ئەم خوارە بێ تۆ

نالی

ئەگەر ئەمجارە بێمەوە :
ناهێڵم لاوان گوڵ بچنن
بۆ گوڵدانی مردووی سەر مێز .
فێریان دەکەم ،
کە چوونە ژوان ،
لە بەرۆکی کچانی دەن ،
ئەوسا بیان کەنە ئامێز !

پەشێو

کە یارم دی دڵم زۆر شادە ئەمشەو
لە بەندی غەم دەروون ئازادە ئەمشەو
بە لێوی پڕ لە خەندی حاڵی پرسیم
ئەگەرچی پێی نەداوم وادەی ئەمشەو

عەلی عارف ئاغا

دڵم ئەمشەو نەخۆشی نیسبەتی چاوێکی بیمارە
جگەر غەڵتانی خوێنی حەسرەتی لێوێکی خوونخوارە

مەحوی

قیبلەم دیدارت ...
ئەمشەو وەکارەن، جیلوەی دیدارت
نیم نیگای وە ناز، جیلوەی دیدارت
ئیشارەی ئەبرۆی سیای تاتارت

بێسارانی

چێژتم ئەمڕۆ ژەهری مار و ڕۆحی شیرینم نەهات
زامی کۆنەم هاتە ژان و مەرهەمی برینم نەهات

کوردی

کە دەڵێن ئەمڕۆ دەشت و کێو شینە
چەندە مەڵبەندی ئێمە شیرینە
بچۆ سەر گردی یارە ببینە
لە جیهاندا گوڵێکی ڕەنگینە

پیرەمێرد

ئەمبەرە و ئەوبەرە، ناسکە دولبەرە
لەسەر ماچێکی شەڕە خەنجەرە

فۆلکلۆر

٣.ئەمێ: واتا ئێرە
سووڕەتگەری چین بێتە ئەمێ سەنعەتی نابێ
هەر یەک مەلەکێ خاریجی ئیدراک و خەیاڵن

زێوەر

نۆیەم: پاشگرەکان بۆ نیشانەکانی ناسراویی و نەناسراویی وەک (..یەک.. ێک.. ەک) بەم شێوەیەی خوارەوە دەچنە سەر وشەکانی پێش خۆیان:

١- ئەگەر وشەکان بە پیتە بزوێنەکانی (ا، ی، ە، ێ) تەواو بووبن، ئەوا نیشانەی (..یەک)یان دەخرێتەپاڵ

وەک: چیا: چیایەک.

زەویی: زەوییەک.

تاقانە:تاقانەیەک

دێ: دێیەک.

٢- ئەگەر وشەکان بە پیتە بزوێنی (وو)، یان هەر پیتێکی دەنگدار (نەبزوێن: کۆنسۆنانت) تەواوبوون، ئەوا نیشانەی (یەک) دەچێتە سەر. وەک:

خانوو: خانوویەک. جوانوو: جوانوویەک

گوند: گوندێک

ژن: ژنێک، دڵ: دڵێک

٣.(..ەک) وەک بەرزەک، زۆڵەک، دەڵەک، کەڵەک، خەڕەک، توولەک، شەوەک، کشتەک، ئاوەکیی،

وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچوو
مەڕی ئاوەکیی گورگ ئەیخوات

لە سایەی دەوری چەرخی سوفلە پەروەر لەک بە لەک دەدوێ
سەگی ئاواتەخوازی ئێسکی وشتر لە شەک دەدوێ
دەبینم شێری شێر ئەفگەن دەڵەک کەوڵی دەکا، دەبیەم
بە کۆڵێ کلکەوە ڕێوی لەگەڵ کەوڵی دەڵەک دەدوێ

مەحوی

-نەبڕایەوە هەر ئەڵێی خەڕەکە

وەک خەڕەک چەرخی فەلەک دایم خەریکە با ئەدا
دوو کڵافەی میهر و ماهی خاوی بای دوولا ئەدا
وا سەری بازاڕی کۆنی گرتووە وەک مشتەری
چاکی ناسیوە بە دنیا تا قەد و هەودا ئەدا

حەمدی

یانزەیەم: پێشگرەکانی (هاو، هەڵ، را، وەر، دەر).
ئەم پێشگرانە کاتێک دەچنە سەر ناو، چاوگ، یان فرمان یان حاڵەتێکی تر پێیانەوەدەلکێن. وەک:
١.هاو:
هاودەرد، هاوکار، هاوڕێ، هاوناز، هاوبەش، هاوشان، هاوسەر، هاوسێ، هاودەنگ، هاودەم، هاوردە، هاوبیر،
هاودەمێ فەرمووی: لەبەرچی کردەوەت گریانە هەر
تافی لاوێتیە، لاویی، قەڵبەزەی سەیرانە هەر
من وتم سەیران و خۆشی پێشکەشی شادانە هەر
«ئەشکی حەسرەت لازمی جەمعی سیابەختانە هەر
شەونمی سوبحە دەلیلی قەترەیەک گریانی شەو»
پێنج خشتەکی مامۆستا ئەحمەد هەردی لەسەر غەزەلێکی شێخ نوری شێخ سالح.

پایز! پایز / بووکی پرچ زەرد
من مات تۆ زیز/ هەردوو هاودەرد.

گۆران

٢.هەڵ: هەڵکردن، هەڵگرتن، هەڵکورمان، هەڵکێشان، هەڵگەڕان، هەڵەوەڕ، هەڵەپاس، هەڵەداوان،

هەڵخەڵەتـان

دا: دابڕان، داخستن، داڕمان، داکردن.

را: راگرتن، راکێشان، راپەڕین.

وەر: وەرگرتن، وەرسوڕا،. وەرچەرخان، وەردان

وەر: وەرگرە, وەرسوڕێنە. وەردە، زیندەوەر، گیانەوەر،

دەر: دەربێنە, دەرخە.

هەڵکشاو، هەڵنەکشاو. دانراو. راپەڕیو. رانەپەڕیو. وەرگرتوو. وەرگرتە. دەرخراو. دەرکراو.

دوانزەیـەم: ئەگـەر دوو وشـە پێکـەوە فرمانێـک بگەیەنـن و، وشـەی دووەم لـە دۆخـی فرمانـدا بـوو، بـە جیـا دەنووسرێـن:

رێک دەکەوین. پێکیان هێناینەوە، پێک نەهاتین، یەکیان نەگرتووە, دەستمان نەکەوت. قایل دەبین،

بـەڵام ئەگـەر وشـەی دووەم لـە دۆخـی چـاوگ یـان حاڵەتـی تـردا بـوو، ئـەوا هـەردوو وشـەکە بـە یەکـەوە دەلکێنرێـن.

وەک: رێککەوتـن، پێکهاتـن، یەکگرتـن، دەسخسـتن، یەکگرتـوو، دەسـتکەوتوو، پێکهاتە.دەسـتکەوتن، داهاتـن، یەکگرتـوو، لێکەوتـوو، سـەرکەوتن، مانگرتـن، رێگرتـن، دنیابییـن، رووناکبییـر،

سیانزەیەم: دانانی فاریزە (،) لە دوای وشەکانی (کە، بەڵام، لەبەرئەوەی، چونکە، یان).

چواردەیـەم: دانـانی یـەك بۆشـایی (سـپەیس) لـە دوای فاریـزە (،) و خـاڵ (.) بـەڵام سـپەیش نییـە لەگـەڵ وشـەی پێـش خۆیانـەوە

# ڕێنماییەکان بۆ بڵاوکردنەوەی توێژینەوە لە «گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتییجیی»

یەکەم: ڕێنماییە سەرەکییەکان:

١. ڕێنماییەکان بۆ توێژینەوە نووسین

توێژینەوە نووسین بەشدارییکردنی توێژەرە لە بەرهەمهێنانی مەعریفەدا و بەرپرسیارێتیی زانستیی ئەگرێتەئەستۆ. دیارە، پێوەری توێژینەوە نووسین وەک بونیاد (ستراکچەر) و پێکهاتەکانی، کۆکبوونێک هەیە لەسەریان، بەڵام جیاوازییەکی کەم هەیە لە شێوازی خستنەڕوودا بۆ پسپۆڕییە جیاوازەکان، یان بۆ جۆری توێژینەوەکە بەوەی وەسفیی، یان کرداریی، یان پێداچوونەوەی وێژەیی بێت.

بەرپرسیارێتیی سەرەکیی لە بڕیارداندا دەربارەی توێژینەوە نووسین ئەکەوێتە ئەستۆی ئەو توێژەرانەی، کە خاوەندارێتیی توێژینەوەکەیان لە ئەستۆیە. توێژەران ئەبێت دەستڕەنگین بن لەناو پسپۆڕییە وردەکەی خۆیاندا و، ئەبێت هەمیشە پابەندبن بە جێبەجێکردنی هەر داواکارییەک، کە گۆڤارەکان وەک ڕێنمایی بڵاوکردنەوە لە توێژەرانی داوا ئەکەن.

٢.دانەرانی توێژینەوە:

هەر کەسێک، کە ناوی هاتبێت وەک دانەر یان دانەرانی توێژینەوەیەک، ئەبێت پەسەندی دوا ڤێرژنی توێژینەوەکە بکات و، بەرپرسیارێتیی هەڵبگرێت لە ئاگاداربوونی لە ناوەڕۆک و هێندی بەشدارییبوونی لەو توێژینەوەیەدا.

-ئەبیت لە کۆتایی توێژینەوەدا، بەشی «پێزانیین» هەبێت بۆ ناوبردنی هەموو ئەو کەس و لایەن و دەستگایانەی کە بەشدارییانکردووە لەو توێژینەوەیەدا، وەک کۆمەکی دارایی، هاوکاریی زانستیی و چاپەمەنیی و کۆمپیوتەریی و هەرجۆرە پشتییوانییەک، کە دەستیان هەبووە تیایدا. (ئەم پێزانیینە ئەندامانی گۆڤارەکە ناگرێتەوە).

-ئەگەر توێژینەوەکە یەک کەس بەجێیهێنابوو، ئەوا ئەو کەسە تەنها خاوەن و دانەری توێژینەوەکەیە، کە بە هەموو کاری توێژینەوەکە هەستاوە. بەڵام ئەگەر لە یەک کەس زیاتر ناوی هاتبێت لە لیستی دانەرانی توێژینەوەکە، بە پێی پێوەرە زانستیی و نێودەوڵەتییەکان، سەرۆک تیم Team Leader ڕیزبەندیی دانەرەکان دیاری ئەکات، ئەویش بەپێی ئاستی بەشدارییان لە توێژینەوەکە و نووسیینەکەدا.

-لە گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتییجیی مەرجی هەبوونی توێژەر لە کۆدانەران (co-author) دا، ئەوەیە، کە دانەری بەشدار ئەبێت لە کۆی پرۆسەی بەجێهێنانی توێژینەوەکە بەشداریی بکات، هەر لە کۆکردنەوەی داتا و سەرچاوە و شیکارییکردن و لێکدانەوە و هەموو بەشەکانی توێژینەوەکە بە پێی ڕێککەوتنی دانەران و، دواجار بڕیار لای دەستەی نووسەرانی گۆڤارە بە پەسەندکردنی هێند و قەبارەی ئەو بەشدارییکردنە و، نابێت بەدەر بێت لە بەشدارییکردنی زانستیی توێژینەوەکە. هەر کەسێکی تری بەشداربوو لە توێژینەوەکەدا، کە مەرجەکانی دانەری بەشدار نایانگرێتەوە، ئەوا لە بەشی «پێزانیین»

ناو و نازناوی زانستیی و شوێنی کارکردن و کورتەیەک لە بەشداریيەکەی دەنووسرێت.
-گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی مکووڕە لەسەر خاوەنداریێتیی توێژینەوەی زانستیی، کە قۆرخنەکرێت بۆ مەبەستی کەسیی و خوێشایەتیی لە تێهەڵکیشکردنی کەسانێک کە بەشدارییان لە توێژینەوەکەدا نییە، کە وەک نەریتێکی گەندەڵیی زانستیی گیراوەتەبەر و خاوەنە راستەقینەکان دیارنین. بۆیە، گۆڤاری کوردستانیی لە زۆربەی بارەکاندا، تەنها دوو دانەر پەسەنددەکات بۆ هەر توێژینەوەیەک و، ئەگەر توێژینەوەیەک پسپۆڕییەکی تری پێویست بێت جیا لە بابەتی توێژیەنەوەکە، یان جیاواز لە پسپۆڕیی دانەر یان دوو دانەرەکەی تر، ئەوا ئەکرێت دانەری سێیەم زیاد بکرێت دوای پەسەندکردنی دەستەی نووسەرانی گۆڤار.
- دیسانەوە بۆ رێگرتن لە کاری ساختەکاریی، گۆڤاری کوردستانیی ئەو توێژینەوانە پەسەند ناکات، کە پسپۆڕییەکەی جیاوازە لە پسپۆڕیی توێژەرەکان و بە تایبەتی دانەری یەکەم.

دووەم: رێنوومايیەکانی نووسین و پێشکەشکردن و بڵاوکردنەوە

پێشکەشکردنی توێژینەوەکان, لە رێگەی سایتی دەستەی کوردستانیی بۆ دیراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی ئەبێت. پێویستە توێژەر رەچاوی ئەم مەرج و رێنماییانە بکات لە نووسین و پێشکەشکردن (باربۆکردنی ئەلیکترۆنیی) توێژینەوەکەدا:

١. ژمارەی لاپەرەی توێژینەوە پێویستە لە (٢٥) لاپەڕە تێپەڕنەکات.
٢ . توێژینەوەکە پێکدێت لە:
- ناونیشانی توێژینەوەکە
- ناوی توێژەر یان توێژەرەکان ( نازناوی زانستیی, بەشی زانستیی و کۆلێژ و زانکۆ و وڵات و ئیمەیڵ)
-پوختە

پوختە دەقێکی سەربەخۆی کورتە بۆ کارێکی گەورەتری وەک توێژینەوە بە نموونە. هەمیشە لە سەرەتای توێژینەوەکە دائەنرێت راستەوخۆ لە دوای ناونیشانی توێژینەوەکە و دانەر یان دانەرانی توێژینەوەکە. ئەم کورتە نووسینە رێنیشاندەرێکی گرنگە و چەند مەبەستێک ئەگەیەنێت، لەوانە: بەردەستکردنی خاڵە سەرەکییەکانی توێژینەوە و، لێرەوە رێگە بە خوێنەران ئەدات هەتا بڕیاربدەن بۆ خوێندنەوەی سەرتاپای توێژژینەوەکە و تەرخانکردنی کاتی پێویست بۆی. خوێنەران ئامادەسازدەکات بۆ بەدواداچوونی زانیاریی و شیکردنەوە و مشتومڕی ورد و پسپۆڕانە لە سەرتاپای توێژینەوەکەدا.

ئەوە زانراوە کە یەکێک لەو شتانەی کە بزوێنەری گەڕان لە ئۆنلاین بەکاری ئەهێنێت بۆ دۆزینەوەی بابەتێک یان توێژینەوەیەک بریتییە لە «پوختە»، بۆیە ناوەرۆک و زاراوە و وشەکانی ناو پوختە گرنگییەکەی ئەوەیەکە ئەبن بە رێنما بۆ دۆزینەوەی توێژینەوەکە بە دیاریکراویی.

بە شێوەیەکی گشتیی، پوختە ئەم زانیارییانەی تێدایە ( ٢-٤ دێڕ بۆ هەر پێکهاتەیەک):

١. پاشخانێک بۆ توێژینەوەکەت؛ بریتییە لە ناساندنی توێژینەوەکە کە لەسەر چ بابەتێک یان کێشەیەکە؟

خستنەڕووی پرسیار و ئەگەر و گریمانەکان لەسەر ئەو بابەتەی کە مایەی بایەخی توێژینەوەکەیە
٣. ناوبردنی میتۆدی توێژینەوە یان ئەو ڕێگەزانستییەی کە بەکارهێنراوە و متمانەی کراوەتەسەر، نموونە پشکنینەکان (سامپڵ) و هێند یان قەبارەیان. هەروەها سەرچاوە و داتا بەردەستەکان لەکوێوە هاتوون، یان چەندن، یان چۆن بەدەستهاتوون؟
٤.دەرئەنجامەکان، بە کورتیی و بە بەڵگەوە (وەک ئەنجامە ژمێرەیی و ئامارییەکان و، ڕاپرسییەکان).
٥.لێکەوتەکانی ئەو دەرئەنجامانە چیی ئەبن لە کاتی بەکارهێنانیان لە لایەن لایەنە پیوەندییدارەکانەوە، یان سنووری ئەو دەرئەنجامانە چیین کە ئەبێت ڕەچاوبکرێن لەکاتی توێژینەوەی زیاتر لەو بوارە یان بەکارهێنانی ئەو ڕێسایانەی کە لێوەی پێکهێنراون.
٦. لە پوختەدا ئاماژە بە سەرچاوە و ناوی هیچ کەسێک نادرێت.
٧. بە یەک دەستەواژە (پەرەگراف) ئەنووسرێت و، بە شێوەی نادیار نەک بەکارهێنای ڕاناوی (من، ئێمە، هتد) و، فرمانی رابردوو بەکاردێت لە خستنەڕووی کارە پێشووەکان و فرمانی ڕانەبردوو بۆ نووسینی توێژینەوەکە.
٨. قەبارەی پوختە لە نزیکەی ٢٥٠ وشەدا ئەنووسرێت.
-کلیلەوشەکان
-ئەو وشانەن یان زاراوانەن، کە ڕێنوێنی توێژینەوەکە ئەکەن بۆ خوێنەران لەڕێی بزوێنەرە گەڕانە ئینتەرنێتەکانەوە وەک گۆگڵ سکۆڵەر بە نموونە. ئەم وشانە مسۆگەریی زۆرترین سایتەیشن ئەکەن بۆ توێژینەوەکە لە خێراترین کاتدا. دیارە، توێژەر ئەبێت شارەزایی لە دانانی ئەو وشانە پەیدابکات کە ئەیانکات بە کلیلەوشە و، باشترە ئەوانەبن کە خوێنەر زووتر بە خەیاڵیدا دێن بۆ گەڕان.
-ئەم وشانە کورتن و تاک بن باشترە، بەڵام ئەگەر هاوچەشنیی یان چەندینبارە درووستبکات، باشتر وەهایە کە ئاوێتە بکرێن، یان لە یەک وشە زیاتر بن بۆ پێدانی تایبەتمەندێتیی زیاتر، کە مسۆگەربێت لە هەڵاوردندا بۆ گەڕان. هەروەها گرنگە ئەو وشانە لە بابەتی توێژینەوەکەوە نزیک بن، بەنموونە: ئەگەر بابەتەکە کۆمەڵایەتیی بوو ئەوا وشەکان هەڵگری جۆری کۆمەڵگە، کێشەی کۆمەڵگە، ڕەهەندی کۆمەڵگە، بەهای تایبەتی کۆمەڵگە، دەردی کۆمەڵگە، زاناکان، بیردۆزەکان، هتد..
-کلیلەکان لە نێوان ٤-٧ وشەدا گونجاون.
-پێشەکیی
پێشەکیی هەلێکی گرنگە بۆ کردنەوەی دەرگا بە رووی توێژینەوەکە و شرۆڤە و دەرئەنجامەکانیدا. پێشەکیی بریتیی نییە لە قسەی گشتیی و سەرپێی و خوێنەری پێ دەستخەڕۆ بکرێت و، دووبارە و چەندجارەی جووینەوەی قسەوباسی ناو کتێبە بەردەستەکان بن، بەڵکو توانای مەعریفیی و لۆجیکیی توێژەرە لە گەیاندنی تێزەکان و جێگیرکردنی بابەتەکەی لە زیهنی خوێنەر و، بەسەرچاوەکردنی توێژینەوەکەی بۆ ئەو بوارەی تیایدا نووسییەتی. لێرەوە، توێژەر بە هەندێک زانیاریی پشتڕاست بە سەرچاوەوە باسەکەی ئەکاتەوە، پاشان دەستئەکات بە ڕاکێشانی خوێنەر بۆ مەبەستی سەرەکیی توێژینەوەکەی. پێشەکیی دەقێکی سەربەخۆیە لە پوختە و دەرئەنجام و بە داڕشتنێکی زمانەوانی جیاوازتر نووسراوە، ئەگەرچیی

ئـەو زانیارییانـەش كـە بـاس ئەكرێـن هاوبـەش بـن لـە گەڵیـان.

دەكرێت پێكهاتەكانی پێشەكیی ئەمانە بن:

١- ناساندنی بابەتی توێژینەوەكە:

یەكـەم هەنـگاوی توێـژەر لـە پێشـەكیی دا، ناسـاندنی توێژینەوەكەیـە بە مەبەسـتی ئاشـناكردن و ڕێنوێنییكردنی خوێنـەر بـۆ نـاو جەرگـەی بابەتەكـە. پاشـان هەوڵبـدات بـۆ قایلكردنـی بـەوەی كـە بابەتەكـەی گرنگـە و بایەخـی بەرچـاوی هەیـە لـە كاتـی ئێسـتادا و، لێكەوتـەكان دەستنیشـان بـكات كـە توانـای گۆڕانكاریـی هەیـە لـە بوارەكـەدا.

٢-پاشـخانێكی ورد و تۆكمـەی بابەتەكـە بـاس ئەكرێـت كـە پێوەندییەكی ڕاستەوخۆی بە بابەتـی توێژینەوەكەوە هەبێـت، بەجۆرێـك كـە سـەرچاوەبن بـۆ پرسـیار و گریمانـە و ئەگەرەكانـی توێژینەوەكـە. واتـا، ئەبێـت ئـەو سـەرچاوانە بەشـێكی ئـەو كێشـە یـان ئاڵۆزیـی یـان ڕێگەچـارە بـاوەكان یـان شكسـتێك لەخۆبگـرن كـە توێـژەر بیانـكات بـە بنەمـا بـۆ پێویسـتبوونی ئـەو توێژینەوەیـە. هـەر لـە پێشـەكییدایە كـە پێداچوونـەوە ئەكرێـت بـەو ئیشـە پێشـووانەدا و ئەخرێتـە بازنەكانـی گومـان و كەمووكوڕیـی و ڕەتكردنـەوەوە، یاخـود سـەرنانێكی (ئیزافـە) تـر ئەبـن بـۆ ئـەو كۆششـانەی كـە كـراون و ئەبێـت بـە فراوانتركـردن و گەشـەپێدانێكی سـەردەمییانە.

٣. پرسـیار و گریمانـە و ئەگـەرەكان بـە ڕوونـی بـاس ئەكرێـن لـە مشـتومڕێكی زانسـتییانە و لۆجیكییانـەدا، كـە ئیـش لەسـەر ئـەو بۆشـایی و ناوەڵامانـە بكرێـت كـە توێژینـەوە پێشـووەكان جێیـان هێشـتووە. یـان كەمـتر بەلایـدا چـوون، یـان سـنوورێك هەیـە لـە كارەكانیانـدا.

٤.چوونـە نـاو وردەكاریـی و تایبەتمەندێتییەكانـی توێژینەوەكـەوە كـە لـە ئارادیـە لـە لایـەن توێـژەرەوە. لێـرەوە، ئامانـج و فاكتەرەكانـی توێژینەوەكـە بـاس ئەكرێـن. ئـەم هەنـگاوە بـە پێـی جـۆری توێژینەوەكـە ئەگۆڕێـت، ئایـا توێژینەوەیەكـی وەسـفییە و گریمانـە و تێـزی ڕاسـتەوخۆ ئەسـەلمێنێت یـان پێداچوونـەوەی وێژەییـە و بەراوردكاریـی و پۆلێنكاریـی بابەتـەكان و هەڵكۆڵینـی چەمـك و مەعریفەیـە و زیاتـر لـەوەش بۆشـایی و بابـەت و پرسـە جێهێڵـراوەكان دەستنیشـان ئـەكات، یـان ئەزموونكاریـی و تاقییگەیـی و ڕووپێوییـە و بـەدوای وەڵامـی پرسـیارەكاندا سـۆراخ دەبێـت. ئـەوە گرنگـە بزانرێـت كـە توێـژەر لـە درێـژەدان و مشـتومڕ خـۆی بـەدوور ئەگرێـت و پێـش بەشـە كرۆكەكانـی توێژینەوەكـە ناكەوێـت لـە هەڵمالیـن یـان ڕاشـكاویی تێـز یـان دەرئەنجامەكانیـدا.

٥. نەخشەسازیی توێژینەوەكە:

پێـش دوایـین بەشـی توێژینەوەكـە تەرخـان ئەكرێـت بـۆ باسـكردنێكی كـورت بـۆ بەشـەكانی توێژینەوەكـە لـە دوای پێشـەكییەوە (باسـی پوختـە و كلیلەوشـە و پێشـەكیی ناكرێتـەوە). ئەمـەش بـۆ ئاگاداركردنـی خوێنـەر لـە بەشـەكانی تـر، وەك بەشـی دووەم؛ تیۆرینامـە، بەشـی سـێیەم: بەشـی كرداریـی، بەشـی چـوارەم شـییكردنەوە و شرۆڤـەكان و، دوا بەشـیش بـۆ دەرئەنجـام و پێشـنیاز و ڕاسـپاردەكان. زۆرترینی توێژەران پێشـنیاز و ڕاسـپاردەكان تێكـەڵ ئەكـەن، هەرچەنـدە بەجیـاش ئەینووسـن! پێشـنیانزەكان ئەوەیـە كـە چیـی بكرێـت بـۆ پڕكردنـەوەی كەمووكوڕییـەكان و نەهێشـتنی كۆسـپ و تەگـەرەكان و شـتی تریـش، بـەڵام ڕاسـپاردەكان بـۆ قسـەكردنە لەسـەر لێكەوتـەی ئەنجامەكانـی توێژینەوەكـە و سـنووری جێبەجێكـردن و كاریگەرییەكانـی بەهـەر بارێكـدا

کـە مەبەسـتە لایەنـی پێوەندییـدار لـە بەکارهێنانیـدا هۆشـیار بێـت.

٦. کۆتاییهێنـان بـە پێشـەکی: زۆر بـە کورتیـی بنووسرێـت، ئایـا لێکۆڵینـەوە پێشـووەکان لـە چ ئاسـتێکدا وەسـتاون، یـان دوا شـت کـە پێـی گەیشـتوون چییـە؟ یاخـود ئێسـتا ئیش بـە چیـی ئەکرێـت لـەو بـوارەدا کـە مایـەی پێداچوونـەوە، یـان رەتکردنـەوە بێـت؟ ئایـا توێـژەر بابەتێکـی نـوێ تاقییدەکاتـەوە؟ بۆچـی ئـەو بابەتـە شـایەنی تاقییکردنەوەیـە؟ ئایـا توێـژەر بۆشـاییەک پـڕ ئەکاتـەوە، کـە لـە توێژینەوەکانـی پێشـوودا جێمابێـت؟ ئایا بەکارهێنانـی شـێوازی نـوێ لـە ئارادایـە بـۆ سـەیرکردنی بیرۆکـەکان یـان بـۆ شـییکردنەوەی داتـای بەدەسـتهاتووی نـوێ؟ ئایا هییـچ چارەسـەرکردنێکی نوێـی دییوەتـەوە بـۆ هـەر ناکۆکبوونێـک لـە نێـو وێـژەی بوارەکـەدا؟ ئـا لەمجـۆرە رەهەندانـەی مەبەسـتی توێژیینەوەنووسـین ئەکرێـت باسـبکرێن

٧. پێناسەی چەمک و زاراوەکان:

رەنگـە چەمـک و زاراوەیـک لـە توێژیینەوەکـەدا بەکارهێنرابـن نـوێ بـن، یـان بـاو و بیسـتراو بـن بـەڵام روونکردنـەوەی زیاتریـان بوێـت بـۆ خوێنـەران، بـەوەی کـە هەندێـک تایبەتمەندیـی و سـنووری جیاوازتریـان هەیـە و خوێنـەری لـێ ئاگادارئەکـەن کـە چـۆن چۆنیـی و بۆچیـی وەهـا بەکارهێـنراون لـە توێژیینەوەکـەدا.

- دەقی توێژیینەوەکە
- ئەنجام و پێشنیازەکان
- پوختـە و کلیلـە وشـەکان, بـە دوو زمانـی تـری جیـاواز لـە زمانـی توێژینەوەکـە دەنووسرێـت و لـە کۆتایـی توێژیینەوەکـەوە دائەنرێـت, لەپێـش سـەرچاوەکانی توێژینەوەکـە.
- سەرچاوەکان

٣. تێمپلەیتی نووسیینی توێژینەوە:

أ- ناونیشـانی توێژینەوەکـە لەسـەرەوەی لاپـەڕەی یەکەمـی توێژینەوەکـە, لەناوەڕاسـت ئەبـێ بـە فۆنتـی (١٨) و بـە بۆڵـد ئەنووسرێـت. فۆنتـی قەبـارەی (١٦) بـۆ ناونیشـانە لاوەکییـەکان، و (١٤) بـۆ نـاوەرۆك و (١٢) بـۆ لیسـتی سـەرچاوەکان و پەراوێـز و روونکردنـەوەکان.

ب- فۆنـت بـۆ توێژینـەوە کوردیـی و عەرەبیـی و فارسییەکان لـە جـۆری فۆنتـی Adobe Arabic بـۆ نـاوەڕۆك و بـۆ ناونیشانە لاوەکییـەکان.

ت- فۆنـت بـۆ توێژیینـەوە ئینگلیزییـەکان یـان بـۆ ئەبسـتراکت نووسـیین بـە زمانـی ئینگلییزیـی، بـە فۆنتـی جـۆری Times New Roman دەبێـت، بـە قەبـارەی (١٦) و بۆڵـد بـۆ ناونیشـانی سـەرەکی و قەبـارەی (١٤) بـۆ ناونیشـانە لاوەکییـەکان و پێوانـەی (١٢) بـۆ نـاوەڕۆك و قەبـارەی (١٠) بـۆ لیسـتی سـەرچاوەکان.

پ- ماوەی جێهێڵراوی نێوان دەستەواژەکان (پەرەگرافەکان) لە دەقی نووسیینەکە, (١سم) دەبێـت.

ح- ماوەی جێهێڵراوی هەر چوار لای پەڕەکە (سەر و خوار و راست و چەپ) (٢) سم ئەبێت.

ناوی توێـژەر یـان توێـژەرەکان بـە فۆنتـی قەبـارە (١٤) لـە ژێـر ناونیشـانی سـەرەکی, لـە لای راسـت بـۆ توێژینـەوە کوردیـی و عەرەبیـی و فارسـییەکان و لـە لای چـەپ بـۆ ئینگلییزییـەکان. ناونیشـان و شـوێنی کار (بـەش و کۆلێـژ و زانکـۆ) لەگـەڵ ئیمەیـڵ لـە ژێـر نـاوی توێـژەردا بـە فۆنتـی قەبـارە (١٢) دەبێـت.

٤-پەیڕەوکردنـی سیسـتەمی هارڤـارد دەکرێـت بـۆ نووسـیینی سـەرچاوەکان و هـەر سایتەیشـنێک کـە لـە

توێژینەوەکـەدا بەکارهاتبێـت.
٥.توێژینەوەکـە ئەبێـت بـە پێـی ڕێنووسـی گۆڤـاری کوردسـتانیی بێـت کـە لـە سـایتی گۆڤـار دانـراوە، یـان ئەتوانرێـت داوابکرێـت.
٥. توێژینەوەکـە لـە دوو تـەرزدا پێشکەشـدەکرێت: لـە یەکـەم پێشکەشـکردندا، فایلـی توێژینەوەکـە کـە باربـۆی (ئەپلـۆد) نـاو سیسـتەم ئەکرێـت، پێویسـتە هیـچ زانیارییەکـی توێـژەر یـان توێژەرانـی لەسـەر نەبێـت (نـاوی توێـژەرەکان و شـوێنی کارکـردن و ئیمەیـڵ)، چونکـە بـەو شـێوەیە ئەنێررێـن بـۆ هەڵسـەنگاندن ئەمـەش بـە مەبەسـتی ڕۆشـنکاریی (شـەفافیەت)ی هەڵسـەنگاندنەکە. تـەرزی دووەمیـان، توێژینەوەکـە بـە هەمـوو پێکهاتەکانییـەوە پێشکەشـدەکرێت.
٦.لـە میانـەی «قۆناغـی هەڵسـەنگاندن» دا، سـەرنج و تێبینییەکانـی هەڵسـەنگێنەرەکان لـە سـایتی گۆڤـار و لـە خانـەی توێژینەوەکـە (کـە تەنهـا توێـژەر ئەتوانێـت بـە نـاوی چوونـەژوورەوە یـان بەکارهێنـەر (Username) و وشـەی تێپەڕبـوون (Password)ی تایبـەت بـە خـۆی بچێتـە ئـەو خانەیـەوە) دائەنرێـت. ئەمـەش، بەمەبەسـتی ئاگادارکردنـەوەی توێـژەرە بـۆ چاککـردن و ڕوونکردنـەوە و گۆڕیـن بەپێـی داواکاریـی هەڵسـەنگێنەرەکە و، دووبـارە پێشکەشـکردنەوەی چاککـراوەکان بـە مەبەسـتی پەسـەندکردنی لـە لایـەن هەڵسـەنگێنەرەوە.
٧. داواکاریـی و بڕیـاری هەڵسـەنگێنەران، بڕیـاری کۆتایـی نییـن بـۆ پەسـەندکردن، بەڵکـو دەسـتەی گۆڤـار یـان سـکرتێری نووسـین بـۆی هەیـە، کـە داواکاریـی تریـان هەبێـت لەسـەر چۆنێتیـی و ئاسـتی نووسـینی توێژینەوەکـە، وەک پوختـە و سـەرچاوە و ڕێنـووس و هـەر کەموکوڕییەکـی تـر کـە بوونـی هەبێـت. لـە بەجێهێنانـی ئـەم داواکارییانـەدا، بـۆردی گۆڤـار پەسـەندکردن ئەداتـە هـەر توێژینەوەیـەک بـۆ بڵاوکردنـەوە.
٨. لـە دوای گەڕانـەوەی لـە هەڵسـەنگاندن، بڕیـاری کۆتایـی بـە پەسـەند یـان ناپەسـەند لـە لایـەن دەسـتەی گۆڤـارەوە، لـە سـایتی گۆڤـاری دەسـتە، لە خانـەی تایبەتـی توێژینەوەکـە دا ئەنرێت، کـە تەنها توێـژەر ئەتوانێت ببینێـت (ئەوپـەڕی نهێنیـی و تایبەتمەندێتییـە) دائەنرێـت، یاخـود توێـژەری سـەرەکیی ئاگاداردەکرێتـەوە لـە بڕیـاری بـۆردی گۆڤار لـە ڕێـی ئـەو ئیمەیڵـەوە کـە توێژینەوەکـەی پـێ نێرراوە.
٩. لـە قۆناغـی پێشکەشـکردن (باربۆکردنـی لـە سـایتی ئەلیکترۆنیـی گۆڤـار)، پێویسـتە ڕاسـتەوخۆ پـارەی بڵاوکردنـەوە بنێررێـت بـۆ گۆڤـار بـەو ئیمەیڵـەی لـە سـایتی گۆڤـاردا دانـراوە، بـۆ چۆنیەتیـی ناردنـی پارەکـە. هیـچ توێژینەوەیـەک ناچێتـە قۆناغـی هەڵسـەنگاندنەوە هەتـا پـارەی تێچوونـی بڵاوکردنـەوە نەدرێـت، پـارەی تێچوونی بڵاوکردنـەوە (٢٥٠) دوو سـەد و پەنجا هـەزار دینـارە، بەپێـی ڕێنماییەکانـی وەزارەتـی دارایـی هەرێمـی کوردسـتان.
١٠-نابێـت پـارە بدرێـت پێـش ئـەوەی بـە فەرمیـی داوابکرێـت، چونکـە ڕەنگـە لـە تاوتوێکردنـی بەراییـدا توێژینەوەکـە ڕەتبکرێتـەوە، ئەگەرنـا ئـەو پارەیـە ناگەڕێنرێتـەوە.
١٠. لـە کاتـی پەسـەندنەکردنی هـەر توێژینەوەیەکدا لـە دوای بڕیـاری پرۆسـەی هەڵسـەنگاندن، بـڕی پـارەی رادەسـتکراو ناگەڕێنرێتـەوە.
١١. پێشکەشـکردن بـە یەکێـک لـەم دووڕێگەیـە ئەبێـت: یەکـەم بـە ئەلیکترۆنیـی، بـە پێـی ئـەو هەنگاوانـەی، کـە پێویسـتن بگیرێنەبـەر لـە سـایتە ئەلیکترۆنییەکـەی گۆڤـاری کوردسـتانیی دا . دووەم: لەڕێـی ئیمەیڵـی

فەرمیــی گۆڤارەکــەوە: journals@kissr.edu.iq

سێیەم: هەڵسەنگاندنی توێژینەوەکان:

هەلسەنگاندن  بە سێ قۆناغ جێبەجێ ئەکرێت:

قۆناغی یەکەم: هەڵسەنگاندنی بەرایی

توێژینەوەکان, لە لایەن دەستەی بەڕێوەبردنی گۆڤارەکەوە هەڵسەنگاندنێکی بەراییان بۆ ئەکرێت؛

- هەڵسـەنگاندنی زمانەوانیـی توێژینەوەکـە ئەکرێـت و رەنگـە بنێررێـت بـۆ پسـپۆڕی زمانەوانیـی بـۆ هەڵســەگاندن

- وردبوونەوە لە شێوە نووسینی پێڕەوکراوی گۆڤارەکە

- لـە ناوەرۆکـی گشـتیی توێژینەوەکـەدا, کـە پـێ بەپێـی رێنماییەکانـی بڵاوکردنـەوە و سـتراتیجیی دەسـتەی کوردسـتانی بێـت

- بـۆ هـەر کەموکوڕییـەک, توێژینەوەکـە دەنێررێتـەوە بـۆ توێـژەر, بـۆ چاککـردن و رێکخسـتنەوە, یاخـود رەت ئەکرێتـەوە بـە شـێوەیەکی کۆتایـی

- سـەرجەم توێژینـەوەکان بـە پرۆسـەی وردبینیـی «فرۆفێڵـی زانسـتیی Plagiarism) ئـەڕوات. بـۆ ئـەم مەبەسـتە, بەڵێننامەیـەک لـە لایـەن توێـژەرەوە پڕئەکرێـتەوە, بەرپرسـیارێتیی نـاوەرۆک و زانیارییەکانـی نـاو توێژینەوەکـە هەڵئەگرێـت.

قۆناغی دووەم: هەڵسەنگاندنی زانستیی

دوای پەسـەندکردنی قۆناغـی بەرایـی, توێژینـەوەکان لـە لایـەن ئەکادیمیسـتی پسـپۆڕیی ورد هەڵسـەنگاندنیان بـۆ ئەکرێـن, کـە بـۆ دوو هەڵسـەنگێنەر ئەنێررێـن و لـە بـاری رەتکردنـەوەی لـە لایـەن یەکێـک لـەو دوو هەڵسـەنگێنەرە, توێژینەوەکـە بـۆ هەڵسـەنگێنەری سـێیەم ئەنێررێـت. هەمـوو توێژینەوەیـەک بـە پەسـەندکردنی دوو هەڵسـەنگێنەر پەسـەندئەکرێن.

قۆناغی سێیەم: پرۆسەی  بڕیاری هەڵسەنگاندن

هەلسەنگێنەرەکان, چەند بژاردەیەکیان لە بەردەمدایە؛

- پەسەندنەکردن و رەتکردنەوەی تەواوەتیی توێژینەوەکە.

- پەسـەندکردنی مەرجـدار: بـۆ پێداچوونـەوە و چاککـردن و روونکردنـەوەی زیاتـر، کـە پێویسـتە جێبەجێبکرێـن لـە لایـەن توێـژەرەوە و، جارێکـی تـر پێشکەشـی هەڵسـەنگێنەر ئەکرێتـەوە بـۆ وردبینیـی و بڕیـاری کۆتایـی.

- پەسـەندکردنی وەک خـۆی, رەنگـە هەنـدێ وردە سەرنجیشـی لەگەڵـدا بێت بـۆ چاککـردن و بـە بـێ پێشکەشـکردنەوە. لـەم بـارەدا, تەنهـا دەسـتەی گۆڤـار ئـاگاداری توێـژەر ئـەکات بـۆ ئـەو چاککردنەوانـە.

هـەر توێژینەوەیـەک ئـەم رێنماییانـەی تێدا جێبەجـێ نەکرابێـت، ئـەوا ناچێتـە پرۆسـەی هەڵسـەنگاندنەوە و رەت ئەکرێتـەوە.

# فۆرمی راستاندنی توێژیینەوە

ئـەم فۆرمـە بـە مەبەسـتی راسـتاندنی خاوەندارێتیـی ئـەم توێژیینەوەیەیـە بـۆ بڵاوکردنـەوە لـە گۆڤـاری کوردسـتانیی بـۆ لێکۆڵیینـەوەی سـتراتییجیی (JKSS) بـە ناونیشـانی:

..............................................................................................

من .................................................................. به پلەی زانستیی ............................

١. دانـەری یەکـەم ( یـان تەنهـا دانـەر) ی ئـەم توێژیینەوەیـەم و وەک بەرپرسـی یەکەمـی توێژیینەوەکـە، بەرپرسـیارم بەرامبـەر هەمـوو زانیاریـی و داتـاکان، کـە درووسـتن و راسـتەقیینەن و لـە رێـی----------------------------------------------------------------بەدەسـتهێنراون.

٢. بـە ئاگایـی خـۆم هەریـەک لـەو ناوانـەی لـە خشـتەکەدا هاتـوون، بەشـداری راسـتەقیینەن لـە دانانـی ئـەم توێژیینەوەیـە لـە هەمـوو لایەنەکانیـدا، هەر لە کۆکردنـەوەی زانیاریی و سـەرچاوە و شرۆڤـە و دەرئەنجامەکاندا.

٣.بەرپرسـم لـە تێچوونـی بڵاوکردنـەوە و وەڵامدانـەوە و ئەرکەکانـی تـری پرۆسـەی هەڵسـەنگاندن بـە ئیمەیـڵ یـان بـە هـەر شـیوازێکی تـر کـە داوابکرێـت لـە لایـەن گۆڤارەکـەوە.

بۆیە واژۆی ئەم راستاندنەم کرد.

ریزبەندیی ناو پلەی زانستیی دەستگای کارکردن جۆری بەشداریی

دانەری یەکەم

- وردەکاریی ئیش لە توێژیینەوەکە

دانەری بەشداری ١

- وردەکاریی ئیش لە توێژیینەوەکە

دانەری بەشداری ٢

- وردەکاریی ئیش لە توێژیینەوەکە

-

-

- ناوی بەرپرسی توێژیینەوە: ..............................................................
- واژۆ ..................................................................
- رێکەوت ..................................................................

# تعريف بالمجلة

مجلة الكوردستاني للدراسات الاستراتيجية الخاصة بالدراسات الإنسانية، مجلة دورية فصلية تصدر باللغات الكوردية و العربية و الفارسية و الانجليزية، تُعنَى بنشر أهم البحوث و الدراسات الاستراتيجية في شتى حقول العلوم الإنسانية ذات الأصالة والأهمية والفاعلية و التأثير في التخصصات الدقيقة، مع الحرص على الالتزام بالمواعيد، و تيسير التواصل العلمي، و المواضيع القيمة، و نتائجها المتميزة العالية؛ و هي تواكب التطورات الآنية، و تقدم كل ما يلبي طموحات الباحثين من التحليلات والتفسيرات العلمية داخل الإقليم وخارجها.

للمجلة أهداف رئيسة، الأول: ريادة الأبحاث الاستراتيجية في كوردستان، و خلق مساحات شاسعة من التحليلات العلمية التي تهم الأكاديميين و الباحثين في الدراسات الإنسانية، و دعم القطاعين العام الحكومي و الخاص بالأبحاث العلمية، فضلاً عن رفدهم بالمعارف العلمية، و النقاش الأكاديميّ، و الفكر النيّر، و النقد البَنّاء، في كل الفرص المواتية، في حقول العلوم الإنسانية كلها، في السياسة، و الاقتصاد، و الإدارة، و علم الاجتماع، و علم النفس، و الإعلام، و حقوق المرأة، و العنف و الإرهاب، و المجتمع المدني، و الفلسفة، و التاريخ، و الجغرافيا، و الديمقراطية، و حقوق الإنسان، و غيرها.

والثاني: التأكد من تعميم المعرفة، ووصول نتائج البحوث والدراسات لرأي عامة القراء باللغات الكوردية و العربية اينما كانوا في هذا العالم، بأسلوب عصري قوامه تحقيق ما تطمح إليه المراكز العلمية والبحثية من جديد العلم والثقافة والمعرفة الحضارية.

المجلة تقبل الأبحاث غير المطروقة والمبحوثة التي لم تنشر من قبل في المجلات والمطبوعات والمواقع الأخرى، مراعياً الشروط والضوابط التي تبناها الهيئة الكوردستانية للدراسات.

مجلة الكوردستاني للدراسات الاستراتيجية مجازة من قبل وزارة التعليم العالي والبحث العلمي في إقليم كوردستان، ومعترفة بها كمجلة علمية أكاديمية محكمة، بحسب الكتاب المرقم ( ٦٤٩٧ في ٢٠٢٠/٨/٩) الصادر من مديرية الشؤون العلمية /دائرة البحوث والتطوير في وزارة التعليم العالي والبحث العلمي/ إقليم كوردستان.

## (الأول): تعليمات الكتابة والتقديم والنشر:

يكون تقديم البحث عن طريق موقع الهيئة الكوردستانية للدراسات الاسترتيجية والبحث العلمي، وعلى الباحث مراعاة الشروط والتعليمات الواردة في الموقع الألكتروني في كتابة وتقديم البحث بالتحميل الإلكتروني، كالآتي:

1- ينبغي أن لا يتجاوز عدد صفحات البحث عن (٢٥) خمس وعشرين صفحة( A4).

2- يتضمن البحث:

- عنوان البحث.
- اسم الباحث أو الباحثين، (القسم العلمي، الكلية، الجامعة، البلد)، والبريد الإلكتروني

(الإيميل).

- ملخص البحث.
- الكلمات المفتاحية.
- محتوى البحث.
- النتائج وخاتمة البحث
- ملخص البحث والكلمات المفتاحية بلغتين أخريين غير لغة البحث في نهاية البحث، قبل المصادر والمراجع
- المصادر والمراجع.

3- قالب كتابة البحث:

(١)

أ- يكون عنوان البحث في أعلى الصفحة الأولى وفي المنتصف بحجم (١٨ غامق)، وحجم (١٦) غامق، للعناوين الفرعية، وحجم (١٤) للمتن، وحجم(١٠) للمصادر والحاشية والتوضيحات.

ب- تكون كتابة اسم الباحث أو الباحثين(القسم العلمي والكلية والجامعة والبلد والعنوان الإلكتروني) بحجم( ؟ ) تحت العنوان الرئيسي(بعد ترك فراغ١سم) من الجهة اليمنى للبحوث باللغة العربية، ومن الجهة اليسرى للبحوث باللغة الإنجليزية.

ج- يستعمل للبحوث باللغة الكوردية والفارسية خط (Unikurd Goran) ، وخط (Unikurd Jino)، للعناوين الرئيسة والفرعية.

د- يستعمل للبحوث باللغة العربية خط-Unikurd-Goran))للمتن، وخط ( Ali-A- Samik)للعناوين الرئيسة والفرعية.

هـ- يستعمل للبحوث والأبستراكت باللغة الإنجليزية خط ( Times New Roman) للمتن، بحجم ( ١٦غامق) للعنوان الرئيسي ، وحجم (١٤) للعناوين الفرعية، وحجم ( ١٢) للمتن، وحجم ( ١٠) للمصادر والهوامش.

و- تكون المسافة بين الفقرات في المتن (١سم ).

ز- ترك فراغ ( ٢سم) من الجهات الأربعة من كل صفحة.

(٢) اتباع نظام هارفرد لكتابة المصادر والمراجع، والإحالات إليها داخل المتن.

(٣) كتابة ملخص البحث في حدود (٢٥٠) مئتين وخمسين كلمة في فقرة واحدة فقط، قبل المتن، ثم يترك

بعده فراغاً بمسافة (١سم) للكلمات المفتاحية، وتتكون الكلمات المفتاحية من (٥- ٧) كلمة منفردة.

(٤) يقدم البحث في نمطين مختلفين: في الأول يحذف اسم الباحث أو الباحثين و( القسم العلمي، والكلية، والجامعة، والبلد، والعنوان الإلكتروني)عند تحميل البحث في النظام الإلكتروني، من أجل أن تسير عملية التقييم في السر، للحفاظ على عدالة التقييم بعيداً عن المحاباة والأهواء الشخصية.

(5) بعد إجراء تقييم البحث من قبل المقيّم، وكانت النتيجة قبول البحث مشروطاً بتعديل وتصحيح، عندئذ تقوم هيئة التحرير بإعادة البحث الكترونياً إلى الباحث عن طريق بريده الإلكتروني( الإيميل الشخصي) ، وعليه الملاحظات والمطالب التي دونها المقيِّم، فيطلب من الباحث القيام بتصحيح الأخطاء وتلبية طلبات المقيّم من التوضيح والتعديل، ثم إعادة البحث إلى المجلة إلكترونياً بعد إجرائه التعديلات والتصحيحات اللازمة من أجل أن يكتسب البحث درجة القبول عند المقيِّم.

(6) عند استكمال التقييم ورجوع البحث من لدن المقيِّمين، تقوم هيئة المجلة بالحكم على مجمل نتائج التقييم (التحكيم) بالرفض أو القبول ، وحينئذٍ يُبلّغ الباحث بقبول البحث أو رفضه.

(7) عند تقديم البحث عن طريق ( التحميل الإلكتروني في موقع المجلة )، يجب دفع تكاليف النشر البالغة (٢٥٠) مئتين وخمسين ألف دينار، حسب تعليمات وزارة المالية لإقليم كوردستان العدد( ) في ( / / ٢٠٢٠) ، ولا يأخذ البحث مجراه في عملية التقييم من دون ذلك.

(8) التقديم يكون إلكترونياً، عن طريق موقع المجلة الإلكتروني، باتباع المراحل اللازمة لذلك.

## (الثـــاني):تقييم البحوث

## تجري عملية التقييم في مراحل ثلاث:

### المرحلة الأولى: التقييم الأوَّلي (التمهيدي):

يتم تقييم البحث من قبل هيئة إدارة المجلة تقييماً أولياً (تمهيدياً)، لمعرفة توفر الشروط اللازمة التي تؤهله للتقييم، وسيكون كالآتي:

- تقييم لغة البحث، وقد يرسل إلى المقوم اللغوي المختص إذا لزم الأمر.
- التدقيق في أسلوب الكتابة المتبع في المجلة.
- مطابقة المحتوى العام للبحث لتعليمات النشر واستراتيجية الهيئة الكوردستانية للدراسات.
- عند وجود نقص أو خلل في البحث، قد يعاد البحث إلى الباحث من أجل تصليحه او تنظيمه، أو يرفض رفضاً نهائياً لعدم صلاحيته للتقييم.
- تمر الأبحاث كلها بعملية (تدقيق التحايل العلمي plagiarism checker)، ولتحقيق ذلك يؤخذ من الباحث تعهداً تحريرياً الكترونياً يتحمل فيه صحة محتوى البحث، و ما يتضمن من المعلومات.

-

-

**المرحلة الثانية: (التقييم العلمي)**

بعد أن يجتاز البحث مرحلة التقييم التمهيدي، يرسل البحث إلى مقيِّمينِ (اثنين) من الأكاديميين المختصين، حيث يُقيِّمُ البحث بدقة، وعند رفض البحث من أحدهما، يرسل البحث إلى مقيِّم ثالث، لأن البحث لا يقبل إلا بقبول مقيِّمَينِ اثنين.

**المرحلة الثالثة: ( إقرار التقييم)**

يختار المُقيِّم أحد الخيارات الثلاثة:

1- الرفض: الرفض التام والنهائي للبحث.

2- القبول المشروط: يقبل بشرط المراجعة للتعديل والتصليح، والتوضيح ، فيعاد البحث إلى الباحث لإجراء ما يلزم من التعديلات وغيرها. ثم يقدم أخيراً إلى المقيِّم نفسه للتدقيق والحكم النهائي عليه.

3- قبول البحث كما هو: قد ينبه الباحث إلى تعديلات طفيفة من قبل هيئة المجلة نفسها، ولا يخضع البحث للمراجعة والتدقيق.

## Introduction to the Journal

The Kurdistani Journal of Strategic Studies for Humanitarian Studies is a quarterly journal published in the Kurdish, Arabic, Persian and English languages, concerned with publishing the most important research and strategic studies in various fields of human sciences of originality, importance, effectiveness and influence in subspecialties, while being keen to adhere to deadlines, facilitate scientific communication, and valuable topics and its high outstanding results; It keeps pace with current developments, and provides everything that meets the aspirations of researchers in terms of scientific analyzes and interpretations inside and outside the region.

The journal has main objectives, the first: pioneering strategic research in Kurdistan, creating vast areas of scientific analysis of interest to academics and researchers in human studies, and supporting the public and private sectors in scientific research, as well as providing them with scientific knowledge, academic debate, enlightening thought, and constructive criticism, in all the favorable opportunities, in all fields of the human sciences, in politics, economics, management, sociology, psychology, media, women's rights, violence and terrorism, civil society, philosophy, history, geography, democracy, human rights, and others.

The second: Ensuring that knowledge is disseminated, and that the results of research and studies reach the opinion of the general readers in the Kurdish and Arabic languages wherever they are in this world, in a mod-

ern way based on achieving what the scientific and research centers aspire to, a new in science, culture and civilized knowledge.

The journal accepts unreported and researched papers that have not been previously published in journals, publications and other websites, taking into account the conditions and regulations adopted by the KISSR.

The Kurdistan Journal of Strategic Studies is licensed by the Ministry of Higher Education and Scientific Research in the Kurdistan Region, and recognized as a refereed academic scientific journal, according to the approval letter numbered (6497 on 8/9/2020) issued by the Directorate of Scientific Affairs / Department of Research and Development in the Ministry of Higher Education and Scientific Research /Kurdistan Region.

## First: Instructions for writing, presenting and publishing:

The article is submitted through the Kurdistan Institute for Strategic Studies and Scientific Research (KISSR) website, and the researcher must observe the conditions and instructions contained on the website in writing and submitting the article by electronic download, as follows:

1- The number of article pages should not exceed (25) twenty-five (A4)

pages.

2- The article includes:

- Search title.

- Name of the researcher or researchers, (scientific department, college,

university, country), and e-mail (email).

- Article Summary.

- Key words.

- Article content.

- Results and conclusion of the article

- Summary of the article and key words in two languages other than the article language at the end of the article, before the sources and references

-Sources and references.

3- Article Writing Template:

(1)

A- The title of the article is at the top of the first page and in the middle in size (18 bold), volume (16) bold for subheadings, volume (14) for the body, and volume (10) for sources, annotations and explanations.

B- The name of the researcher or researchers (scientific department, college, university, country and electronic address) should be written in size (?) Under the main title (after leaving a 1 cm space) on the right side for article in Arabic, and on the left side for article in English.

C- Unikurd Goran and Unikurd Jino are used for article in the Kurdish and Persian languages, for headings and subheadings.

D- For Arabic-language article, the font (Ali-A-Alwand) is used for the body, and the line (Ali-A-Samik) for the main and subheadings.

E- For article and abstracts in English, the font (Times New Roman) for the body, size (16 bold) for the main title, size (14) for the subheadings, volume (12) for the body, and volume (10) for the sources and margins.

F- The space between the paragraphs in the text is (1 cm).

G- Leave a gap (2 cm) on the four sides of each page.

(2) Following the Harvard system for writing sources and references, and

references to them within the text.

(3) Writing a summary of the article within (250) two hundred and fifty words in one paragraph only, before the text, then leaving a space after it with a space of (1 cm) for the keywords, and the keywords consist of (5-7) single words.

(4) The article is presented in two different modes: in the first, the name of the author or authors and (scientific department, college, university, country, and e-address) are deleted when uploading the article to the electronic system, in order for the review process to run in secret, to maintain fair review. Away from favoritism and personal whims.

(5) After conducting the review of the article by the reviewers, and the result was acceptance of the article conditional on an amendment and correction, then the editorial board electronically re-searches the author via his e-mail (personal e-mail), and he has the notes and demands that the reviewer wrote, and he asks the author to correct the errors And satisfy the reviewer's requests for clarification and amendment, then re-search the journal electronically after making the necessary amendments and corrections in order for the article to acquire the degree of acceptance by the reviewer.

(6) Upon completion of the review of the article by the reviewers, the journal committee shall judge the overall results of the review (arbitration) as either the rejection or acceptance, and at that time the author is informed of the acceptance or rejection of the article.

(7) When submitting the article via (electronic download on the journal's website), publishing costs amounting to (250) two hundred and fifty thousand dinars must be paid, according to the instructions of the Ministry of Finance for the Kurdistan Region, issue () in (/ / 2020), and the article does not take its course in evaluation process without it.

(8) Submission is made electronically, via the journal's website, following the necessary stages for that.

## Two: Article review

The review process takes place in three stages:

**The first stage: Initial (Preliminary) review:**

The article is review by the journal's management body in a preliminary (preliminary) assessment, to find out the availability of the necessary conditions that qualify it for review, and it will be as follows:

- review of the article language, and it may be sent to the competent

linguist if necessary.

- Checking the writing style used in the journal.

Matching the general content of the article to the publishing instructions and the strategy of the Kurdistan Institute for Strategic Studies and Scientific Research (KISSR).

- When there is a deficiency or defect in the article, the article may be returned to the author in order to reform or organize it, or a final rejection may be rejected for its unfit for review.

- - All articles goes through a process (plagiarism checker), and to achieve this, the author takes an electronic editorial undertaking in which he/she bears the validity of the article content and the information it contains.

**The second stage: (scientific review)**

After the article passes the preliminary review stage, the article is sent to two (two) reviewers from specialized academics, where the article is reviewed accurately, and when the article is rejected by one of them, the article is sent to a third reviewer, because the article is only accepted with the acceptance of two reviewers.

### The third stage: (Approval of the evaluation)

The reviewer chooses one of three options:

1- Rejection: The complete and final rejection of the article.

2- Conditional Acceptance: It is accepted under the condition of reviewing the amendment, repair, and clarification, so the article is returned to the author to make the necessary amendments and others. It then finally submits to the reviewer himself for scrutiny and final judgment.

3- Accepting the article as it is: The article may be alerted to minor amendments by the journal body itself, and the article is not subject to review and scrutiny.

حكومة اقليم كردستان - العراق
وزارة التعليم العالي و البحث العلمي
الهيئة الكردستانية للدراسات الأستراتيجية و البحث العلمي

# المجلة الكردستانية للدراسات الأستراتيجية

العدد(٢) شباط ٢٠٢٣

https://doi.org/10.54809/jkss.vi2
E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268
Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0